# دەرهێنانی شانۆیی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# دەرهێنانی شانۆیی

د. فازڵ جاف

ناوی کتێب: دەرهێنانی شانۆیی
نووسینی: د. فازڵ جاف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: **٨٢٦**
پیت لێدان و هەڵەگری: کۆواری ڕامان
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٩٣٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

کە ئەم کتێبە دەنووسم ڕووی دەمم لە تۆ دەکەم، تۆی شانۆکاری گەنج، کە تازە هەنگاو بۆ ناو دنیای هونەری ڕیژیسۆری دەنێی.

هەر لە سەرەتاوە وام بەباش زانی ڕاستەخۆ قسەت لەگەڵدا بکەم و دیالۆگت لەگەڵدا ساز بکەم. دەشزانم لە دیالۆگدا دەبێ هەر نەبێ دوو کەس بەشدار بن.

بەڵام تۆی شانۆکاری لاو بەدرێژاییی نووسینی ئەم کتێبە لە زەین و ئەندیشەمدا ئامادە بووی و پرسیار و بۆچوونەکانت دەیوروژاندم و هانی دەدام بۆ ئەوەی ڕوانگە و دیدی خۆم دەربارەی هونەر و تەکنیکی ڕیژیسۆری گەڵاڵە پێ بکەم.

ئەوەش بزانە کە پرسیار و بۆچوونەکانت، باری سەرنج و ڕامانەکانت، تەنیا هی خۆت نین، بەر لە تۆ سەدان قوتابی نواندان و دەرهێنان، ئەوانەی کە من لە چەند وڵاتێکدا مەشقم پێ کردوون و لە وۆرکشۆپەکانمدا بەشدارییان کردووە، گەلێک پرسیاری گرینگیان لێ کردووم، هەر ئەو پرسیارانە بوون بەمایەی ئاخافتن و لێدوانی گرینگ، کە ئێستا هەوێنی ئەم کتێبەن.

بۆیە تۆ لە شێوەی ئەواندا، ئەوانیش وەکو تۆ هەمان ئەو پرسیارانەیان ئاراستە دەکردم، کە ئێستا لە سەدای دەنگی تۆدا خۆیان دەنوێنن.

له زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبەدا هەوڵم داوە شێوەی ئاخاوتن بەکار بێنم، چونکە پێم وایە ئاخاوتن باشترین شێوازی لە یەکتر گەیشتنە، دیالۆگ کاریگەرترین میتودە بۆ فێربوون، بۆیە فۆرمی: هەوڵ بدە وا بکەی، هەوڵ مەدە وا بکەی، یان دەبێت بەم جۆرە بێ... یان نابێ بەم جۆرە بکەی، فۆرمێکی نزیکە لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ، مەبەستیش لەم شێوازە ئەوەیە کە بۆچوونەکانم ڕاستەوخۆ و بەئاسانی و ڕوون و ڕەوان پێت بگەن.

بۆچوون ودەرئەنجامەکانی ناو ئەم کتێبە نابێت وەکو وانەی کۆتایی و ڕاستی نەگۆڕ و قسە هەڵنەگر، یان وەکو سەرزەنشتیی کەسێکی مامۆستا وەربگیرێ. چونکە بەبۆچوونی من لە هونەردا کەس مامۆستا نییە، هەموو قوتابین، بەڵام جیاوازی شانۆکاران وهونەرمەندان تەنیا لە ئەزموون و کاری پراکتیکیدا دەبێ بەدی بکرێ. هەر ئەزموونیش پێوەری ڕاستەقینەیە.

ئەم کتێبە ئەزموونی کەسێکە کە لە چەندین وڵات خوێندوویەتی ودەرس گوتووەتەوە، هەروەها وەکو ڕیژیسۆریش بەکوردی و عەرەبی و سویدی و ئینگلیزی و ڕووسی کاری کردووە و ئەزموونێکی کەمی پێک هێناوە. بەهیوای ئەوەی پوختەی ئەم ئەزموونە یارمەتی شانۆکاری گەنج بدا وەکو ڕیژیسۆرێکی پیشەکار هەنگاوی درووست بنێت.

کە شانۆکارێکی گەنج بووم، سەرەتا ئەکتەر بووم، لەو باوەڕەشدا نەبووم، بەغەیری نواندن کارێکی دیکە بکەم، خۆم پێ ئەکتەرێکی خراپ نەبوو، بەڵام کە بۆ یەکەم جار ئەرکی دەرهێنانی شانۆگەریەکم لەسەر داخوازی برادەرەکانم زۆر نا بەدڵانە گرتە ئەستۆ، بۆم دەرکەوت کە جۆرە بەهرەیەکی ڕیژیسۆری لە مندا هەیە، هەستم دەکرد کە ئەم

هونەرە پەنجەرەیەکی ئاوەڵەی بەرینە لە ڕووی جیهان و مرۆڤایەتیدا. پاشان تێگەیشتم کە هەرگیز ناتوانێ وەکو ڕیژیسۆر پێ بگەی و گەشە بکەی، ئەگەر وەکو مرۆڤ گەشە نەکەی، وەکو ڕۆشنبیرێکی شاهیدی سەردەمی خۆت. ئەم بۆچوونەم پشت بەگوتەیەکی فەیلسووف و داهێنەری فەرەنسایی جان پۆل سارتەوە دەبەستێ، بەڵام ڕەنگە درۆ نەبێ ئەگەر بڵێم کە ڕیژیسۆر گەورەترین شاهیدی سەردەمی خۆیەتی.

هەر لە سەرەتای ئەزموونەکانی سەرەتای کارکردنم وەکو ڕیژیسۆر، کاتێک کە لە هەرەتی لاوایدا بووم، دەموویست کتێبێک دەربارەی هونەری دەرهێنانی شانۆیی بنووسم، پاش چەند هەوڵێک تێگەیشتم کە نووسینەکەم مۆرکی لاوازیی و ناڕەسەنی پێوە دیارە.

ئێستا دەزانم کە ئەو کتێبە نەدەکرا لە تافی لاویدا بنوسرێ، دەبوایە جارێ ئەزموونی ژیان و ئەزموونی هونەری بەدەست بهێنم ئەمجا هەوڵ بدەم کتێبێک دەربارەی هونەری دەرهێنانی شانۆیی بنووسم.

ئەم کتێبە دەیەوێت چیت پێ دەڵێ؟

– ئەم کتێبە دەیەوێت پێت بڵێت، بۆ ئەوەی ببییت بە ڕیژیسۆرێکی جیاهەڵکەوتوو، دەبێ خۆت بی، لاسایی داهێنەرێکی دیکە نەکەیتەوە و هەوڵ نەدەی ببی بەفۆتۆکۆپێ ڕیژیسۆرێکی دیکە، ئەگەرچی ئەو کەسە ڕیژیسۆرێکی گەلێک گەورە بێ.

–

ئەم کتێبە دەتکا بەڕیژیسۆر؟

– نە ئەم کتێبە و نە هیچ کتێبێکی دیکە ناتکا بەڕیژیسۆر، بەڵام دەکرێ ڕێگەنیشدەرت بێ بۆ ئەوەی ببی بەڕیژیسۆرێکی پیشەکار.

مەبەست لەم کتێبە ؟

– بۆ ئەوەی شانۆکاری کورد، ڕیژیسۆری گەنج لە فێربووندا ڕێگەی پروفیسیۆنالیزم "پیشەکار" بگرێتە بەر، بۆ ئەوەی ڕێژیسۆری پیشەکاری کورد بێتە ئاراوە و ڕیژیسۆری ببێت بەهونەر و پیشە.

–

ئەم کتێبە دەکەوێتە کوێی ئەو کتێبانەی کە دەربارەی ئەم بوارە نووسراون؟

= ئەم کتێبە دڵۆپێکە لە دەریایەک، دەیان کێتبی لەم کتێبە گرینگتر هەن، بەڵام سەرجەمیان بەزمانە ئەوروپاییەکان نووسراون، کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئاشنای هەندێکیان دەبی. بەهیوای ئەوەی کە ئەم کتێبە هانت بدا بەردەوام بی لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بەرهەمی تیۆری ڕیژیسۆرانی خاوەن ئەزموون. ئەوجا تێ دەگەی کە چەندین کتێبی لەم کتێبە چاکتر هەن.

تایبەتمەندی ئەم کتێبە لە چیدایە؟

لە نووسینی ئەم کتێبەدا ڕیچکەیەکم گرتووەتە کە دەکرێ ناوی لێ بنێم" ڕێچکەی ڕیژیسۆری پیشەکار"کە برێتییە لە سێ تەوەری سەرەکی کاری ڕیژیسۆر: تەوەری سەرکردایەتیکردن و ڕێبەرایەتی، تەوەری ڕیکخستن، تەوەری داهێنان.

لە زۆر شوێندا و بەگشتی لە شانۆی ئاستی ئارەزوومەندا بایەخ و گرنگی تەنیا بەتەوەری داهێنان دەدرێ ئەوانی دی پشتگوێ دەخرێ.

لە شانۆی پێشارانەیشدا ئەمە تەواو بەپێچەوانەوەیە.

خالێکی دیکە کە ڕوونکردنەوەی بە گرنگ دەزانم، ئەوەیە کە من وشەی ڕیژیسۆرم لە بری وشەی دەرهێنەر بەکار هێناوە، لەمەشدا

پەنام بردووەتە بەر ئەسڵی لاتینی وشەکە، کە لە زۆربەی زۆری زمانە ئەوروپاییەکان وشە لاتینیەکە بەکار دێن. ئەمە هەرچەندە لە هەندێک شوێندا وشەی دەرهێنان و دەرهێنەرم هەر هێشتووەتەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەدا نیم هەر بەجاری فەرامۆش بکرێن.

فازل جاف – هەولێر ٢٠٠٨

## ڕەوتی ڕیژیسۆر

گومان لەوەدا نییە کە پیشەی ڕیژیسۆر، وەک پیشەیەکی سەربەخۆ، دیاردەیەکی نۆیی جیهانی شانۆیە، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین کە ڕیژیسۆر کەسایەتی خۆی لە شانۆدا هەر هەبووە، ئەوەندەیە کەسایەتی ڕیژیسۆر سەربەخۆ نەبووە، بگرە خۆی لە کەسایەتی نووسەردا حەشار دابوو، بۆ خۆی وەک ئێستا دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نەبووە.

نووسەر و ڕیژیسۆر هەر لە قۆناخەکانی سەرەتای مێژووی شانۆوە خۆیان لە یەک کارەکتەردا دەنواند. بەواتایەکی دی نووسەر خۆی ڕیژیسۆری شانۆنامەکانی خۆی بووە و شانۆنامەکانی لەسەر بنەمای یاساکانی باوی دەرهێنان دادەڕشت.

نووسەر هەر خۆی ڕیژیسۆر بوو، بۆیە دەبوایە تەواو شارەزای بنەماکانی هونەری دەرهێنان بوایە، بەبێ ئەو شارەزاییە نەیدەتوانی هونەری درامانووسین جێبەجێ بکا، نەک هەر ئەوەندە بگرە زۆربەی نووسەران سەرەڕای ئەوەی کاری نووسین و دەرهێنانیان دەکرد وەک ئەکتەریش لە شانۆنامەکانی خۆیاندا ڕۆڵیان دەبینی، مولێر باشترین نموونەی ئەکتەری کۆمیدیایە لە مێژووی شانۆدا، هەر خۆی ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆنامەکانی خۆیدا دەبینی.

سەرجەمی شاعیرە درامانووسەکانی سەردەمی شانۆی ئەنتیک و

شەکسپیر و مولێر باشترین بەڵگەی شارەزاییترادیسیۆنی باوی هونەری دەرهێنانی سەردەمەکەی خۆیان بوون. بەهەندێ حاڵەتی دراماتورگی کەم وێنە و بێ هاوتادا، دەبینین نووسەران پوختەی هزری تیۆریی خۆیانیان دەربارەی هونەری دەرهێنان و نواندن نووسیوەتەوە. لە چەند جێگەیەکی ناو شانۆنامەکانی خۆیدا، شەکسپیر هزر و بۆچوونی خۆی بەرامبەر بەهونەری ئەکتەر و ڕیژیسۆر دەخاتە ڕوو. ئامۆژگارییەکانی هاملێت بۆ ئەکتەرەکانی بناخەی ڕاستەقینەی هونەری نواندنی تێدایە، لە خەونی نیوەشەوێکی هاوینەدا، شەکسپیر بەدەمی سەنعەتکارەکانەوە، کە خەریکن شانۆنامەیەک نمایش بکەن، گەلێ لایەنی گرینگی هونەری ڕیژیسۆر بەتایبەتی بەشێوازی مەرج ئامێز دەخاتە ڕوو. دەکرێ هەمان قسە دەربارەی مولێیریش بگوترێ. لە شانۆی مۆدێرنیشدا ستریندبێرگ نموونەیەکی دیکەی درامانووسێکی هەڵکەوتووە کە لە تەک نووسینەکانیدا بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی هونەری ئەکتەر و هونەری ڕیژیسۆر بڵاو کردووەتەوە، بەر لەویش درامانووسانی وەک گۆتیە و لیسینگ دوو نموونەی دیکەن، پاش ئەویش ڕەنگە درامانووسێکی وەک برێخت باشترین وێنەی درامانووس بێ، کە ڕا و بۆچوون و تیۆری خۆی دەربارەی هونەری دەرهێنان هەبێ.

بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆڵی نووسەر لە گۆڕانکارییەکانی هونەری ڕیژیسۆردا بەوە نەوەستاوە کە نووسەر ڕا و بۆچوونەکانی خۆی لە شێوازی تیۆریدا بنووسێتەوە، یان لە ناو چوارچێوەی شانۆنامەکانیدا بەشێوەی تێبینی ئاراستەی ئەکتەر یان ڕیژیسۆر بکرێ. ڕۆڵی نووسەر لە گۆڕانکارییەکانی هونەری ڕیژیسۆر لە سەرجەمی

گۆڕانکاری هەیکەل و پێکهاتەی دراماکەدایە، کە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر تیۆری دەرهێنان و نواندن. ئەسخیلۆس کە یەک ئەکتەری دیکەی بەکار هێنا، ستروکتوری دەرهێنانی گۆڕی، نووسەر ڕۆڵی دەرهێنانی خۆی دەگۆڕێ و بەشێوەیەکی دیکە ڕەفتار لەگەڵ پێکهاتی نمایش دەکا، ئەم پێکهاتەیە لای سۆفۆکلیس و یۆروپیدس بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ. داهێنان و مەرجەکانی ئەم نووسەرانە کاکڵەی هونەری دەرهێنانی سەردەمی خۆیان پێک دێنێ.

ئەم نووسەرانە ئەرکی ڕیژیسۆریان بەجێ هێناوە و ئەو شێوازەی کە بۆ دەرهێنەر پێویست بوو، لە پێکهاتی شانۆنامەکانیاندا بەرجەستە کراوە، لە شانۆنامەکانی شەکسپیردا پەک لەسەر بەڵگەی دیکە نەکەوتووە، بەڵام دەرهێنان وەک پیشەیەکی سەربەخۆ و وەک پسپۆڕایەتی لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەمەوە سەری هەڵدا، پێشتر نووسەر دەرهێنەری شانۆنامەی خۆی بوو، بۆیە وای پێویست دەکرد وەک ڕیژیسۆریش کارامە و دەست ڕەنگین و وەستا بێ. ئەم کارامەیییەشی تەنیا بەمەشق و ڕاهێنان و کارکردنی بەردەوام لەناو شانۆیەکدا و لەگەڵ تیپێک یان لەگەڵ تاقمێکی شانۆکاردا بەدەست دەهێنا. هەر بەقاڵبوون لەناو گرووپ و لە ڕێگەی پراکتیککردنەوە، نووسەر ئاشنای کەرەسەی نووسین و بنەماکانی هونەری دراما و فێری سەنعەتی نووسین دەبوو.

درامانووسانی شانۆی کلاسیک قەت لە دەرەوەی شانۆ شانۆنامەیان نەنووسیوە. شانۆنووس بەر لە هەموو شتێک شانۆکارە. نووسەرە بلیمەتەکانی شانۆ کەسیان لە دەرەوەی شانۆوە سەریان هەڵنەداوە و هیچ کامێکیان تەنیا ڕۆڵی نووسەریان نەبینیوە، بگرە نووسەر لە

هەمان کاتدا ڕیژیسۆر و ئەکتەر و هەندێ جاریش وەک مولێیر و شەکسپیر بەڕێوەبەری تیپەکەش بووە.

سەردەمی شانۆی ئێلیزابێسی، بەبۆچوونی توێژەوەری ئەمریکایی A.M Naglar أ. م. ناگلەر.

سەردەمی بەرقەراربوونی هارمۆنیایەکی پتەوی نێوان ئەدەب و هونەر بووە، ئەم هارمۆنیایە پتر لە شێوازی نمایش و بەرجەستەکردندا دیاربوو. ئەمە لە شانۆدا نەک تەنیا لە دەورانی ئێلیزابێسیکاندا مەرجێکی سەرەکی نمایش بوو، بگرە هەر لە ئەنتیکەوە، هارمۆنیای نێوان ئەدەب و هونەر مەرجێکی بنەڕەتی بوو بۆ تێگەیشتنی شانۆی کلاسیک.

هونەری نمایش بەهەموو بنەماکانی دەرهێنان و نواندنەوە هاوتەریب و هاوشان لەگەڵ بنەماکانی نووسینی دەق دەڕۆیشت و هەردوو ڕاستەوخۆ کاریان دەکردە سەر یەکدی و پێکەوە نەشونمایان دەکرد.

شانۆنووس چەند لە هونەری نووسیندا کارامە و لێزان بایە، دەبوایە ئەوەندەش وەک دەرهێنەر لێزان و دەست ڕەنگین بێ، دەنا شانۆنامەکەی شانسی پیشاندانی نەدەبوو، هەر نەبێ لەبەرئەوەی جگە لە خۆی کەسێکی دیکە نەیدەهێنایە بەرهەم.

نووسەران نەک تەنیا دەرهێنەر بوون و باش شارەزای هونەری دەرهێنان بوون، بگرە تەواو شارەزای هونەری نواندنیش بوون و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەکتەرەکان کاریان دەکرد، تەنانەت زۆربەشیان وەک ئەسخیلۆس، شەکسپیر و مولێیر ئەکتەر بوون.

بنەما باوەکانی هونەری دەرهێنان و نواندنی شانۆ بەدرێژایی

مێژووی شانۆ، ڕاستەوخۆ کاریان کردووەتە سەر هونەری دراما و گەشە و نەشونمای ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی.

بێ تێگەیشتن لە هونەری شانۆ و نەریتەکانی نمایش، تێگەیشتن لە شانۆی کلاسیک مەحاڵە، بێ تێگەیشتن لە بینای تەختەی شانۆ و یاسا و مەرجەکانی یاری و نواندن، ناتوانین تەنیا وەک شیعر یان تەنیا وەک ئەدەبێکی ڕووت لە شانۆنامەکانی ئەنتیک یان شەکسپیر بگەین.

یەکێ لە گرفتەکانی تێنەگەیشتن لە شانۆی کلاسیک لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە کلاسیک لە زۆربەی زۆری قوتابخانەکانی شانۆدا تەنیا وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دوور لە یاسا و نەریتەکانی نمایش و کولتووری تەماشاکردن دەخوێندرێ. ناگلەر دەڵێ: «قوتابی شانۆی ئێلیزابێسی نابێ سوحنەی شانۆ پشتگوێ بخات، خۆ ئەگەر خوێندکار نەیەوێ خۆی بەکاری شانۆی ئەو سەردەمەوە خەریک بکا، چاکتر وایە خۆی بەسۆناتاکانی شەکسپیرەوە خەریک بکا نەک بەشانۆنامەکانییەوە».

شانۆنامەنووسی داهێنەر بەدرێژایی مێژووی شانۆ تاکو سەردەمی شانۆی نوێ قەت لە دەرەوەی شانۆوە سەری هەڵنەداوە و قەتیش پیشەیەکی دیکەی نەبووە و لە بوارێکی دیکەوە نەهاتووەتە ناو شانۆوە، یان شانۆنامەنووسین پیشەی دووەم و سێیەم و لاوەکی یان ئارەزوویەکی کاتیی نەبووە. ڕەنگە ئەم هاوکێشەیە لە شانۆی مۆدێرندا و پاش سەرهەڵدانی پیشەی ڕیژیسۆر گۆڕانی بەسەر هاتبێ، نووسەر لە سنووری پیشەکەی خۆیدا کاری کردووە، بەڵام نووسەر دیسانەوە تا ئەم دواییە هەر وەک هاوکارێکی پتەو و نزیک لەگەڵ ڕیژیسۆر کاری

دەکرد و لە کاتی ڕاهێنان و پرۆڤەدا لە تەک ڕیژیسۆردا دادەنیشت و لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی دەقدا هاوکار و ڕاوێژکارێکی گرینگی بوو.

دەکرێ پێوەندی ئەنتوان چیخۆف و ستانیسلاڤسکی بەسەرەتایەک دابنرێ بۆ پێوەندی داهێنەرانەی نێوان نووسەر و دەرهێنەر. بەرهەمەکانی شانۆی هونەریی مۆسکۆ گەواهی ئەم قسەیەن.

هاریکاری نێوان مایاکۆڤسکی و مییرهولد نموونەیەکی گەشترە، هاوکارانی مییرهولد ئەوە دووپات دەکەنەوە کە بوونی مایاکۆڤسکی لە پرۆڤەدا ئیلهام بەخش بوو و یارمەتیدەرێکی بێ ئەندازە بووە بۆ تێگەیشتن لە شانۆنامەکانی، تەنانەت مییرهولد پاش مردنی مایاکۆڤسکی دەیگوت نازانم چۆن بەبێ خۆی بتوانم شانۆنامەکانی دەربهێنم.

دیارە لە هەموو بارودۆخێکدا بۆ ڕیژیسۆر نەلواوە لە نزیکەوە دووقۆڵی لەگەڵ نووسەردا کار بکات، بەتایبەتی یەکێ لە نەریتەکانی سەربەخۆبوونی ڕیژیسۆر کارکردنیەتی لەسەر تێکستی کەسێکی دی "درامانووس"، ئەمە تایبەتمەندییەکی گەلێ گرینگی پیشەی ڕیژیسۆرە، کە دەکرێ لە مێژووی شانۆدا بەگۆڕانکارییەکی گرینگ دابنرێ.

بەر لە ڕیژیسۆر وەک داهێنەرێکی سەربەخۆ کارکردن لەگەڵ دەقی نووسەرانی دی دەگمەن بوو، ئەگەر نەڵێین لە هەندێ قۆناخی مێژووی شانۆدا، بەتایبەت لە شانۆی گریکدا هەر مەحاڵ بووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەلەپووری ئەدەبی شانۆ وەک شانۆنامەی نووسراو بەر لە پەیدابوونی ڕیژیسۆر کەلەپوورێکی تا ڕادەیەک لە بیرکراو بوو، شانۆی کلاسیک لە ژێر دەستی ڕیژیسۆراندا سەرلەنوێ برەوی پەیدا کردەوە.

نەک هەر ئەوەندە بگرە بۆ یەکەم جار تێکستی نووسەر بەلێکدانەوەیەکی دی و بەجیهانبینی نەک خۆی، بگرە داهێنەرێکی دی هاتە بەرجەستەکردن. ڕاستە لە سەرەتادا جیهانبینی ڕیژیسۆر ئاوێنەی جیهانبینی نووسەر بوو، بەتایبەت لای ڕیژیسۆرانی ڕێبازی ڕیالیزم، هەروەها لای ناتۆرالیستەکان "مینینگین" لە ئەڵمانیا و "ئەنتوان" لە فەرەنسا، بەلام زۆری نەخایاند، دید و بۆچوون و جیهانبینی ڕیژیسۆر خۆی سەپاند، تا دەشهات جیهانی نووسەری پتر دەوڵەمەند دەکرد، بەلام هەر شان بەشانی ڕێبازی ناتۆرالیزم، هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ستانیسلاڤسکیدا، ڕیژیسۆرانی ئەنتی ڕیالیزم یان ئەنتی ناتۆرالیزم، بۆ بەدی هێنانی شانۆیەکی دیکە کاری خۆیان دەکرد، شانۆیەک کە سیمای مۆدێرنیزمی ئایندەی بەخۆوە گرتبوو، ئەو ڕیژیسۆرانەی تەنانەت بەر لە گۆردن کرەیگیش فۆرم و شێوازی جۆراوجۆریان لە بواری شێوازگەری لە ئەدا دا و سیمبۆلیزم لە سینۆگرافیادا و بەکارهێنانی بووکەشووشە و ماسک و گەلێ کەرەستەی شانۆیی دژ بەوەهمی ناتۆرالیزم بەکار دەهێنا، لەوانە هەر بۆ نموونە ولیەم پویل (١٨٥٢-١٩٣٤) لە لەندەن کە ئەزموونەکانی لە بواری ستیل و شێوازگەریدا سەرچاوەی ئیلهام بوون. بۆ گەلێ نووسەری ئەو سەردەمە لە سەرووی هەمووانەوە ئەلفرێد جاری لە شانۆنامەی ئۆبۆی مەلیکدا، کە شێوازی گرۆتیسکی بەسەردا زاڵە.

هەڵبەتە پێوەندی نێوان نووسەر و ڕیژیسۆر هەروا بێ کێشە و بێ گرێ و گۆڵ نەبوو. هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتی هەردوو لا کەوتنە بەرەنگاریکردنی یەکدی، ئەم کێشەیەش ئاسایی بوو، چونکە ڕیژیسۆر نەیدەویست تەنیا ئامرازێکی دەستی نووسەر بێ و کاری سەرەکی

سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی بەرهەم بێ. ڕیژیسۆر دەیویست ڕۆڵی داهێنەرانەی خۆی ببینێ و جیهانبینی خۆی بسەپێنێ، لە کاتێکدا کە نووسەر هەستی دەکرد ڕیژیسۆر لە کەلەکەی ئەوەوە دەرچووە و دەبێ گوێڕایەڵی ئەو بێ. ڕیژیسۆر ناچار بوو پتر داکۆکی لە داهێنانی خۆی بکا و بیسەلمێنێ کە پیشەکەی لە شانۆدا لەوەش کاریگەرترە، کە وەک لە سەرەتادا خۆی دەنواند و تا دێ ئەم پیشەیە بوارێکی گەورەتر داگیر دەکا و ڕۆڵێکی مەزنتر دەبینێ و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا دەبێ نووسەر داهێنانی خۆی تەسلیمی دەستی ئەو بکا و بەدڵ فراوانییەوە هاریکاری بکا.

## ستانیسلاڤکی و چیخۆڤ تەواوە

ڕەنگە بکرێ کێشەی نێوان ستانیسلاڤسکی و چیخۆڤ بەنموونەیەکی سەرەتایی کێشەی نێوان ڕیژیسۆر و نووسەر دابنرێ، هەرچەندە سەرجەمی ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی داکۆکییەکی تەواو لە ڕاستگۆیی لەگەڵ تێکست و جیهانی نووسەر، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە مەرج نییە هەموو دەمێ جیهانبینی و بۆچوونی هەردووکیان یەک بن.

من پێم وایە ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕیژیسۆرە بەمانای هونەری ئەم پیشەیە، دیارە کەس نابێ لاری بێ لەوەی کە بەر لە ئەو مینینگینەکان و ئەنتوان ڕیژیسۆر بوون، هەروەها ڕیژیسۆری دیکەش هەبوون، بەڵام هیچ کام لەوان بەمانای هونەری و میتۆدێک خاوەن ئەو کاریگەرییەتییە نەبوون کە ستانیسلاڤسکی هەیبوو، تا ئێستاش ئەو کاریگەرییەتییە هەر لە ئارادایە و پەرەی سەندووە و کز نەبووە.

لای ڕیژیسۆرانی بەر لە ستانیسلاڤسکی فۆرمی هونەری میزانسین و کۆمپۆزسیۆن و سەرجەمی پێکهاتەی نمایشەکە تەنیا لە ڕێگەی پرۆسەی ڕاهێنان و پرۆڤەوە گەڵاڵەی دەکرد و ملکەچی سیستمێک نەبوون. ئەگەر باوەڕ بەو ڕاستییە بهێنین کە میزانسین زمانی ڕیژیسۆرە وەک چۆن ڕەنگ زمانی نیگارکێشە، دەکرێ بڵێین ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕیژیسۆرە کە وەستا و پیشەکار بووە لە پلانی هونەریی و هونەرمەند لە بنیاتنانی میزانیسینی، تا ئێستاش لە مێژووی شانۆدا زیندووە.

میزانسینەکانی ستانیسلاڤسکی بۆ شانۆنامەکانی چیخۆف تا ئێستاش لە شانۆی هونەری مۆسکۆ پێڕەو دەکرێن، میزانسینەکانی ستانیسلاڤسکی ئاوێنەی دەقی نووسەر بوون، بەڵام ئاوێنەیەکی هونەری.

لە مێژووی شانۆدا ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕیژیسۆرە کە دوای خۆی کەلەپوورێکی مەزنی پلان و میزانسینی بەرهەمەکانی خۆی لە چەند بەرگێکدا بەجێ هێشتبێ کە سەرچاوەیەکی گەورەن و یەکەم سەرچاوەشن بۆ دیراسەکردن و توێژینەوە دەربارەی هونەری دەرهێنان بۆ هەر کەسێ بیەوێ ببێ بەڕیژیسۆرێکی پیشەکار و بۆ هەر یەکێ بیەوێ شارەزای میتۆدۆلۆگیای ستانیسلاڤسکی بێ، ئەمەش شتێکە نە لە مینینگینەکان و نە لە لای ئەنتوان و نە لە لای هیچ ڕیژیسۆرێکی دیکە بەدی دەکرێ.

ڕاستە قۆناخی یەکەمی ڕەوتی شانۆی ستانیسلاڤسکی و شانۆی هونەری مۆسکۆ ناتورالیستانە بووە، بەڵام جیاوازی ستانیسلاڤسکی لەگەڵ ئەواندا ئەوەیە کە ستانیسلاڤسکی داهێنانی ڕێبازێکی هونەری

مەبەست بوو، میتۆدێک بۆ ڕاهێنانی ئەکتەر و بۆ گەڵاڵەپێکردنی ئەم ڕێبازە سەرتاپای تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کرد. ڕاستە ستانیسلاڤسکی ڕێز و پێزانینی خۆی بەرامبەر بەناتۆرالیزمی مینیگینەکان دەردەبڕی، ڕەنگە گەلێ سەرسامی وردەکاری لایەنی دەرەوەی نمایشەکان و نواندنی ئەکتەرەکان بووبێ، نەک هەر ئەوەندە بگرە پاش بینینی بەرهەمی مینیگینەکان، بۆ یەکەم جار لاوازی ئەکتەرانی خۆی بۆ دەرکەوت، هەر ئەمەش بوو بەیەکەم هۆکاری بیرکردنەوە لە کارکردن بۆ داهێنانی میتۆدێکی هونەری نواندن، بەڵام گەلێ جیاواز لە مینینگینەکان و ئەنتوان ناتۆرالیزمی ستانیسلاڤکی لەسەر بنەمای دید و جیهانبینی ڕیژیسۆر، واتە جیهانی دەق لە دیدی ڕیژیسۆرەوە هەڵچنرابوو.

## ڕاستگۆیی کۆڵەکەی میتۆدی ستانیسلاڤسکییە

زۆر کەس ئەم ڕاستگۆییە تەنیا بەئەمانەت بەرامبەر بەجیهانی نووسەر تێ دەگەن، بێ ئەوەی لەوە تێبگەن کە مەبەستی ستانیسلاڤسکی لە ڕاستگۆیی بەمانای ڕاستگۆیی هونەرییە، بێ گومان ڕاستگۆیی ئەمانەت و دەستپاکیش بەرامبەر بەدەق دەگرێتەوە، بەڵام بەر لە هەموو شتێک ڕاستگۆیی هونەرمەند لە تێگەیشتنی شەخسیی خۆی بۆ بیر و هزر و هەست و نەستی نووسەر دەگرێتەوە. ئەمانە سەرچاوەی ڕاستەقینە و قووڵ بۆ دەرهێنەر پێک دێنن. بەو پێیە جیهانی دەق قەت نابێتە تاکە سەرچاوە، سەرچاوەی سەرەکییە، بەڵام تاکە سەرچاوە نییە. دیسانەوە دەکرێ بڵێین ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕیژیسۆر بوو کە بۆ کارکردن لەسەر تێکست و تێگەیشتن لە جیهانی نووسەر بەرپرسی ئەدەبی "دراماتورگ" داناوە. کارکردنی دووقۆڵی

ستانیسلاڤسکی و نەمیرۆڤیچ دانچینکۆ، یەکەمیان وەک ڕیژیسۆر – بەرپرسی هونەری، دووەمیان وەک دراماتورگ – بەرپرسی ئەدەبی، یەکەم نموونەیە لە هاریکاری نێوان ڕیژیسۆر و دراماتورگ و دەستنیشانکردنی هێڵی پیشەیی نێوان هەردوو پیشەی ڕیژیسۆر و درامانووس.

ئەم بەدووقۆڵی کارکردنە هەنگاوێکی نوێیە لە ترازانی دەسەڵاتی هەردووکیان و پتر سەربەخۆیی بوونی ڕیژیسۆری دەچەسپاند و نیشانەیەکی ئاشکراش بوو بۆ گەشەسەندنی ڕۆڵی ڕیژیسۆر لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا، تەنانەت لە کارکردنیدا لەگەڵ چێخۆڤ مەسەلەکە هەروا بەئاسانی ڕانەبوورد، جیاوازی ڕا و بۆچوون و دیدی هەردوو داهێنەر ئەوەی دەرخست کە ڕاستگۆیی و بەئەمانەت ڕەفتارکردن لەگەڵ دەقدا ئەوە ناگەیەنێ کە ڕیژیسۆریش دەقا و دەق هەروەک نووسەر بیر دەکاتەوە و لە کۆتاییشدا هەردوو دەبێ بگەنە هەمان ئاکام.

کەڵە ڕیژیسۆرانی سەرەتای سەدەی بیستەم تەکانێکی گەورەیان بەشانۆدا، شانۆی مۆدێرن لە ژێر دەستی ئەواندا خوڵقا، داهێنەرانی وەک ستانیسلاڤسکی، مییرهولد، کرەیگ، ئاپیا، ئارتۆ، برێخت، گرۆتۆڤسکی، کە یۆجینوباربا پێیان دەڵێ، چاکسازان و یاخیبووان و پێشبینان، تەکانێکی ئەوتۆیان بەشانۆدا بەشێوەیەک ڕەوتی پێشکەوتنی ئەوەندە خێرا بوو کە مێژووی شانۆ پێشتر ئەو خێراییەی بە خۆوە نەدیبوو، هەر لە ماوەی سی چل ساڵێکدا چەندین ڕێباز و شێواز ڕووبەڕووی ناتۆرالیزم بووەوە، سیمبۆلیزم و شێوازگەری و فوتورێزم و کۆنستروکتیڤیزم "بنیاتگەری" ڕیالیزمی ئەفسوونگەرانە و

ڕیالیزمی مۆسیقایی و شانۆی سرووت و شانۆی داستانی و شانۆی سیاسی و... تاد. هەموو ئەم ڕێبازانە بەپلەی یەکەم ئەنجامێکی سروشتی کار و دۆزینەوەکانی ڕیژیسۆر بوون. بەر لە پەیدابوونی ڕیژیسۆر وەک داهێنەرێکی سەربەخۆ و پیشەکارێکی داهێنەر ڕەوتی شانۆ قەت وا خێرا نەبوو، قەتیش ئەوەندە هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر نەبوو.

بەر لە شانۆی ڕیژیسۆر شانۆ بەپلەی یەکەم شانۆی نووسەر بوو، بۆیە دەگوترا شانۆی سۆفۆکلیس، شانۆی شەکسپیر، شانۆی مولێیر، بەڵام ناوی ڕیژیسۆران بوون بەنیشانە و نازناوی شانۆکان، شانۆی ستانیسلاڤسکی و شانۆی مییرهولد و شانۆی برێخت و... تاد.

مییرهولد پێشبینی ئەوەی دەکرد کە شانۆ لە داهاتوودا دەبێ بەشانۆی سینۆگراف، ئەمە ئەگەر سەد لە سەد وا نەبێ، بەڵام ئەو پێچەوانەی ئەو ڕاستییەش نییە کە سینۆگراف ڕۆڵێکی گەلێ گرینگتری لە جاران هەیە. ئەمڕۆ جەختکردن لەسەر فەزای یاری، مەیدانێکی دیکەی داهێنانی شانۆکارانە. ڕەخنەی ئەمڕۆ ناوی سینۆگراف لە تەنیشت ڕیژیسۆر دادەنێ.

# فۆرمەکانی شانۆی ئاسیایی

فۆرمەکانی شانۆی ئاسیایی لە هەموو فۆرمەکانی دیکە ڕەسەنترن، بەپێچەوانەی فۆرمەکانی شانۆی ڕۆژئاوایی بەدرێژایی مێژوو شانۆی ئاسیایی فۆرمەکانی خۆی پاراستووە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پەروەردەکردنی ئەکتەر لە بنەماڵەیەکدا لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە. باوک وەک وەستایەک منداڵی خۆی هەر لە منداڵییەوە ڕادەهێنێ و مەشقی پێ دەکات تا پاشان جێگەی بگرێتەوە، هەر بۆیە فۆرمەکانی خۆیان لە دەرەوەی داوودەزگا ئەکادیمییەکانی شانۆ و پەیمانگەکانی پەروەردەی ئەکتەر، نەوە لە دوای نەوە دەپارێزن. تەنیا فۆرمی ڕەسەن و پارێزراو لە مێژووی شانۆدا فۆرمەکانی شانۆی ئاسیاییە. هەرچی مێژووی شانۆی ڕۆژئاوایە بریتییە لە بۆچوون و ڕامان و ئەندێشە دەربارەی ئەو فۆرمانەی کە لە کاتی خۆیاندا هەبوون، بەڵام ئەو فۆرمانە ئێستا نەماون. ئەوەی ئێمە لە بارەیان دەیزانین تەنیا لە هزر و بۆچوونمانەوە هەڵدەقوڵێ، بەپێچەوانەی شانۆی ئاسیایی ئەو فۆرمانە نەپارێزراون و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی نەماونەتەوە.

فۆرم و شێواز و داوونەریتەکانی شانۆی ڕۆژئاوایی هەرە گرینگەکانیان کە ئەنتیکە، ئەوەی لە بارەیەوە دەیزانین لە سنووری زانیاری مەتحەفی دەرناچێ، ئەوەی دەربارەی بەکارهێنانی ماسک و

کۆرس و فەزای شانۆ دەیزانین، گریمانەیە.

هونەری نمایش بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بەئەکتەر و کۆرس و بەبینەرانەوە هەیە، جەختکردنە، لە ڕووی مێژووەوە گەلێ کەلێن و بۆشایی تێدایە کە بەداخەوە زانست چارەی بۆ نەدۆزیوەتەوە، بەڵام لای گەلێ لە شانۆکاران وەک ڕاستی بەڵگەنەویست ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ.

یەکێ لەو بۆچوونانە دەربارەی تیسپیسی یۆنانییە کە لە هەندێ ئەدەبیاتدا وا باوە کە تیسپیس یەکەم ئەکتەری یۆنانییە. زۆر جار لە هەندێ بابەتی شانۆییدا دەخوێنمەوە کە: لەو ڕۆژەوە کە یەکەم ئەکتەری یۆنانی تیسپس پێی خستووەتە سەر شانۆ، ئیتر لە هیچ سەرچاوەیەکی زانستییەوە ئەوە دووپات نەکراوەتەوە، کە تیسپیس یەکەم ئەکتەر بووبێ. سەرچاوەکان و فەرهەنگەکانی شانۆ دەڵێن کە تیسپیس شاعیر بووە و یەکەم کەس بووە لە شانۆنامەکانیدا ئەکتەری "یەک ئەکتەر"ی لەگەڵ کۆرسدا بەکار هێناوە و هیچ یەکێ لە دەقەکانی نەماون، تەنیا ناوەکانیان نەبێ کە ئەوانیش جێگەی گومانن و کەس ناتوانێ سەد لە سەد جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئەو نووسەریان بێ. ئەم پرسیارە لای ئەکادیمیکارانی شانۆ توێژەرەوەکان هێشتا یەکلا نەکراونەتەوە.

فۆرمێکی دیکەی بەهێزی مێژووی شانۆی ڕۆژئاوایی لە شانۆی ئێلزابیسدا خۆی دەنوێنێ، کە شەکسپیر لە ترۆپکیدا دەوەستێ. بەداخەوە شارەزاییمان دەربارەی ئەم فۆرمە و ئەم قۆناخە ئەوەندە پەڵە پەڵە و پچڕ پچڕە، کە وێنەیەکی تەواوی شانۆی ئەو سەردەمەمان لا دروست ناکا. جاران بۆچوونێکی باو لە ئارادا بوو کە گوایە

شەکسپیر شانۆنامەکانی خۆی تەنیا لەسەر شانۆی گلۆپدا نمایش کردووە، هەموو زانیارییەکانمان دەربارەی شانۆی ئێلیزابیسی و شەکسپیر لەسەر ڕامان و بۆچوون بنیات نراون و کەس ناتوانێ وێنەیەکی تەواوی شانۆی ئەو سەردەمە بەیەقینەوە بکێشێ، هەموو ئەوەی دەیزانین بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەمەندیی ئەم شانۆیەدا وەک دڵۆپێک وایە لە دەریا.

توێژەرەوەکانی شانۆ بەدرێژایی مێژوویەکی دووروودرێژ پێیان وابوو شەکسپیر شانۆنامەکانی خۆی تەنیا لەسەر شانۆی گلۆپدا نمایش کردووە، بەڵام زانستی شانۆ لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە ئەوەی سەلماندووە کە شەکسپیر بەرهەمەکانی خۆی لەسەر چەند شانۆیەکی دیکەی لەندەندا پێشکێش کردووە، ئەمەش ئەو بۆچوونە پووچ دەکاتەوە گوایە شانۆنامەکانی شەکسپیر لە یەک فۆرمی گونجاو تەنیا لەسەر شانۆی گلۆپدا نمایش کراون، هۆی ئەم گیروگرفتەش دەگەڕێتەوە بۆ سووتانی شانۆکانی لەندەن، لە سەرووی هەموویانەوە شانۆکەی شەکسپیر.

بەشێکی گەورەی بۆچوون و سەرلەنوێ بەخەیاڵ بنیاتنانەوەی شانۆی شەکسپیر دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبوارێکی هۆڵەندی کە پاش سەردانێکی بۆ لەندەن وێنەیەکی شانۆی گلۆپ دەکێشێ و لە نامەیەکدا بۆ دۆستێکی خۆی دەینێرێ، باشترین سەرچاوە دەربارەی شانۆی گلۆپی شەکسپیر ئەم نامەیەیە، تەنانەت کە شانۆی گلۆپ لە کۆتایی نەوەتەکاندا لە لەندەن بنیات نرایەوە، بەرجەستەکردنی ئەم وێنەیەیە، ئەمجا بزانە شانۆی ڕۆژئاوایی چەندی لە دەست چووە.

ئەگەر بێینە سەر باسی هونەری کۆمیدیا دیل ئارتی کە لە ڕۆژئاوادا

هاوتایەکی کابوکییە، ئەم هونەرەش لە ڕووی دەقەوە زیاتر پارێزراوە، هونەری نمایشکردنی قـــەت وەک کـــابوکی و نو و ئۆپیـــرای پەکین نەپارێزراوە، بۆچوون و فەنتازیا لە بەرجەستەکردنیاندا بالادەستە، هەر چەندە ئەرکی ڕیژیسۆر لە شانۆی ڕۆژهەلاتیدا، لە ڕووی مەشقی فیزیکی و ڕاهێنان و وەستایەتی و دەستڕەنگینییەوە قورسترە بەبەراورد لەگەڵ ڕیژیسۆری ڕۆژهەلاتیدا، بەلام کەلەپووری شانۆیی و داوونەریتی چەسپاو پتر یارمەتی دەدا.

# ڕیژیسۆری موفەسیر

## ڕیژیسۆر و ئێنسامبل

گرینگە ڕیژیسۆر ئێنسامبڵ "گرووپ"ی خۆی هەبێ، لەوەش گرینگتر چۆنیەتی پێکهێنانی ئێنسامبڵەکەیە، ڕیژیسۆر بەر لە هەموو شتێک پێویستە خاوەن دیدێکی هونەری ڕوون بێ، باشتریشە خاوەن میتۆد بێ یان ئیستێتیکایەکی تایبەت بگرێتە بەر و داوای یەکێتی ستیل و شێواز لە ئەکتەرەکان و هاوکارانی بکا، یان چەمکێکی تایبەت فەراهەم بکا و بیەوێ ئێنسامبلەکە زمانێکی شانۆیی هاوبەشی هەبێ و خاوەن پرۆفیلێکی تایبەت بێ. ئەمەش تەنیا لە حاڵەتێکدا مەیسەر دەبێ کە هارمۆنیا و هاوئاهەنگییەکی تەواو لە ناو ئەندامانی ئەو تیپەدا هەبێ.

پرۆفیلی گرووپ یان سیمای هونەریی ئەم تیپە شانۆییە بۆ بینەران گەلێ گرینگە و لەگەڵ ڕۆژگاردا و بەکارکردنی بەردەوام دێتە خەمڵین. تەنیا ئەو پرۆفیلە جێگەیەکی تایبەت لە لای خەڵک بۆ گرووپەکە دروست دەکا. پرۆفیلی گرووپ لە زمانی شانۆیی هاوبەش و ئامانجی فیکری و ئێستێتیکایی و میتۆدی هاوبەشدا خۆی دەنوێنێ.

ئەکتەریش بۆ ئەوەی ببێ بەئەندامێکی لێهاتوو و چالاک لەو گرووپەدا پێویست دەکات بەشگیانێکی کراوەی پڕ لە شەفافیەتەوە کار لەو ئێنسامبڵە بکا، کاری کۆلیکتیڤی پەسەند بێ، چونکە کاری

کۆلێکتیڤ گرینگترین مەرجی شانۆیە، هەروەها دەبێ بۆ ئەو گرووپە تایبەتمەندییەکی خۆی هەبێ، تایبەتمەندییەک لە ناو هەموو ئەوانی دی جیای بکاتەوە.

## تاوتووکردن

یەکەم هەنگاوت وەک دەرهێنەر کە دەتەوێ لەگەڵ ئەکتەران و هاوکارانتدا دەست بەکاربی، پێی دەگوترێ تاوتووکردن، واتە تاوتووکردنی بیر و بۆچوون و تێگەیشتن و هزرت دەربارەی شانۆنامەکە. پلانی کارکردن و بەرنامەکانت لەگەڵ پرۆگرامی پرۆڤەکانت دەبێ هەمووی بەڕوونی بخەیتە ڕوو، لەگەڵ هەموو بەشدارانداا هەنگاو بەهەنگاو پێیدا بچیتەوە.، لە تاوتووکردندا نەک هەر باسی پلانەکانی کارەکەت لە داهاتوو تا ڕۆژی یەکەمی پیشاندان دەکەی، بگرە باس لە کاری ئامادەگی خۆت لەگەڵ هونەرمەندانی سینیۆگرافیا و جلوبەرگ و دەنگ و ئیکسسواردا دەکەی.

ئەم تاوتووکردنە خۆی لە خۆیدا جۆرە پێداچوونەوەیەکە بەبەرنامەی ڕیژیسۆردا، بۆ ئەوەی هەموو لایەنی کارکردنەکە بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرا بێ. ئەو پێویستیانەی کە لەگەڵ هاوکارەکانتدا ئامادەت کردوون، بیانخەرە ڕوو و پیشانی بەشدارانی بدە. بەهەمان شێوە ئەگەر مۆسیقات هەیە و ئامادەکراوە چاکتر وایە هەر لە ڕۆژی تاوتووکردندا ئەکتەرەکانت گوێی لێ بگرن، ئەمە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە فریای ئامادەکردنیان کەوتووی. ڕەنگە فریا نەکەوی، هەموو شتێ لە تاوتووکردنی یەکەمدا ئامادە بکەی، هەرچەندە لە شانۆ گەورەکاندا هەموو شتێ زوو ئامادە دەکرێ، بەڵام تەنانەت کە لە شانۆی بچووکیشدا کار دەکەی، هەوڵ بدە تا دەتوانی کەرەستەی

ئامـادەكـراو پیـشـان بدەی، لەوانەش هـەر نەبێ مـاكـێت "مـۆدێل"ی سـینۆگرافییـەكەت دەبێ ئامادە بێ، هەروەها نـەخشـەی جلوبەرگیش، بیـرت نـەچێ كـە ئەكـتـەر هـەر لە ڕۆژی یەكـەمـەوە دەیەوێ بزانێ چی لەبەر دەكا و جلوبەرگەكانی چۆنن.

تا دەتوانـی هـەر لە یەكـەم هەنگاوەوە ڕوون و ئاشكرا گـوزارشت لە خـۆت بكە، هزری سـەرەكی شـانۆنامـەكـە و مـەبەست لە هەڵبـژاردنی شـانۆنامـەكـە و پـلانی كـاركـردنت ڕاسـتـەوخـۆ، بێ پێچ و پەنا ڕوون بكەوە.

گـەلێ گـرینگە ئەكـتـەر و هاوكـارانت باش لـە هۆی هەڵبـژاردنی شانۆنامـەكەت تێ بگەن و بزانن بۆ چ دەتەوێ ئەم شـانۆنامـەیە ئەمڕۆ و لەم شانۆیەدا پێشكێش بكرێ؟ دەبێ ئەوە بسەلمێنی كە شانۆنامـەكەت گرینگە بۆ ئەكتەران و بۆ شانۆكە و بۆ بینەران.

هەر لە یەكەم ڕۆژەوە گەلێ گرینگە ئەوە پیشـان بدەی و بیسـەلمێنی كە تۆ ڕیژیسۆرێكی مەبەست و ئامانجی خۆت باش دەزانی و متمانەت بەخـۆت هـەیە، هەموو شـتێكت تاوتوو كردووە و هـیچ شـتێك بێ پلان و لەسـەر تیـۆری ڕێككەوت و ڤیـروسیا ناكەی، ئەمـە نەك تەنیا بۆ خـۆت گرینگە، بگرە بۆ ئەكتـەر و هاوكارەكانیشت گەرەنتییەكی باشـە، وایان لێ دەكات پشتت پێ ببەستن و جێگەی متمانەیان بی.

هـەوڵ بـدە هـەر لە یەكـەم دیداردا ڕۆحی شـادی و ئاسـوودەیـی بڵاو بكەیتـەوە، هـەوڵ بـدە بۆ گـرووپەكـەت بسـەلمێنی كـە تۆ و ئەوان، هـاریكاری یەكدی دەكەن و پێكەوە ئەو كـارە دەكـەن و كـارەكـەتان وەك ئاهـەنگێكی شـادی بەخشـە، پێكەوە گـەشـتـێكی هـونەریی دەكـەن كـە ئەنجـامـەكـەی داهـێنانە، داهێنانیش خـۆی لە خـۆیدا ڕۆح و مـێشك

زاخاو دەدا.

هەر لەســەرەتاوە هەوڵ بدە ڕێگە لە هەمــوو جــۆرە هەســتــێکی پەلەکردن و گرژی و پەستی و ناکۆکی و ترس و بێ ئومێدی و هەموو هەستێکی ڕەش و نێگەتیڤ بگری.

تۆ وەک ڕیژیسۆر ڕۆڵی سەرەکی لە نەهێشتنی ئەو هەستە خراپانە دەبینی، لە دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار و گـونجـاو بۆ کـارکـردن. بەپێـچـەوانەشـەوە، گەلێ جار ڕیژیسـۆری کـەم ئەزمـوون، بێ ئەوەی بەخــۆی بزانێ، هەر لە دیداری یەکــەمــەوە هەســتی مــەترسی و بێ ئومێدی و دڵەڕاوکێ لای گرووپەکەی دروست دەکا، بەوەی کە داوای پەلە لێکردنیـان لێ دەکا، یان بۆیان دووپات دەکـاتەوە کـە لە بەردەم ئەرکێکی گەلێ قورسدان، یان ماوەکە گەلێ کەمە کە ڕەنگە فریا نەکەون. هەموو ئەمانە ئەگەر پێویست بکات ئاماژەیان پێ بکرێ، دەبێ ڕیژیسۆر وریایانە گوزارشتیان لێوە بکا. هەوڵ بدە لە یەکەم دیداردا تەنیا خــۆت قـســە نەکــەی، بەشـداریکردنی هاوکـارانت، سینۆگراف، پسپۆڕی ڕووناکی و پسپۆڕی دەنگ و پسپۆڕی جلوبەرگ و مۆسیقا گەلێ گرینگە... با هەموویان قسە لەسەر شانۆنامەکە بکەن و ئەوانیش باسی کاری خۆیان بکەن و سروشـتی کارەکـەیان و بەشداریکردنیان ڕوون بکەنەوە تا دەتوانی بایەخ بەڕۆڵیان بدە.

ئەگەر ئەکتەرەکانت شانۆنامەکەیان خوێندبێتەوە، ئەوانیش دەتوانن لێـدوانی لەسـەر بکەن. لە هەمـوو ئەمـانەدا گـرینگ ئەوەیە کـە تۆی ڕیژیســۆر ڕۆحی بەشــداریکردنی هەمــووان و هاریکاری گـشــتی بچەسـپێنێ و بۆ هەمووانی دووپات بکەیتەوە کـە سـیاسـەتی تۆ لە کارکردندا سیاسەتێکی تاکڕەوانە نییە.

کارێکی چاک دەکەی ئەگەر پلانی خۆت دیمەن بەدیمەن باس بکەی، تەنانەت ئاماژەش بەو گرفتانە بکەی، کە ڕەنگە بێنە پێشێ. ئەمانە هەمــوو باشن بەمــەرجێ خــۆت وا پیــشــان نەدەی کــە هەمــوو چارەســەرێکت لە لایە و پلانی دەرهێنانی هەمــوو دیمەنەکــانت لە مێشکدا یان لە گیرفاندایە، ئەگەر ئەکتەرەکانت پیشەکار بن، ئەم کارە بەخراپ کار دەکاتە سەریان، چونکە لەو دۆخەدا ئەوان هیچیان بۆ نامێنێنەوە، بەغەیری جێبەجێکردنی پلانەکانی خۆت، هیچ بوارێکی داهێنان بە وان نادەی. لە کاتێکدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەی کە لەم گــەشــتی داهێنانەدا پێکەوە کار دەکــەن، تۆ وەک ڕیژیســۆر و پەنتاییـیەکی فراوانت بۆ داهێنانی ئەکتەران و هاوکارانت تەرخان کــردووە، هەروەها بەشــێکی گــەورەی هونەرەکــەت لەســەر بناغــەی تیلقائییەت و ڕاهێنانی ئەوان دەڕوا.

بەگشتی دوای تاوتووکردن دەست بەخوێندنەوەی یەکەم دەکرێ. ئەگەر نووسەری شانۆنامەکەت لە ژیاندا بێ و لێتەوە نزیک بێ، چاکتر وایە ئامــادەی خــوێندنەوەی یەکــەم بێ و لە کــاتی خــوێندنەوەی شانۆنامەکەدا گوێی لە ئەکتەرەکان بێ.

بنیاتنانی پێوەندییەکی پتەو لە نێوان نووسەر یان دراماتورگ و ئەکتەراندا کارێکی گەلێ سوودبەخشە و یارمەتی ئەکتەرەکانت دەدا کە باشتر لە دەقەکە تێ بگەن، بەوەی کە هەندێ لە پرسیارەکانیان ســەبارەت بەمــانا قــووڵەکــانی ناو دەقــەکــە ئاراســتــەی نووســەری شانۆنامەکە یان دراماتورگ بکەن.

چاکتر وایە هەموو جۆرە کارکردن و دەستکاری و لابردنێک لە دەقدا پێش پرۆڤەکردن بێ، ئەم کارە باشتر وایە بەیارمەتی نووسەر یان

دراماتورگ بێ، چونکە ئەو کارە زیاتر پیشەی دراماتورگ و نووسەری شانۆنامەکەیە، بەتایبەت سەبارەت بەلابردنی ئاخاوتنەکان، دەبێ زووتر بڕیاری خۆت بدەی نەک پاش ئەوەی ئەکتەر ڕۆڵی خۆی لەبەر دەکا، ئەمجا لە تێکستەکانی بقرتێنی.

لە کۆتاییی یەکەم دیداردا و بەر لە یەکتری جودابوونەوە پیرۆزبایی لە ئەکتەرانت بکە و سەرکەوتنیان لەو گەشتی داهێنانەیاندا بۆ بخوازە.

## ڕیژیسۆر و ئەکتەر

هەموو ڕیژیسۆرێک سەبارەت بەئەکتەر خواست و مەرجی خۆی هەیە، ئەوانەش بەگشتی لەو سیفەتانەدا کۆدەبنەوە کە ڕیژیسۆر لە ئەکتەری داوا دەکا، ڕیژیسۆر حەز دەکا ئەکتەر وریا و ڕۆشنبیر بێ، لە بواری میتۆدی نواندندا شارەزا و کارامە و کراوە بێ و نێگەتیڤ نەبێ، بەهرەی خەیاڵ و توانستی لە داهێنان و "ارتجال"دا بەرفراوان بێ.

ئەکتەریش ڕیژیسۆرێکی پێ باشە خاوەن دیدێکی هونەریی ڕوون بێ، بەپلان و پرۆگرام کار بکا و بزانێ چی دەوێ، ئیدی تەواو جێگەی متمانەی دەبێ.

ئەکتەر کە ستایشی ڕیژیسۆرەکەی دەکا، دەڵێ ڕیژیسۆرێکی باشە، دەزانێ چی دەوێ. بەپێچەوانەشەوە ئەکتەر کە گوتی ڕیژیسۆرەکەی نازانێ چی دەوێ، ئەوە خراپترین سیفەتە کە ڕیژیسۆرێکی پێ وەسف بکرێ.

بەشێکی گەورەی مەشق و ڕاهێنانی ئەکتەران و دۆزینەوەی فۆرم و

زمانی هونەریی هاوبەش دەکەوێتە سەر شانی ڕێژیسۆر، لە هەمان کاتدا ئەکتەرانیش کار دەکەنە سەر ڕێژیسۆر، تاکو هەڵەکانی خۆی ببینێ و تا دێ پەرە بەمیتۆدی خۆی بدا.

ئەگەر ئەکتەر لە ئێنسامبڵێکدا ئەم دوو مەرجە هاتنە دی، واتە ڕێژیسۆری خاوەن دیدی ڕوون و ئەکتەری زیرەک و ڕۆشنبیر و خاوەن میتۆد و فەنتازیا و خەیاڵ، ئەو ئێنسامبڵە تەنانەت ئەگەر ژمارەشیان کەم بێ، کاری گەورەیان پێ دەکرێ، وەکو ئێنسامبڵە بەناوبانگەکانی برووک، ئاریان منوچکین، باربا.

پلانی کارکردن لەگەڵ ئەکتەراندا و پرۆڤەکان دابەش بەسەر سێ قۆناغدا بکە، قۆناغی سەرەتا و قۆناخی ناوەڕاست و قۆناغی کۆتایی، بۆ هەر قۆناغە و دەبێ پلانی خۆت هەبێ، ئاسانترین ڕێگە بۆ فەراهەمکردنی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە بزانێ لە ئەمڕۆدا چیت لە ئەکتەرەکەت، ئەکتەرەکانت دەوێ و ئەرکی سبەینێیان چییە؟

لە کاتی پرۆڤەدا بەزەین، بەهەست، بەروح تەواو لای ئەکتەرەکانت بە، هەست و زەین تەواو بدە بەوان، بەوپەڕی توانەوە سەرنجی کارەکەیان بدە، بەتایبەتی لە جێبەجێکردنی کردارەکانی سەر شانۆدا، تا دەتوانی بوار بەنیوەناچڵی مەدە. ئەوەی کە لە قۆناغی ئەمڕۆدا پێویستە بکرێ، هەوڵ بدە پڕ بەپێستی خۆی بەئەنجام بگەیەنی ئینجا بچۆرە سەر قۆناغی داهاتوو و ئەرکێکی نوێ بگرە ئەستۆ.

## چەمکی ڕێژیسۆر و ئەکتەر

ڕێژیسۆری خاوەن چەمک، بەپێچەوانەی ڕێژیسۆرێک کە بەحەدەس و زەین کار دەکا و خۆی بەمیتۆد و ڕێبازەوە نابەستێتەوە، ئەرکێکی دیکەی لەسەرە، ئەویش ئەوەیە دەبێ ئەکتەرەکانی تەواو لەو چەمکە

بگەن، چونکە بەپلەی یەکەم ئەکتەر ئەو چەمکە بەبینەران دەگەیەنێ، ئەگەر ئەکتەرەکانت لە چەمکی ڕیژیسۆریت تێنەگەیشتبن، لەو حاڵەتەدا ئەو چەمەکەی کە لە داهێناندا هەتە، بەبینەران ناگا.

تا دەتوانی بیر و بۆچوون و مەبەستەکانت بەشێوەیەکی کۆنکریت بۆ ئەکتەرەکانت داڕێژە و بەڕوونی گوزارشت لە خۆت بکە. بۆ ئەکتەر گەلێ گرینگە لە ڕیژیسۆرەکەی تێ بگا و بزانێ چی لێ دەوێ.

ئەمە بەنیسبەت تەکنیکارەکانیشەوە هەر وەهایە، ئەگەر تۆ وەک ڕیژیسۆر و وێنەیەکی ڕوونی سینۆگرافیا و جلوبەرگ و ڕووناکی شانۆگەرییەکەت لانەبێ، یان بەلانی کەمەوە خۆت نەزانی چیت دەوێ، ئەوان شتێکی دیکەت بۆ دەکەن کە ڕەنگە هەر تەواو بەپێچەوانەی نمایشەکەت بێ.

گەلێ گرینگە ئەکتەرەکانت بزانن تا چ پلەیەک تۆ لەوان و بەگشتی لە کارەکەت ڕازی، هەموو لایەنێکی ڕەوتی کارەکە، چیت پێ باشە و چیت پێ خراپە، لە کوێدا سەرکەوتوون و لە کوێدا سەرنەکەوتوون، ڕاستگۆیانە بخەڕوو، چونکە ئەوانیش لەگەڵ تۆدا لە هەمان کەشتیدان، ئەگەر بگەنە کەنار هەموو پێکەوە دەگەن و ئەگەر نوقمیش بن، هەموو هەر پێکەوە نوقم دەبن.

ئەگەر بەم شێوازە کراوەیە و بەم شەفافیەتە کارت لەگەڵ ئەکتەر و هاوکارەکانتدا کرد، هەموو گیروگرفتێکت بەئاسانی پێ چارەسەر دەکرێ. لەوانە بۆ نموونە کە لە ناوەڕاستی کارەکەتدا بۆت دەرکەوت ڕێگەت بزرکردووە و ناتوانی چی دی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێی، ئەکتەرەکانت کە پێشتر قسەت لەگەڵدا کردوون و ئاگەداری هەموو لایەنێکی کارەکەن، ئەو دەم پێکەوە بڕیار دەدەن کە ڕەنگە سەر لە نوێ

دەست پێ بکەنەوە، یان لەوانەیە ئەکتەرەکانت بەسنگی فراوانەوە ئامادەگی خۆیان پیشان بدەن بۆ ئەوەی چەند پرۆڤەیەکی زیاتر بکەن. لە بارێکی لەو چەشنەدا چاکتر وایە لەگەڵ ئەکتەرانت دیمەن بەدیمەن بەشانۆگەرییەکەدا بچنەوە، بزانن خاڵی لاوازی لە کوێدایە، ئینجا پێکەوە بڕیار بدەن.

بەتەنیا خۆت بڕیار مەدە، با هەمیشە بڕیارەکان هی هەمووان بێ، ئەو ڕیژیسۆرەی کە گوێ لە ئەکتەران ناگرێ و ڕەچاوی خواست و ئارەزووەکانیان ناکا، کەشێکی خراپ و پێوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ ئەکتەرەکانتدا دەخوڵقێنێ کە پاشتر دەبێتە هۆی کێشە دروستکردن و گرفت نانەوە.

هەوڵ بدە تا دەتوانی لە لای خۆتەوە بڕیاری چاوەڕوان نەکراو نەدەی، بەوەی بۆ نموونە بڵێی دوێنێ پاش پرۆڤە بڕیارم دا ئەم دیمەنە لابەرم. یان لە کاتی خۆیدا فریای نمایشی یەکەم ناکەوم، بۆیە بڕیارم دا شانۆگەرییەکە دوو هەفتەی دیکە دوابخەم ئەکتەر بڕیاری چاوەڕوان نەکراو و یەک لایەنەی ڕیژیسۆری پێ خۆش نییە، چونکە ڕۆڵی ئەو لە کارەکەدا و لە پرۆسەی داهێناندا دەسڕێتەوە.

## دیالۆگی نێوان ڕیژیسۆر و ئەکتەر

ڕیژیسۆر دەبێ بەردەوام دیالۆگ لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا ساز بکا و نابێ پێوەندی شەخسی و پێوەندی کار بەئەکتەرەکانییەوە و بەیەکدییەوە دروست دەکا. یەکەمیان کۆمەڵایەتییە و دووەمیان پیشەییە و پێوەندی بەکارەوە هەیە.

ڕیژیسۆر پێویستە بەردەوام گفتوگۆ لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا ساز بکا،

دەربارەی ڕەوتی کارەکانیان و نەشونمای ڕۆڵەکانیان هەنگاو بەهەنگاو قسەیان لەگەڵدا بکا. ئەکتەران دەبێ ڕا و بۆچوونی ڕیژیسۆر سەبارەت بەکارەکەیان بزانن، ئەمە بۆ ئەکتەر گەلێ گرینگە.

ئەگەر ئەکتەر بەردەوام کار بکا و نەزانێ ڕیژیسۆرەکەی کارەکەی پێ چۆنە، بەربەستێکی گەورەی لە بەردەم دروست دەبێ، نازانێ بەردەوام بێ یان ڕاوەستێ. ئەگەر ئەکتەر ڕێگەی ڕاستەقینەی لە دۆزینەوە و بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکەیدا دۆزینەوە، یان هەر لە سەرەتاوە کەوتە سەر ڕێگەی ڕاست، دەبێ ڕیژیسۆر ئەم ڕاستییەی تێبگەیەنێ کە ئەکتەرەکەی لەسەر ڕێگەی ڕاست دەڕوا و، داوای بەردەوامی لێ بکا، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر زانیت ئەکتەرەکەت ڕێگەیەکی دیکەی گرتووە و ناگاتە مەبەست دەبێ بەزووترین کات قسەی لەگەڵدا بکەی.

ئەکتەر بەگفتوگۆی جیدی ڕیژیسۆر ئاسوودە دەبێ، بەڵام ئەو گفتوگۆیانە دەبێ شێوەی پیشەیی خۆیان وەرگرن و زیاتر لەوەی شێوەی کۆمەڵایەتی وەربگرن.

ڕیژیسۆر دیدەنی و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەرجەمی ئەکتەراندا دەبێ بەپێی پلان و بەرنامە بێ، با ئەو دیدارانە لە چوارچێوەی کارکردندا بێ و فۆرمی دیداری برادەری و دانیشتنی چایخانە و باڕ نەبێ. چاکتر وایە لە کاتی خواردنەوە و سەرخۆشیدا قەت باسی کاری خۆت نەکەی، بەتایبەت ستایشی هیچ یەکێ لە ئەکتەرەکانت مەکە یان ڕەخنەیان لێ مەگرە بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵیاندا دەخۆیتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی پێوەندی شەخسی ڕیژیسۆر لەگەڵ ئەکتەرێک، یان بەچەند ئەکتەرێکەوە کاردانەوەی خراپی لەلای

سەرجەمی گرووپەکەوە دەبێ، بەتایبەت ئەگەر ڕیژیسۆر لە کاتی پرۆڤەدا کۆنترۆڵی ئەو جۆرە پێوەندییانە نەکا، چونکە بایەخ پێدانی ڕیژیسۆر بەهەر ئەکتەرێک بەخراپ لای گرووپەکە دەشکێتەوە و ئەکتەران زوو هەستی پێ دەکەن،

## لە کاتی پرۆڤەدا ستایشی ئەکتەر مەکە

بۆیە لە کاتی پرۆڤەدا ستایشی ئەکتەر مەکە، چونکە ڕەنگە ستایشەکەت بەخراپ کار بکاتە سەر ئەکتەرێکی دیکە، کە هێشتا لە سۆراخ و گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی فۆرمی ڕۆڵەکەی خۆی، هەروەها لە پێش ئەوانی دیکەدا ڕەخنە لە هیچ ئەکتەرێ مەگرە.

هەوڵ بدە هیچ جۆرە گرژی و تووڕەبوون و پێوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ ئەکتەرانتدا دروست نەبێ.

دیارە لە کاتی پرۆڤەکردندا گرژی و پەستی بەئاسانی دروست دەبێ، ئەوە بزانە کە ئەکتەر کار لەسەر هەست و نەست و سۆزی خۆی دەکا، کار لەسەر لایەنی روحی خۆی دەکا، ئەکتەر لە هەموو داهێنەرێکی دیکە ناسکترە، هەوڵ بدە نیگەرانی مەکە، ئەو حەز ناکا ڕێژیسۆرەکەی نیگەران بێ، هەموو ئەکتەرێک پێی خۆشە ڕیژیسۆرەکەی لێی ڕازی بێ. ئەگەر گرژی و پەستی و لەیەک عاجزبوون هاتە گۆڕێ، ئەکتەرەکەت پاش پرۆڤە ئاشت بکەوە و مەهێڵە بەنیگەرانی و بەدڵشکاوی بڕواتەوە، چونکە شەو خراپ دەخەوێ و بۆ سبەینێ ئەویش و تۆیش زەرەر دەکەن.

## تێبینییەکانت تۆمار بکە

هەموو تێبینیەکانت تۆمار بکە بۆ دیدارەکانت لەگەڵ ئەکتەران

خۆیاندا، لەوەشدا تا دەتوانی ڕاستگۆ بە، نە هاندانی ساختە و نە ڕەخنەی توندی ڕووخێنەر بەکار مەهێنە.

دیالۆگ دەبێ بەمەبەستی بیناکردن بێ. بەمەبەستی بینای مرۆڤ و نمایشەکە لەلای ئەکتەر بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی ئیلهام و داهێنان بێ، ڕێژیسیۆر ئەگەر پەی بەسەرچاوەی ئیلهام و داهێنانی ئەکتەر نەبا، ئەگەر زمانی هاوبەش و دیالۆگی ڕاستەقینەی لەگەڵدا نەبێ، مەحاڵە داهێنان بەئەنجام بگەیەنێ.

## ڕیژیسۆر و پرۆڤە

پلاندانان بۆ پرۆڤەکانت و پیادەکردنی یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانت وەک ڕیژیسۆر. پەندێکی پێشینانی ئیتاڵی دەڵێ بەچاکی دەستپێکردن ئەنجامدانی نیوەی کارەکەیە، ئەم پەندە لە خۆئامادەکردن بۆ پرۆڤە یەکا و یەکە. هەر لە سەرەتاوە شانۆنامەکەت بەپێی ئەو داڕشتە و ستروکتورەی کە هەیەتی، بەش بەش بکە، دیمەن بەدیمەن، یان تابلۆ بەتابلۆ، یان ئەپێسۆد بەئپێسۆد دابەشی بکە، ئەوە دەکەوێتە سەر پلانی کارکردنی و ئینجا شانۆنامەکە چەند درێژە و لە چەند فەسڵ پێک هاتووە. بۆ نموونە لە کلاسیکدا شانۆنامەکانی شەکسپیر و لە ئەدەبی ڕیالیزمدا ئەستروڤسکی شانۆنامەکانیان گەلێ دیمەنی کورت کورت و خێرای تێدایە، بەهەندێ لەو دیمانانە دەگوترێ ئەپێسۆد، واتە ڕووداوێک لە یەکەیەکدا. ئەرکی بەدیقەت دابەشکردنی ئەم دیمەن و ئەپێسۆدانە دەکەوێتە سەر شانی ڕیژیسۆر، ئەمەش بەئەزموون فێری دەبی و تا کارامە و پیشەکار بی چاکتر لە هەقی دێی و ئەنجامی باشتر بەدەست دێنی.

چۆنیەتی دابەشکردنی شانۆنامەکە بەسەر پلانی کارکردندا کاری خۆتە، بەڵام ئەوە بزانە ئەگەر بەبێ ئەو پلان و بەرنامە ڕێژییە کار بکەی یان پلانێکی خراپ و پەککەوتوو فەراهەم بکەی، هەر لە سەرەتاوە چاوەڕێی سەرکەوتنت لێ ناکرێ.

کە پلانێکی زەمەنیت بۆ سەرجەمی شانۆنامەکە دانا، ئینجا پلانێ قۆناغ بەقۆناغ دابنێ، وەک پلانی یەک یان دوو هەفتەیی. لە شانۆکانی ئەوروپادا پلانی دوو هەفتەیی لە هەموو پلانێک پەسەندترە، ئەرکی دانانی ئەو پلانانە بەتەنیا مەگرە ئەستۆی خۆت، لە ئەوروپادا یاریدەدەری ڕیژیسۆر لە پلاندانان و بەرنامەڕێژیدا دەستی باڵای هەیە، ئەرکی ئەو ئیدارییە نەک هونەریی، چونکە یاریدەدەری ڕیژیسۆر وەک ئامرازی پێوەندیی نێوان ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکانە و دەزانێ کاتی ئەکتەرەکان چۆن هەڵدەسوڕێ.

لە پلاندانانەندا ئەوە ڕەچاو بکە کە لە هەریەکەیەکی پرۆڤەدا چەند کارت پێ دەکرێ، ئەمە ڕەنگە لە سەرەتادا سەخت بێ، بەتایبەت ئەگەر ئەکتەرەکانت نوێ بن و بۆ یەکەم جار کاریان لەگەڵدا بکەی، بەڵام پاش هەفتەی یەکەم، بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵ دەبی، کە پلان دادەنێی لە بیرت نەچێ تەنیا ئەو ئەکتەرانە داوا بکە کە پێویستت پێیانە، هەرگیز داوا لە ئەکتەرێک مەکە ئامادەی پرۆڤە بێ و پاشان کارت پێی نەبێ، ئەمە لە شانۆکانی ئەوروپادا بەخراپ بۆ ڕیژیسۆر دەشکێتەوە.

### چێژ لە پرۆڤەکانت وەرگرە

کاتێ کە ڕیژیسۆر پرۆڤە دەکات دەبێ چێژ لە کارەکەی وەرگرێ، ڤاختانگۆڤ گوتوویەتی: کە دەچی بۆ پرۆڤە دەبێ وا هەست بکەی بۆ

ئاهەنگ دەچی، ئەم بۆچوونە ڕاستە، چونکە ڕیژیسۆر و ئەکتەر داهێنان کۆیان دەکاتەوە، داهێنانیش شادی دەبەخشێ و ئارامیی بەروح دەگەیەنێ، پەستی و گرژی قەبووڵ ناکا، ئەگەر وا نەبێ کارەکەت میکانیکی دەبێ و داهێنان نییە.

ئەگەر پرۆڤەکانت شادی بەخش بن، هەر لە کاتی پرۆڤەدا داهێنان لە دایک دەبێ، پرۆڤەکانی میێرهولد بەڵگەی ڕاستیی ئەم بۆچوونەن، زۆربەی ئەوانەی کە ئامادەی پرۆڤەکانی میێرهولد بوون، لەسەریان نووسیوە و وەک پرۆسەیەکی دەگمەنی داهێنان تاماشایان کردووە.

لەگەڵ پەرەسەندنی پیشە و ڕۆڵی ڕیژیسۆردا، لایەنی گەورەی باس و نووسینی ئەکادیمی بۆ پرۆڤەکانیان تەرخان کراوە، بەتایبەت کە گەلێ ڕیژیسۆر هەن خودی پرۆڤە بەمەبەست و ئامانج دەزانن، نەک بۆ نمایشکردن بۆ پیشاندان. لەوانە گرۆتوڤسکی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئیتاڵیا کاری دەکرد، گرۆتۆڤسکی بەزمانی خۆی باسی لەوە کرد کە زیاد لە سەد تیپی شانۆیی سەردانی پرۆڤەکانی کردوون. پیتەر هالی بەریتانی دەڵێ: من لە کاری دەرهێناندا پتر چێژ لە پرۆڤە دەبینم تاکو پشاندان.

ڕیژیسۆر نابێ وەک کارێکی ڕۆژانەی بەزۆر چەسپاو تەماشای مەشق و پرۆڤە نەکات، دەبێ وەک پرۆسەی داهێنان تەماشای بکا و چێژی لێ وەرگرێ. هاوکات دەبێ وا لە ئەکتەران بکا، ئەوانیش چێژ لە پرۆڤەکردن وەرگرن. ئەکتەران کاتێ چێژ لە پرۆڤە دەبینن کە ڕیژیسۆرەکەیان پرۆڤەکانی خۆی خۆش بوێ. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ڕیژیسۆر وەک بێگار سەیری پرۆڤەکان بکا، ناتوانێ داوا لە ئەکتەرەکانی بکا پرۆڤەیان خۆش بوێ و بەجدی کار بکەن.

**پرۆڤەکردن... پرۆسەی داهێنان**

هەوڵ بدە پرۆڤەکانت ببن بەبۆنەیەکی شادی و خۆشی و هەموو بەدڵ و بەگیان چاوەڕوانی بکەن، وابێ گرووپەکە پرۆڤەکردن وەک پرۆسەیەکی داهێنان وەرگرن، لە داهێناندا ئادەمی نوقمی پرۆسەیەک دەبێ و بەدڵ و بەگیان کار دەکا و گوێ بەئاکام نادا، بۆیە نمایش و پشاندانی شانۆنامەکەت لە پرۆڤەکردن مەکە بەتاکە مەبەست.

داوا لە ئەکتەرەکانت مەکە لە کارەکەیاندا پەلە بکەن، ئەکتەر دەبێ بۆ گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە کاتی تەواوی بدرێتێ، پرۆسەی پرۆڤە بەپلەی یەکەم ئەکتەر دەگرێتەوە و زەمەن و کاتەکەیشی هی خۆیەتی.

لە پرۆڤەدا ئەگەر پرۆسە نەکەی بەمەبەست و ئامانج، نە پرۆڤەکەت سەردەگرێ و نە نمایشەکەت سەرکەوتوو دەبێ. پرۆڤەی سەرکەوتوو ئەو پرۆڤەیەیە کە ئەکتەرەکانت تێیدا داهێنەر بن، نەک تەنیا ئەو شتانە جێبەجێ بکەن کە تۆ داوایان لێ دەکەی. ئەگەر پەلەیان لێ بکەی تەنیا فریای ئەوە دەکەون فەرمایشتەکانت جێبەجێ بکەن، بێ ئەوەی وزەی داهێنانی خۆیان بخەنە کار. پەلەکردن لە ئەکتەر نیشانەی ئەوەیە کە ڕێژیسۆر لە پلانرێژیدا کەموکوڕی هەیە.

نەکەی ئەکتەرەکانت بەوە بترسێنی کە ڕۆژی پیشاندان نزیک بووەتەوە و فریا ناکەون و دەبێ پەلە بکەن، ئەگەر دەزانی فریا ناکەوی، جارێکی دیکە بەپلان و بەرنامەی کارکردنتدا بچۆرەوە.

ئەکتەران لە مەسەلەی کاتدا جیاوازن، ئەکتەر هەیە زوو دەگاتە مەبەست، هەیشە پێویستی بەکاتی زیاترە. گەلێ ئەکتەر هەن بەمیتۆدی تایبەتی خۆیان کار دەکەن، کە زانیت ئەکتەر میتۆدی

تایبەتی خۆی هەیە، یان لەسەر شێوەکارکردنێک ڕاهاتووە، چاکتر وایە ڕێگەی لێ نەگری و هەوڵ مەدە شێوەی کارکردنەکەی پێ بگۆڕی.

## پرۆڤەی خوێندنەوەی دەق - پرۆڤەی جووڵە

پرۆڤەی خوێندنەوە بەپرۆڤەی دەوری مێز یان سەر مێز ناو دەبرێ، پرۆڤەی جووڵەش بەپرۆڤەی سەر ئەرز.

ئەکتەرانی سەر بەقوتابخانەی ستانیسلاڤسکی بۆ خوێندنەوەی دەق کاتی زۆر بەسەر دەبەن، هەرچەندە ستانیسلاڤسکی لە قۆناغی دواییدا ئەم سیستەمەی گۆڕی و هەر خۆیشی ڕەخنەی لەم شێوازە گرت، بەڵام تاکو ئێستاش زۆربەی زۆری ئەکتەران لە ڕووسیادا هەر لەسەر سیستەمی خوێندنەوەی درێژخایەن دەڕۆن.

ئەم تەرزە کارکردنە لەسەر دەق مەترسییەکی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ جار ئەگەر ڕێژیسۆر سنوور دانەنێ، ئەکتەران کاتێکی زۆر بەخوێندنەوەی دەق دەبەنەسەر، ئەمەش لە ناو ئەکتەرەکاندا دەبێتە هۆی تەمبەڵی و خاوی.

کە یاری بەئاگری ستریندبێرگم لە ڕووسیا دەرهێنا، شەش هەفتەم بۆ پرۆڤەکردن دانابوو، ئەکتەرەکان پێیان وابوو کە دەبێ سێی بۆ پرۆڤەی مێزی خوێندنەوە تەرخان بکرێ، مییرهولد بەپێچەوانەی ستانیسلاڤسکییەوە بەزۆری یەکسەر لەسەر ئەرز پرۆڤەی دەکرد، ئەو پێی وابوو کە ئەکتەر هەموو داهێنانێکی لە کاتی جووڵەدا دێتە ئەنجام. ڤەختانگۆڤیش هەمان شێوازی پیادە دەکرد و کاتێکی زۆری بۆ خوێندنەوەی دەوری مێز دانەدەنا، بەڵام خوێندنەوەی دەق بەنیسبەت هەردووکیانەوە مەرجێکی سەرەکییە، مییرهولد دەڵێ دەق

ئەوەندە دەبێ بخوێنرێتەوە تاکو هەست بکەی کە لەبەرت کردووە، جان ڤیلاری فەرەنسی کەمتر لە بیست جار خوێندنەوەی دەقی نەکردووە بەمەرج.

## جەستەی دینامیک هزری دینامیک

من لەو ڕیژیسۆرانە نیم کە کاتێکی زۆر بۆ مێزی خوێندنەوە تەرخان دەکەن و بەشێکی گەورەی کارکردن لەگەڵ دەقدا هەر لە پرۆڤەی سەر ئەرزا ئەنجام دەدەم. من باوەڕم بەوەیە کە جەستەی دینامیک هزری دینامیک دەدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی بەتین و دینامیکیانەش بەرجەستەی دەکا. هەندێ جار کە هەست دەکەم پێویستە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا پێکەوە بەدەقەکەدا بچینەوە، بڕیاری خوێندنەوەی زیاتر دەدەم، بۆ ئەم مەبەستەش لە دەوری مێزی خوێندنەوەدا دادەنیشین، لە شانۆنامەی هەزار و یەک شەوەدا هەفتەیەک بەر لە پریمێر "پیشاندانی یەکەم" یەک ڕۆژی تەواوم تەنیا بۆ کارکردن لەگەڵ دەقدا تەرخان کرد. پێم وایە ئەمە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ ئەکتەران، تاکو بێ پەلە پەل و شڵەژان کار لەسەر دەق بکەن و بیر لە جووڵە نەکەنەوە. لەم پرۆڤەیەدا چاکتر وایە ڕیژیسۆر خۆی لەوێ نەبێ و ئەکتەران پێکەوە کار بکەن. بەش بەحاڵی خۆم ئەو ڕۆژە تەرخان دەکەم بۆ کارکردن لە بواری دیکۆر و ڕووناکی و جلوبەرگ و ئێکسسوار لەگەڵ هاوکارەکانمدا.

هەر چۆنێ بێ ڕەنگە پلانەکانت لە شانۆنامەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە بگۆڕێ، گرینگ ئەوەیە ڕیژیسۆر دەبێ هاوسەنگییەک لە نێوان خوێندنەوەی دەق و کارکردن لەسەر دەق و پرۆڤە جووڵە بدۆزێتەوە.

## پرۆڤەی پاش پریمێر

ئەگەر ڕیژیسۆر پاش نمایشی یەکەم هەستی کرد شانۆگەرییەکەی لەنگی تێدایە، یان هەندێ دیمەنی هێشتا بەگوێرەی پێویست نییە، چاکتر وایە لەسەر پرۆڤەکردن بەردەوام بێ. گەلێ ڕیژیسۆر هەن کە ماوەیەکی زۆر لەسەر پرۆڤە بەردەوام دەبن، بەتایبەتی لەو بەرهەمانەی کە ماوەیەکی دوورودرێژ پێشکێش دەکرێن. بێگومان ئەکتەر لە پرۆڤەی پاش پیشاندانی شانۆنامەکە هەست بەئاسوودەیی دەکا، باشتر دەزانێ کام شوێن و کام بەش پێویستی بەکارکردنە.

## کردارەکانی شانۆنامەکەت

هەر ڕێژیسیۆرێک بەجۆرێک خاڵی دەستپێک هەڵدەبژێرێ، ئەگەر بتەوێ وەک من بکەی، ئەوە دەبێ لە کردارەکانەوە دەست پێ بکەی، من پێم وایە کردار گرینگترین ڕەگەزی شانۆیە، لەویشەوە هەوڵ دەدەم ئەکتەرەکانم پەی بەکارەکتەرەکانیان بەرن، دەستنیشانکردنی کردارەکانی سەر شانۆ بۆ ئەکتەر کارێکی گەلێ گرینگە، بەرچاو ڕوونی بەئەکتەر دەبەخشێ و لە سەر لێ تێکچوون و چەواشەیی و دوو دڵی لێ دەگرێ. ئەکتەر هەمیشە حەز دەکا هێڵی کردارەکانی ڕوون و ئاشکرا بێ و بەرچاوی خۆی بەڕوونی ببینێ، ڕۆڵی تۆ وەک ڕیژیسۆر لەو ئەرکەدا گەلێ گرینگە.

ئەوەی کە دەبێ بەنیسبەت کردارەکانەوە بۆ ئەکتەرەکانت دەست نیشان بکەی ئەمانە: فیکرەی کردارەکە، دارشتە یان هەیکەلیەتی کردارەکە، کردار لە کوێوە دەست پێ دەکا و کەی و لە کوێ تەواو دەبێ، زەمانی کردارەکە کە بەشێکە لە ڕیتمی شانۆکە گرینگە. لە

ڕاستیدا ئەم پرەنسیپانە هەر هەمان پرەنسیپن کە دەبێ داڕشتە و پێکهێنانی دیمەنەکانی شانۆگەریەکەتدا لە بەرچاویان بگری.

هەوڵ بدە هەر لە قۆناغی یەکەمی پرۆڤەوە، بۆ ئەکتەرەکانتی بسەلمێنی کە کارکردنت لەسەر کردارەکان پرۆسەیەکی گرینگە نەک ئاکام، با ئەکتەرەکانت بەپرۆسەی کارکردن بگەنە ئاکام، نەک یەکسەر ئاکامیان بەسەردا فەرز بکەی، تەنیا بەم شێوەیە دەتوانی بەشداری تەواو بەئەکتەرانت بکەی و کەناڵەکانی داهێنانیان بخەیتە گەڕ، با ئەوانیش ڕۆڵی داهێنەرانەی خۆیان ببینن و ئەوجا دەبینی داهێنانێکی ئەوتۆت پێشکێش دەکەن کە هەرگیز بیرت لێ نەکردووەتەوە، تەواو بەپێچەوانەی ئەو ڕیژیسۆرانە کە یەکسەر داوای ئاکامی حازر بەدەستیان لێ دەکەن.

## کردار... جووڵە

بەر لەوەی پرۆڤەی دیمەنێک بکەی، لێگەڕێ ئەکتەرەکانت کار لەسەر کردارەکان بکە نەک هەر ئەوەندە، بگرە من کار لەسەر جووڵەش دەکەم، دەبێ جیاوازی نێوان کردار و جووڵەش بزانی. ڕووداوێک دەکرێ برێتی بێ لە کردارێک یان چەند کردارێک، بەڵام کردارێک برێتییە لە چەند جووڵەیە. کردار بەردی بناغەی سیستەمی ستانیسلاڤسکییە، جووڵە بەردی بناغەی سیستەمی مییرهولدە. کە ئەکتەرەکانت کار لەسەر کردار و جووڵەی دەکەن، باری سەرنجی خۆت دەربڕە، بەڵام دیمەنەکەیان بۆ بەرجەستە مەکە. پاش کارکردن لەسەر کردارەکان ئینجا دیمەنەکە دەربهێنە، ئەو دەم بۆت دەردەکەوێ کە کارەکەی تۆ وەک دەرهێنەر چەند ئاسان دەبێ و ئەکتەرەکانیشت چەند ئاسانتر لە کەسایەتییەکانیان نزیک دەبنەوە.

## زنجیرەی کردارە جەستەییەکان

میتۆدی زنجیرەی کردارە جەستەییەکانی ستانیسلاڤسکی ئاسانترین و کاریگەرترین میتۆدە لە دەست نیشانکردنی کردارەکاندا. بەمەبەستی باشتر سەرنجدانی ئەکتەران لە کاتی پرۆڤەدا، هەندێ ڕیژیسۆر پەنا دەبنە بەر کامیرای ڤیدیۆ و ڕۆژانە پرۆڤەکان تۆمار دەکەن و پاشان بەدیقەت سەرنجی ئەکتەران دەدەن، ئەمە بۆ قۆناغی دواتری پرۆڤەکردن ڕێگەیەکی خراپ نییە.

ڕیژیسۆر دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرێ کە ئەکتەر لە هەر قۆناغێکدا پێویستی بەڕێنوێنی و کۆمەکی تایبەت هەیە، واتە لە هەر قۆناغێکدا ئەکتەر پێویستی بەپشتگیریکردنێکی دیکە هەیە جیاواز لە قۆناغی پێشوو، ئەمەش پێوەستە بەپلانی گشتی کارەکەوە کە تا دەکرێ دەبێ بە وردی و بەدیقەت دابنرێ.

## قۆناغەکانی پرۆڤە

کارکردن لەگەڵ ئەکتەران و هونەری نمایشیان دەبێ قۆناغ بەقۆناغ بڕوا، بۆ نموونە پرۆڤەکانی قۆناغی سەرەتا، قۆناغی بەرجەستەکردن، پرۆڤەکانی قۆناغی سەرجەمی شانۆنامەکە، دیمەن، بەشەکان، پرۆڤەکانی بەستنەوەی دیمەنەکان یان گواستنەوەی دیمەنەکان- واتە بەستنەوەی کۆتاییی دیمەنێک بەدیمەنێکی دیکەوە- پرۆڤەی ڕاکێشانی هەموو دیمەنەکان- سەرجەمی شانۆگەرییەکە، پرۆڤەی گشتی واتە جەنەراڵ پرۆڤەی ڕاگەیاندن کە بەو پرۆڤەیە دەگوترێ کە بۆ دەزگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ساز دەکرێ.

## کەناڵەکانی داهێنان

یارمەتی ئەکتەرەکانت بدە ڕێگەیەک بۆ داهێنان بدۆزنەوە، تەنیا لە ڕێگەی داهێنانەوە دەگەنە گشت لایەن و کولییەت و لە سەرجەمی داهێنانەکە یان کارە هونەرییەکە بەقووڵی بەشداری دەکەن. ئەگەر ئەکتەر کەناڵەکانی داهێنان نەدۆزێتەوە هەموو ڕەهەندەکانی ڕۆحی و زەینی و جەستەیی و دەروونی لە کار دەکەوێ و پرۆسەی نواندن نایەتە ئەنجام. هەوڵ بدە ئەو بەربەست و ئاستەنگانە دەست نیشان بکەی کە ڕێگە لە داهێنانی ئەکتەرەکانت دەگرێ، ئەرکی ڕیژیسۆر لەم مەیدانانەدا گەلێ سەختە و لە ئەرکی دەروونناس دەچێ، ئەگەر بۆت دەرکەوت یەکێ لە ئەکتەرانت بۆ نموونە چەند ڕێگرێک لە کەناڵەکانی داهێنانیدایە، هەوڵ بدە لەو چوار ڕەهەندەدا بیدۆزیتەوە و لە چارەسەرکردنیدا یارمەتی ئەکتەرەکەتی پێ بدە.

لە ڕاستیدا لە هەموو ئەو قۆناغانەدا ڕیژیسۆر دەبێ بەشێوەیەکی ناسک و وردبین ڕەفتار لەگەڵ ئەکتەردا بکا و کۆمەکی بکا و پشتگیریی خۆی پیشان بدا. ئەم پشتگیری و کۆمەکە بەهیچ شێوەیەک نابێ درۆزنانە و ساختەکارانە بێ.

## نەشونمای ڕۆڵ

ڕیژیسۆر پێویستە بەپێی ئەو پلانەی کە دایناوە کار بکا و داواکارییەکانی لە ئەکتەر لەگەڵ قۆناغەکانی پرۆڤەدا بگونجێ و لەوە تێ بگا کە نەشونمای ڕۆڵەکەی دەبێ هەنگاو بەهەنگاو ئەنجام بدرێ، داوا لە ئەکتەر مەکە هەر لە سەرەتاوە فۆرمی کۆتایی بەدەستەوە بدا، ئەوە بەزۆری داواکاری ئەو ڕیژیسۆرانەن کە شارەزاییان لە هونەری

ئەکتەردا کەمە یان هەر نییە. ئەکتەری پیشەکار هەرگیز هەوڵ نادا یەکسەر و دەستبەجێ لە پرۆڤەی ڕۆژانی یەکەمەوە ڕۆڵەکەی بەرجەستە بکا، ئەکتەر پاش تێگەیشتن لە کەسایەتییەکەی تەکنیکی خۆی لە مەسەلەی ناوەوە و دەرەوە تاقی دەکاتەوە و ئەمجا قۆناغ بەقۆناغ لە کارەکتەرەکە نزیک دەبێتەوە، ئەمە بەگشتی وایە، بەڵام ئەکتەریش هەیە تەکنیکی تایبەتی خۆی هەیە، تۆ وەک ڕیژیسۆر چاکتر وایە سەربەستی کارکردنی بۆ مسۆگەر بکەی تاکو وەک داهێنەرێ چێژ لە کارەکەی خۆی وەرگرێ.

ئەکتەران کە تانە لە ڕیژیسۆر بدەن و وای لە قەڵەم بدەن کە شارەزایی لە پیشەکەی خۆیدا کەمە، بەوە وەسفی دەکەن کە هەر لە سەرەتاوە کوتاڵەکەی بەحازری دەوێ و لێ ناگەڕێ ڕۆڵەکە هەنگاو دوای هەنگاو گەڵاڵە بکا.

هەوڵ بدە لە هەموو قۆناخێکدا ئەرکێکی دیکە، ئەرکێکی نوێ بەئەکتەرەکانت ڕاسپێری، ئەرکە نوێیەکانت دەبێ لە پێناوی دۆزینەوەی کەرەستە و فۆرمی نوێدا بن، هەنگاو بەهەنگاو دوای ئەکتەرەکانت بکەوە، لە باری هونەرییەوە پێشی بکەوە، چونکە ئەکتەر چاوەڕێی ڕێنمایی و بەسەر کردنەوەیە. ئەم سیاسەتە لە بەرچاو بگرە: داواکاریی و داخوازیت هەبێ و سەرکردایەتیشیان بکە.

## ڕیژیسۆر و کردەی جەستەیی

گرینگترین ئەرکی سەرشانی ڕیژیسۆر لەوەدایە کردارەکانی ناو شانۆنامەکە لەسەر شانۆ بەرجەستە بکا، ئەگەر ئەم ئەرکەی پێ جێبەجێ نەکرێ، ئیدی هیچ ڕووندادات و دراماش نایەتە ئەنجام.

دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی کردە جەستەیییەکانی ناو شانۆنامەکەت ئەرکێکی گەلێ گرینگە، ڕیژیسۆر و ئەکتەر دەبێ لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا هاوکار بن.

کردەی جەستەیی بەگشتی لای زۆربەی ڕیژیسۆران برەوی زۆرە، ڕیژیسۆر تا بۆی بکرێ پێی خۆشە دەقی شانۆنامەکە بەکردەی جەستەیی بەرجەستە بکا. هەڵبەتە تێگەیشتنی هۆکاری ئەم مەیل و ئارەزووەی ڕیژیسۆر بۆ کردەی جەستەیی کارێکی سەخت نییە، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین زۆرینەمان کردار و جووڵە لە هەموو شتێک پتر کارمان تێ دەکات، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دراما لە کرداردا ڕوونتر دەبینرێ و زووتریش هەستی پێ دەکرێ، هەروەها لە کرداردا ڕیتم و تێمپۆ "خێرایی" بەجۆشترە و ئاسانتر ڕادەگیرێ، هەر بۆیە ستانیسلاڤسکی دەیگوت قسە مەکە کردار بنوێنە، مییرهولد دەیگوت جووڵە... جووڵە... جووڵە، برێختیش دەیگوت قسە مەکە پیشانمان بدە، واتە ئەوەی دەتەوێ بەکردار بینوێنە.

## کردار ڕەگەزی سەرەکی نمایشە

کرداری درامی گەورەترین سیمای شانۆیە و هەر کردارە کە شانۆ لە هەموو هونەرەکانی دیکەی نمایش جودا دەکاتەوە، ئەمانە هەموو ڕاستن، بەڵام ئەم بۆچوونەش هەروا ڕەها نییە و فەراهەمکردنی هەر بەدەم ئاسانە.

ڕێژیسۆر لە هەڵپەی خۆڵقاندنی کرداری جەستەیی و بایەخ پێدان بەجووڵە و ئاماژەکانی جەستەدا، نابێ باری شعور و هەست و ژیانی ڕۆحی کەسایەتییەکە فەرامۆش بکا. دەنا کردار و هەموو کردەیەکی جەستەیی ڕووکەش و بێ ناواخن خۆیان دەنوێن. کردار و کردەی جەستەیی دەبێ لە ناخی کارەکتەرەوە سەرهەڵبدەن و پاکانە و هۆکار و پاڵپێوەنەری کردەکانی لە کەسایەتی ڕۆڵەوە چەکەرە بکا و لەگەڵ زمانی شانۆنامەکە و هێزی وشەکاندا بگونجێ.

کردەی جەستەیی کاتێ ئەرکی خۆی دەبینێ، کە کرداری سەرەکی شانۆنامەکە بەرەو پێشەوە بەرێ و هەروا بەبێ هۆ و لە خۆڕایی ئەنجام نەدرێ. لەمە بترازێ، واتە ئەگەر کردەی سەرەکی شانۆنامەکە بەرەو پێشەوە نەچێ هەر کردارێک، هەر جووڵەیەکی زیاد و بێ مەبەست بەزەرەر دەشکێتەوە، ئەمەش هەروەکو ئەوە وایە کەسێ قسەی پووچ و بێ مانا بکا یان بێ مەبەست هەر بۆ خۆی قسە بکا. کردەی جەستەیی دەبێ لەگەڵ مانای دەقدا بگونجێ، وەکو شەکسپیر لە هاملێتدا دەڵێ: وشە لەگەڵ کرداردا بگونجێنە، کرداریش لەگەڵ وشە.

هەموو کاتێ لە دەست نیشانکردنی کرداری شانۆییدا نیشان ناپێکین، لێرەدا بەقووڵی تێگەیشتن لە دەق و ئەرکی سەرەکی

شانۆنامەکە دەبێ ڕێنماییکەر و ڕێپیشاندەرمان بێ. هیچ پێوەرێکی دیکە لە دەرەوەی مادەی ئەدەبی دەقەکەدا، مەکە بەئیلهام بەخش بۆ خوڵقاندنی کرداری ناو شانۆنامەکەت.

ئەگەر کردارێکت لە دیمەنەکانی سەرەتادا بەهەڵە هەڵبژارد، هەوڵ بدە بەوردی دوای کردارەکانی دیکەی شانۆنامەکە بکەوە، پاشتر ڕاستییەکەیت بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو کردارە ئەرکی دەقەکە جێبەجێ ناکات و بەشێک نییە لە هێڵی گێڕانەوەی چیرۆکەکە. سەرجەمی کردارەکانی ناو شانۆنامەیەکی مەحکەم و داڕێژراو و پتەو، وەکو ئامێرێکی پیانۆ وایە کە ئەگەر کلیلێکی تێکچوو، هاوکات لە لایەکی دیکەوە کلیلێکی دیکەیش تێکدەچێ.

## کەی کردەی جەستەیی پێویستە؟

نەکەی کردەی جەستەیی وەکو کارتێکردنێکی درامی یان لەبەر جوانی و سەرنجڕاکێشان بەکار بهێنی. کام کردار یان کردەی جەستەیی دراماکەت دەباتە پێشێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ تاکە پێوەرت بێ، دەنا پەنابردنە بەر کردەی جەستەیی لە خۆڕایی و بێ بەڵگەی گونجاو و بێ هۆکاری ڕاستەقینە، وەکو تێکستی زیاد وایە، کە دەبێ لاببرێ یان بقرتێنرێ، ئەم دیاردەیەش بەزۆر لەو نمایشانەدا دەبینرێ کە لەسەر تیۆری جەستە بنیات نراون، بێ پشتبەستن بەبناخەیەکی تیۆری پتەو، ئەم تەرزە بەتایبەتی لە کاری ئەو ڕیژیسۆرانە بەدی دەکرێ کە کەم ئەزموونانە شێوازی شانۆی پیرۆز یان شانۆی سرووتئامێز بەکار دێنن و بەو ناوەی گوایە شێوازی ئارتۆ یان گرۆتۆڤسکی، کە بۆخۆیان چەمکێکی تایبەتیان سەبارەت بەکردەی جەستەیی و تێکست هەیە، جێبەجێ دەکەن.

چاک لەو دیمەنە بکۆڵەوە کە کارت لەسەر کردووە و کردەی جەستەی تێدا زەق و بەهێزە، ئەگەر هاتوو لای ببەی هیچ لە کرداری سەرەکی شانۆگەرییەکە دەگۆڕێ؟ ئەم پرسیارە لە خۆت بکە، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیار هەروا ئاسان نییە و گەلێ ڕیژیسۆری خاوەن ئەزموون چەواشە دەبن و لە ئاستیدا دۆش دادەمێنن و دەکەونە هەڵەوە، چونکە ناسینەوەی کردەی پێویست و کردەی بێ بنەما لەسەر شانۆدا هەروا ئاسان نییە، تەنیا پێوەریش ئەوەیە کە تۆ ئەو کردەیە چۆن دەکەیتە بەشێکی ئۆرگانیک و زیندوو لە جەستەی شانۆگەرییەکەتدا و چۆن پاکانەی تەواوی بۆ دەدۆزیتەوە. ئەگەر هەموو ئەم مەرجانەت هێنایە دی، ئەوە کردارەکە کردارێکی درامی ڕاستەقینەیە.

ستانیسلاڤسکی بۆ تێگەیشتن لە کرداری ئەکتەر و هۆکارەکانی ساڵانێکی زۆر لە نزیکەوە بەوردی سەرنجی کاری ئەکتەرانی داهێنەر و بەئەزموونی و خاوەن شێوازی دەدا، تاکو لە کۆتاییی تەمەنیدا توانی لە میتۆدە بەناوبانگەکەیدا "زنجیرەی کردەی جەستەیی" بنەمای تیۆری هاوسەنگی نێوان کردەی جەستەیی و ژیانی ڕۆحی ڕۆڵ دابڕێژێ. تاکو ئێستاش میتۆدی زنجیرەی کردەی جەستەیی ستانیسلاڤسکی یەکێکە لە پتەوترین میتۆدەکانی هونەری نواندن، کە لە زۆربەی قوتابخانەکانی جیهاندا جێبەجێ دەکرێ.

زۆربەی ڕیژیسۆران لەسەر شانۆدا ئارەزووی کردەی جەستەیی دەکەن، چونکە هەر نەبێ لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی شانۆ درامیتر و سەرنج ڕاکێشترە.

## کردەی جەستەیی و جووڵە... دوو میتۆد

ستانیسلاڤسکی لە دوا قۆناخی ژیانیدا، داوای لە ئەکتەرانی دەکرد بەبێ دەق پرۆڤە بکەن و بەر لە هەموو شتێک، واتە بەر لە قووڵبوونەوە بەناو جیهانی دەقدا، زنجیرەی کردارە جەستەییەکان بخەنە ڕوو، ئەوەندەی کار لەسەر بکەن تاکو تەواو ساغیان دەکەنەوە. ستانیسلاڤسکی دەیویست ئەکتەران بەر لە ئاشنابوون بەدەقەکە و چوونە ناو جیهانی شانۆنامەکەوە، جارێ کردارە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە دەست نیشان بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕانەوە و بێ ئەوەی لێگەڕێ دەقەکە بخوێننەوە.

با ئەکتەرەکانت حیکایەت و بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە، ڕووداو دوای ڕووداو، بەسەرهات دوای بەسەرهات بگێڕنەوە، هەنگاوی یەکەم وەکو ستانیسلاڤسکی دەیویست، گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، ئەمەش لە پێناوی ناسینی کردارە سەرەکییەکانی ناو هێڵی چیرۆکەکەیە، پاشان خوێندنەوەی قووڵی دەق پتر یارمەتیمان دەدا لە دۆزینەوەی زنجیرەی کردارە وردەکانی ناو شانۆنامەکە.

بۆ دەست نیشانکردنی زنجیرەی کردارەکان یارمەتی ئەکتەرەکان بدە تا تەواو لە بارودۆخی دەوروبەری خۆیان بگەن، با ئەم بارودۆخە لە کەشفکردنی کردار یان کردارە ڕاستەقینەکاندا سەرچاوەی ئیلهامیان بێ. لە میتۆدی ستانیسلاڤسکیدا ئەکتەر بۆ بەرجەستەکردنی ژیانی ڕابردوو، هەروەها ژیانی ئایندەی کەسایەتییەکەی پەنا دەباتە بەر خەیاڵ، ئەمەش میتۆدێکی کاریگەری ستانیسلاڤسکییە بۆ دۆزینەوەی زنجیرەی کردارە یەک لە دوای یەکەکاندا.

**ئەرکی سەرەکیی شانۆنامەکە**

بەر لەوەی بکەویتە سۆراخی کردەی جەستەیی، ئەرکی سەرووی ئەرکی سەرەکی شانۆنامەکە بۆ ئەکتەرەکانت دەست نیشان بکە، چونکە هەموو کردەیەکی و هەموو جووڵەیەک پێوەستە بەئەرکی سەرەکی شانۆنامەکە و ئەرکی سەرووی ئەرکی سەرەکی کە دەکاتە مەبەست لە نمایشکردنی ئەو شانۆنامەیە لە ئەمرۆ و لەم جێگەیە و لەم کاتەدا.

داوا لە ئەکتەرەکانت بکە کە کردارە سادەکانی کەسایەتییەکە دیمەن بەدیمەن بگێڕنەوە، واتە با ڕۆڵەکانیان لەسەر بناخەی کردار بگێڕنەوە و تاوتوویان بکەن. شانۆنامەکەت بەسەر کردارە سەرەکییەکانی ناو ڕووداو و بەسەرهاتەکە دابەش بکە با لە ناو هەناوی کردارە سەرەکییەکاندا کردارە وردەکان کەشف بکەن، پاشان بەشێوەیەکی مەنتیقی بەیەکەوەیان ببەستنەوە. ئەکتەرەکانت فێر بکە بەزمانی "من" قسە بکەن، نەک بە زمانی ئەو.

پاشان دەست بکە بەکارکردن لەسەر کردارەکان و ساغکردنەوەیان بەشێوەیەکی خۆرسکانە و سادە، لێگەڕێ ئەکتەرەکانت خۆیان ئەوەندە پرۆڤە و مەشقی لەسەر بکەن، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە لە هەست و نەستیاندا بچەسپێ و تەواو باوەڕیان بەو کردارە دەبێ، ئەمجا لەسەر دەق و جیهانی ناو شانۆ نامەکە دەست بەکار بە لە کاتی کارکردن لەسەر خودی دەقەکە، لێگەڕێ ئەکتەرەکانت هەموو بارودۆخی جیهانی ناو شانۆکە، واتە (جەو- ئەتمۆسفیر) بکەنە بنەما بۆ کردارەکان و بەڵگە و پاکانەی تەواویان بۆ دۆزینەوە. ئەمەی کە باسم کرد، بنەماکانی سیستەمی کردەی جەستەییە لای ستانیسلاڤسکی.

## بۆچوونێکی هەڵە

جێگەی داخە کە زۆر کەس لەبەر بێ ئاگایی خۆیان پێیان وایە میتۆدی ستانیسلاڤسکی بایەخ بەکردەی جەستەیی نادات و تەنیا جەخت لەسەر جیهانی ناوەوەی ئەکتەر و ناوەوەی ڕۆڵەکەی دەکات، یان تەنیا کار لەسەر باری دەروونی دەکات و باری جەستەیی پشتگوێ دەخا. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە هەر تەواو لە ڕاستییەوە دوورە، دوا کۆڵەکەی بینای تیۆری میتۆدی ستانیسلاڤسکی زنجیرەی کردەی جەستەییە، دیارە ئەم قۆناخە درەنگ بۆ ستانیسلاڤسکی هاتە ئەنجام، بەڵام دە ساڵی کۆتایی ژیانی هەر لە ساڵی ١٩٢٩ تا ساڵی مردنی لە ١٩٣٩دا بێ وچان کاری لەسەر ئەم میتۆدە دەکرد.

لە ڕاستیدا دوو هۆکاری بنەڕەتی پتر کارەکەی ستانیسلاڤسکییان دەوڵەمەند کرد، یەکەمیان ئەوەیە کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ستانیسلاڤسکی لە ڕووی تیۆرییەوە گەیشتبووە لووتکەی گەشەکردن و دەوڵەمەندی، هەر بۆیەش هەستی دەکرد میتۆدەکەی پێویستی بەتین و تەوژم و دینامیکیەت هەیە.

پرۆڤەکانی ستانیسلاڤسکی لە تەرتووفدا شایەتی ئەم بۆچوونەن، لە پرۆڤەکانی تەرتووفدا کە لە لایەن ئەکتەر و ڕیژیسۆری ڕووسی ڤاسیلی تۆپۆرکۆڤەوە تۆمار کراوە، ستانیسلاڤسکی میتۆدەکەی خۆی دەربارەی جەستە و کردار و زنجیرەی کردارەکان تەواو دەخەملێنێ. ئەم کتێبە درۆ نییە ئەگەر بڵێم لە هەموو کتێبەکانی دیکەی نایابتر و بەچێژترە، یان هەر نەبێ باشترین نموونەی پراکتیکی بۆچوونەکانیەتی.

ڕاستە ستانیسلاڤسکی بەتایبەت لە قۆناخی یەکەمی دارشتنی

میتۆدەکەیدا، داوا لە ئەکتەر دەکا کار لەسەر باری دەروونی خۆی و ڕۆڵەکەی بکا، بەڵام هەمیشە داوای ئەوەی دەکرد کە باری دەروونی و هەست و نەست و هەڵچوون و داچوون بەکردار جێبەجێ بکرێ، کردار هێزی بزوێنەرە و تەنیا لە ڕێگەی کردارەوە لە کەسایەتی سەر شانۆ و باری دەروونیی تێ دەگەین. وا بزانم ئامۆژگارییەکانی ستانیسلاڤسکی بۆ ئەکتەرەکانی لە شانۆگەریی ئۆتیللۆدا گەواهی ئەم بۆچوونەن، لەوەی زیاتر چی کاتێ بەئەکتەرێک دەڵێ: بۆ خاتری خوا ئەوەندە بیر لە سایکۆلۆجیا و هەست و هەڵچوونەکانت مەکەوە، کار لەسەر کردار بکە، کە گرفتێکی مادییە، کەسێ نەزانێ ڕەنگە پێی وابێ ئەم فەرمایشتە پتر لە قسەی مییرهولد دەچێ، نەک لە قسەی ستانیسلاڤسکی.

هۆکاری دووەم، گەشەکردنی میتۆدی بیۆمیکانیکی مییرهولد ئەو دینامیکییەتەی کە لە نمایشدا هێنابووە کایەوە، سەرەڕای چارەسەرکردنی گەلێ لە کێشە سەرەکییەکانی ناو چەمکی جەستە و جووڵە لە لایەن مییرهولدەوە. هەر بۆیە ستانیسلاڤسکی دوای دابڕانێکی دوورودرێژ دیسانەوە مییرهولدی بانگهێشت کرد، تاوەکو وۆرک شۆپێکی بیۆمیکانیک بۆ ئەکتەرەکانتی ساز بکا.

## جووڵە بەهێزترین ئامرازی دەربڕینە

ئەگەر تۆش وەکو من بەپلەی یەکەم میتۆدی مییرهولد جێبەجێ بکەی، دەبێ بایەخ بەجووڵە بدەی. واتە دەبێ ئەکتەرەکانت وا ڕابهێنی کە ئەرکی سەر شانیانە جووڵەی لەبار و گونجاو بەمەبەستی گوزارشتکردن لە فیکر یان هزر بدۆزنەوە. مییرهولد دەڵێ: وشە نەخشی سەر خامی جووڵەیە، واتە ئەگەر جووڵەکان تەواو و ڕێکوپێک

نەبن، وشەکان بایەخیان نییە.

هەر خۆی دەڵێ: جووڵە بەهێزترین ئامرازی دەربڕینە. ڕۆڵی جووڵە گەلێ لە هەموو کەرەستەیەکی شانۆیی دیکە گرینگترە. شانۆ بێبەش بکە لە دیالۆگ، جلوبەرگ، ڕووناکی، کالوس و هۆڵ، تەنیا با ئەکتەر و وەستایەتی ئەکتەر لە جووڵەدا بمێنێ، شانۆ هەر بەشانۆ دەمێنێتەوە.

ئنجا هەر ئەمە لەگەڵ فەرمایشتێکی ستانیسلاڤسکیدا دەربارەی کرداری بەراورد بکە کە دەڵێ: کردار بڕبڕەی پشتی نمایشە.

جووڵە دەبێ پەیامی خۆی بگەیەنێ هەروا لە خۆڕا ئەنجام نەدرێ، ڕاست و ڕەوان و پێرفێکت بێ و پڕاوپڕ ئەنجام بدرێ و لە فۆرمێکی هونەریدا بەرجەستە بکرێ. لە پێکهاتەکانی جەستەدا و لە دروستکردنی میزانسیندا پلاستیکای جەستەی ئەکتەر ڕۆڵی سەرەکی دەدرێتێ و دەبێ پەیام و وەزیفەی هەبێ و گوزارشت لە مانا بکا. هەوڵ بدە تەنانەت لە ڕاهێنان و پرۆڤەکانتدا ئەمە بۆ ئەکتەرەکانت دووپات بکەوە، مییرهولد دەڵێ:

## ڕاهێنان... ڕاهێنان

«ڕاهێنان... ڕاهێنان... ڕاهێنان. بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە ڕاهێنانە بێ، کە تەنیا جەستە دەگرێتەوە نەک مێشک، نەخێر. سوپاستان دەکەم، من پێویستم بەئەکتەرێ نییە کە بزانێ چۆن دەجووڵێتەوە بەڵام نەتوانێ بیر بکاتەوە.»

ئەوەشت لە بیر نەچێ کە ئیتودەکان "مەشقەکان"ی بیۆمیکانیک بۆ تێگەیشتن لە سەبکی جووڵە و هەیکەلیەتی میزانسیندا گەلێ گرینگن. ئەگەر لای ستانیسلاڤسکی سایکۆلۆجیا و حەقیقەتی ناوەوە

ڕێگەیەک بن بۆ گەیشتنە کردار، لای میرهۆلد جووڵە و گوزارشتی جەستە ڕێگەیەکن بۆ هەستکردنی ڕاستەقینە و پیشاندانی باری دەروونی.

من لە کارەکانمدا هەوڵم داوە کار لەسەر هەردوو میتۆد بکەم، بەڵام وەکو ڕیژیسۆر سەر بەقوتابخانەی میرهۆلدم. هەوڵم داوە شانۆگەریی هەزار و یەک شەو بەمیتۆدی بیۆمیکانیک دەربهێنم، لە تەکنیکی گێڕانەوەشدا سوودم لە بریخت وەرگرتووە. من زیاتر سوودم لە پێوەندی نێوان ئەکتەر وەک چیرۆکبێژ و ئەکتەر، وەک ڕۆڵ و پاشان ئەکتەر، وەک خودی خۆی بینیوە.

لە شانۆنامەی تەرتووفیشدا کە لە لەندەن کارم لەسەر کرد، میتۆدی میرهولدم جێبەجێ کرد. لە زۆربەی زۆری کارەکانمدا پەنام بردووەتە بەر قوتابخانەی میرهولد لە دەرهێناندا، بەڵام لە شانۆنامەی گەمە بەئاگر کە لە ڕووسیا کارم لەسەر کرد، هەوڵم دا جۆرە موتوربەکردنێک لە نێوان شێوازگەری میرهولد و زنجیرەی کرداری جەستەیی ستانیسلاڤسکیدا دروست بکەم. واتە نمایشەکە لەسەر بناخەی کرداری جەستەیی و بەدیقەت بەکارهێنانی پلاستیکا دروست کرابوو، ئەمە بۆ ئەکتەرەکان ئاسان نەبوو، چونکە ئەوانە پەروەردەی سیستەمی ستانیسلاڤسکین و بەرامبەر بەو میتۆدە گەلێ بەوەفا و بەئەمەکن، بۆیە ئەگەر بتەوێ لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەزموونێک یان هزرێکی تازە تاقی بکەیتەوە، دەبێ ئەکتەرەکانت لە مەبەست و ئامانجەکانت تێبگەیەنی و تەواو قەناعەتیان پێ بێنی، ئەوجا دەست بەکار بی.

## میتودی ستانیسلاڤسکی و میتودی شیکردنەوە

من لە شیکردنەوەی تێکست و قووڵبوونەوە لە ناخی کەسەیاتییەکان و بەقەولی ستانیسلاڤسکی ژیانی ڕۆحی ڕۆڵ، خۆم بەقەرزاری قوتابخانەی ستانیسلاڤسکی دەزانم، چونکە زۆر سوودم لێ بینیوە. وەنەبێ سوودم لە چەمکەکانی دیکەی ستانیسلاڤسکی نەدیتبێ، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو قوتابخانەیەدا.

ڕەنگە لەناو کارەکانمدا شانۆنامەی مەرگ و کچی تیپی شانۆی ئارارات لە هەموو کارێکم زیاتر شەقڵی ستانیسلاڤسکی لەمەڕ زنجیرەی کرداری جەستەیی پێوە دیار بێ، بەڵام لە میزانسێن و پێکهاتەکاندا دیسانەوە میتۆدی مییرهولد خۆی بەسەرمدا سەپاندووە. مەبەستم لەم ئاماژانە بەکارەکانم ئەوەیە کە ڕیژیسۆر دەتوانێ سوود لە میتۆد و تەکنیکی جیاواز جیاواز ببینێ و باوەڕی بەوە هەبێ کە هەر میتۆدە و هێزێکی لەبن نەهاتووی تێدایە، ئەگەرچی سەد لە سەد پەنای بۆ نەبەی.

## کردار و کردەی جەستەیی و هێز و ئەرکی سەرەکی شانۆنامەکەت

ئەگەر بتەوێ لە دەست نیشانکردنی کرداری سەرەکی شانۆنامەکەتدا بەهەڵەدا نەچی، دەبێ هەموو سۆراخ و پشکنینێکت لە هێزی سەرەکی یان ئەرکی سەرەکی و سەرووی ئەرکی سەرەکییەوە دەست پێ بکا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ئاسان نییە و پێوەندییەکی پتەوی بەشارەزایی و ڕۆشنفیکری و دید و ئەزموونی ڕیژیسۆرەوە هەیە. هەر نەبێ هێزی سەرەکی دەکرێ بەپێی بۆچوونی جیاواز دەست نیشان بکرێ و لە ڕیژیسۆرێکەوە بۆ ڕیژیسۆرێکی دیکە بگۆڕێ.

لە هەموو شانۆنامەیەکدا کردارێکی سەرەکی هەیە، هەندێ جار دوو یان سێ کرداری سەرەکی هەیە، بەتایبەت لە شانۆنامەکانی شەکسپیردا دەتوانێ پتر لە یەک کرداری سەرەکی دەست نیشان بکەی، بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا باشتر وایە جەخت لەسەر یەکێکیان بکەی. زۆر جار ڕێژیسۆران بەکرداری سەرەکی دەڵێن کرداری کلیل.

گۆردن گرەیک هزری سەرەکی هاملێتی لە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا چڕ دەکردەوە، هەموو کردارەکانی ناو نمایشەکەیشی لە خزمەتی ئەم لێکدانەوەیەدا بوون و ئەم ڕاستییەیان دەسەلماند، نەک هەر ئەوەندە هەموو لایەنەکانی بەرهەمەکە و ڕەهەندە هونەری و تەکنیکییەکانیشی لەم پێناوەدا بوون.

ئەگەر تۆش بتەوێ جەخت لەسەر ئەم هزرە بکەی، دەبێ ئەکتەرەکانت وا ڕابێنی کە بڵێی: من سۆراخی حەقیقەت دەکەم و بەدوای ڕاستیدا وێڵم.

دەشێ لە شانۆنامەیەکدا دەیان کردار هەبێ، دەشێ هەر دیمەنە و کرداری خۆی هەبێ و چەندین کرداری ورد وردی لێ ببێتەوە، بەڵام بۆ دەست نیشانکردنی کلیلی هەموو ئەم کردارانە ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: کام کردار دەکەوێتە بەردی بناخەی ڕووداوەکانی دراماکە؟ کام کردار دەبێت بەهۆی ڕوودانی کردارەکانی دیکە؟ ئەو کردارە چییە کە هەموو کردارەکانی ناو دراماکەت بەیەکدی و پێکەوە دەبەستییەوە؟ کامەیە ئەو کردارەی کە ستانیسلاڤسکی ناوی لێ ناوە بڕبڕەی پشتی دراماکەت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کاری سەرەکی تۆی ڕێژیسۆرە لە

پرۆسـەی داهێناندا. بۆ وەڵامـدانـەوەیان پێـویسـتـیت بەلێکۆڵینەوە و قـووڵبـوونەوەیە بەناو جیـهانی تێکسـتـەکەدا، چونکە ئـەگەر لە دەست نیشانکردنی کرداری سەرەکیدا بەهەڵەدا بچێ، ئەگەر وەکو ڕیژیسۆر کرداری سـەرەکی و کرداری لاوەکی لە یەکدی جوودا نەکەیتەوە، ئیدی هەموو پرۆسەی دەرهێنانەکەت بەڕێگەیەکی هەڵەدا دەڕوا.

پاش دەست نیـشـانکردنی کـرداری کلیل، هـەوڵ بدە تا بۆت دەکـرێ ئەو کـردارە زەق و تووندوتـۆڵ و ڕوونتـر پـیـشـان بدە و هـەمـیـشـە لە سەنتەری دراماکەدا بێ. ئەمە ئەرکێکی سەرەکی تۆی ڕیژیسۆرە.

## ئەکتەر و زنجیرەی کردەی جەستەیی و جووڵە

هـەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئەکتەرەکانت وا ڕابێنە بەزمانی "من" بدوێن، تاکو بتوانن کردارە سادەکان بدۆزنەوە. ئەو ئەکتەرەی کە ڕۆڵی ڕۆمـیـۆ دەبینێ دەبێ بڵێ: من جـولێـیـتم خـۆش دەوێ، لە بری ئەوەی بڵێ: من نوقمی خۆشەویستیم یان لە خۆشەویستیدا دەژیم، یان هەست بەخۆشەویستی دەکەم.

واتە دەست نیـشـانکردنی هزری سـەرەکی شـانۆنامـەکـە و ئەرکی سـەرەکی نمایشـەکـەت، هـەیکەلی کـرداری سـەرەکی و پاشـتـریش زنجیرەی کردارەکانی ناو شانۆنامەکە و جووڵە و ئاماژەکانت بۆ ساغ دەکـەنەوە. هـەر ئەم هـزرە یان ئەم ئەرکـە دەبێ لـە مێـشـک و هەست و نەستی ئەکتەراندا بچەسپێ و لە هەموو هەنگاوێکیدا پەنای بۆ ببات تاکو ببێ بەهۆکار و پاسا و بۆ کردار و جووڵەکانی بدۆزێتەوە.

گرفـتێکی گەورە لە پێش دەست نیشانکردنی کرداردا کە دەبێتە ڕێگر، ئەوەیە ئەکـتـەرەکـانت هـۆکـار و پاسـاوی ڕاسـتـەقـینەی

کـردارەکــانیــان نەدۆزنەوە. لەو حــاڵەتەدا بەربەست و ڕێگرەکـانیش نادۆزنەوە، واتە ملمـلانێ و کێشـەش نییـە، یان بەهەڵە لێی تێ دەگەن، لە ئاکامدا دراما نایەتە ئەنجام.

بەر لەوەی کار لەسـەر هەر دیمەنێک بکەم، لە ئەکتـەرەکانم دەپرسم: دەتەوێ چـی بکەی؟ ئنجــا کــە وەڵامی ئـەوم زانی، لێی دەپرسم چـی دەکەی بۆ ئـەوەی ئەم خـواسـتـەت بهێنیـتـە ئەنجـام، پاش وەڵامی ئەوە دەپرسم ئەی بەرست و ڕێگر لە پێشتدا چییە؟

تەماشاکە ئەم میتۆدە چەند ئاسانە، بەڵام زۆریش قسـە و بۆچوونی جیاجیا هەڵدەگرێ. چۆن دافیعەکانی ئەو کەسایەتییە دەست نیشان دەکەین کە مـەبـەستـمـانە. هەوڵدەدەم شـان بەشـان لـەگەڵ ئەکـتـەردا کرداری ڕاستەقینە بدۆزمەوە هاریکاریت لەگەڵ ئەکتەردا گەلێ گرینگە لە دەست نیشانکردنی کرداردا.

## کرداری سەرەکی و کرداری بچووک

وەکو باسم کرد لە هەموو شانۆنامـەیەکدا کرداری سـەرەکی و کرداری بچـووک بچـووک هـەن کە پاڵپشـتی کرداری سـەرەکین، بەڵام لە هـەمـوو شــانۆگـەرییـەکیـشـدا زەق و ئاشـکرانین، بۆیە لە هـەندێ شـانۆنامـەدا بەئاسـانی خۆیان نادەنە دەسـتەوە. لە شانۆی مـۆدێرندا، بەپێچـەوانـەی شـانۆی کلاسیک، کردارەکان هەندە زەق و ڕوون نین، ئەمـە بەتایبـەتی لەو شــــانۆنـامــانەدا بەدی دەکــرێ کــە مــۆرکی ســـایکۆلۆجــیـا و شـاعیریەتیان پێوە دیارە. ئەگەر بەهەڵدا نەچووبم، چیخۆڤ پێشـەنگی ئەم تـەرزە درامــایەیە کــە کــردارەکــانی بۆ ڕیـژیســـۆری درشـت نین بەئاســـانی نابینرێن. ئەم بۆچـوونە تا ڕادەیەک لە شــانۆنامــەکــانی ئۆنێلیشدا وایە، بەڵام لای پینتەر ئەوە کردارەکان هەر تەواو شاراوەن.

## بەدەم چاوەڕوانی گۆدووەوە

دە ساڵ لەمەوبەر وۆرک شۆپێکم بۆ دوو ئەکتەری ئینگلیز لە لەندەن لە شانۆنامەی بەدەم چاوەڕوانی گۆدووەوە ساز کرد. سەبارەت بەدەست نیشانکردنی کرداری سەرەکی یەکێ لە ئەکتەرەکان هەڵیدایە: لەم شانۆنامەیەدا کردار سەرەکی نییە، ئەی ئەوە نییە کەسایەتییەکان بەزمانی خۆیان دەڵێن هیچ ڕوو نادا. گوتم ڕاستە هیچ ڕوو نادات، بەڵام خۆ ئەوان هەر چاوەڕوانن، واتە چاوەڕێ دەکەن. کرداری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە تۆ چاوەڕێ دەکەی. ئنجا بەدەم چاوەڕوانییەوە زنجیرەیەک کرداری بچووک بچووک ئەنجام دەدەی، تا ئەوەندەی ئیستراگۆن و ڤلادیمێر چاوەڕێ دەکەن، دراماکە بەردەوامە، دەیانەوێ بڕۆن بەڵام ناتوانن، پاشان بەهاتنی پۆز و لاکی کردارەکانی شانۆنامەکە کۆنکریتتر خۆیان دەنوێنن.

داوام لە ئەکتەرەکان کرد دەقەکەیان بەلاوە بخەن و بەڕستەی: چاوەڕێ دەکەم بکەونە پشکنین و سۆراخ. جگە لە کردارەکانی ناو شانۆنامەکە کە بێکێت خۆی دەست نیشانی کردوون وەکو پێڵاو داکەندن و لە پێکردنیان و شەبقە لەسەرکردن و گێزەرخواردن و ئێسقان کڕاندنەوە و... تاد، کۆمەڵێ کرداری دیکەیان کەشف کرد کە کرداری چاوەڕوانی سەرچاوەی ئیلهام بوو بۆیان.

بەشێوەیەکی گشتی کردار پێوەندییەکی پتەوی بەسروشتی دەقی شانۆنامەکەوە هەیە و بەشێوازی نووسەر دەگۆڕێ، کردارەکانی ناو شانۆنامەکە لای هەموو نووسەرێک بەهەمان پلە و ئاست ڕوون و ئاشکرا نین. لای چیخۆڤ بۆ نموونە نەک هەر زنجیرەی کردارە بچووکەکان، بگرە کرداری سەرەکیش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەژێر

دێرەوە هەیە و بەئاسانی نادۆزرێتەوە. کە ستانیسلاڤسکی چەند کردارێکی ورد وردی لە شانۆنامەی نەوەرسدا خوڵقاند، ئەم کارە بوو بەهۆی نیگەرانی چیخۆڤ و وا بزانم کێشەی هەردووکیان لەسەر ئەم بابەتە شتێکی شاراوە نییە.

لای چیخۆڤ دەبێ لە ناخی تێکستەکەدا، لە بنی بنەوەی دێرەکاندا، لە ماناکاندا بۆ کردارەکان بگەڕێی، ئەگەر ڕاستگۆ نەبی و یەک تۆزقاڵ ساختەی تێدا بکەی، یان کردار و جووڵە و ئاماژەی دەستکرد و درۆزنانە بخوڵقێنی، ئیدی حیسابت تەواوە. هەر تەواو بەپێچەوانەی بۆ نموونە شانۆنامەیەکی کلاسیک یان سیمبولیستانە یان بابەتێکی شێوازگەریانە کە بواری کردار و جووڵە تێیاندا ڕەهاتر و ڕیژیسۆر تێیدا سەرفرازترە.

## کردار و جووڵە مۆتۆری نمایشەکەتن

ئەگەر بتەوێ نمایشەکەت دینامیک و زیندوو و بەجۆش بێ، باشترین ڕێگە ئەوەیە کە مەسەلەی کرداری سەرەکی و زنجیرەی کردارەکانی دیکەی شانۆنامەکە، هەروەها جووڵە و کردەی جەستەیی لە ڕێگەی میتۆدەوە چارەسەر بکە.

میتۆدەکانی ڕێبەرانی شانۆ لەم بوارەدا هەمەلایەنە و دەتوانێ وەڵامی گەلێ پرسیارت بدەنەوە، کە ئەوان ساڵانێکی دووردرێژی تەمەنی خۆیان بۆ تەرخان کردووە. لەم ڕووەوە گەلێ بۆچوونی تیۆری بەکەڵک هەیە، لە سەرووی هەموویانەوە میتۆدی ستانیسلاڤسکی و میرهولد کە من لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم، تۆش وەکو ڕیژیسۆر خۆتی بۆ تەرخان بکە و هەوڵ بدە چاک لێیان تێبگە، ئەم کارە

ڕێگەیەکی دوورت بۆ کورت دەکاتەوە.

کردار و جووڵە دینامۆ و مۆتۆری شانۆنامەکەتن، خۆ ئەگەر ئەم بابەتە چارەسەر نەکەی دینامۆی یان مۆتوری شانۆنامەکەت قەت ناکەوێتە کار.

ئەو ڕێژیسێورانەی کە سەریان لە مەسەلەی کردار و جووڵە دەرناچێ، بەزەحمەت دەتوانن جیاوازیی لە نێوان کردەی جەستەیی پێویست و کردەی جەستەیی دوور لە مەبەست بکەن، ئەمەش زیاتر لە کاری ئەو ڕێژیسۆرانەدا دەردەکەوێ کە بەچاک و خراپ کردار و جووڵەی زۆر و بۆر بەکار دێنن، بێ ئەوەی بزانن بەمە کارەکەیان شەقڵێکی ڕووکەشانە وەردەگرێ و پێکهاتە و میزانسینەکانیان. تەنیا گوزارشت لە بۆشایی دەکا.

جیاوازی نێوان کرداری درامی و جووڵە گەلێ گرینگە، ئەگەر ئەم دووانە لێک جوودا نەکەیتەوە دینامۆی شانۆنامەکەت دەوەستێ و کار ناکا. جووڵە هەموو کاتێ کردار ناگەیەنێ، واتە هەموو جووڵەیەک یان چالاکییەکی فیزیکی کردار نییە، کرداریش خۆی لە خۆیدا مەرج نییە چالاکییەکی فیزیکی بێ، بۆ نموونە کە دەڵێین هاملێت بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێ ئەمە خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی فیزیکی نییە، بەڵام کردارێکی درامییە. لە ناو ڕێژیسۆراندا کەسانی وا هەن ئەم جیاوازییە نازانن، یان دەیزانن و فەرامۆشی دەکەن، بۆیە زۆر جار دەبینین ڕێژیسۆر پێی وایە بەچەند جووڵەیەکی دروستکراو کرداری شانۆیی خوڵقاندووە، ئەمە زیانێکی زۆر لە شانۆنامەکە و کارەکتەرەکانیش دەدات.

کردەی جەستەیی وەکو وشە، دەبێ گوزارشت لە مانا بکاو ئەکتەر

نابێ زنجیرە کردارێک بەئەنجام بگەیەنێ و هەر لە خۆرایی بجووڵێتەوە و بزانێ بەسەر بینەردا تێدەپەڕێت

ڕیژیسۆرێک کە میتۆدی سوزوکی جاپانی لە شانۆنامەی سێ خوشکەکەی چیخۆڤدا بەکار دەهێنا، داوای لە ئەکتەرێک دەکرد کە لە شێوەی سەمادا یان بەدەم ساماکردنەوە شانۆ بەجێ بهێڵێ، گوایە ئەمە جۆرێکە لە کردەی جەستەیی.

ئەم نموونەیە خراپترین شێوەی تێگەیشتنە لە کرداری جەستەیی، هەر چەندە ڕیژیسۆرەکەی ڕیژیسۆرێکی بەناوبانگیشە. کردەی جەستەیی لەم حاڵەتەدا تەنیا کرداری چوونە دەرەوەیە، چونکە چوونە دەرەوە وەکو کردار خۆی لە خۆیدا بەسە، ئەوی دی شێوازگەرییە، کە دەبێ لەگەڵ سەرجەمی شانۆگەرییەکەدا هاوئاهەنگ و لە هارمۆنیادا بێ. ئەم جۆرە کردار و جووڵانە، کە دەکەونە خانەی کریۆگرافیاوە "سەما" و شان بەشانی شێوازی شانۆی سرووتئامێز یان تەقسی دەڕۆن، پێوەندییان نەک تەنیا بەستیلی نمایشەوە هەیە، بگرە بەپلەی یەکەم پێوەندییان بەشێواز و خانەی ئەدەبی شانۆنامەکەوە هەیە، کە دەبێ بەر لە هەموو شتێک لەگەڵ ئەو ستیلەدا بگونجێ. بەداخەوە شانۆنامەی سێ خوشکەکە ئەم ستیلەی پێ نامۆ بوو، پێم وایە ئەگەر ئەو ڕیژیسۆرە ئەوەندە مەست و شەیدای ئەو ستیلەیە، دەبوایە شانۆنامەیەکی دیکەی بۆ هەڵبژاردبا و ئەو گەمەیەی لەگەڵ چیخۆڤدا نەکردبایە.

## نموونەیەکی کردەی جەستەیی

ڕێژیسۆرێک لە ڕێژیسۆری ڕووسی تۆڤستۆنۆگۆڤ دەپرسێ: ئەگەر لێگەڕێم یەکێ لە دوو ئەکتەرەکانی دیمەنێکدا، بەدەم قسەکردنەوە جگەرە بکێشێ، دەکرێ بەمە بڵێم کرداری جەستەیی؟

تۆڤستۆنۆگۆڤ دەڵێ: نەخێر، چونکە جگەرە کێشانەکەیان بەهیچ جۆرێک کار ناکاتە سەر کرداری سەرەکی دیمەنەکە. ئەو جگەرەکێشانە لە کاتێکدا دەبێ بەکرداری جەستەیی، کە کرداری دیمەنەکە بەرەو پێشەوە ببات.

ئەنجا تۆڤستۆنۆگۆڤ بۆ هەمان پێشنیاز نموونەیەکی دیکە دێنێتەوە و، دەڵێ جگەرەکێشانەکە دەکرێ ببێ بەکرداری جەستەیی، ئەگەر هەردوو ئەکتەر پێکەوە لە جگەرەکێشاندا بکەونە پێشبڕکێ و هەردووکیان لە یەک کاتدا جگەرە بکێشن و هەریەکەیان هەوڵی ئەوە بدا پێش ئەوی دیکە جگەرەکەی تەواو بکات، لەم حاڵەتەدا جگەرە کێشانەکەیان بۆ مەبەستێکە، دیمەنەکە دوور لەم مەبەستە هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە.

ڕێژیسۆری پۆلۆنی زیگمۆنت هوبنەر لە کتێبەکەیدا ئێستێتیکای دەرهێنان دەگێڕێتەوە کە دۆستێکی لە دەرەوەی وڵات ئامادەی پرۆڤەی شانۆگەرییەک دەبێ کە بەزمانێکی نامۆ نمایش دەکرا، لە دیمەنێکدا دوو ژن بەشەڕ دەهاتن و لە یەکدیان دەدا، ئەمە لە کاتی پرۆڤەدا، بەڵام کە لە کاتی نمایشدا جەمهوور شانۆگەرییەکەی بینی، هەمان دیمەنی بەشێوەیەکی دیکە بینی، هەردوو ژنەکە لەسەر دوو نوێنی نووستن دوور لە یەکدی لە لای ڕاست و چەپی شانۆکەدا، هەریەکە و لەسەر نوێنەکەی خۆی پاڵکەوتبوو، هەردووکیان بەجۆرێک قسەیان بەیەکدی

دەگوت، کە هەستت دەکرد گوتەکانیان زەهری لێ دەتکا. ڕیژیسۆری شانۆنامەکە دوای ئەوەی کردەی جەستەی توند و زەق و دراماتیکیانەی تاقی کردەوە، ئنجا ئەم شێوە گوزارشتەی بەلاوە پەسندتر بوو، لێرەدا زمانی شانۆنامەکە پەیامەکە جوانتر و ئاسانتر و کاریگەرتر دەگەیەنێتە بینەر.

ئەم نموونەیە ئەوە دەردەخا کە چۆن دیمەنێک، کە کرداری جەستەیی تێدا زۆر زەق و ئاشکرا نییە، چاکتر گوزارشت لە کردارێکی جەستەیی توند و تیژ دەکا. لەم حاڵەتەدا زمان خۆی لە خۆیدا زمانێکی جۆشدراو ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ، ڕیتم و تۆنەکانی دەنگ و کەمیی ئاماژە و پلاستیکای بەدیقەت داڕێژراو، زۆر بەجوانی گوزارشت لە کردارەکان دەکەن.

## ووِرک شۆپ لەسەر کردار و پێکهاتی جەستەیی

ئەگەر بتەوێ ڕێگەیەکی دوور بۆ خۆت و ئەکتەرەکانت کورت بکەیتەوە، هەوڵ بدە ووِرک شۆپێک لەسەر دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی کرداری سەرەکی و زنجیرەی کردار و پێکهاتی جەستەیی بکەی. با ئەم کارەت لە دەرەوەی پرۆڤەکانت بێ. ئەمە کارێکی گەلێ بەسوودە، بەتایبەت ئەگەر لە تیپێکدا کار بکەی یان خاوەن گرووپی خۆت بی. ئەگەر دەزانی میتۆد یان شێوازی تایبەتی خۆت هەیە، زمانێکی شانۆیی تایبەت بەخۆت هەیە، چاکتر وایە ئەکتەرانت لەسەر کردار و زنجیرەی کرداری سەرەکی و جووڵە ڕابهێنی، دەنا کار و پیشەت لە کاتی پرۆڤەدا هەر ئەوە دەبێ کە بەئەکتەرانت بڵێی وا بکە و وا مەکە، ئەوانیش سووک و ئاسان دەبێ لاساییت بکەنەوە ئەمەش بەپێچەوانەی داهێنانە.

## ناوونیشانی دیمەنەکان

لە وۆرک شۆپەکانی مەشقکردن لەسەر کردار و جووڵەدا، داوا لە بەشداران دەکەم کە بۆ هەر کەرتێکی یان دیمەنێکی شانۆنامەکە ناوونیشانێکی تایبەت هەڵبژێرن، بەمەرجێ ئەو ناوونیشانە گوزارشت لە کرداری ئەو کەرتە یان ئەو دیمەنە بکا، ئەم تەکنیکەم لە ڤەختانگۆڤەوە وەرگرتووە و هەندێ گۆڕانکاریم تێدا کردووە. لە بری ئەوەی بڵێین دیمەنی یەک، دوو، سێ،... تاد دەڵێین: یەکترناسین، خۆشەویستی، دابڕان، ناسۆر و... تاد. هەنگاوی دووەم کارکردنە لەسەرداهێنانی ڕەها "ارتجال" کە میتۆدێکی گەلێ بەکارە بۆ دۆزینەوەی زنجیرەی کردارەکان.

پاش کەشفکردنی کردارەکان ڕیژیسۆر یان ڕاهێنەری ئەم جۆرە وۆرک شۆپە دەبێ زۆر بەئاگا بێ و وەڵامی ئەم پرسیارانە ساغ بکاتەوە: کردارەکە لە ڕوانگە و بۆچوونی کەسایەتییەکەوە چۆن بەرجەستە دەکرێ؟ لە جەوی دیاریکراوی شانۆنامەکەدا چۆن ئەنجام دەدرێ؟ پایە و جێگەی کردارەکە لە ناو زنجیرەی کردارەکانی دیکەدا کامەیە؟

ئەکتەران نابێ شێواز و ڕۆڵی زمانی شانۆنامەکە لە یاد بکەن، کردار دەبێ لەگەڵ وشەدا بگونجێ و هەردوو هاوئاهەنگ بن. کاری تۆ وەکو ڕاهێنەر لە وۆرک شۆپێکی ئاوهادا، یان وەکو ڕیژیسۆری شانۆنامەکە، دەبێ هەمیشە وەکو چاوێکی هونەریی ڕەفتار بکەی. چونکە زۆر جار وا ڕوو دەدات کە سیحری کردار و جووڵە بەجۆرێ ئەکتەر ڕادەکێشێ کە باکی بەوشە و ناوەرۆک نامێنێ و ئەمەش جۆرە نەشازێک دەخوڵقێنێ.

له کۆتاییدا تۆ خۆت دەبێ بڕیار لەسەر کردارەکان بدەی، دەنا ئەوەی کە پێی دەگوترێ هێڵی بەردەوامی کردارەکان دەترازێ و لێک دەپچڕێن.

## ژیانی جەستەییی ڕۆڵ

با ئەکتەرانت ژیانی جەستەیی ڕۆڵەکە بخوڵقێنن، ئەمەش هەر چەمکی ستانیسلاڤسکییە، ئەو تەنیا باسی لە ژیانی ڕۆحی ڕۆڵ نەکردووە، بگرە بایەخێکی زۆری بەژیانی فیزیکی ڕۆڵیش داوە. وەکو چۆن دانەری مۆسیقا ئاوازەکەی بەنۆتە دادەنێ و دەینووسێتەوە، ئاواش ڕیژیسۆر دەبێ ژیانی فیزیکی ڕۆڵ بچەسپێنێ. ژیانی فیزیکی ڕۆڵ بریتییە لە زنجیرەی کردارەکان لە ناو هێڵی دراماکەدا. ستانیسلاڤسکی دەڵێ: «ئەگەر لە ڕۆڵەکەتدا ڕاستگۆیانە باوەڕت بەهەموو کردارێکی جەستەیی هەبێ، ئەوەندە نابا ئەو شتە دەخوڵقێنی کە پێی دەگوترێ نۆتەکانی ڕۆڵ، ژیانی جەستەیی ڕۆڵەکەت. بەردەوام دوای ئەم هێڵە بکەوی».

دەتوانی ئەم تەکنیکە تەنانەت لە دەرهێنانیشدا بەکار بێنی. گەلێ لە ڕیژیسۆرانی دنیا وا دەکەن و منیش هەمان ڕێچکەم گرتووە. واتە سەرانسەری شانۆنامەکە بەپێی کردار دابەش دەکەم و هەر بەشە و ناوی کردارێکی لێ دەنێم، کە کرداری سەرەکی ناو بەشەکەیە. تۆ کە کرداری سەرەکیت لە ناخ و دەروونی ئەکتەردا چەسپاند ئیدی زەحمەتە کردار و جووڵەی بێ ئەنجام و بێ مەبەست ئەنجام بدەیت.

لەوە خراپتر نییە وەکو ڕیژیسۆر کردار و جووڵەی پێش وەخت ئامادەکراو بەسەر ئەکتەرانتدا بچەسپێنی. لێگەڕێ با ئەکتەرەکانت خۆیان کردار و زنجیرەی کردار و جووڵەکانیان بدۆزنەوە.

وەكو ڕێژیسۆر دەبێ هانیان بدەی و هاریكاری و ڕێنماییان بكەی، بەوەی كە خەیاڵیان بورووژێنی و گیانی داهێنانیان جۆش بدەی، دەبێ وایان ڕابێنی بەدەستی خۆیان مۆتۆری شانۆنامەكە بخەنە گەڕ.

## ڕیژیسۆر و شانۆنامە

هەر ڕێژیسۆرێک تەرزێ شانۆنامەی لا پەسەندە. زۆرینەی ڕێژیسیۆران لەم سەردەمەی ئێستاماندا حەز لە شانۆی کلاسیک دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ئەدەبی شانۆی سایکۆلۆجی ڕۆژ دوای ڕۆژ لای ڕیژیسۆرانی ئەوروپا پتر برەو پەیدا دەکا. بەهەمان شێوە گەلێ کەس هەن حەز بەشانۆی ڕیالیزم دەکەن.

گرینگ ئەوەیە ڕیژیسۆر کلیلی کردنەوەی جیهانی شانۆنامەکەی پێ بێ و ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکا کە هەر ژانرێک، هەر ڕێچکەیەکی ئەدەبی زمانی شانۆیی تایبەتی هەیە و نابێ یەک زمانی شانۆیی بەسەر هەموو ئەم سنفانەدا بسەپێنرێ.

گەلێ جار وا ڕێک دەکەوێ کە ڕێژیسیۆر لەسەر تەرزە شانۆنامەیەک کار دەکا، یان چەندین بەرهەمی نووسەرێکی دراما پێشکێش دەکا، تا وای لێ دێ تەواو ئاشنای جیهانی ئەو نووسەرە دەبێ، ئیدی کارەکەی ئاسان دەبێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا مەترسی چەقبەستن و خۆ دووبارەکردنەوە و دەق پێوەگرتنی لێ دەکرێ. لەو حاڵەتەدا من وام پێ باشە ڕیژیسۆر هۆشمەندانە ئەو ڕێچکەیە بشکێنێ و توانای خۆی لە بەرهەمی جیاوازدا بخاتە گەڕ. واتە دەستبەرداری ئەو نووسەرە بێ و بەرهەمی نووسەرانی دیکە هەڵبژێرێ، بەتایبەت ئەگەر هەستی بەخۆ دووبارەکردنەوە کرد.

ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەم لە تاقیکردنەوەی خۆم لە تیپی شانۆی ئاراراتەوە بۆ سەلما، کاتێ لەسەریەک، سێ شانۆنامە "گێژەن، ڕووتبوونەوە، دوو پێغەمبەر"ی نووسەری پۆلۆنی مرۆژیکم دەرهێناوە. کە ویستم شانۆنامەی چوارەم دەربهێنم، هەستم بەهیچ جۆرە بەرەنگارییەک و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێ لە جیهانی ئەو نووسەرەدا نەدەکرد. جیهانی شانۆنامەکانی مرۆژیک بۆ من جیهانێکی بەشێوازکراو و سیمبولیستی گروتێسک ئامێز بوو. ئەم جیهانە گەلێ نزیکە لە چێژی هونەریمەوە، لەگەڵ ئەو میتۆدەی کە من لەسەری ڕاهاتووم باش دەگونجێ. هەستم دەکرد ئاشنای ئەم ستیلەم و ئیدی دەبێ ئەم ڕێچکەیە بشکێنم. یان هەر نەبێ بۆ ماوەیەک دەستبەرداری ببم. پێویستم بەوە بوو شێوازێکی نوێ تاقی بکەمەوە. شێوازێک کە تەکانێکی دیکە بەکەرەستەی هونەریم بدا و یارمەتیم بدا وەکو دەرهێنەر پێش بکەوم.

## ئەرکی نوێ

لە ڕاستیدا یەکێ لەو مەرجانەی کە ڕیژیسۆر دەبێ لە هەڵبژاردنی دەقدا ڕەچاوی بکا، ئەوەیە کە هەوڵ بدا لە هەر دەقێکدا کە هەڵی دەبژێرێ بۆ خۆی ئەرکێکی نوێی تێدا بەدی بکا، ئەو ئەرکە نوێیە یان بەرەو کەشفێکی تازەی دەبا، یان مەشق و ڕاهێنانێکی دیکەی لە یەکێ لە مەیدانە شاراوەکانی تەکنیکی دەرهێنان بۆ دەڕەخسێنێ، بەم شێوەیە ڕیژیسۆر بەرهەم دوای بەرهەم ئەزموون و تاقیکردنەوەی نوێ و شێواز و کەرەستەی هونەری جودا بەدەست دەهێنێ. تەنیا دەقی سەرکەوتوو و بەپێز ئەم دەرفەتانە بۆ ڕیژیسۆر دەڕەخسێنێ.

دیارە ئەم مەرجەی ڕیژیسۆر لە دەقی شانۆیی پەڵپێکە لایەنی

هونەری دەق دەگرێتەوە. ڕیژیسۆرە بەهرەمەندەکانی مێژووی شانۆ دەرکیان بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە خۆیان لە دەقی لاواز نەداوە، چونکە دەقی لاواز و خراپ، ڕیژیسۆرەکەی هەرچەندە داهێنەر و کارامە بێ، هەرگیز ناتوانێ شاکارێکی لێ دروست بکا.

ئەگەر دەقی لاواز، جا لە ڕووی ناوەرۆکی ئەدەبییەوە بێ یان لە ڕووی پێکهاتە و بینای هونەرییەوە بێ، هەرگیز ئەو بوارەت بۆ نارەخسێنێ، وەکو ڕیژیسۆر پەرە بەکاری خۆی بدا و پێش بکەوێ. فەرموو بەدرێژاییی مێژوو سەرنجی کارەکانی کەڵە ڕیژیسۆرانی شانۆ بدە، دەست بەجێ بۆت دەردەکەوێ کە لە دەق هەڵبژاردندا هەمیشە پەنایان بۆ شاکارەکان بردووە و هەرگیز دەقی لاوازیان هەڵنەبژاردووە. خۆ ئەگەر جاروبار بەهەڵە دەقێکی لاوازیان هەڵبژاردبێ، ئەوە پاشتر باجی ئەو هەڵەیەیان داوە و لێی پەشیمان بوونەتەوە.

ئەو ڕێچکەیەی کە ڕیژیسۆر لەسەری ڕاهاتووە، یان ئەو شێوازەی کە لە چەند بەرهەمێکدا دووبارە دەبێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی هیچ ئەرکێکی نوێ ناگرێتە خۆ، بۆیە تێکشاندنی بەمەبەستی خۆ نوێکردنەوە کارێکی پێویستە. من پێشتر کارم لەسەر ڕیالیزم و سیمبۆلیزم و لا مەعقوول و کلاسیک کردبوو، لەم ساڵانەی دواییدا دەمویست ڕێچکەی سایکۆلۆجیا تاقی بکەمەوە. ئەوە بوو لە ئارارات شانۆنامەی مەرگ و کچم لە نووسینی ئاریل دۆرفمان دەرهێنا، ئەم شانۆنامەیە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا لە شانۆ گەورەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا، وەکو شانۆی نەتەوەیی لە لەندەن و شانۆی شاهانە لە ستۆکهۆڵم و هەروەها لە ئەڵمانیا و گەلێ لە وڵاتانی جیهان

پێشکێش کرابوو. ئەمە جگە لەوەی کە ڕێژیسۆری بەناوبانگی سینەما ڕۆمان ڕۆلانسکی وەکو فیلم پێشکێشی کرد.

دیارە من بۆیە باسی ئەمە دەکەم، تاکو بایەخ و گرینگی دەقەکە بسەلمێنم، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا خاڵێکی گەلێ گرینگە بۆ ڕێژیسۆر. ڕێژیسۆر دەبێ تەواو لەوە دڵنیا بێ کە دەقی شانۆنامەکەی شاکارە و ئەدەبێکی بەرزە و بەرهەمی درامانووسێکی کارامە و دەست ڕەنگین و وەستایە، هەروا بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادا، بۆیە ئەدەبی شانۆی جیهانی لەم ڕووەوە پتر جێگەی متمانەیە، بەبەراورد لەگەڵ نووسینی خۆماڵی.

## شانۆنامەکەت و ڕێژیسۆران

کە شانۆنامەیەک سەرنجت ڕادەکێشێ و بیر لە دەرهێنانی دەکەیتەوە بۆ ئەوەی پتر لە بایەخ و پایەی شانۆنامەکە دڵنیا بی، دەکرێ ڕێگەیەکی دیکە بگریتە بەر، ئەویش ئەوەیە هەوڵ بدە لە مێژووی ئەو شانۆنامەیە لەلای ڕێژیسۆرانی دیکە بکۆڵەوە، هەروەها بزانە لە کام شانۆی خاوەن پرۆفیل و پایەداردا پێشکێش کراوە. ئەمە بەجیهانبینی ڕێژیسۆرانی دیکەت ئاشنا دەکا و دید و بۆچوونەکانت فراوان و قووڵتر دەکا.

ئەگەر شانۆنامەی پشکنەری گۆگۆل بەنموونە وەربگرین، شانۆنامەکە لە سەردەمی خۆیدا لە لایەن ستانیسلافسکی و میرهولد، پاشان لەم سەردەمەدا لەلایەن تۆڤستۆنۆگۆڤ و پلۆچک و دەیان ڕێژیسۆری بلیمەتی ڕووسیادا دەرهێنراوە، ئیدی گومان لەوەدا نامێنێ کە ئەم شانۆنامەیە شاکارە و لە ڕووی سەنعەت و تەکنیکەوە

بێ غەل و غەشە و کەموکوڕی و کەلێن قبووڵ ناکا، چونکە بەئەزموون و تاقیکردنەوەی دەیان ڕێژیسۆر و دراماناس و دراماتۆرگی پسپۆڕدا تێپەڕیوە، بۆیە ئەوە بکە بەپێوەر، ڕێژیسۆرە بەتوانا و کارزانەکان قەت شانۆنامەی سەقەت و لاواز هەڵنابژێرن.

## پشاکارەکان و کەڵە ڕێژیسۆران

یەکێ لە ڕێگە کورتەکانی یەکالاکردنەوەی دەقی شاکار ئەوەیە، لە مێژووی شانۆ ئەو ڕاستییەت بۆ ساغ بێتەوە کە ئەو دەقە سەرکەوتووانە کامانەن کە ڕێژیسۆرە بلیمەتەکان پەسەندیان کردوون و کاریان لەسەر کردوون؟ ئەگەر دیقەت بدەی یەکسەر بۆت دەردەکەوێ شاکارەکانی شانۆ لەم دەست و ئەو دەستی کەڵە ڕێژیسۆرانی جیهاندا دەستاودەستی کردووە.

چەندین هەزار جار هاملێت لە لایەن ڕێژیسۆرە بەتواناکانی غەیرە ئینگلیزەوە خراوەتە سەر تەختەی شانۆ، شانۆنامەکانی وەک تەرتووفی مۆلییر و ڤانیای چێخۆڤ و ماڵی بووکەشووشەی ئیبسن و سەدانی دیکەش، لە وڵاتانی دەرەوەی وڵاتانی نووسەرەکانیان پێشکێش کراون و بەردەوامیش پێشکێش دەکرێن. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەفسانەی دەقی خۆماڵی پووچ دەکاتەوە، ئەوەش دەسەلمێنێ کە هەموو دەقێکی سەرکەوتوو و هونەرین بۆ ڕێژیسۆری خاوەن فەنتازیا و خەیاڵ، خاوەن بەهرە و میتۆد و ستیل، دەقێکی خۆماڵییە و لە هەمان کاتیشدا دەقێکی جیهانییە یان چاکتر وایە بڵێم گەردوونییە، ئەوەش پابەندە بەجیهانبینی و ئاستی ڕۆشنبیری و هونەری ڕێژیسۆرەوە. ڕێژیسۆری خاوەن دید و جیهانبینی فراوان و بەربڵاو، هەموو کەلەپووری ئینسانی بەهی خۆی دەزانێ و وا هەست دەکا کە

شەکسپیر و مۆلێیر و بێکیت لە دراوسێ و هاوشارییەکەی قووڵتر و هونەرییانەتر گوزارشتی لێوە دەکەن.

کە ڕیژیسۆر کار لەسەر شانۆنامەیەک دەکا، دەبێ باوەڕی لەو هەستەوە سەرچاوە بگرێ کە ئەو بەرهەمە بەتایبەت بۆ ئەم و ئەنسامبڵەکەی نووسراوە. دەبێ باوەڕێکی ئەوتۆی هەبێ کە ئەم بەرهەمە هەر ئەمڕۆ بۆ ئەو سەردەمە نووسراوە. هەرچەندە کاری گەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەشانۆنامەکە کردبێ، تەنانەت ئاگەداری شێواز و چۆنیەتی پێشکێشکردنەکەی لە لایەن ڕیژیسۆرانی پێش خۆیەوە هەبێ، بەڵام کە دەست بەکار دەبێ، چ خۆی و چ ئەنسامبڵەکەی دەبێ وا کاری لەسەر بکەن وەک ئەوەی ئەو شانۆنامەیە بۆ ئەوان نووسرابێ و سەد لەسەد لەگەڵ سەردەم و توانا و ئیمکانیاتی ئەوان دەگونجێ. وەکو منۆچکین دەڵێ: وا هەست دەکەین نووسەر شانۆنامەکەی خۆی هەر دوێنێ بەفاکس بۆ ناردووین.

## هەڵبژاردنی تێکست... هەڵبژاردنی هاوسەر

هەوڵ بدە لە هەڵبژاردنی تێکستی شانۆییدا هەڵە نەکەی. سەرکەوتنت لە هەڵبژاردنی دەقدا، یانی ئیمکانیەتی سەرکەوتن لە سەرجەمی نمایشەکەدا. بەپێچەوانەوە، ئەگەر لە هەڵبژاردنی شانۆنامەکەدا بەهەڵەدا بچی، ئیدی هیچ شتێک دادت نادات و مەحاڵە نمایشێکی باش بەرهەم بهێنی.

ڕیژیسۆری ئەمریکایی جیمس ڕۆدگەرس دەڵێ: هەڵبژاردنی شانۆنامە وەکو هەڵبژاردنی هاوسەر وایە، ئەگەر لە هەڵبژاردنیدا بەهەڵە بچی، سەرتاسەری پرۆسەی پرۆڤەکردن و نمایشەکەت پڕ دەبێ

لە گیروگرفت و کێشـە، هەرچەندە هەوڵ بدەی و تێبکۆشی کارەکەت بەشکست و نەهامەتی کۆتایی پێ دێ.

## دەقی باش و ئەکتەری باش

هارۆلد کلورمان دەڵێ، هەندێ جار ئامۆژگاری قوتابییەکانم دەکەم و پێیان دەڵێم: دەقی باش و ئەکتەری باش هەڵبژێرن، دەبن بەڕیژیسۆری باش. واتە دەقی خراپ کەس ناکات بەڕیژیسۆرێکی باش. دەقی خراپ یان دەقی لاواز دەرگـە و پەنجـەرەی تێـدا نیـیـە تاکـو ڕیژیسـۆر بەکلیلەکانی خۆی بیانکاتەوە، دەقی لاواز پانتایی و فەزای تێیدا نییە تاکو ڕیژیسۆر ئیمکانیاتی خۆی و کەشفەکانی فەنتازیا و خەیاڵی تێدا پیـشـان بدات. دەقی لاواز لەسـەر شـانۆدا جـیـهـانێکی زیندوو و دینامیکی لێ ناوەشێتەوە.

## سێ پرسیار

سێ پرسیاری گرینگ هەن کە ڕیژیسۆر دەبێ لە دەست نیشانکردنی دەقدا ئاراسـتـەی خۆی بکا. ئەم سێ پرسـیارە پێیـان دەگوترێ سێ گۆشـەکە: ئەو دەقە تا چ ڕادەیەک بۆ خـەڵک دەگونجێ؟ تا چ ڕادەیەک بۆ شـانۆکەت و بۆ ئەکتـەرەکانت دەگونجێ؟ تا چ ڕادەیەک بۆ جیهانی سەر شانۆ دەگونجێ؟

بۆ خـەڵک واتە: چەند بەلای خـەڵکەوە پەسـەندە و بابەت و فیکرەکەی چەند لە خـەڵکەوە نزیکە و تا چەند گوزارشـتیان لێ دەکا. ئایا زمانی ئەو شـانۆنامـەیە لەگـەڵ ئاسـتی ئەو خـەڵکە دەگـونجێ. ئایا پـەیامی شانۆگەرییەکە بۆ ئەوانەی دێن بۆ تەماشاکردنی بەکەڵکە؟ ئایا پەیامی سـیـاسی و کـۆمـەڵایـەتی شـانۆنامـەکە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ ئەو

جەمهوورەی تەماشای دەکا؟ ئایا لە شانۆنامەکەتدا دیمەنی جووڵە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەوتۆی تێدایە کە لەگەڵ چێژی گشتی ئەو خەڵکەدا نەگونجێ؟ بۆ نموونە دیمەنی سێکس یان ماچکردن یان سەما و دەست لەملانێ و... تاد.

بۆ شانۆکەت و بۆ ئەکتەرەکانت: ئایا شانۆکەت لە ڕووی دارایی و بودجەوە دەتوانێ ئەو شانۆگەرییە بەرهەم بێنێ؟ ئایا ئەکتەرەکانت توانای هونەرییان بەسەر نمایشکردنی ئەو شانۆنامەیەدا دەشکێ؟ سەبارەت بەجیهانی شانۆش: دەبێ ئەوە لێک بدەیتەوە کە جیهانی ئەو دەقە تا چ ئاستێک لەسەر شانۆدا زیندوو دەبێ. ئایا لایەنی تەکنیکی شانۆگەرییەکە وەکو سینۆگرافیا و ڕووناکی و دەنگ و مۆسیقا و جلوبەرگ و ئێکسسوار لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەنجام دەدرێ؟ ئایا ئیمکانە وێنەیەکی هونەری ئەوتۆی دەقەکە لەسەر شانۆدا بخوڵقێ؟

### ئەرێ شانۆگەرییەکە دەربارەی چییە؟

ئەم پرسیارە ساکارە پرسیاری جەمهوورە. کە بەهەر کەسێک دەڵێم شانۆنامەیەک نمایش دەکرێ و برۆ بیبینە، یەکسەر لێم دەپرسێ، باسی چی دەکا؟ دەربارەی چییە؟

لە ڕاستیدا تەنانەت تۆش وەکو ڕیژیسۆر، کاتێ کە بۆ یەکەم جار دەقێک دەخوێنیتەوە، هەر ئەم پرسیارە سادەیە دەکەی.

یەکەم بڕیارت لە هەڵبژاردنی شانۆنامەیەکدا گەلێ گرینگە. پرسیارێک سەبارەت بەهەڵبژاردنەکەت گەلێ گرینگە کە ئەوەیە: چی وات لێ دەکا ئەو شانۆنامەیەت بەدڵ بێ و بتەوێ بیخەیتە سەر شانۆ؟ ئەگەر ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە دەڵێم:

بابەتەکە و فۆرمە هونەرییەکەی.

کە وەڵامی ئەم پرسیارەت دایەوە و زانیت ئەو هۆکارە چییە، ئەمجا تا دەتوانی ئەو شتە یان ئەو ڕەگەزە لە نمایشەکەتدا تەواو ساغ بکەرەوە و جەختی لەسەر بکە و هەموو هەوڵێ بدە زیندوو ڕایگری. وەکو ستانیسلاڤسکی دەڵێ ئەو شتە بکە بەئەرکی سوپەر سەرەکی.

## چەند حەزت لە شانۆنامەکەیە؟

بەڵام بەتەنیا ئەوەش بەس نییە. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، دەبێ ئەو شانۆنامەیەت خۆش بوێ و تەواو حەزی لێ بکەی. دەبێ ناخت ببزوێنێ و تەواو دڵنیا بی لەوەی کە ئارەزووی بەرجەستەکردنی ئەو دەقەت هەیە. ئەنجا بڕیاری کۆتایی لەسەر بدە. حەقیقەتی ئەوەی کە دەقەکە سەرکەوتووە و لە هەموو ڕوویەکەوە بێ خەوش و کەلێنە، بەس نییە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەی، دەبێ عاشقی ئەو دەقە بی، ئەگەرنا تووشی کێشەیەکی گەورە دەبی.

تۆ کە شانۆنامەیەک هەڵدەبژێری، دەبێ بەدرێژایی کارکردن هەوڵ بدەی گیانی بخەیتە بەر. لە ڕاستیدا دەرهێنانی شانۆیی یانی گیان خستنەبەر دەق، واتە، کاری ڕیژیسۆر لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ژیان بەدەق ببەخشێ.

تۆ ناتوانی گیان بخەیتە بەر دەقێک ئەگەر تا ڕادەی عیشق خۆشت نەوێ. ئەگەر یەک تۆزقاڵ لە دەقەکە بەگومان و دوودڵ بی، ئاکامی کارەکەت بێهوودە دەبێ و پاش چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێک لە پرۆڤەکردن مایەپووچ دەبی.

## ناوەڕۆک و فۆرم

دوو جەمسەر کار دەکەنە سەر هەڵبژاردنی هەر شانۆنامەیەک، ئەویش ناوەرۆک و فۆرمی هونەرییە. هەوڵ بدە قەت یەکێ لەم دووانە فەرامۆش نەکەی.

له هونەردا ناوەرۆک و فۆرم شان بەشانی یەکدی دەڕۆن. ڕاستە پێوەندی نێوانیان بەگشتی ئاڵۆزە، لە مەیدانی ئێستێتیکادا گەلێکی لەسەر نووسراوە، بەلام لە هونەری شانۆدا چ هاوئاهەنگیان چ کۆنتراستیان لەگەڵ یەکتری، گەلێ گرینگە.

ستریێهلەر دەڵێ: قەت شانۆنامەیەکم تەنیا لەبەر ناوەرۆکەکەی یان تەنیا لەبەر فۆرمەکەی هەڵنەبژاردووە.

## بۆ ئەم شانۆنامەیە؟ بۆ ئێستا؟ بۆ لێرە؟ بۆ کێ؟

هارۆلد کلورمانی کەڵە ڕیژیسۆری ئەمریکایی دەڵێ: «لە هەر ڕیژیسۆرێک بپرسی چیت دەوێ؟ لەوانەیە پێت بڵێ شانۆنامەیەکی باشم دەوێ، بەلام مانای شانۆنامەی باش لە ڕیژیسۆرێکەوە بۆ ڕیژیسۆرێکی دی دەگۆڕێ».

لێرەدا نامەوێ بچمە ناو مەیدانی ئەدەبی شانۆیی و بواری دراماتۆرگییەوە.

ئەوەندە دەڵێم کە شانۆنامەیەکی باش بەلای منەوە چی دەگەیەنێ، یان ڕاستتر وایە بڵێم کە لە هەڵبژاردنی شانۆنامەیەکدا چی لە بەرچاو دەگرم.

منیش وەکو ڕێبەرانی شانۆ، مییرهولد، ستانیسلاڤسکی، تۆڤستۆنۆگۆڤ، کلورمان پێم وایە دەقێکی باش ئەو دەقەیە کە

بەرهەمێکی ئەدەبی ئاست بەرز بێ، پێوەندی بەڕۆحی سەردەمەوە هەبێ، زمانێکی گەرم و پڕ وزە و توانای مەجاز و شیعری هەبێ و کەسایەتییەکانی زیندوو بن و خاوەن سیمای دیار و ئاشکرا بن.

من دەزانم لەناو ڕیژیسۆراندا کەسانی وا هەن کە شانۆنامەیەک دەردەهێنن، هەر لەبەرئەوەی دەرهێنانەکەی بەئاسانی بۆ دەڕەخسێ، دەشزانم ڕیژیسۆری وا هەیە کە دەڵێ من گوێ بەجەمهوور نادەم، یان بەلامەوە گرینگ نییە جەمهوور هەبێ یان نەبێ. من دژ بەو جۆرە ڕیژیسۆرانە نیم، بەڵام من لەو جۆرە ڕیژیسۆرانە نیم.

پێوەری سەرەکیم لە هەڵبژاردنی دەقدا، پێوەندی دەقەکەیە بەسەردەمەکەوە و گەیاندنی ئەرکی وەکو ستانیسلاڤسکی دەڵێ سوپەر سەرەکییە، واتە: بۆ ئەم شانۆنامەیە؟ بۆچی ئێستا؟ بۆ لێرە؟ بۆ کێ؟

## تۆ ناتوانی هاملێت بێ هاملێت دەربهێنی

بەر لە هەموو شتێک دەبێ دەقێک هەڵبژێری کە لەگەڵ توانای شانۆکەت و ئەکتەرەکانتدا بگونجێ. تۆ ناتوانی هاملێت دەربهێنی ئەگەر ئەکتەرێکی بەتوانات نەبێ ڕۆڵی هاملێت ببینێ. ئەگەر هەر سەرکێشی بکەی بەرهەمێکی کرچ و کاڵ بەئەنجام دەگەیەنی. ئەمە خاڵێکی گەلێ گرینگە.

کە پێم دەڵێن فلانە ڕیژیسۆر هاملێت یان یۆلیۆس سیزەر دەردەهێنێ یەکسەر دەپرسم کێ هاملێتە؟ کێ یۆلیۆس سیزەرە؟ ئەگەر جەمهوور توانای ئەکتەرەکەت بزانن و پێشتر بیناسن و بزانن ئەکتەرەکەت ئەو بارەی پێ هەڵناگیرێ، کارەکەت بەهەند وەرناگرن و

بەچاوێکی نزمــەوە تەمــاشــای بـەرهەمــەکــەت دەکــەن. گــەلێ لە ڕێژیسـۆرانـی دنیـا خـەون بەم شـانـۆنامـە و بەو شـانـۆنامـەیەوە دەبیـن، بەڵام لەبەر نەبوونی کاستی تەواو خۆیانی لێ نادەن.

لە ئینگمـار بێـرگـمـانیـان پرسی بۆچی خـۆت لە شـانۆنامـەکـانی چێخوڤ نادەی، لە وەڵامدا گوتی چونکە شانۆنامەکانی ئەگەر تاکە یەک ئەکتەری لاواز بێ، تێکڕای بینای شانۆگەرییەکە دەڕووخێنێ.

هارۆلد کلورمان دەگێڕێتەوە کە جارێک لە هێلینا ڤایگڵی هاوسەری بریخـتـیـان پرسـی کـە ئەو سـەردەمـە بەڕێوەبەری شـانۆی بەرلینەر ئەنسـامـبل و ئەکـتـەری یەکـەمی شـانۆکـەش بوو: بۆچی شـانۆنامـەی شـڤایگ لە جـەنگی دووەمی جیـهـاندا دەرناهـێنن؟ ئەمە لە کاتێکدا کە شـانۆنامـەکە لە پاریس و لە چەندین شـاری دیکەی ئەڵمـانیـادا نمایش کرابوو، لە وەڵامـدا گوتی: چونکە ئەکـتـەرێکی وا باشـمـان نییـە ڕۆڵی شڤایگ ببینێ.

## هزری سەرەکی

هـزری ســەرەکی دەبێ لای هـەمــوو ئەکــتــەران و کــارمــەندان و تەکنیکارانی شـانۆمـەکە ڕوون و ئاشکرا بێ، ئەمـەش تەنیا کاتێ دێتە دی کە لە لای ڕێژیسـۆر خـۆی ڕوون و ئاشکرا بێ و سووک و ئاسـان و پوخـتـە دارێژرابێ. ئەکتـەران لـە هەمـوو هەنگاوێکیـاندا دەبێ هزری ســەرەکــیــان لە مــێـشـکدا چەســپــابێ، پێم وایە کــەس وەکــو ستانیسلاڤسکی ئەمەی بەوردی و میتۆدیکانە ڕوون نەکردووەتەوە.

ئەگەر ڕێژیسـۆر بیـەوێ لە گرینگی هزری سـەرەکی تێ بگا و کاری لەســەر بکا، بـاشــتــر وایە بـەوردی بابەتی ئـەرک و ئەرکی ســەرەکی و

سوپەر ئەرکی سەرەکی ستانیسلاڤسکی بخوێنێتەوە و لە پراکتیکدا کاری لەسەر بکا، ئەم قسەیە بێگومان نەک هەر ئەکتەران، بگرە هەموو هاوکارانی ناو شانۆگەرییەکە دەگرێتەوە.

## هزرێک یان دوو سێ هزر

لەوە خراپتر نییە ڕیژیسۆر لە نێوان دوو سێ هزردا مەلەوانی بکا. دڵنیا بە ناتوانێ هیچیان بگەیەنێ، بەڵام کە ڕیژیسۆر جەختی لەسەر هزرێک کرد و لە پلەی سەرەکی و یەکەمدا داینا و مامەڵەی لەگەڵدا کرد، تەنانەت ئەگەر بەتەواوەتیش گوزارشتی لێ نەکا، ئەوە تاڕادەیەکی باش دەگەیەنێ، باشتر لەوەی چەند هزرێک بەنیوە و ناچڵی بەدەستەوە بدا.

چەند باش لە هزری سەرەکی شانۆنامەکەت تێگەیشتبی، ئەوەندە ئاسانتر و کارامەتر بەرجەستەی دەکەی. ئەگەر ڕاست لە هزری سەرەکی شانۆنامەکەت بگەی، دەتوانی هەموو بەش و دیمەنەکانی شانۆنامەکە لە یەک یەکەدا، لە یەک سەرجەمدا بەرجەستە بکەی، چونکە لە ڕاستیدا هزری سەرەکی ئەو هزرەیە کە هەموو پارچەکانی شانۆگەرییەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

جارێک لە کچە دەرهێنەرێکی سوێدی کەم ئەزموونم پرسی کە خەریکی دەرهێنانی شانۆنامەیەکی "جۆن فۆسی"ی نەرویجی بوو: پرۆڤەکانت چۆن دەڕۆن؟ گوتی خراپ ناڕوات، بەڵام سەبارەت بەهزری سەرەکی شانۆنامەکە کێشەیەکی گەورەم هەیە. شانۆنامەکە ئەوەندە هزری جۆر بەجۆری تێدایە، نازانم کامیان بەسەرەکی بژمێرم و کامیان بەلاوەکی دابنێم.

پێم گـوت: ئەوە تەنیـا پابەندە بەخـۆتەوە. کـامـیـان بەلای تۆوە مـەبەسـتـە، کـامـیـان لەوانی تر بەهێـزترە، ئەوەیان دەبێ بەهزری سەرەکی. تۆ سەرپشکی، بەلام بەرپرسی لە گوزارشتکردن لەو هزرە و پاساودانی، بەهەمان شێوەش بەرجەستەکردن و گەیاندنی.

ئەمەی من بەو کچەم گوت، یەکێکە لە وانە بنچینەیییەکانی بواری دەرهێنان.

ڕیژیسـۆری ئەمـریکایی ڕۆبیرت ولسن دەڵێ: شـانۆ بەر لە هەمـوو شـتێک دەبێ باس لە یەک شـتی سـەرەکی بکا، پاشـان دەکرێ باسی ملیۆنان شتی دیکە بکا.

تا بۆت دەکرێ هزری شانۆنامـەکەت بەکورتی داڕێژە، ئەگەر دەکرێ لە یـەک ڕسـتـەدا دای ڕێژە. تێـری جـۆن کـۆنڤـیـرس، ڕیـژیسـۆر و مـامـۆسـتـای هونەری دەرهێنان لە ئەمریکا، پێی وایە باشترین دیمەن بۆ دۆزینەوە و دەست نیشـانکردنی هزری سـەرەکی، دیمەنی لوتکەیە، چونکە لەوێدا کـێـشـە و ملـمـلانـێ زەق و ڕوونتـر دیارە. لە دیمـەنی لوتکەدا بواری زۆر بـڵـێی و پێچ و پەنا نیـیـە، هـەمـوو کـەسـێ لەوێ دەیەوێ ڕاستەوخۆ و ڕاست و ڕەوان گوزارشت لە خۆی بکا.

هزری سەرەکیش دەبێ ئاوا بێ و ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێ.

### دەست نیشانکردنی هزری سەرەکی

دەست نیشـانکردنی هزری سـەرەکی شـانۆنامـەکە هەمـوو دەمێ ئاسان نییە، بەتایبەتی کە شـانۆنامەکە چەند هزرێک هەڵ بگرێ و قابیل بەوە بێ بەچەند جـۆرێک لێک بدرێتـەوە، ئەمە بۆ نموونە لە شـانۆنامـەکانی شـەکـسـپـیـردا بەزەقی بەدی دەکـرێ. هەرچۆنێک بێ ڕیـژیسـۆر سەربەستە لە خوێندنەوەی شانۆنامەکە و داکۆکیکردن لەو هزرەی پێی

پەسەندە، گرینگ ئەوەیە چەند لە چەسپاندن و گوزارشت لێوەکردنیدا سەرکەوتوو دەبێ.

ئەگەر بۆ نموونە باس لە هزری سەرەکی شانۆنامەی ئۆتێللۆی شەکسپیر بکەین، دەکرێ بڵێین هزری سەرەکی شانۆنامەکە دەربارەی دڵ پیسییە، دەشکرێ بڵێین دەربارەی خۆشەویستی و ڕقە، میرهولد دەڵێ نە ئەمیانە و نە ئەو، شانۆنامەی ئۆتیللۆ بەلای منەوە دەربارەی شەڕخوازی ناو دەروونی مرۆڤە. دیارە شانۆنامەکە بەم هەموو هزرە جیاوازانەوە پێشکێش کراوە، هەر نمایشە و بەڵگە و مۆتیڤی خۆی هەیە. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ ئەوە لە بیر نەکەی، هەموو کاتێ هزری نووسەر و هزری ڕیژیسۆر مەرج نییە یەک بن، ئەو نموونەیەی میرهولد وا بزانم، بەڵگەیەکی باشی ئەم بۆچوونەیە.

هەرچۆنێ بێ دەبێ هزر یان هزرەکانت لە ناو هەناوی شانۆنامەکەتەوە هەڵبقوڵێ، دەنا لەگەڵ نووسەردا دەکەوێتە شەڕێکی بێهوودەوە، کە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی پرۆسەی داهێناندا نابێ.

کە هزری سەرەکی شانۆنامەکەت دەست نیشان کرد، هەوڵبدە دوای حەدس و سەلیقەی خۆت بکەوی و ئەو هێڵەی کە هزری سەرەکی شانۆگەرییەکە دەیەوێ، ئەو هێڵە بگرە و لێی لامەدە. هەوڵ بدە دوای خەیاڵ بکەوی نەک مەنتیق، هەوڵ بدە دوای دڵت بکەوی نەک عەقڵ. بیر لە جەمسەر بکەوە نەک لە کەماڵ.

## دەق و تاکە تایبەتمەندییەک

نەکەی شانۆنامەیەک تەنیا لەبەر یەک تایبەتمەندی هەڵبژێری. وەکو ئەوەی شانۆنامەکەت باسی بابەتێکی گرینگ بکا و ناوەرۆکەکەی سەرنجت ڕاکێشێ، بەڵام پێکهاتەی هونەری و تەکنیکی نووسینی

لاواز بێ. ڕەنگە شانۆنامەیەک لە داڕشتنی دیالۆگ و ئاخاوتنەوە گەلێ پەسەند بێ، بەڵام وەکو دراما و کردار لاواز بێ. هەندێ کەس بەزمانی شیعری شانۆنامەیەک دەخەڵەتێن کە ڕەنگە لە ڕووی بینای درامییەوە لەنگ بێ.

دەبێ بەیەک ڕەهەند و بەیەک چاو تەماشای دەقی شانۆیی نەکەی. شانۆنامەی سەرکەوتوو ئەو شانۆنامەیەیە کە هەموو ڕەگەزەکانی شانۆ نووسینی تێدایە، تەنیا یەک تایبەتمەندی، شانۆنامەیەک ناکات بەشانۆنامەیەکی سەرکەوتوو. ڕیژیسۆران زۆر جار بایەخ و گرینگی بابەتی شانۆنامەکە وەکو ناوەڕۆک یان هزری سەرەکی، هەڵیاندەخەڵەتێنێ و چاویان لە ئاستی لاوازی لایەنەکانی دیکەی دەقەکە دەنووقێنن. پاشان لە پرۆڤەکان و نمایشدا کێشە ڕاستەقینەکانی دەقەکەیان بۆ دەردەکەوێ، چونکە هەرچەند وردبینانە دەق بخوێنێتەوە وەکو ئەوە لێی تێناگەی کە لە کاتی پرۆڤەدا لێی تێ دەگەی.

## هێڵی چیرۆکی شانۆنامەکە - چیرۆک گێڕانەوە

لە ناو شانۆنامەکەتدا یەک چیرۆک هەیە کە چیرۆکی سەرەکییە، ئەویش ئەو چیرۆکەیە کە بینا و هەیکەل "حبکە"ی شانۆنامەکەت پێک دێنێ، ئەگەر شان بەشانی چیرۆکی سەرەکی، چیرۆکێ یان چەند چیرۆکێکی دیکە هەبن، ئەوە ئەو جۆرە چیرۆکانە پێیان دەگوترێ چیرۆکی لاوەکی، کە لە بنەڕەتدا دەکەونە پەراوێزی چیرۆکە سەرەکییەکەوە.

کاری تۆ بەپلەی یەکەم دەبێ لەگەڵ چیرۆکە سەرەکییەکە بێ. دەبێ چیرۆکی سەرەکی بەرز ڕاگری و بەهیچ جۆرێ لێی لا نەدەی. دەبێ

بایەخ پێدانت بەچیرۆکەکانی پەراوێزی چیرۆکە سەرەکییەکە، تا ئەو رادەیە بێ کە خزمەت بەچیرۆکە سەرەکییەکە بکا.

ئەوەی کە سەرنجی بینەر بۆ شانۆگەرییەکەت رادەکێشێ و بەدرێژایی نمایشەکە رای دەگرێ، هێڵی چیرۆکی سەرەکی شانۆنامەکەیە و چۆنیەتی گێرانەوەیەتی. ئەگەر لە هێڵی چیرۆکی سەرەکی شانۆنامەکە لابدەیت یان بزری بکەی، ئەوە سەرنج و ئاگا و هۆشی بینەر لە دەست دەدەی.

ریژیسۆری کارامە رێگە نادا چیرۆکەکانی پەراوێز زاڵ بن بەسەر هێڵی سەرەکی گێرانەوەکەدا و دەزانێ تا چی ئاستێک دەبێ بایەخیان پێ بدرێ و لە کوێ و کەی دەبێ تیژبکرێنەوە.

بێ گومان رەگەزی چیرۆک و هونەری گێرانەوە نەک هەر لە شانۆدا، بگرە لە زۆربەی زۆری چەشنەکانی ئەدەبدا هەمان شتە، بەڵام لە شانۆدا بەپێچەوانەی چیرۆکی کورت و رۆمانەوە پتر زارەکییە. بینەر زووتر تاقەتی لە چیرۆکێک دەچێ ئەگەر هێڵی گێرانەوەی تێدا بەرەوانی نەروات. لە ناسینەوەی هێڵی سەرەکی چیرۆکدا منداڵ لە گەورەکان وریاترن، باشترین مەشق ئەوەیە چیرۆک بۆ منداڵ بگێرێتەوە و سەرنج بدە کە لە هێڵی سەرەکی چیرۆکەکەت لادەدەی چۆن ئاگەدارت دەکەنەوە.

## راهێنان لەسەر تەکنیکی گێرانەوە

خۆراهێنان و مەشقکردن لەسەر هێڵی چیرۆکی سەرەکی و هونەری گێرانەوەی چیرۆکەکە، بۆ هەموو ریژیسۆرانی شانۆ و سینەما گەلێ گرینگە. کە رۆمانێک یان چیرۆکێک دەخوێنێتەوە، کاتێ تەماشای شانۆگەرییەک یان فیلمێ دەکەی، بایەخ بەهێڵی سەرەکی رووداوەکە

بده، بزانە چیرۆکەکە چەند بەرەو پێشەوە دەڕوا، ئەکتەران تا چ ڕادەیەک ئاستی گێڕانەوەی چیرۆکە سەرەکییەکە ڕادەگرن، ئایا دەتوانی ئەم تەکنیکە ئاسانە بۆ خۆت بکەی بەمەشق و ڕاهێنان؟

تەرزێک شانۆنامە هەیە کە نەک هەر ڕەگەزی چیرۆک گێڕانەوەی تێدا گرینگە، بگرە هەر شانۆنامەکە خۆی لەسەر ستروکتۆر و قەوارەی حیکایەتخوانی نووسراوە.

لە دەرهێنانی ئەو جۆرە شانۆنامانەدا چاکتر وایە، وۆرک شۆپێکی چیرۆک گێڕانەوە، یان حیکایەتخوانی بۆ ئەکتەرەکانت ڕێک بخەی.

یان چاکتر وایە شارەزایەک یان پسپۆرێکی ئەو بوارە مەشق بەئەکتەرەکانت بکا، ئەگەرنا با ئەکتەرەکان خۆیان وۆرک شۆپەکە ببەن بەڕێوە و سەرنجی یەکدی بدەن و یارمەتی یەکدی بدەن.

ئەزموونی شەخسی خۆم لەم بوارە و لە شانۆگەری هەزار و یەک شەوەدا ئەوەی بۆ سەلماندم کە وۆرک شۆپی گێڕانەوە بێ ئەندازە سوودبەخشە و توانی تەکنیکی گێڕانەوەی ئەکتەران گەلێ بەجوانی ڕێک بخا. شانۆنامەی هەزار و یەک شەوە بریێتی بوو لە چەند چیرۆکێکی ناو کتێبی هەزار و یەک شەوە.

دراماتۆرگ و ڕیژیسۆری بەریتانی دومەنیک کووک لە داڕشتەیەکی درامیدا، هونەری گێڕانەوە و حیکایەتخوانی تێکەڵ بەهونەری ئەکتەر کردووە و شانۆنامەیەکی پتەوی لێ خوڵقاندووە.

هونەری گێڕانەوە لەم سەردەمەدا لە زۆربەی هەرە زۆری کۆلێج و پەیمانگەکاندا دەخوێندرێ.

لە خۆڕاییش نییە کە ڕیژیسۆرێکی وەکو پیتەر برووک ڕێگەی وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیای گرتەبەر، بۆ ئەوەی ئاشنای دینامیکیەت و

وزەی هونەری گێڕانەوەی ئەو وڵاتانە بێ و سوودیان لێ وەرگرێ. لە ئەنجامیشدا نمایشگەلێکی نەمری وەکو مەهاباراتا و کۆنفراسی باڵندانی پێشکێش بەشانۆی سەدەی بیستەم کرد، کە تێیاندا وزە و دینامیکیەتی تەکنیکی هونەری چیرۆک گێڕانەوە باڵادەست و بێ وێنەیە.

مەشق و ڕاهێنان لەسەر هونەری چیرۆک گێڕانەوە یەکێکە لە ڕاهێنانەکانی برووک بۆ پێگەیاندنی ڕیژیسۆر. هونەری گێڕانەوە بەپێی چەشنی ئەدەبی و فۆرمی هونەری لە شانۆنامەیەکەوە بۆ شانۆنامەیەکی دی دەگۆڕێ، بۆ نموونە شانۆی داریوفۆ، چ وەکو پێکهاتەی دراماکە و چ وەکو دەرهێنان و نواندن، یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی شانۆی سەدەی بیستەم، کە لەسەر تەکنیکی گێڕانەوە بنیات نراوە. شێوازی شانۆی داریۆفۆ لەسەر بنەماکانی کۆمیدیای میللی و کۆمیدیای دیل ئارتێ دەڕوا.

ئەرکی بنچینەیی ئەکتەرێ کە بەزارەکی چیرۆک دەگێڕێتەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە توانای ئەوەی هەبێ فانتازیا و خەیاڵی بینەر ببزوێنێ. ئەکتەر کە نمایش دەکا دەبێ پێوەندی لەگەڵ بینەردا دروست بکا، بەشێوەیەک کە ڕای دەکێشێتە ناو جیهانی چیرۆکەکەوە. ئەکتەر بەپێچەوانەی چیرۆکخوان یان داستانبێژی ئاسایی، دوو ئەرکی لەسەرە، دەبێ چیرۆکەکە بیگێڕێتەوە و بەرجەستەش بکا.

ئەکتەرەکانت فێری لێک جوداکردنەوەی ئەم دوو ئەرکە بکە، چونکە کام شانۆنامە بگری خۆی لەخۆیدا چیرۆکێکی تێدایە و ئەکتەر دەبێ بیگێڕێتەوە، ئەرستۆ دەڵێ شانۆ گێڕانەوەی چیرۆکێکە. تەنانەت شانۆی مەلحەمەئامێزی برێختیش کە بەرامبەر بەشانۆی ئەرستۆ

وەستاوەتەوە، لەسەر گێڕانەوە دەڕوا و پێویستی بەئەکتەرێکی حیکایەتبێژە، ئەکتەر لە شانۆی برێختدا ئەگەر لە تەکنیکی گێڕانەوەدا کارامە نەبێ، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. هونەری گێڕانەوە مەرجێکی دراماتۆرگیانەی شانۆی برێختی نووسەرە. لە هەمان کاتدا لە لای برێختی ڕیژیسۆر تەکنیکێکی هونەریشە لە لای برێختی ڕیژیسۆر. برێخت تا ئەو ڕادەیە گێڕانەوەی لە شانۆنامەکانیدا بەبەردی بناخە داناوە، ئیدی ناوی بەش و دیمەن و ئێپێسۆدەکانی شانۆنامە مەلحەمییەکانی لە شێوەی چیرۆکدا داڕشتووە. هەر بۆ نموونە بڕوانە شانۆنامەی گالیلیە: گالیلیە لە ڤاتیکان، گەلیلیە لە ڕۆما.

## وۆرک شۆپی تەکنیکی گێڕانەوە

بەر لە پرۆڤەکردن لە شانۆنامەی هەزار و یەک شەوە، پسپۆڕێکی چیرۆک گێڕانەوەم بۆ سازکردنی وۆرک شۆپێکی سێ ڕۆژە بۆ ئەکتەران بانگهێشت کرد. ماتس ڕێنمان، پسپۆڕێکی بەناوبانگی تەکنیکی گێڕانەوەیە و نووسەری کتێبی "دەنگی چیرۆک"ە کە لە سوێد بەسەرچاوەیەکی گرینگی ئەم هونەرە دادەنرێ. لە دیالۆگەکانی شانۆنامەی هەزار و یەک شەوەدا، گێڕانەوە و نواندن هاوتەریبن و هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی شان بەشانی یەکدی دەڕۆن. وای پێویست دەکرد ئەکتەر تەواو بەسەر تەکنیکی هەردوو هونەرەکەدا زاڵ بێ. نەک هەر ئەوەندە، ڕۆڵ گۆڕینەوە بەشێوەیەکی خێرا لە نێوان نمایشکردن و چیرۆک گێڕانەوە، مەرجێکی سەرەکی نمایشکردنی ئەم شانۆنامەیەیە.

کە لەسەر شانۆنامەی گیلگامێش دەستم بەپرۆڤە کرد لە شانۆیەکی دیکەدا هەمان ئەزموونم لەگەڵ ماتس ڕێنماندا دووبارە کردەوە.

ئەمجارەیان وۆرک شۆپەکەمان هەفتەیەکی خایاند، هەر لە بەیانییەوە تاکو ئێوارەی دەخایاند.

لە ئاکامی ئەو وۆرک شۆپەدا، گەیشتمە ئەو باوەڕە کە دەبێ سەرلەنوێ دەستکاری پێکهاتەی درامی شانۆنامەکە بکەم، کە هەر خۆم ئامادەم کردبوو. ئەمەش یەکێک بوو لە کەشفە باشەکانی ئەو هزر و بۆچوونانەی کە لە ئەنجامی مەشق و ڕاهێنانەکانی وۆرک شۆپەکەوە فێری بووم. هەرچەندە گیلگامێش لەبەر گەلێ هۆی ئیداری پێشکێش نەکرا، بەڵام ئەزموونێکی گەلێ بەسوود بوو، بەر لە هەموو شتێک لە ئاستی چیرۆک گێڕانەوە و حیکایەتخوانیدا. ئەگەر پوختەی ئەو دەرسە گرانبەهایەی کە لە ڕەینمانەوە فێری بووم داڕێژم دەڵێم: فێری تەکنیکێکی کردم کە لە ناوەرۆکدا جەختکردنە لەسەر بەگەڕخستن و ئەکتیڤکردنی خەیاڵی بینەر.

بەشداریکردنی ویژدانی و لە هەندێ حاڵەتیشدا جەستەیی بینەر پێوەندییەکی پتەوی بەهونەر و تەکنیکی گێڕانەوەوە هەیە. ڕیژیسۆر بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بەوە هەیە باش کار لەسەر ئەم هونەرە بکا و بزانێ چۆن هێڵی چیرۆکەکە لە دەقدا دەست نیشان بکا.

## ڕیژیسۆر و دیدار لەگەڵ تێکستدا

خوێندنەوەی یەکەمی دەقەکەت گەلێ گرینگە، چونکە وەکو ڕیژیسۆری ئەمریکایی میکاییل بلوم دەڵێ: «خوێندنەوەی یەکەم بۆ ڕیژیسۆری دەردەخا کە تا چ ڕادەیەک بینەری ئاسایی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە».

بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریی خوێندنەوەی یەکەم لەسەر مێشک و دەروونی ڕیژیسۆر گەلێ گرینگە، بەمەرجێ ئەو خوێندنەوەیە لە بارودۆخێکی گونجاودا ئەنجام بدرێ.

باشە دەبێ مەبەست لە بارودۆخی گونجاوی خوێندنەوەی دەق چی بێ؟ خوێندنەوەی دەق دەبێ لە ئەتمۆسفیر و بارودۆخێکی لە باری ئەوتۆدا بێ، کە هزر و مێشکی ڕیژیسۆر تەنیا ئاراستەی دەقەکە بێ و لە ناو جیهانی شانۆنامەکە نەترازێ.

هەوڵ بدە لە کاتی خوێندنەوەی یەکەمی شانۆنامەکەدا لە هەموو شتێ داببڕێی، لە ئامرازەکانی پێوەندی بەدەوروبەر و بیستن و دیتن وەکو تەلیفۆن، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، مۆسیقا دوور بکەویتەوە. باشترین خوێندنەوە ئەوەیە کە مێشک و دڵ و دەروونت تەواو لەسەر دەقەکە بێ. خوێندنەوەی یەکەمت بەیەک هەناسە بێ و لە یەک دانیشتندا دەقەکە تا کۆتایی بخوێنەوە.

ئەو ڕیژیسۆرانەی کە دەق بەپچڕ پچڕی و لە چایخانە و لە ناو پاسدا یان بەتەماشای تەلەفزیۆن و گوێگرتن لە ڕادیۆوە دەخوێننەوە،

پاشتر کاڵفامی و بەهەڵە تێگەیشتنیان لە دەق لە کاتی نمایشەکەدا دەردەکەوێ.

پاش خوێندنەوەی یەکەم، تێفکرین و بۆچوونەکانی خۆت تۆمار بکە، با بۆچوونەکانت گەلێ سادە و ڕاستەوخۆ بن.

بۆ نموونە: زمانی شانۆنامەکەم پێ باشە، بابەتەکەی لەگەڵ سەردەمدا دەگونجێ، بەڵام هەندێ دیمەنی درێژە، کەسایەتییەکان چاک وێنەکێشراون و... هتد، پاشتر دوای خوێندنەوەی دووەم و سێیەم و قووڵبوونەوە لە دەقەکە و لە پرۆڤەکان و لە ناو پرۆسەی کارکردندا بۆت دەردەکەوێ کە ئەو بۆچوونانەی خوێندنەوەکانی یەکەم جارت چەند گرینگن، ئەمجا چۆن چارەسەر بۆ کۆسپ و بەربەست و کێشەکانی ناو شانۆنامەکە دەدۆزیتەوە. هەر بلوم خۆی دەڵێ: لە کاتی پرۆڤەکردندا، کە لە دیمەنێکدا تووشی کێشە دەبم، هەوڵ دەدەم بەبیری خۆمی بێنمەوە کە لە خوێندنەوەی یەکەمدا هەستم بەچی دەکرد.

## خوێندنەوەی شانۆنامەیەکی نوێ

کە ڕووبەڕووی شانۆنامەیەکی نوێ دەبیتەوە و دەتەوێ کاری لەسەر بکەی، هەوڵ بدە خۆت لە هەموو بیر و بۆچوونێکی ڕابردووت ڕزگار بکەی، ئاسوودە و بەمێشک و دەروونی کراوە و سافەوە لە شانۆنامەکە قووڵ ببەوە تا دەتوانی بەوردی بیری لێ بکەوە، وەک ئەوەی هیچ کەرەسەیەکی تەکنیکی و هونەریت لە بیرەوەریدا تۆمار نەکردبێ. بێ حوکمی پێش وەخت، بێ فەرزکردنی فۆرمێکی دیاریکراویان ستیلێک کە خۆت حەزی لێ بکەی ڕووبەڕووی بابەتە تازەکەت ببەوە. لەوە

خراپتر نییە کە ڕیژیسۆر دەستبەجێ و بەدەم خوێندنەوەی یەکەمەوە بڕیاری دوا فۆرمەکانی دەرهێنان و سینۆگرافیا و نمایش و فەزای نمایش بدا.

هەموو ئەمانە دەبێ بەپێی پرۆسەی داهێنان و کارکردن لە گۆڕاندا بن، کەس نازانێ دەقەکەت لە کۆتاییدا چ فۆرم و ڕوخسارێک بەخۆوە دەگرن. خۆ دەبێ هەر واش بێ، چونکە ڕیژیسۆریی پرۆسەیەکی سادە نییە و بەئان و ساتێک کامڵ نابێ.

## کەی شانۆنامەکە شی دەکەیتەوە

لە خوێندنەوەی یەکەمتدا هەوڵ مەدە شانۆنامەکە شی بکەیتەوە، شیکردنەوەی دەق قۆناخێکی پاشترە. لە خوێندنەوەی یەکەمدا یەک ئەرک بگرە ئەستۆی خۆت: بزانە کاریگەریی شانۆنامەکە لەسەر خۆت چییە و تا چەندە.

کە تێکست دەخوێنیتەوە هەوڵ بدە وەکو ڕیژیسۆر بیخوێنیتەوە، نەک وەکو خوێنەرێکی ئاسایی، چونکە خوێندنەوەی ڕیژیسۆر جیاوازە. خوێندنەوەی ڕیژیسۆر خوێندنەوەی شانۆکار و بینەری ئاساییە لە هەمان کاتدا.

لە دیداری یەکەمت لەگەڵ شانۆنامەکەتدا، با دەروونت ئاسوودە و خەیاڵت فراوان بێ. لە بیرت نەچێ کە یادەوەری و هەگبەی شارەزایی کۆن گەلێ جار ڕێگە لە خەیاڵ و داهێنان دەگرن.

هەر کاتێ پەنات بردە بەر خەیاڵ دەبێ بەر لە هەموو شتێ بەمێشکێکی ساف و بەتاڵ و لە بێدەنگیدا پەنای ببەیتە بەر. خەیاڵ لە مێشکی سافەوە هەڵدەقوڵێ. ئەگەر مێشک سەرقاڵ بێ خەیاڵ لە کار

دەکـەوێ. وەکـو هـارۆڵد کلۆرمـان دەڵێ: لێگەڕێ با شـانۆنامـەکە کـار بکاتە سەر تۆ، بەر لەوەی تۆ کار بکەیتە سەر شانۆنامەکەت.

### خوێندنەوەی یەکەم و دووەم

با خـوێندنەوەی دووەم و سـێیـەمت یەک لە دوای یەک نەبن، چەند مـەودای نێوان خوێندنەوەی یەکەم و دووەم و سێیـەم زۆر بێ، ئەوەندە گـومـان و دوودڵیت لا دەرەوێتـەوە. مـەودای زەمـەنی کـارکردن لەسـەر دەقـێک لای هـەمـوو ڕیژیسـۆرێک یەک نیـیـە، تەنـانەت لای یەک ڕیژیسـۆریش لە دەقـێکەوە بۆ دەقـێکی دیکە دەگـۆڕێ. مـیـیـرهـولد شـانۆنامـەی مـاڵی بووکەشـووشـەی ئیبسنی بەسێ ڕۆژ خـسـتـە سـەر شـانـۆ، بەڵام بیست سـاڵێک بیری لە شـانۆنامـەی پشکنەری گـۆگـۆل دەکردەوە، تاکو لـە ١٩٢٦دا بەئەنجامی گەیاند، بەدرێژایی تەمـەنیشی بیری لە دەرهێنانی شانۆنامـەی هاملێت دەکردەوە، هەرچۆنی بێ، ئەو ئاواتەی بردە ژێر گڵەوە.

مـەودای زەمـەنی بیرکردنەوە و کارکردن لەسـەر دەق هەرچەند بێ، ڕیژیسـۆر دەبێ بگاتـە باوەڕێکی ئەوتۆ کـە تەواو لـە دەقـەکـە قـووڵ بووەتەوە و ئەمـجـا لەگەڵ هاوکـارانی، بەتایبەت لەگەڵ سـینۆگرافدا، قسە بکا. تەنانەت ئەو ڕیژیسۆرانەی کە باوەڕیان وایە بەشی سەرەکی شـیکردنەوەی دەق لە کـاتی پرۆڤـەدا مـەیسـەر دەبێ، دەڵێم تەنـانەت ئەوانەش دەبێ خەزێنەیەکی لەباریان لە قووڵبوونەوە بەناو تێکستەکەدا هەبێ بەر لەوەی دەست بەپرۆڤە بکەن.

هونـەر و تەکنیکی خـوێندنەوەی تێکست گـەلێ گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و بەمـیـتـۆدی جـودا ئـەنجـام دەدرێ. لەم سـاڵانەی ڕابردوودا

سـەرچاوەیـەكی زۆر لەبارەی خـوێندنەوەی تێكسـتـەوە نـووسـراوە، لە زۆربەی كـۆلیـجـەكـانـی هونەری شـانۆدا وەكـو بـابەتێكی تایبـەت دەخـوێندرێن. تۆ وەكـو ڕیژیسـۆر دەبێ بەپێی توانـا ئاگـەداری ئەم بۆچوونانە بی و شارەزایییەكی باشت لەم بوارەدا هەبێ.

ئەمـە بكە بەڕێڕەو: چـەند چاكتـر و قـووڵتر لـە شـانۆنامـەكـە بگەی، ئەوەندە چاكتر بەرجـەسـتـەی دەكـەی. هـەربۆیـە تەنیـا لـەو حـاڵـەتەشـدا، واتە كە خۆت بەدەقـەكەدا قووڵ ببیتەوە و چاك لێی تێ بگەی، دەتوانی بیـر و بۆچـوونەكـانـی خـۆت بـەهـاوكـاران و ئـەكـتـەرانت بـەڕوونی و بەشێوەیەكی كۆنكریت و دوور لە ئاڵۆزی بگەیەنێ، تا چاكتر هاوكاران و ئەكتـەرانت لە بیر و بۆچوون و خواست و داواكارییـەكانت بگەن، ئەو دەرهێنانەی تۆ دەتەوێ چاكتر دێتە بەرهەم.

هەرفـۆرمێك پێشـتـر بڕیارت لەسـەر دابێ بەخـراپ كار دەكاتە سـەر پرۆسـەی داهێنان، ئەگەرچی ئەو فـۆرمـانەت گەلێ بەلاوە شـاكار بن. ئەگـەر فـۆرمـێكی دیاركـراوت لا پەسـەندە، یان سـتـیلێك لە هـەمـوو سـتـیلەكانی دیكە پتر سـەرنجت ڕادەكیشێ، هـەمـوو ئەمـانـە ڕێگە لە داهێنان دەگرن، داهێنان لە فۆرم و سـتیلدا پێشـتـر حوكمی لەسـەر نادرێ و دەبێ لە ئان و سـاتدا بخـولقێ، واتە لە شـوێن و كـاتی خـۆیدا دەخـولقـێ و ناگوێزرێنەوە و ناشـدزرێن، فـۆرمـێك كە پێشـتـر بڕیاری لەسـەر دەدەی بەشـێوەیەكی خـۆڕسك بۆت سـاغ نـابێتـەوە، چونكە هـی خـۆت نیـیـە، خـوازراوە، بەداهێنانی خـۆت نەخـولقـاوە، ئەگـەر هـی خـۆیشت بێت، شـێواز و كـەرەسـەیەكی هـەڵەیە و لەگەڵ ئەو بەرهـەمـەدا ناگونجێ و دەست نادا.

## دەقی وەرگێڕدراو

بەداخەوە ئاستی ئەدەبی دەقی وەرگێردراو قەت ناگاتە ئاستی ئەدەبی دەقەکە بەزمانە ئەسڵییەکەی خۆی. دەقی شانۆیی لە تایبەتمەندییەکەیدا لە شیعری دەچێ، بۆیە وەرگێڕەکانی دەقی شانۆیی دەبێ خاوەن ئەزموونی شانۆیی بن و توانایەکی باشیان بەسەر شانۆنامەکەدا بشکێ و لە سروشت و تایبەتمەندیی مەجازی زمانی شانۆ بگەن. ڕیژیسۆرانی خاوەن ئەزموون کێشەیەکی گەورەیان لەگەڵ دەقی وەرگێڕدراودا هەیە و بەئاسانی پەسەندی ناکەن. ئەم کێشەیە بەتایبەتی خۆی لە شانۆنامە شاکارەکاندا دەنوێنێ و بۆ نموونە لە شانۆنامەکانی شەکسپیر و مولیێردا، کە لە وەرگێڕاندا بەشێکی زۆری نرخ و بەهای ئەدەبی خۆیان لە دەست دەدەن. هەر لەبەر ئەوەشە شانۆنامەکانی شەکسپیر چەند جارێک تەرجەمە کراونەتە سەر زمانانی دنیا، سەرەڕای کارزانی و لێهاتوویی وەرگێڕەکان تەرجەمەکانیان هەر مایەی گلەیین.

## بەراوردکردنی دەق

ئەگەر شانۆنامەکەت وەرگێڕدراوە، چاکتر وایە وەرگێڕانەکە لەگەڵ ئەسڵەکەیدا بەراورد بکەی. ئەمە ئەگەر زمانی ئەسڵیی شانۆنامەکە بزانی، ئەگەر نا با کەسێکی زمانزان ئەم ئەرکەت بۆ جێبەجێ بکا، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەرکی دراماتورگە، کە زۆر لایەنی دەقەکەت بۆ ساغ دەکاتەوە خۆ ئەگەر دەقەکە زیاتر لە یەک وەرگێڕانی هەبێ، چاکتر وایە بەهەموویاندا بچیتەوە و بەراوردیان بکەی و گونجاوترینیان هەڵبژێرێ. نەک یەکجار، بگرە بەدرێژایی خوێندنەوە و

پرۆڤەکردن و زمانی شانۆنامەکەت ساغ بکەیتەوە.

لە بیرت نەچێ کە بێ گرێوگۆڵی و ڕەوانی زمانی شانۆنامەکەت مەرجێکی سەرەکییە بۆ نمایشی ئەکتەرەکانت و سەرکەوتنیان. ئەکتەر حەز بەزمانی سادە و ڕەوان بێ قۆرت و گرێ دەکا، بینەریش هەر هەمان ئارەزووی هەیە.

## زەمەنی وەرگێڕان

گەلێ جار شانۆنامەیەک، کە کاتێکی زۆر بەسەر وەرگێڕانیدا تێ دەپەڕێ لەگەڵ زمانی باو و هاوچەرخ، یان زمانی سەردەمی ئێستادا ناگونجێ. لە بەریتانیا و ئەمریکادا سەرلەنوێ شانۆنامەکانی ئیبسن و چێخۆڤ و ستریندبێرگیان وەرگێڕایەوە سەر زمانی ئینگلیزی، دوای ئەوەی کە بۆ شانۆکاران دەرکەوت وەرگێڕانەکانی نزیکەی سەد ساڵ پێش ئێستا بۆ ئەمڕۆ دەست نادا، چونکە لە لایەکەوە زمان خۆی گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە و لە لایەکی دیکەوە زۆربەی زۆری ئەو وەرگێڕانانە لەکاتی خۆیدا بەپەلە پەل ئەنجام دراون، ئیدی چ لەبەر خواستی دەزگاکانی چاپ بووبێ و چ لەبەر پێداویستی بازاڕ بووبێ. کە شانۆنامەی یاری بەئاگری ستریندبێرگم لە ڕووسیا دەرهێنا، ئەکتەرەکان بەر لە خوێندنەوەی یەکەم، پێیان وابوو کە وەرگێڕانەکە لە ڕووی زمانەوە لە زۆر جێگەدا بۆ کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ڕووسیا دەست نادا، شانۆنامەکە بەر لە سەد ساڵ خرابووە سەر زمانی ڕووسی، بۆیە سەرلەنوێ کارمان لەسەر تێکستەکە کرد.

### ڕیتمی زمانی زگماکی شانۆگەرییەکە

با ئەکتەرەکانت بەزمانی ئەسڵی گوێیان لە تێکستەکە بێ، هەوڵ بدە نمایشێکی یان خوێندنەوەیەکی شانۆنامەکەت بەزمانی خۆی پەیدا بکەی و خۆت و ئەکتەرەکانت گوێی لێ بگرن.

ئەمە وا لە ئەکتەرەکانت دەکا ئاشنای چێژ و تام و سەدای زمانی شانۆنامەکە بن و سەبارەت بەڕیتم و تێمپۆی شانۆنامەکە شارەزایی پەیدا دەکەن.

بەرلەوەی دەست بەپرۆڤەکردن بکەم لەسەر شانۆنامەی تەرتووف، گەلێ جار بەزمانی فەرەنسی گوێم لە نمایشی شانۆگەرییەکە دەگرت، چێژ وەرگرتن لە زمانەکە و لە ڕیتمی شیعرەکانی مولێر و ئەدای ئەکتەرە فەرەنسییەکان بوون بەسەرچاوەی ئیلهام، تەنیا ئەو دەمە تێگەیشتم شانۆنامەکە چەند بەهای خۆی لە تەرجەمەکردندا لە دەست داوە.

بەهەمان شێوە کە لە مەغریب شانۆنامەی «خەونی نیوەشەوێکی هاوینم» خستە سەر شانۆ، داوام لە ئەکتەرەکان کرد گوێ لە نمایشێکی شانۆی ڕۆیاڵ شەکسپیر بگرن، تاوەکو بەئەدای ئەکتەرانی خاوەن ئەزموونی ڕۆیال شەکسپیر کۆمپانی، کەم تا زۆر ئاشنای زمان و ڕیتم و سەدا و زایەڵەی وشەکان بن و چێژ لە زمانە ئەسڵییەکەی شەکسپیری نەمر وەربگرن.

لە ڕاستیدا مەغریبییەکان زۆر ئاشنای شەکسپیر و شانۆی ئینگلیزی زمان نین، ئەوان زیاتر بەلای کولتووری فرەنسی و ئیتاڵی و ئیسپانیدا دەیشکێننەوە ئەکتەرەکان ئەوەندە سەرسامی ئەو ئەدایە بوون، تەنانەت برگەیەکمان بۆ دەستپێکی شانۆنامەکە، هەڵبژارد، لە

ناو جەرگەی تاریکیدا بەو برگەیە پەردە لەسەر شانۆنامەکە لادەبرا. بەدەم هەمان ڕیتمەوە ئەکتەرەکانیش ڕیتمی تێکستە عەرەبییەکەیان بینا دەکرد.

## باشترین وەرگێڕان

ئەگەر چەند وەرگێڕانێکت لەبەردەستدا بوو، نابێ لە هەڵبژاردندا تەنیا ڕاستگۆیی و ئەمانەت و دەستپاکی لە وەرگێڕاندا بکەی بەپێوەر. لە بیرت نەچێ کە دەبێ وەرگێڕانێک هەڵبژێری زمانەکەی بۆ ئەکتەرەکانت و بینەرانیش سادە و خوڕ و ڕەوان و ساف بێ.

لەمەشدا تەنیا ئەو وەرگێڕانانە تێیدا سەردەکەون کە شانۆکاران خۆیان یان باشتر وایە بڵێین ئەکتەران ئەم کارە بکەن. شانۆکاران دەزانن زمانی شانۆ دەبێ چۆن بێ، لە کاتێکدا بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کەسێکی ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس یان هەر نووسەرێکی دەرەوەی بواری شانۆ هەرچەندە زمانزانیش بێ، وەرگێڕانێکی باش بۆ شانۆ بەئەنجام بگەیەنێ.

لە هەڵبژاردنی خەونی نیوەشەوێکی هاویندا چوار وەرگێڕانی عەرەبیم لە بەردەستدا بوو کە هەریەکە و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، دەستپاکی و ئەمانەت، شاعیریەت و تێر و تەسەلی زمان، ڕیتم و زمان ڕەوانی، بۆ من ئەوەی سێیەم لە هەمووی گرینگتر بوو، چونکە ئەمانەم لە وەرگێڕانەکەی دوکتۆر محەمەد ئەلعەنانیدا بەدی دەکرد.

## گۆڕانکاری لە دەقدا

لەبارەی دەستکاریکردنی تێکستەوە ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە، هەوڵ بدە ڕا و بۆچوونی ڕیژیسۆرانی خاوەن ئەزموون لەم بوارەدا بزانی، بەتایبەت ڕای میرهولد سەبارەت بەدراماتۆرگ، چونکە ئەوەندەی من بزانم میرهولد یەکەم ڕیژیسۆرە کە بەقووڵی و فراوانی باسی دراماتۆرگی کردووە و هەر ئەویش بۆ یەکەم جار زاراوەی ڕیژیسۆری دراماتۆرگ و ڕیژیسۆری وەکو نووسەری نمایش بەکار هێناوە، هەروەها ڕا و بۆچوونەکانی پیتەر و برووکیش لە بارەیەوە گەلێ گرینگن. بەبۆچوونی من ڕیژیسۆر بۆی هەیە دەستکاری تێکست بکا، لێی بقرتێنێ و لێی لابەری، بەڵام دەبێ وەستا بێ و شارەزای بنەماکانی شانۆنامەنووسین و دراماتۆرگی بێ، دەنا تێکستەکە سەقەت دەکا. بەکورتی من لەگەڵ ڕایەکەی پیتەر برووکدام کە دەڵێ لە دەستکاریکردنی دەقدا خۆت بەرپرسیاری، لەوانەیە لە دەقی شەکسپیردا دیمەنێک لابدەی هیچ کار نەکاتە سەر کارەکەت، لەوانەشە وشەیەک لا بدەی هەموو کارەکەت تێک بچێ. کێشەی نێوان ڕیژیسۆر و نووسەر سەبارەت بەدەستکاریکردنی دەق مێژوویەکی کۆنی هەیە. هەرچۆنێک بێ قەت دیمەنێک لا مەبە، تەنیا لەبەر ئەوەی لێی تێناگەی یان لۆمەی نووسەر بکەی گوایە شتی زیادەی نووسیوە.

پێش ئەوەی هێڵی ڕاست و چەپ زەرب بەسەر دیمەنێکدا بهێنی، بیر لە وەزیفە و ئەرکی دیمەنەکە بکەوە. هەمیشە ئەوەت لە یاد بێ کە ئەوەی ئەو شانۆنامەیەی نووسیوە، بەتایبەت کەڵە شانۆنووسانی وەکو شەکسپیر، مولێر، ئیبسن، چێخوف لە دراماتۆرگیدا لە من و لە تۆ شارەزاترن و حەرفیان بەخۆڕایی دانەناوە.

## مەقەستی ڕێژیسۆر

کە دیمەنێکت پێ بەرجەستە ناکرێ، یەکسەر مەیدەرە بەر مەقەست، لەوە ئاسانتر نییە ڕێژیسۆر کاری وا بکا، بەتایبەت لەو دیمەنانەدا کە بەڕواڵەت درامی نین. یان کردار و جووڵەیان تێدا نییە، بەم کارە ڕەنگە لایەنی فیزیکی و دیدەیی "بەصەری" شانۆگەرییەکەت سەرنج ڕاکێشتر بێ، بەڵام بێ گومان لە نرخی ئەدەبی دەرهێنانەکەت کەم دەبێتەوە، چونکە شانۆ هونەر و ئەدەبە، تایبەتمەندی شانۆش لەمەدایە.

ڕێژیسۆر پێش ئەوەی مەقەست بەکار بێنێ دەبێ ئاگەداری ئەوە بێ کە ئەو دیمەنەی لای دەبا نرخ و بەهای ئەدەبی چەندە، چەند سۆز و هەست و نەستی ئینسانی تێدایە، ئەو دەستکاریکردنە چەند کار دەکاتە سەر کەسانی ناو شانۆنامەکە؟ ئینجا بەگشتی چەند کار دەکاتە سەر سەرجەمی پێکهاتەی شانۆنامەکە؟

دووبارەی دەکەمەوە کە دەکرێ دیمەنێک، چەند دیالۆگێک لە دەق لابەری، بەڵام بینەر بەرهەمێکی چەسپ و یەکگرتووی دەوێ. پێم وایە نووسەرانی شانۆ لارییان نییە لەوەی ڕێژیسۆرێکی بلیمەتی وەکو مییرهولد دەستکاریی نووسینەکەی بکا، نیگەران بێ.

درامانووسی بەریتانی هاوچەرخ "نیک دییر"، گلەیی لەوە دەکرد کە چۆن ڕێژیسۆرێکی گەنج شانۆنامەیەکی ئەوی داوەتە بەر مەقەست، منیش باسی ئەوەم بۆ کرد کە مییرهولد دیمەنێکی لە شانۆنامەی ژیانی کەسێکی لیۆنید ئەندرێیڤی لابرد. سەرەتا ئەندرێیڤ نیگەران بوو، بەڵام پاشان باوەڕی هێنا کە مییرهولد کارێکی باشی کردووە. پاشتر کە شانۆنامەکەی بەچاپ گەیاند، بەگۆڕانکارییەکەی مییرهولدەوە چاپی کرد. لە وەڵامدا نیک دییر گوتی: ئەوە مییرهولد

بوو، با شانۆنامەکەی منیش دەرهێنەرێکی بلیمەتی وەکو میرهولد دەستکاری بکا، نەک ڕیژیسۆرێکی کەم ئەزموون.

من لەمەدا لای نووسەر دەگرم، بیرمە کە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بووم، چۆن دەرهێنەرێکی قوتابی شانازی بەوەوە دەکرد کە هاملێتی کورت کردووەتەوە بۆ حەڤدە لاپەڕەی بەدەست و خەت نووسراو. دەستکاریکردنی دەقێک بۆ نمایشێکی سەردەم گەلێ جیاوازە لە شێواندنی ئەو دەقە بۆ هەر مەبەستێک بێ. ئەوەی یەکەم پێداویستی زمانی هاوچەرخی شانۆی سەردەم دەیخوازێ، ئەوەی دووەم ناشارەزایی و کەم ئەزموونی، ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەو شێواندنە بەناوی ئەزموونگەرییەوە دەکرێ، حوکمی بەسەردا دەکا، ئەمیان بەپێی تیۆری نمایش ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەویان لەسەر تیۆری قیرۆسیا دەڕوا، نموونەی ئەویان نمایشەکانی میرهولد و گرۆتۆڤسکی و باربا و هەندێ بەرهەمی پۆست مۆدێرنیستەکانی ئەمڕۆیە، نموونەی دووەمیش ئەو بەرهەمە کرچ و کاڵانەن کە بەناوی ئەزموونگەرییەوە پێشکێش دەکرێن.

## بێرگمان دەستکاریی ماڵی بووکەشووشە دەکا

بەکورتی دەبێ مەبەستێکی ئاشکرا و سوودبەخش و هونەریی لە پشت هەموو دەستکاریکردنێکی دەقەوە هەبێ، لەوانە بۆ نموونە، دەشێ هەندێ لایەنی دەقەکە یان هەندێ دیمەن و ئاخافتنی لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگەدا نەگونجێ، خۆ ئەگەر بەشی هەرە زۆری شانۆنامەکە لەگەڵ کۆمەڵگە و ئەمڕۆدا نەگونجێ، ئەو دەمە هیچ بەڵگە و بەهانەیەک بۆ هەڵبژاردنی ئەو دەقە نییە.

له ماڵی بووکەشووشەدا ئینگمار بێرگمان کە یەکێکە لەو ڕیژیسۆرانەی دەق بەپیرۆز دەزانێ، تەنانەت ئەویش لە دیمەنی کۆتاییدا دەستکاری دەقەکەی ئیبسنی کرد، لەگەڵ ئەمڕۆ و روحی سەردەمدا گونجاندی، کۆتاییەکەی تەواو بەپێچەوانەی کۆتاییەکەی ئیبسن بوو، بەڵام دەستکاریکردنەکەی خۆی لە خۆیدا داهێنان بوو، لە مێژووی شانۆی هاوچەرخدا جێگەی دیارە، هەر بەم بۆنەیەشەوە حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە بێرگمان لە پرۆگرامی شانۆگەرییەکانیدا خەت بەژێر ئەو دێڕانەدا دەکێشێ کە لە نمایشەکەدا لابراون، بۆ ئەو مەبەستە شانۆنامەکە سەرلەنوێ چاپ دەکاتەوە و ئینجا بەدەست نیشان کردنی ئەو شوێنانەی کە لە پیشاندانەکەدا نمایش ناکرێن.

بێرگمان دەڵێ هەرگیز شانۆنامەیەکم دەرنەهێناوە تێیدا دژایەتی نووسەرەکەیم کردبێ.

منیش دەڵێم با دەستکاریکردنی دەقەکەت لە دژایەتیکردنی نووسەری شانۆنامەکەوە سەرچاوە نەگرێ.

ڕیژیسۆر نابێ یەکسەر مەقەست بخاتە ناو جەستەی ئەو دیمەنانەی کە دیالۆگی درێژی تێدایە، بەو بەهانەیەی گوایە ئەو دیمانانە درامی نین، یان کردار و جووڵەیان تێدا نییە. ئەو دیمەنانە بەر لە هەموو شتێک بەهای ئەدەبییان هەیە، دراماش تەنیا کردار و جووڵەی ئاشکرا و بەرچاویی نییە.

دەقێکی ئاخافتن کە بەشێوەی درامی نمایش بکرێ، ئەویش هەر درامایە. گەلێ لە ڕیژیسۆرانی کەم ئەزموون و ئارەزوومەند کە دیمەنێک لادەبەن یان نیوەی کارەکتەرەکانی شانۆکە لادەبەن لەبەرئەوەیە ئەو دیمەنەیان بەزەحمەت پێ بەرجەستە دەکرێ، یان

پێیـان وایه دیالۆگی زۆره و دەبێتـه مـایەی وەڕسبوون. ئەمـه سـەد له سـەد وا نییـه، چونکه بینەر نایەوێ بەردەوام تەنیا تەماشـای جـووڵه و کردار بکا، بەهەمان شێوەیش نایەوێ تەنیا گوێی له ئاخافتن بێ.

زۆر جـار بۆ ڕێژیسـۆر ئاسـانتـره دیمـەنی پڕ لـه کـردار و ڕووداو چارەسـەر بکا، پتـر لـه دیمـەنی پڕ له ئاخـافتن، هەر بۆیەش ئەو دیمەنانەی که دەقرتێندرێن بەهۆی زۆری ئاخافتنەوەیه.

نموونەیەک: شـانۆنامـەی مس جـۆلیـای سـتریندبێرگ لـه دەرهێنانی ڕێژیسـۆرێکی عێـراقی تەنـیا یەک کاتژمـێر و بیست دەقـەی خـایاند، کەچی له دەرهێنانی ئینگمار بێرگمان نزیکەی سێ سەعاتی خایاند.

له حـاڵەتی یەکەمـدا ڕێژیسـۆر زۆربەی ئـەو دیالۆگـانەی لابردبـوو کـه کرداریان تێدا نییه و تەنیـا گوزارشت له پێوەندی نێوان جۆلیا و جان دەکـەن. چی له شـانۆنامـەکـه مـایەوە، تەنیـا ئەو دیمەنانەی کـه جـان تێیاندا دەخواتەوە و جگەره دەکێشێ و لەگەڵ مس جۆلیا بەشەڕ دێ، تەنانەت ڕەخنەگرێکی سوێدی نووسیبووی: تا ئێستا هیچ نمـایشێکی مس جـۆلیـایەک بەقـەدەر ئەم نمایشـه شـەرابی تێـدا نەخـوراوەتەوە و جگەرەی تێدا نەکێشراوە.

## شەوە و باران دەبارێ

لەبیرت نـەچێ دراما تەنیا کردار نییـه، زۆر کەس پێی وایه دراما تەنیا کـرداره و هیـچی دی، زۆر کەس پێی وایه درامـا کێشـه و ملمـلانێ و پێکدادانه، بێ ئەوەی لەو ڕاسـتـیـیـه تێ بگەن کـه درامـا ئەگـەر چاک بگوترێ له وشـەشـدا هەیه، ڕاسـته کردار زەقـترین ڕواڵەتی درامـایه، بەڵام زمانی ئەدەبی شانۆیی خۆی لەخۆیدا زمانێکی دراماییه.

کاتێ کەڵە ئەکتەری بەریتانی جۆن گیلگیود دەقەکانی شەکسپیری نمایش دەکرد، بەپێچەوانەی لۆرانس ئۆلیڤیە، کەم دەجووڵا و کەمتر جەستەی بەکار دەهێنا، زۆربەمان دەزانین کە ئۆلیڤیە ئەکتەری جەستە بوو. گیلگیود بەگاڵتەوە دەیگوت: من لەشم بەکار ناهێنم، سەرم بەکار دێنم. ئەگەر گیلگیود گوتبای: شەوە و باران دەبارێ، ئەوە بۆ بینەران بەس بوو، چونکە بەڕاستی لە خەیاڵ و فەنتازیای بینەردا باران دەباری.

کام دیمەنت پێ قورسە، کام دیمەن گەلێ سەختە و پێت وایە بەئاسانی خۆی ناداتە دەست، ئەگەر بەوردی و بەدڵ و بەگیان کاری لەسەر بکەی ئەو دیمەنە ڕەنگە جوانترین و کاریگەرترین ساتی شانۆگەرییەکەتی لێ دەرچێ.

ڕێژیسۆر نابێ ئەو دیمەنەی کە بەرجەستەکردنی پێ سەختە و پێی ناگات بیقرتێنێ و لایبا، یان چەند دیمەنێک بقرتێنێ بۆ ئەوەی شانۆنامەکە ڕیتمێکی خێراتر وەرگرێ. بەپێچەوانەوە، تا بۆت دەکرێ کار لەسەر ئەو دیمەنە بکە و کاتێکی باشی بۆ دانێ، چونکە زۆر ئاساییە کلیلی شانۆگەرییەکەت لەو دیمەندا بێ و ئەوی لەوێدایە ڕەنگە گەلێ گرینگ و بەنرخ بێ.

بەلابردنی دیمەنێک کە لێی تێ ناگەی لە سەرجەمی شانۆنامەکە تێ ناگەی، بەتایبەتی ئەگەر شانۆنامەکەت لە نووسینی درامانووسێکی وەستا بێ. بەهەموو ئەکتەر و هاوکارەکانت ڕاگەیەنە کە ئەو بەشەیان ئەو دیمەنەت پێ قورسە بۆیە پێویستیت بەیارمەتی هەمووانە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ چارەسەرت لا نییە و بێ پلانی، بەپێچەوانەوە ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ خواستت گەورەترە و بۆ پلەی بەرزتر هەوڵ دەدەی و بەکلێشە و چارەسەری مامناوەندی ڕازی نابی.

## ڕێنوێنی و تێبینییەکانی نووسەر

تێبینی و ڕێنوێنییەکانی نووسەر بەگشتی دوو جۆرن، جۆری یەکەمیان ئەوانەن کە دەبێ جێبەجێیان بکەی، دەنا کرداری شانۆنامە بەرەو پێشەوە ناڕوا و شانۆنامەکە لە جێگەی خۆیدا دەوەستێ. بۆ نموونە لە شانۆنامەی یاری بەئاگری ستریندبێرگدا، لە دیمەنی نزیک کۆتاییدا هاوڕێی خێزانەکە کابان ماچ دەکا، مێردەکەی دێ بەسەردا و هەردووکیان ژنەکە و هاوڕێیەکەی دەشڵەژێن، ئەم کردارە گرینگە و نووسەر بەسەر ڕیژیسۆردا دەیسەپێنێ و پێی دەگوترێ تێبینی پێویست یان ئیجباری، واتە ئەگەر ڕیژیسۆر کتومت جێبەجێی نەکا، ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە دەوەستن و ناڕۆنە پێشێ، بەڵام زۆربەی نووسەرانی شانۆی مۆدێرن بەوەوە ناوەستن، تێبینی و ڕێنوێنییەکانی خۆیان لەبارەی هەموو وردەکارییەکەوە دەنووسن. ئەم شێوازە بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی ڕیالیزم و نەتورالیزم پەرەی سەند. شانۆنووسانی کلاسیک خۆیان لە قەرەی ئەم وردەکارییە نەدەدا، ڕەنگە لەبەرئەوە بێ کە زۆربەی زۆری نووسەرانی شانۆی کلاسیک هەر خۆیان ڕیژیسۆری شانۆنامەکانی خۆیان بوون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شانۆنووسانی کلاسیک کەمتر خۆیان لە قەرەی وردەکاریی ڕۆژانە دەدا پتر خۆیان بەشتە جەوهەرییەکان و ناوەرۆکی شیعرییەوە دەبەستەوە.

هەر چۆنێ بێ ڕیژیسۆر ناچار نییە تێبینییەکانی نووسەر ڕەچاو بکرێ، مەگەر خۆی زۆری پێ باش بن یان بەلایەوە سوودبەخش بن.

ئەوە لە بەرچاو بگرە کە زۆربەی ئەو تێبینییانە پاش پیشاندانی شانۆنامەکە نووسراون و بەشێکی زۆریان زادەی کاری ڕیژیسۆرێکی

دیکەیە، کە بەهیچ پێوەرێک ئەوە ناهێنێ دابڕێنرێنە ناو کارەکەی تۆوە. ئەو نووسەرانەی کە تێبینی و ڕێنمایی خۆیان لەبارەی هەموو شتێکی ورد و درشتەوە تۆمار دەکەن، ئەو نووسەرانە پێ بزانن و پێ نەزانن، دەیانەوێ ڕۆڵی ڕیژیسۆر ببین، بەڵام لە شانۆی هاوچەرخدا بەدەگمەن ڕێک دەکەوێ نووسەر ڕیژیسۆرێکی بەهرەدار بێ، تەنانەت گەلێ لە درامانووسان کاتێ کە خۆیان شانۆنامەکانی خۆیان دەرهێناوە، شکستیان هێناوە، لە ڕاستیدا نووسەران بەدەست نیشانکردنی ورد و درشتی شانۆنامەکانیان بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، دەرگە و پەنجەرەکانی خەیاڵ لە ڕووی ڕیژیسۆر و ئەکتەر و سینۆگرافیشدا دادەخەن، بۆیە بەگشتی خۆبەستنەوە بەو ڕێنوێنییانە بەزۆری زیانبەخشە و ڕیژیسۆر دەبەستێتەوە. ئاگەداری تێبینییەکانی نووسەر بە، بەڵام مەبە بەکۆیلەی.

## چۆن ببم بەڕێژیسۆر

چۆن ببم بەڕێژیسۆر؟ کەسێ ئەم پرسیارەی ئاراستەی پیتەر برووک کرد. ڕەنگە زۆربەمان ڕێنوێنی خاوەنی ئەم پرسیارە بەئاسانترین شێوە بکەین، بەوەی پێی بڵێین: لە ڕێگەی خوێندنی ئاکادیمی شانۆوە دەبی بەڕێژیسۆر، بەڵام ئەم ڕێگەیەش مسۆگەر نییە. ئاکادیمیا و کۆلیجەکانی شانۆ، تەنانەت ئەوانەی کە ئاستی خوێندنیان بەرزە، ناتوانن گەرەنتی ئەوە بدەن بەقوتابییەکانیان کە پاش خوێندن دەبن بەڕێژیسۆری بەهرەمەند و کارزان.

زۆرینەی ڕێژیسۆران لە ئەکتەرییەوە بوون بەڕێژیسۆر. گەلێ جار نووسەرانی شانۆ بڕیار دەدەن ببن بەڕێژیسۆر و لە ناو نووسەراندا ڕێژیسۆری ناودار و بەتوانا هەڵکەوتووە، تەنانەت لە ناو کارمەندانی بەشی تەکنیکی شانۆدا، وەکو سینۆگراف، پسپۆری ڕووناکی یان یاریدەدەری دەرهێنەرانی خاوەن توانا و بەهرە، گەلێ ڕێژیسۆری ئەوتۆ هەڵکەوتووە، کە لە ڕێژیسۆرانی خاوەن بڕوانامە و مەدرەکی ئەکادیمی بەتواناترن.

ڕێگەیەکی دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە لەگەڵ ڕێژیسۆرێکی کارامە و خاوەن ئەزموونندا کار بکەی و چاک سوودی لێ ببینی و لێوەی فێر بی، پاشان خۆت دەست بەکار بکەی.

کەسانی دیکەش هەن بەتەواوەتی دوور لە جیهانی شانۆوە خاوەن

پیشەیەک بوون، بەڵام ئێستا ڕیژیسۆری بەناوبانگن، نموونەشم ڕۆبێرت ولسنە، کە لە بنەڕەتدا بیناساز بوو، بەڵام ئەوەتا ئێستا بەبرەوترین ڕیژیسۆری دنیایە.

لە ڕاستیدا هیچ ڕێگەیەکی مسۆگەر نییە کە کەسێ بکا بەڕیژیسۆر، یان ڕاستتر بڵێم تاکە ڕێگەیەکی مسۆگەر نییە.

لە وەڵامی پرسیارەکەدا برووک دەڵێ: تاکە ڕێگە ئەوەیە خۆت بڕیار بدەی کە ڕیژیسۆری.

## ڕێگەی پراکتیک و کارکردن

پیتەر برووک دەڵێ: ڕیژیسۆران خۆیان بەڕیژیسۆر تەعین دەکەن، دەبێ قەناعەت بەخۆت بێنی کە ڕیژیسۆری و پاشان قەناعەت بەخەڵک بێنی. دەکرێ دەیان کتێبی دەوڵەمەند و بەپێز دەربارەی هونەری دەرهێنان بخوێنی و تیۆرەکانی هونەری ڕیژیسۆریی باش فێر ببی، ئەمەش بێ گومان کارێکی نەک هەر باش و سوودبەخشە بگرە پێویستیشە، بەڵام ئەوەش بزانە تەنیا کتێب و شارەزایی تیۆری کەس ناکا بەڕیژیسۆر. تەنیا بەپراکتیزەکردن و کارکردن لە شانۆدا دەبی بەڕیژیسۆر.

ڕیژیسۆری پۆلۆنی زیجونت هوپنەر بەم میتافورە گوزارشت لەو ڕاستییە دەکا: ئەگەر بتەوێ فێری مەلەوانی ببی، دەبێ لە ناو ئاودا فێری ببی، نەک لەسەر فەرشێکی ڕەنگاوڕەنگدا کە وێنەی دەریایەکی وەهمی لەسەر کێشرابێ.

واتە ڕێگە بۆ ئەوەی ببی بەدەرهێنەر ئەوەیە لە شانۆدا کار بکەی، یان چەند بۆت هەڵدەکەوێ و بۆت دەلوێ، کاری ڕیژیسۆری بکەی و لە بواری پراکتیکدا ئەزموونێکی دەوڵەمەند پێک بهێنی. ئەزموونی

ڕاهێنانت چەند دەوڵەمەند بێ، ئەوەندە کارت ئاسانتر و ڕەوانتر دەبێ و تایبەتمەندیی خۆت، شێواز و میتۆدی کارکردنت گەڵاڵە دەکا. ئەمە بەمەرجێ دەبێ لە ڕووی چۆنیەتییەوە ئاگەداری کارەکانت بی و ئەو چۆنیەتییە لە پێناوی زۆری و بۆری و چەندێتیدا فەرامۆش نەکەی. لە وەشدا پێویستیت بە شارەزاییەکی باشی بواری تیۆری دەبێ.

## دەرهێنەری قوتابی لە پراکتیکدا

وەنەبێ کۆلێجەکانی شانۆ ڕاستی ئەوەی کە کۆلیجی شانۆ ناتوانێ بەمسۆگەری قوتابییەکانی بکا بەدەرهێنەر نەزانێ، بەڵام دەتوانێ هەموو بوارێکی ڕاهێنان و پراکتیزەکردنی دەرهێنانی بۆ بڕەخسێنن، لەوە بترازێ ئیدی داهێنانەکە دەکەوێتە سەرخۆی. هەر بۆیە لە بەشەکانی خوێندنی دەرهێنانی شانۆییدا بایەخێکی تەواو بەلایەنی پراکتیک دەدرێ.

لە سوێد دەرهێنەری قوتابی لە ساڵانی خوێندندا چەند بەرهەمێک لە شێوەی وۆرک شۆپدا دەردەهێنێ، لەو کارانەدا ڕاهێنانێکی باش و ئەزموونێکی پیشەیی بەدەست دێنێ، چونکە لەگەڵ ئەکتەری پیشەیی کار دەکا، کە کۆلیجەکە لە شانۆکانەوە بانگهێشتییان دەکا. هەروەها لەگەڵ پسپۆڕانی سینۆگرافیا و ڕووناکی و جلوبەرگ و.. تاد کار دەکا. ئەمە هەر لە قۆناخی خوێندندا. ڕاستییەکەی ڕیژیسۆری قوتابی دەبێ بەلانی کەمەوە بەدوو ئەزموونی پیشەکارانەی تێر و تەسەلدا ڕەت بووبێ.

## مامۆستایانی بەشی دەرهێنان

گەلێ گرینگە مامۆستا و سەرپەرشتکاری قوتابیانی بەشی دەرهێنان خۆیان ڕیژیسۆر بن. نەک هەر ئەوەندە بگرە چاکتر وایە ئەو مامۆستایانە ڕیژیسۆری خاوەن ئەزموون و داهێنەر بن، چونکە مامۆستای لەو چەشنە گەلێ گیروگرفتی هونەریی و پراکتیکی بۆ قوتابییەکانی چارەسەر دەکا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕ بەخۆبوون و متمانە بەقوتابییەکانی دەبەخشێ.

لە سوێد و بەریتانیا و ڕووسیا، کۆلیجەکانی دراما گەلێ جار دەرهێنەری بەتوانا و ناودار لە دەرەوەی کۆلیجەکە بانگهێشت دەکەن، بەو مەبەستەی ئەو ڕیژیسۆرانە قوتابییەکانی بەشی دەرهێنانی شانۆیی ڕابهێنن.

لە یادمە لە ڕووسیا، ئەو ڕیژیسۆرە لاوانەی کە لە ئەکادیمیای شانۆ لە پیتەربوورگدا لە ژێر دەستی کەڵە ڕیژیسۆرانی وەکو تۆڤستۆنۆگۆڤ یان لێڤ دودن خوێندنیان تەواو دەکرد، زۆر شانازییان بەوە دەکرد کە قوتابی تۆڤستۆنۆگۆڤ یان دودن بوون، ئەوانە لە بواری کارکردنیشدا بەبەرەوەبوون و لە شانۆ گەورەکاندا کاریان دەکرد.

لەوە خراپتر نییە لێگەڕێی ڕیژیسۆرێکی فاشیل و دەست سپی دەرسی ڕیژیسۆری بڵێتەوە و لە ئاکامدا چەند ڕیژیسۆرێکی لەخۆی فاشیلتر دروست دەبن.

ڕیژیسۆری قوتابی چاکتر وایە دوا بەرهەمی خۆی، ئەو بەرهەمەی کە پێی دەگوترێ بەرهەمی کۆتایی، لە ڕووسیادا پێی دەڵێن بەرهەمی دیپلۆم، لە دوا ساڵی خوێندندا لە یەکێ لە شانۆ ڕەسمییەکان

دەربهێنێ، ئەمە بۆ ئەوەی بەر لە تەواوکردنی خوێندن هەر نەبێ ئەزموونێکی موحتەریفانەی سەرتاسەری هەبێ. بەواتەیەکی دی، ڕیژیسۆری قوتابی دەبێ شانۆگەرییەک بۆ شانۆ دەربهێنێ کە لە هەموو ڕوویەکەوە پیشەکارانە بێ.

لەو بەرهەمەدا قوتابی دەبێ بەر لەوەی خوێندن تەواو بکا، کاری هونەریی خۆی وەکو ڕیژیسۆرێکی پیشەکار بەئەنجام بگەیەنێ. واتە لەم قۆناخی پراکتیکەدا ڕیژیسۆری قوتابی لە ناو شانۆیەکی دەوڵەتیدا، بواری بۆ دەڕەخسێنرێ کە لەگەڵ هەموو ڕەهەندەکانی بەرهەمهێنانی شانۆگەرییەک ڕەفتار بکا، هەروەها لەگەڵ پسپۆڕان و تەکنیکاراندا کار بکا. ئەمە بەگشتی مودێلێکی سوێدی و وڵاتانی باکوورە.

## دەکرێ ڕیژیسۆریی وەکو هەر بابەتێکی دیکە بخوێندرێ؟

ئەم پرسیارە زۆر دووبارە دەکرێتەوە. پێش پەیدابوونی بەشی ڕیژیسۆری لە کۆلیجەکانی شانۆدا دەرچووانی بەشی نواندن بەگشتی دەبوون بەڕیژیسۆر. واتە وەکو ئەکتەر ڕادەهێنران، بەڵام پاشان هەندێکیان دەبوون بەڕیژیسۆر. بەشی دەرهێنان لەکۆلیجەکانی درامادا مێژوویەکی دێرینیان نییە.

بەڵام پاش ئەوەی پیشەی ڕیژیسۆر ڕەگ و ریشەی خۆی چەسپاند و ڕیژیسۆر بوو بەخاوەن ڕۆڵێکی گرینگ لە شانۆدا، پێداویستی خوێندنی ڕیژیسۆری و پێگەیاندنی ڕیژیسۆر لە پەیمانگە و کۆلیجەکانی شانۆدا بووە ئەمری واقیع، هەرچەندە تاکو ئێستاش گەلێ لە کۆلیجەکانی شانۆ لە بەشی دەرهێنان ڕازی نین، چونکە ئەو کۆلیجانە پێیان وایە کە ناگەنە ئەو ئاکامەی کە مەبەستیانە.

گەلێ کەس پێی وایە کارکردن لەگەڵ یان لە لای ڕێژیسۆرێکی وەستا و داهێنەر بەسە بۆ ئەوەی ئەویش ببێ بەڕێژیسۆر. لەم ڕووەوە نموونەی زۆر هەن. باربا کە ئێستا ڕێژیسۆرێکی ناوداری جیهانە، لاوێک بوو لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا کاتێ کە لە ڕێگەی یونسکۆوە خوێندنی شانۆی لە وارشۆ بۆ دەرچوو، بەڕێکەوت لە بارێکدا گرۆتۆڤسکی دەناسێ، یەکسەر بڕیار دەدا دەست لە خوێندنەکەی هەڵبگرێ و سێ ساڵی ڕەبەق لە کاتی کارکردندا چاودێری گروتۆڤسکی دەکا. پاش ئەوەی گەلێ شتی لێوە فێر دەبێ، دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج لەوێ گرووپێک پێک دێنێ و ڕێچکەی تایبەتی خۆی دەگرێ. دواتر خۆی و گرووپەکە نەرویج بەجێ دەهێڵن بۆ دانمارک.

## مامۆستا و قوتابی: پرۆفیل و شاگرد

مەترسی یان بڵێین گرفتی ئەم حاڵەتە لەوەدایە کە ئەگەر قوتابی لە ژێر دەستی وەستایەکی بلیمەت و خاوەن شەخسیەتێکی هونەریی بەهێز ببێ بەڕێژیسۆر، زۆر بەزەحمەت دەتوانێ خۆی لە پرۆفیلی مامۆستاکەی دەرباز بکا، یان هەر نەبێ کاتێکی زۆری دەوێ تاکو خۆی لە کاریگەریەتی مامۆستاکەی ڕزگار بکا و سەربەخۆیی خۆی بسەلمێنێ. هەندێ جاریش ئەو سەربەخۆییە هەرگیز سەد لە سەد نایەتە ئەنجام.

نموونەیەکی دیکە مییرهولدە کە لە ستانیسلاڤسکییەوە فێری ڕێژیسۆری بوو، پاشانیش ڕێگەی تایبەتی خۆی گرتەبەر. لە سەرەتادا کە ستانیسلاڤسکی بەجێ هێشت ئاسان نەبوو وەکو ڕێژیسۆرێکی گەنج و کەم ئەزموون دەست بەکار بێ. مییرهولد وەک یاخییەک لە ستانیسلاڤسکی و شانۆی هونەری مۆسکۆ ڕێچکەی خۆی گرتەبەر.

یاخی بوو لە مامۆستاکەی و کاری سەربەخۆی دوور لە شانۆی هونەریی مۆسکۆ دەست پێ کرد، بەڵام دۆزینەوەی زمانێکی شانۆیی و ڕێچکەیەکی تایبەت بەتەواوەتی بەپێچەوانەی دامەزراوترین قوتابخانەی سەدەی بیستەم بۆ گەنجێکی بیست ساڵان هەر بەدەم ئاسان بوو.

ڕیژیسۆری مامۆستا چەند بەتوانا و خاوەن پرۆفیل و ڕێبازی کامڵ بێ، ئەوەندە دەربازبوونی ڕیژیسۆری قوتابی لە ڕکێف و کاریگەریەتی مامۆستاکەی سەختتر و درەنگتر دێتە ئەنجام. من پێم وایە ئەم دەربازکردنە قەت سەد لە سەد نابێ.

میبرهولد دەڵێ هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی خۆم لە کاریگەریەتی ستانیسلاڤسکی ڕزگار بکەم. لە سەرەتادا هەرچیم دەکرد هەر لاساییکردنەوەی ئەو بوو، هەرچەندم دەکرد کە تایبەتمەندی خۆم بسەلمێنم، بەڵام هەر میزانسینەکانی ئەوم دووبارە دەکردەوە.

بیست ساڵ پاشتر کە ستانیسلاڤسکی شانۆنامەی «مەندات»ی میبرهولد دەبینێ، بەدەرهێنانی دیمەنێکی ئەوەندە سەرسام دەبێ کە دەڵێ هەموو تەمەنم خەونم بەوەوە بینیوە بتوانم دیمەنێکی ئاوا دەربهێنم. بەر لە مردنیشی یوری باخروشینی جێگری بەڕێوەبەری ئۆپێرا لێی دەپرسێ، پاش خۆتان کێ لە ڕووسیادا جێگەتان دەگرێتەوە؟ ستانیسلاڤسکی لە وەڵامدا دەڵێ: لێرە و لە هەموو شوێنێکی دیکەدا، لە میبرهولد پتر کەسی دیکە شک نابەم.

ستریێهلەر پێی وایە کە ڕیژیسۆری لە بەشداریکردن و چاودێریکردنی شاگردەوە دێ بۆ ڕیژیسۆرێکی بەتوانا، بەڵام دیراسەکردنی هونەری نواندن بەمەرجێکی گرینگ دادەنێ بۆ کەسێ

بیەوێ ببێ بەڕیژیسۆر.

خانمە دراماتۆرگ و ڕیژیسۆری ئەمریکایی ماریا ئیرینا فۆرنێس پێی وایە هونەری دەرهێنان دەکرێ وەک هەر هونەرێکی دیکە لە کۆلیجەکاندا بخوێندرێ، بەمەرجێ لە وانەکاندا کار لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فەزاو و میتۆدولۆگیای دەرهێنان بکرێ.

## کاری بەردەوام

ڕیژیسۆر لە سەرەتای ڕەوتی هونەریدا پێویستە بەردەوام کار بکا، تاکو تاقیکردنەوەیەکی باش پێک بهێنێ. هەرکە دەرفەتت بۆ ڕەخسا شانۆنامەیەک دەربهێنی، زوو ئەو دەرفەتە بقۆزەوە و لە کیسی خۆتی مەدە. دەبێ هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەی دەرفەت بۆ کارکردن بخوڵقێنی، هەوڵ بدە لە نێوان بەرهەمێک و بەرهەمێکی دیکەدا ماوەیەکی زۆر نەوەستی، ئەم نەزمی کارکردنە لە سەرەتای کار و ئەزموونی ڕیژیسۆردا گەلێ گرینگە، بۆ ئەوەی ئەزموون و دەستڕەنگینی و کارامەیی بەدەست بێنی.

ڕەنگە هەموو دەمێ بەئاسانی کاری ڕیژیسۆریت بۆ نەڕەخسێ، بەتایبەت بۆ ڕیژیسۆرێکی گەنج و لە سەرەتای ڕەوتی دەرهێناندا کار مەیسەرکردن زۆر ئاسان نییە. سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەش دوورکەوتنەوەی ڕیژیسۆر لە پیشەکەی کەلێنێک دروست دەکا و دوای دەخا. ئەو ڕیژیسۆرەی چەند ساڵێک بەرهەمی نەبێ و کاری ڕیژیسۆری نەکا، کە دەست بەکار دەکاتەوە وەک ئەوە وایە سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. ڕیژیسۆر تەنیا بەکارکردنی بەردەوام فێری دەرهێنان دەبێ و ئەزموون پەیدا دەکا.

چاوەڕێ مەکە تەنیا بەکتێب و خوێندنەوە زانیاری پەیدا بکەی، ڕاستە کتێب و خوێندنەوە گرینگن، بەڵام هەرگیز جێگەی ئەزموون و پراکتیک ناگرنەوە. ئەگەر دەتەوێ ببی بەڕێژیسۆر ئەوەی دەیزانی بیخەرە گەڕ و وەکو برووک دەڵێ باوەڕ بەخەڵک بێنە کە ڕێژیسۆری.

## ئەرکەکانی ڕێژیسۆر

هەردەم ئەوەت لە یاد بێ کە کاری ڕێژیسۆری سێ لایەنی هەیە: لایەنی بەڕێوەبردن، لایەنی ڕێکخستن و لایەنی داهێنان. لایەنی یەکەم گەلێ گرینگە بۆ ئەوەی بتوانی پلانی داهێنانت بەئەنجام بگەینی، بەڵام بە داخەوە ئەم لایەنە لە لایەن زۆربەی ڕێژیسۆرانی جیهانی ئێمەدا فەرامۆش دەکرێ. ئەوانەی کە دەیانەوێ ببن بە ڕێژیسۆر وا دەزانن تەنیا لایەنی هونەریی گرینگە، واتە لایەنی داهێنان و ئیدی لایەنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن پشتگوێ دەخەن، ئەوانە بێ ئاگان لەوەی کە ئەم دوو لایەنە بەشێکی گەورەی کارەکەیان پێک دێنن. ئەگەر ڕێژیسۆر بەسەر ئەم دوولایەنەدا زاڵ نەبێ، ئەوە بۆچوون و فەنتازیا و ئەندێشە و داهێنانەکانی بەرجەستە ناکرێن. ئەمە هەر نەبێ لە شانۆی حیرەفیدا سەد لە سەد وایە. ڕەنگە لە شانۆی ئارەزوومەند کاری سەر پێی و بێ پلان تا ڕادەیەک قەبووڵ بکرێ، بەڵام لە شانۆی دامەزراو و گەورە و دەوڵەتیدا توانای ڕێژیسۆر لە پلانڕێژی و بەرنامەدانان و بەڕێوەبردنی کاردا مەرجی سەرەکین. شانۆی پیشەکارانە تووشی کێشەیەکی سەخت دەبن لەگەڵ ئەو ڕێژیسۆرانەی کە لە بواری بەڕێوەبردن و سەرکردەکردنی گرووپ و کار هەڵسووڕاندنەوە لاوازن.

خۆئامادەکردن و پلانڕێژی نیوەی کاری ڕێژیسۆرە. ڕێژیسۆر دەبێ بزانێ چۆن پلانی یەک هەفتەیی و دوو هەفتەیی دابنێ، بەچەند

کارەکەی پێ دەگا، قۆناخەکانی پێگەیاندنی بەرهەمەکەی چۆن دادەڕێژێ، واتە لە هەموو دۆخێکدا کاری ڕێژیسۆر دەبێ بەبەرنامە بێ.

## ڕێژیسۆر و نوشستی

زۆرینەی ڕێژیسۆرە بلیمەتەکان لە ستانیسلاڤسکی و مییرهولد گرەیک و کۆپۆوە بەنوشوستی و فەشەلدا تێپەڕیون. ئەو ڕێژیسۆرەی کار بکا و نەیەوێ خۆی دووبارە بکاتەوە، تەنیا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بگرە تووشی فەشەل و نوشستیش دەبێ. ئەم ڕێسایە هەموو بوارەکانی ژیانی دەگرێتەوە. واتە ئەگەر کار نەکەی نوشستی ناهێنی، بەڵام بەهەمان دەستوور سەرکەوتنیش بەدەست ناهێنی. گوتراوە سوار تاکو نەگلێ نابێ بەسوار، بەڵام سوار دەبێ دەرس و عیبرەت لە گلانەکەی وەربگرێ.

ڕێژیسۆری زانا ئەگەر فەشەل بهێنێ، تەنیا لە نمایشدا فەشەل دێنێ، بەڵام وەکو ئەزموون و تاقیکردنەوە قەت فەشەل ناهێنێ.

ئەو کەڵە ڕێژیسۆرانەی کە لە مێژووی شانۆدا ناویان درەوشاوەیە هیچیان بێ نوشوستی ناوبانگیان بەدەست نەهێناوە، جیاوازی ئەوان لەوەدایە کە ئەوان سوودیان لە هەڵەکانیان وەرگرتووە و بەقازانج بۆیان گەڕاوەتەوە، چونکە دەرس و پەندیان لە نوشستی خۆیان وەرگرتووە، بەڵام ڕێژیسۆری سەرنەکەوتوو نازانێ دەرس و پەند لە نوشستییەکانی وەربگرێت.

پەیژەکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن تا ڕادەیەک لەیەک دەچن و سیمای هاوبەشیان هەیە.

سەرکەوتنی ڕیژیسۆر سێ جۆرە، سەرکەوتن لەسەر ئاستی بینەران یان جەمهوور، سەرکەوتن لەسەر ئاستی هونەر، واتە لەسەر ئاستی ڕەخنە، ئەمجا سەرکەوتن لەسەر ئاستی جەمهوور و ڕەخنە، هەردووکی پێکەوە، کە ئەمە چاکترین جۆری سەرکەوتنە.

گەلێ جار لە شانۆی ئەوروپاییدا شانۆگەرییەک کە لەسەر ئاستی هونەریی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لەسەر ئاستی بینەران سەرکەوتن بەدەست دێنێ و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ پێشکێش دەکرێ، ئەمە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، واتە لە مێژووی شانۆدا گەلێ نموونەمان هەیە کە لەسەر ئاستی بینەراندا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە نەک هەر سەرکەوتوو بووە، بگرە دەستکەوتێکی مەزن بووە و تەکانێکی دیکەی بەهونەری شانۆ داوە.

سەرنەکەوتنیش بەهەمان جۆر لەم سێ شێوەیەدا خۆی دەنوێنێ: فەشەل لەسەر ئاستی جەمهوور، فەشەل لەسەر ئاستی هونەریی، فەشەل لەسەر هەردوو ئاستی جەمهوور و هونەریش کە خراپترین و قورسترین جۆری فەشەلە.

بۆ ڕیژیسۆری زانا هەموو نوشستییەک دەرسێکی نوێیە لە دەرهێناندا. ڕیژیسۆرە بەتواناکان بەگشتی لەگەڵ ئەزموونی خۆیاندا ڕاستگۆن. خۆیان بەر لە هەموو کەسێ، بەر لە ڕەخنەگرو ڕۆژنامەنووسان هەڵە و لایەنی لاوازی خۆیان دەست نیشان دەکەن و دەیانخەنە ڕوو. ئەوان دەزانن چۆن فەشەلی هونەریی بکەن بەسەرکەوتن و دەرس و عیبرەتەکانی نەک هەر بۆ ئەزموونی شەخسی خۆیان، بگرە بۆ ڕەوتی شانۆ بەگشتی بەسوود بگێڕنەوە.

هیچ مایەی نەنگی و شوورەیی نییە ئەگەر ڕێژیسۆر لە کارێکدا یان لە چەند کارێکدا سەرنەکەوێ، بەمەرجێ دەرسی لێ وەرگرێ و لێوەی فێر بێ هەموو سەرنەکەوتن و فەشەلێک بۆ ڕێژیسۆر دەبێ وانەیەک بێ و لە داهاتوودا ئەو فەشەلە دووبارە نەکاتەوە.

ئەگەر دەتەوێ تاقیکردنەوەیەکی نوێ بەئەنجام بگەینی، دەبێ ئەوەشت لە بەرچاو بێ کە ڕەنگە تێیدا سەرنەکەوی، دەنا بۆچی ناوی تاقیکردنەوەی لێ نراوە. ئەمە نەک تەنیا بۆ خۆت پێویستە، بگرە بۆ کەسانی دیکەش و بۆ ڕەوتی شانۆ بەگشتی سوودبەخشە.

جا بۆ ئەوەی هەڵەکانت دووبارە نەکەیتەوە، جارێ بەر لە هەموو شتێک دەبێ بزانی هەڵەت کردووە، ئەگەر لەوە نەگەی کە هەڵەت کردووە، ئیدی بێ سوودە و پێش ناکەوی. ڕێژیسۆر بەچی بزانێ هەڵەی کردووە؟ بەر لە هەموو شتێک ڕێژیسۆر دەبێ مەدرەکی زەینی بەربڵاو و فراوان بێ، ڕۆشنبیر بێ و خاوەن ئەزموون بێ و لە بواری حیرەفیەت و سەنعەتدا شارەزایی تەواو هەبێ. ڕێژیسۆر دەبێ بزانێ خۆی لە کوێ وەستاوە، دەنا نازانێ سەرکەوتوو نییە. خۆ ئەگەر ڕێژیسۆر خاوەن میتۆد بێ، زووتر لە نوشستی خۆی تێ دەگا.

## ڕێژیسۆر و ڕەخنە

ئەو ڕێژیسۆرەی کە دەزانێ چۆن ڕەفتار لەگەڵ ڕەخنە دەکا، پێی دەگوترێ ڕێژیسۆری پۆزەتیف بەرامبەر بەڕەخنە. واتە ڕێژیسۆرێکی کراوە و دەروون ئاواڵە و پۆزەتیف بەرامبەر بەڕەخنە و ڕەخنەگران، دەزانێ چۆن گوێ لە ڕەخنە دەگرێ و چۆن ڕاستگۆیانە ڕەخنە قەبووڵ دەکا، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە چاکتر وایە ڕێژیسۆر توانای ئەوەی هەبێ خۆی ڕەخنە لە خۆی بگرێ و لایەنی لاوازی کارەکان و

ئەزموونی خۆی بەڕاشکاوی ڕابگەینێ.

خـۆڕاهێنان لـەسـەر ئـەم سـایکۆلۆجـیـایە کـارێکی ئاسـان نـیـیـە پرۆسـەیـەکی دوورودرێژە و بـۆ وەدی هێنانی ڕیـژیسـۆر پێـویسـتـی بەڕاهـێنانێکی دەروونیی دوورودرێژ هـەیە، کـە تا چـەندە زووتر خـۆی لەسـەر ڕابێنێ، ئـەوەندە چاکـتـرەو پتـریش چێـژ لە داهـێنانـەکـانی وەردەگـرێت. دەرهـێنەری شـانۆ تا زووتر خـۆی ئاشنای ڕەخنـە بکا و ببێ بەدۆسـتـی ڕەخنە ئەوەندە بۆ خـۆی و بۆ بەرهـەمـەکەی چاکترە. کە هەڵوێستی دۆستانەت لە ڕەخنە و ڕەخنـەگر وەرگرت ئینجا فێر دەبی چۆن ڕەخنە لە ڕەخنە بگری. ئەوە بزانە کە کەس ئەوەندەی ڕیژیسـۆر ڕەخنەی نـایەتە سـەر. سـەدا نـەوەتـی ئەو ڕەخنانەش بـێ سـەروبەرن و هیچ بناخـەیەکـیان نیـیـە، بۆیە کـە دەڵێین ڕەخنـە قـبـووڵ بکە، ئەوە ناگەیەنێ کە بۆچوونەکانی ڕەخنـەگر ڕاستن و چاک و خراپیان پەسند بکەی. نەخێر، تەنیا ئەوەندەیە دەبێ دەروونت لە ئاستیاندا گەورە بێ و ڕەخنەکان بەئاسـوودەییەوە وەرگری. لە هـەمان کاتدا، ئەگەر ڕەخنەی ڕەخنەگرێکت پێ پەسەندە، لە جێبەجێکردنیاندا زۆر پەلە مەکە، تاکو بەتـەواوەتی بۆت سـاغ نەبێـتـەوە، ئـایا بۆچوونـەکـانی ئەو ڕەخنەگـرە بنەمایەکی پتەویان هەیە یان نا.

## ڕیژیسۆر و نەرجسیەت و ستایش

ڕیژیسـۆر چەند کـەم گـوێ لە سـتـایش بگرێ، ئەوەنـدە زیاتر پێش دەکەوێ، چونکە ستایش تەنانەت ستایشی باشیش لە ڕەخنەی خراپ خراپترە. ستایش نەرجسیەتی ڕیژیسۆر دەچەسپێنێ و خودی خۆی لە لا زاڵ دەکا، ئەمـەش بۆ ڕیژیسۆر کارەساتێکی گەورەیە و تـەمـەنێکی زۆری دەوێ تا لـە داوی نەرجـسـیـەت ڕزگـاری بێ، ئەمـە ئەگـەر زۆر

هۆشـمەندانە کاری بۆ بکا. هەندێ جار ڕێژیسۆر ناتوانێ چارەسـەری "من"ی زل زال بووی خـۆی بکا. ڕێژیسـۆری نەرجـسی تەنانەت کـە دەگاتە تافی پیری و ئۆغرکردن لەم جیهانە دەبێ دەوروبەرەکەی هەموو دەمێ ڕۆحی بەمەرهەمی ستایش و پێداهەڵدان چەور بکەن.

هەر ئەم نەرجـسـیـەت و خـۆ بەزلزانینەیە، کـە سـەبارەت بـەوێنەی ڕێژیسـۆر، پرۆفیل و کـلێـشـەیەکی ئەوتۆی لە زەینی خـەڵکدا دروست کـردووە، کە بـەم جۆرەیە: «پۆز لێ دەدا، خۆی گـەلێ بەگـەورە دەزانێ، کاتی نییە لەگەڵ هەموو کەسێک قسە بکا»

ڕێژیسۆر زۆر جار چواردەوری بەکۆمەڵێک ستایشکەر و ماستاوچی تەنراوە و بـەڕاست و بەدرۆ فـووی پـێـیدا دەکـەن و پـێـیدا هەڵدەدەن. هـەرچۆنێک بێ و بۆ هەر مـەبەسـتێک بێ، کـەسـانی دەوروبەری ڕێژیسـۆرەکـە دەزانن کە ئەو زۆر حـەزی لـە سـتایشـە و هـەر لەبەر ئەو ستایشـەیش ڕێزیان لێ دەگرێ.

ئەگـەر ڕقت لە ڕێژیسـۆرێک دەبێـتەوە برۆ سـتـایشی بکە و بەدرۆ مـەدحی بکە، بـەتایبـەتی لە خـاڵە لاوازەکـانیدا، ئەم شـێـوازە بەسـەر ڕێژیسـۆری کەم ئەزموونـدا تێ دەپەڕێ، بەڵام ڕێژیسۆری بەئەزمـوون و پیشـەکار ستایشی ساختەی بەسەردا تێ ناپەڕێ و پێی فریو ناخوات و تەنانەت بـەسـتایشـی ڕاسـتەقـینەش دەروونی نابزوێ، چونکە خـۆی دەناسێ و منـەتی پێ نییە، بۆیە لە ئەوروپادا چـەند دەبێ لـە ڕەخنەگرتندا ئاگەدار بی، ئەوەندەش دەبێ لە ستایش و پێداهەڵناندا ئاگەدار بی، چونکە ڕێژیسۆری پیشەکار یەکسەر دەزانێ ڕاستگۆنیت، ڕێژیسۆری پیشەکار خۆی بەهێزیی و لاوازی کارەکەی خۆی لە هەموو کەسێ باشتر دەزانێ و پێویستی بەستایش نییە.

## شەیدای ستایش مەبە

چێژ لە هونەر و داهێنانەکەت وەرگرە، نەک لەوە کە ناوت دەربکەوێ.

ئەوەش بزانە کە تۆ کاری داهێنەرانە ئەنجام بدەی درەنگ یان زوو هەر دەناسرێی، بەڵام هونەرەکەت نابێ بۆ ئەو مەبەستە بێ. داهێنان لەگەڵ زەماندا هاوشان دەڕوا و بەدەگمەن دەسبەجێ دەنرخێنرێ.

کەس ئەوەندەی ستانیسلاڤسکی دژ بەستایش و پێداهەڵدان نەوەستاوە، کەسیش ئەوەندەی ئەو لە شانۆدا بەناوبانگ نییە.

ئەو چاک دەیزانی ستایش و پێداهەڵدان، تەنانەت چەپڵەش بینای ڕۆحی هونەرمەند دەڕووخێنێ و ڕێگەی نشونما و پێشکەوتنی لێ دەگرێ. ڕێژیسۆر بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە داوی ڕووخێنەری ستایش دەرباز کا، دەبێ سواڵی مەدح و پێداهەڵنان نەکا.

ئەوە باش بزانە کە هیچ شتێک بەئەندازەی ستایش ڕێگە لە تایبەتمەندیەتی ناگرێ و نابێتە کۆسپ لە پێش ڕێژیسۆردا لەوەی کە خۆی بێت و لە کەسێکی دیکە نەچێ، کە ئەمەش گرینگترین سیفەتی هونەریی ڕێژیسۆری جیا و هەڵکەوتووە.

هەر لە سەرەتای ڕەوتی هونەریتدا وەکو ڕێژیسۆر دەبێ بەر لە هەموو شتێک ئاگەداری نەرجسیەتی خۆت بی و ڕێگەی لێ بگری و خودی خۆت لێ نەبێ بەکێو. ڕێژیسۆر کە نەیتوانی لە داوی نەرجسیەتی خۆی ڕزگاری بێ، ئیدی هەموو کارێکی مامناوەندی خۆی لێ دەبێ بەشاکار و هەموو شاکارێکی خەڵکی دی لا دەبێ بەهیچ و هیچ کارێکی خراپی خۆی نابینی و بەبچووکترین ڕەخنە ئاڵۆز دەبێ.

**تایبەتمەندی و جورئەت**

نوێخوازی و تایبەتمەندیەتی و پێشڕەوایەتی پێویستی بەجورئەت و ئازایەتییە. ئەگەر جورئەت و بوێری نەبێ، ناتوانی خۆت لە تاقیکردنەوەی نوێ بدەی. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بەرگەی نوشستی بگری، بەڵام لە ئاکامدا لەوانەیە دەستکەوتێکی هونەری لە داهێناندا یان کەشفێکی گەورەی ئینسانی بەدەست بێنی.

دەڵێن لە ئەمریکا لە زۆر داوودەزگای کار و بزنێسدا پتر ئەوانە پەسەند دەکرێن کە سەرکێش و بوێرن و لە پڕۆژە و بزنێسی گەورەدا بەفەشەل و ئیفلاسدا تێپەڕیون، چونکە پێیان وایە ئەوانە شانسیان زۆرترە لە کەسانێک کە نەیان وێراوە خۆیان لە مەترسی دەوڵەمەندبوون بدەن.

ئەمانە لە لایەکەوە کەسانێکن خاوەن کارەکتەر و داهێنانن. دیارە بەجورئەتن، چونکە ڕێگەی مەترسی و موغامەرەیان گرتووەتە بەر. ئەمانە ئیستا کەسانێکی بەئەزموونن و سوودیان لە فەشەلی خۆیان وەرگرتووە و ئەو ئەزموونەیان کە بووە بەهۆی نوشستیان دووبارەی ناکەنەوە.

من پێم وایە تەنیا ڕێژیسۆری بوێر و جیا و هەڵکەوتوو لە نوشستی و فەشەل ناترسێ. بەپێچەوانەوە ڕێژیسۆرەکانی ناو شانۆ ڕەسمییەکان زۆر لە فەشەل دەترسن، ڕێژیسۆرە پیشەکارە بەتواناکانی شانۆی تەقلیدی، گەلێ لە هەڵە و فەشەل دەترسن، چونکە جارێک دووان، فەشەلێک و دووان یەکسەر لە کار دەردەکرێن، بەزەحمەت لە شانۆیەکی دیکەدا کاریان پێ دەسپێرن. هەر بۆیە بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کە ڕێژیسۆرێکی ناو شانۆ ڕەسمییەکان بوێری

هەڵە بكات و تەحەمووڵی فەشەل بكا، لە ڕاستیدا شانۆ ڕەسمییەكان نایانەوێ ببن بەتاقیگە و لابراتور بۆ ڕێژیسۆرانی ئەزموونگەر.

### سەركەوتنێك كە مایەی شەرمە
### نوشستییەك كە جێگەی شانازییە

ئەزموونی مییرهولد لە شانۆی گەورەی ئێمپەراتۆریدا باشترین بەڵگەیە. كاتێ كە مییرهولد لەو شانۆیەدا دامەزرێندرا تاكە مەرجێكیان بەسەردا سەپاند، ئەویش ئەوەبوو كە بەلای كاری نوێخوازی و تاقیكردنەوەی نوێدا نەچێ، بەڵام تا چەند مییرهولد ئەم مەرجەی ڕەچاو كرد. میرهولد فێڵی لێ كردن و ئەو فێڵەش لای شارەزایانی شانۆ ئاشكرایە.

مییرهولد دەڵێ: هەندێ سەركەوتن هەن تا ڕادەیەك شەرمم پێیان دێ، نوشستی واش هەن شانازییان پێوە دەكەم.

### داهێنەران لە نوشستی ناترسێن

ئەوانەی كە لە تاقیكردنەوەكانیاندا جورئەتی فەشەلكردنیان هەیە، ئەوانەن كە دەیانەوێ جەخت لەسەر تایبەتمەندیی خۆیان بكەن و بەدوای فۆرم و شێواز و زمانی نوێی دەربڕیندا دەگەڕێن. ئەوانە ڕازی نین بەوەی كە هەیە، چونكە دەزانن ئەوەی كە هەیە ئیدی دادیان نادات، هەموو ئاكامێكی سەرنەكەوتنیان قبووڵە و ئامادەن هەموو دەستكەوت و پایە و سامانی دنیا لەو پێناوەدا دابنێن.

ئەوانە بەڕێوەبەر و خاوەن ئیشیان نییە تاكو لێیان بترسن نەبادا لە كارەكەیان دەربكرێن، زۆربەیان بلیمەتن خاوەن ئیشەكانیان خوا

خۆیەتی، خوا لەسەر ئەرز دای مەزراندوون. ئەوانە کارمەندی کەس نین و تەنیا کارمەندی خوا خۆین. ئەزموونگەرانی ڕاستەقینەی هونەر وەکو مۆزارت، میکائیل ئەنجلۆ، باخ، مییرهولد، پیکاسۆ ئەزموونگەری ڕاستەقینەی مێژووی هونەرن. ئەمانە هەموو داهێنەرانی بوێر و یاخین بەفەشەل و نوشستیدا تێپەڕیون و بەئاکام و ئەنجامی مەزن و نەمر بۆ هەموو ئینسانیەت گەیشتوون. ئەمانە لە ڕەخنە نەترساون و باکیان بەستایش و پێداهەڵنانی کەس نەبووە. ئەوانە گەلێ جیاوازن لەوانەی کە لاسایی ئەزموونگەرێکی دیکە دەکەنەوە کە ئەویش بەخۆی ئەزموونەکەی لە یەکێکی دیکەوە وەرگرتووە.

زۆربەمان ئاگەداری فەشەلی ستۆدیۆی پاڤارسکای مییرهولدین، کە ستانیسلاڤسکی ئەوەندە پێی نیگەران بوو تا ڕدەیەک نەیهێشت بەرهەمەکانی ستۆدیۆکە نمایش بکرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەستکەوت و ئاکامەکانی ئەو ستۆدیۆیە سەرلەبەری شانۆی ڕووسی گۆڕی و کلیلی شانۆی مۆدێرنی بەشانۆکارانی ڕووسیا بەخشی و بوو بەهۆی ئەوەی ستانیسلاڤسکی و مییرهولد هەریەکەو لای خۆیەوە کار لەسەر بەدی هێنانی میتۆدێ بۆ هونەری ئەکتەر بکا.

بەڕاستی سەرنەکەوتنی ستۆدیۆ ساڵی ١٩٠٥ لە پێشکێشکردنی نمایشەکاندا، سەرنەکەوتنێکە شایەنی ئەوە بووە جێگەی شانازی مییرهولد بێ.

## ڕێژیسۆر و سۆراخ و گەڕان

ئەگـەر باوەڕ بەو ڕاسـتـیـیـە بهـێنین کـە دەرهـێنان پرۆسـەیەکی زۆر شـەخـسـیـیـە و سـەفـەرێکە، بەهرەی تاکەکەسـی ڕێژیسـۆر دەسـەلمێنێ، ئەگەر باوەڕ بەوە بێنین کە تۆ وەکو ڕێژیسۆر دەبێ خۆت بی و کەسی دیکە نەبی و جـیـا هـەڵکەوتوو بی، دەبێ مـافـی ئەوە بەخـۆت بدەی کـە هەڵە بکەی، چونکە کەس بەڕاسـتی ناگات. دەستگا کولتوورییەکان و شانۆکان و تەنانەت جەمهووریش دەبێ لەوە تێ بگەن و ڕابهێنرێن، کە ڕێژیسـۆر مـافی ئەوەی هەیە هەڵە بکا و فـەشـەلیش بێنێ، بەڵام بەمەبەستی تاقیکردنەوەی بیر و کەرەستەی نوێ، واتە بەمەبەستی کەشف و داهێنان.

کاتێ کە لە شانۆی شاری یاڤلەدا لەگەڵ ڕێژیسۆری سویدی پێتەر ئۆسکارسۆندا کارم دەکرد، لە نزیکەوە ئەم بەسەرهاتەم لێ بینی کە لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم. ئۆسکارسۆن دەیویست شانۆنامەی گالیلیـی برێخت لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەکتەرانی پیشەکار و ئارەزوومەند دەربهێنێ، پرۆژەکە لە ڕووی داراییـیە و پارەیەکی باشی بۆ تەرخان کرابوو، بەڵام پیتەر لە فەشەلی هونەریی دەترسا، بەتایبەت ئەو ئەکتەرەی کە بڕیار وابو ڕۆڵی گالیلۆ ببینێ ئەکتەرێکی پیشەکار نەبوو، پیتەر لە کۆبوونەوەیەکی گشتی شانۆکەدا داوای ئەوەی کرد کە شانۆکە مافی ئەوەی بداتێ کە فەشەل بهێنێ، چونکە سەرکەوتنی لە بارێکی ئاوەهادا مسۆگەر نییە. لێرەدا پرۆژەکە لە ڕووی هونەرییەوە گرینگ بوو، چونکە بۆ یەکەم جار دەیانویست ئەکتەرانی پیشەکار و ئارەزوومەند پێکەوە کار بکەن، بەڵام سەرکەوتنی مسۆگەر نەبوو.

من پێم وایە مییرهۆڵد کە ناچاربوو شانۆی هونەری مۆسکۆ بەجێ

بهێڵێ، له سەرەتادا بزر بوو، دەیزانی چی دەوێ بەڵام نەیدەزانی چی ڕێگەیەک بگرێتەبەر، ئەم بزربوونە یارمەتی دا ڕێگەیەکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ڕێگەیەک کە بوو بەشارێچکە بۆ هەموو شانۆکارانی شانۆی مۆدێرن. ئەگەرنا میرهولد هەروەکو یەکێ لە ئەکتەرانی ژێر دەستی ستانیسلاڤسکی و دانچینکۆ دەمایەوە.

کێ میرهولدی هان دا تاکو گووم بێ؟ سروشت، هێزی گەورەی ئەفراندن، گەردوون، خوا، تروسکایی داهێنەرانەی ناو دەروونی خۆی. میرهولد گووم بوو بۆ ئەوەی ببێ بەشارەزایەکی ڕێگەی هونەری مۆدێرن، پێغەمبەران کە ڕێگا نیشاندەرن سەرەتا دەبێ خۆیان گووم بن، دەنا کەس ڕێگەکە بۆ ئەوانی دیکە نادۆزێتەوە. دیارە میرهولد دەنگێک لە ناوەوەی خۆیدا داوای لێ کرد لە ستانیسلاڤسکی جیابێتەوە و لە ناو جەنگەڵی چڕ و پڕی هونەردا وەکو باخ ون بێ و بەدوای ڕاستییەکی دیکەدا بگەڕێ، ئەوەندە بگەڕێ تاکو لە کۆتاییدا هەر لەسەر ئەو ڕاستییەش شەهید بکرێ.

## پێ لەسەر هەڵەی خۆت دامەگرە

فەشەل عەیب و سووکی نییە، بەڵام خراپ ئەوەیە ئەگەر ڕێژیسۆر لەوە تێ نەگات کە کارەکە سەرنەکەوتووە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە پێ لە سەر هەڵەی خۆی دابگرێ و نەیەوێ دەرس لە فەشەلی خۆی وەربگرێ.

چەند بایەخ بەکارە سەرکەوتووەکانی ڕێژیسۆرەکانی دنیا دەدەی، ئەوەندەش بایەخ بەو ئەزموونانە بدە کە بەنوشستی شکاونەتەوە، گەلێ گرینگە بتوانی لە هەڵەی کەسانی دیکەوە فێر بی، چونکە وەکو ئەدمیراڵ هیمان گ. ریکۆڤەری ئەمریکایی دەڵێ: تۆ ئەوەندە ناژی

تاکـو هەمـوو ئەو هـەڵانە بکەی کـە بـەشـەریەت کـردوونیـەتی. بۆیە تا دەتوانی سوود لە هەڵەی کەسانی دی وەربگرە.

ڕیژیسـۆری ئەڵمـانی پیـتەر شـتاین دەڵێ سـەرکەوتن و نوشـسـتی هەمان شتن بۆ ڕیژیسـۆر، ئەم وتەیە زۆر ڕاستە بەتایبەت ئەگەر دەرس و پەندی لە دواوە بێ، چونکە ئەوەندەی سـەرکەوتن زیان بەڕیژیسـۆر دەگەینێ، نوشـسـتی ئەوەندە زیانی پێ ناگەیەنێ، جگە لەوەی کـە نوشـسـتی بۆ ڕیژیسـۆری ژیر دەبێتـە مـایەی بەخـۆداچوونەوە و سەرلەنوێ تیاهەڵچوونەوە.

گـرینگ نیـیـە هەڵە بکەی، گـرینگ ئەوەیە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەیتەوە.

# ڕێژیسۆر و خەیاڵ

خـەیاڵ گـەورەترین هـێزی شـۆڕشـگێـڕانەی هونەرە، هەمـوو داهێنانە مەزنەکان زادەی خەیاڵن. هەر خەیاڵیشە ئەم سامانە گەورەیەی شیعر و مۆسیقا و هونەری بەمرۆڤ بەخشیوە.

داهێنـەران تێکڕا لـە گـرینـگی و کـاریگـەریەتیی خـەیاڵ لە پرۆسـەی داهێناندا تێ دەگــەن، بەڵام هـەمــوو داهێنەرێکیش بـەئاســانـی پەی بەجیهانی بەرینی خەیاڵ و فانتازیا نابا.

گـرینگی خـەیاڵ لـە پرۆسـەی داهێناندا، لای زۆربەمـان ئاشـکرایە و پێـویست بـەدووپاتکردنەوەی نـاکـا، بـەڵام لەوە گـرینگتـر ئەوەیە بزانین چۆن خـەیاڵ بەکار بێنین. ئەمە ئەرکـێکی گـرینگی ڕێژیسـۆرە و نابێ بەشـێـوەیەکی هـەڕەمـەکی و لاوەکی مـامــەڵەی لەگــەڵدا بکا. دەبێ لە ڕەفتـارکـردن لـەگـەڵ خـەیاڵی خـۆتدا زمـانێکی تایبـەت یان مـیـتـۆدێکت هـەبێ.

## میتودێک بۆ خەیاڵ

خـەیاڵ خـۆی لەخـۆیدا دوورە لە مـیـتـۆد و بەرنـامـە و بەهیچ شـتـێک ڕام ناکـرێ، نەک هـەر ئەوەندە، بگرە کـە خـەیاڵ دەکـەوێتـە گـەڕ، مـیـتـۆد و بەرنامـە دەکشـێـتـەوە، بەڵام بۆ بەکـارهێنانی خـەیاڵ و چالاککردنی فـانتـازیا و ئەندێشـە، ڕێژیسـۆر دەبێ پەنابەرێتە بـەر مـیـتـۆدی تایبـەت

بەخۆی و بەهەرەمەکی ڕەفتار لەگەڵ خەیاڵدا نەکا. وەک ڕیژیسۆر پێویستیت بەشێوازی تاکەکەسی خۆتە و دەبێ کار لە دوای کار ئەو شێوازە گەلاڵە پێ بکەی، ئەوەش بزانە کە هەر خۆت دەزانی چۆن ڕەفتار لەگەڵ خەیاڵی خۆتدا دەکەی.

هەر بۆیە کە خەیاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی لەخۆیدا ئەنتی میتۆدە، دەبێ میتۆدێک هەبێ کە خەیاڵ بوروژێنێ و ئەکتیڤ و چالاکی بکا. پەیبردن بەکلیلەکانی جیهانی خەیاڵ، تا ڕادەی پێویستی گرینگە بۆ کاری ڕیژیسۆر و ئەکتەر. وابزانم ڕێنماییەکانی ستانیسلاڤسکی لەمەڕ کارکردن لەگەڵ ناوەوەی ئەکتەردا ڕێگەپیشاندەرێکی بێ وێنەن، نەک تەنیا بۆ ئەکتەران، بگرە بۆ ڕیژیسۆرانیش.

پێوەندی ڕیژیسۆر لەگەڵ جیهانی ناوەوەی خۆیدا و هاوسەنگی و هارمۆنیای لەگەڵ خودی خۆیدا، زەمینەی بەپیت بۆخەیاڵ دێنێتە دی و لەوەش پتر، ئینسانیەتی ڕیژیسۆر و دید و جیهانبینی فراوانتر و ناسکتر دەکا.

## خەیاڵ و دەروونی پۆزەتیڤ

ئەگەر لە من بپرسی میتۆدی شەخسیم بۆ جیهانی خەیاڵ و فەنتازیا چییە، من بۆ خۆم گەلێ سوودم لە فەلسەفەکانی ڕێبەرانی فەلسەفەی ئاسایی، بەتایبەت هیندییەکان و چینییەکان بینیوە، لەوانەوە فێربووم کە چۆنیەتی بەکارهێنانی خەیاڵ پێوەندی ڕاستەوخۆی بەکۆنتاکتی خودی خۆت بەدەروون و ناوەوەتەوە هەیە. ناکرێ خەیاڵ ئەکتیڤ و پۆزەتیڤ و ئینسانی بێ ئەگەر خاوەن دەروونێکی گرژ و پەست و گومڕا و شەڕخواز و خۆپەرست بی. خەیاڵ لە دەروونێکی پەست و

نێگەتیڤ بەشێوەیەکی سەلبی کار دەکا و داهێنانی لێ ناوەشێتەوە. خەیاڵ بۆ ئەوەی جیهانی بەرینی داهێنانت بۆ مەیسەر بکا، دەبێ پۆزەتیڤ بێ. کاتێکیش خەیاڵ پۆزەتیڤانە کار دەکا، کە خۆت جیهانی ناوەوەت، دید و جیهانبینیت پۆزەتیڤانە بێ.

ئەگەر بتەوێ خەیاڵ چالاک و بەگوڕ و ئاواڵە بێ، خۆت لە تەعەسووب و دەمارگیری، مەترسی لە ڕەخنە، خۆپەرستی و خۆ بەزل زانین، ستایش و پیاهەڵدان و ڕزگار بکە تا دەتوانی شەفاف و کراوە بە. بەکورتی جیهانی ناوەوەی خۆت بکە بەسەنتەر و فوکس مەخەرە سەر کەسانی دیکە. با خۆشەویستی کومپاسی دڵت بێ، تەنیا خۆشەویستی و هێزی بێ پایانی دڵت ئەو میتۆدە کاریگەرە بۆخەیاڵت دەرەخسێنێ.

## میتۆدی شەخسی لە خەیاڵدا

خەیاڵ خەڵوەتی دەوێ، دەبێ تەواو تەنیا بی، تەنیا گوێت لە بێدەنگی بێ، ئینجا بەهەموو توانایەکتەوە هەوڵ بدە وێنە دروست بکەی، وێنە بهێنە پێش چاو، با وێنەکانت لە قۆناخی یەکەمدا کامڵ نەبن، با وەکو سکێچی یەکەمی نیگارکێشەکان بن، هەوڵ مەدە وردەکارییان تێدا بکەی، وردەکاری وێنەی گشتی دەشێوێنێ. گرینگ ئەوەیە هەر جارەی وێنەیەک لە ئەندێشەتدا بەرهەم دێنی، هەوڵ بدە ئەو وێنەیە هەڵگری و لە یادت نەچێ. لە جاری داهاتوودا ئەمجا زیاتر فوکسی بخەرە سەر، یەک تۆز وردەکاری تێدا بکە، زیاتر ڕەنگرێژی بکە، جاری سێیەم وردەکاری زیاتری تێدا بکە، بزانە وێنەکانت دەگەنە کوێ، با وێنەکانت لەو قۆناخەدا سینەماییانە بن، واتە ڕوونتر و وردتر بن. لەم پرۆسەیەدا بەسێ قۆناخ ڕەت دەبێ: فیکرە یان وێنە، فوکس

خستنەسەر، ڕەنگرێژی و فیلماندن. پاشتریش چەسپاندنی وێنەکانت.

میتۆدی خەیاڵ، خەیاڵی سەرپێی قبووڵ ناکا، خەیاڵ بۆ ڕێژیسۆر کارێکی سەرەکییە، دەبێ بەرنامەی بۆ دابنێ و بەبەرنامەکاری لەسەر بکا. ڕێژیسۆر نابێ پچڕ پچڕ و لە ناو پاس و لە ناو حەمام و لە چایخانە و بەدەم دۆمینەکردنەوە پەنای بۆ بەرێ. لە پرۆسەی خەیاڵدا مێشک و زەین چالاکە و پشوو نادەن، باشترین کار بۆ ڕێژیسۆر ئەنجام دەدەن.

میتۆدی خەیاڵ دەبێ وێنە و هزری کۆنکریت بەرهەم بێنێ. تا وێنەکانت سینەماییتر و ڕوونتر وردتر بن، ئەوەندە بەرجەستەکردنیان ئاسانتر دەبێ. خەیاڵ ئەگەر بەرهەمی نەبێ وێنەکان بۆ ڕێژیسۆر نەشواتەوە، خەیاڵێکی بێ کەڵک و بێ ئاکامە. بەڕاهێنان، تەنیا بەڕاهێنان ڕێژیسۆر دەتوانێ خەیاڵێکی چالاک و تیژ مسۆگەر بکا.

## خەیاڵ و سەنعەت

ئەوە لە بەرچاو بگرە کە نە خەیاڵ جێگەی وەستایەتی و سەنعەت دەگرێتەوە، نە سەنعەتیش بێ خەیاڵ و فەنتازیا دەگاتە لێواری داهێنان. لە ڕاستیدا وەستایەتی و دەست ڕەنگینی بێ خەیاڵی فراوان و فانتازیای هونەریانە، کۆمەڵی تەکنیکی وشک و برنگن. هەروەها خەیاڵیش بێ کارامەیی و لێزانین، جۆرە شێتییەکە کە لە دەرەوەی سنووری هونەردا، ئەمە دەکرێ لای شاعیرێک یان لای نەقاشێک کەمتر دەرکەوێ، بەڵام لای ڕێژیسۆر کە مایسترۆ و ڕێبەری بەرهەم و نمایشە، کە مامۆستا و بەڵەدی گرووپە، تەواو ڕوون و ئاشکرایە. بینەر لە شانۆدا حەزی لە بەرهەمی ڕێژیسۆرێکی پیشەکاری و وەستاو خەیاڵ فراوانە.

## هونەر ئەگەر لە بنەڕەتەوە فێری نەبی ناتوانی لێی تێ بگەی

بەر لەوەی خەیاڵ و ئەندێشەت بخەیتە گەڕ، دڵنیا بە کە خاوەن سەنعەت و دەستڕەنگین و کارامەی و بەقۆناخی خۆپێگاندا تێپەڕیوی، دەبێ لە بنەڕەتەوە لە پیشەی ڕیژیسۆری قووڵ ببیتەوە، بنەماکانی لای خۆت ساخ بکەیتەوە، هونەر ئەگەر لە بنەڕەتەوە فێری نەبی ناتوانی بەقووڵی لێی تێ بگەی.

گرینگ نییە چەند شاعیرانە بیر دەکەیتەوە، گرینگ ئەوەیە ئەو شاعیریەتەت چۆن دێتە ئەنجام و چۆن بەرجەستەی دەکەی. کەرەستە و ئامراز تاکە ڕێگەی بەرجەستکردنی وێنەکانی خەیاڵتن. کەرەستە و ئامراز تەکنیکی سەنعەت و پیشەگەرین.

کەی؟ لە کوێ؟ چۆن؟

پرۆسەی خەیاڵ پێوەندی بەمیتۆدی بەکارهێنانی خەیاڵەوە هەیە: واتە کەی؟ لە کوێ؟ چۆن؟

ئەم سێ پرسیارەش جەوهەری دراما پێک دێنن، کە بەرامبەرەکەیان ئاوا دەکەوێتەوە: ئێستا و ئێرە و کردار.

تەنیا پاش قۆناخی خۆڕاهێنان و خۆ فێرکردن و حیرەفییەت، ئەو میتۆدی خەیاڵەت لا گەڵاڵە دەبێ.

## خەیاڵ... تەکنیک... چێژ

زۆرینەی ڕیژیسۆرە گەنجەکان، ئەوانەی پیشەکار نین، پشت بەخەیاڵ دەبەستن و کەمتر بایەخ بەتەکنیک و سەنعەت دەدەن، ئەو ڕاستییە فەرامۆش دەکەن، یان هەر نایزانن کە ئەو شتەی کەرەستەی بەرجەستەکردنی خەیاڵ بەدی دێنێ وێنە و تابلۆکانی خەیاڵ لەسەر

تەختەی شانۆ و فەزای نمایشدا بەرجەستە دەکا، سەنعەت و لێزانین و دەستڕەنگینییە.

من بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم چێژ لە بەرهەمی ڕیژیسۆرێک وەرگرم، هەرچەند خاوەنی خەیاڵێکی فراوان و بەپیتیش بێ، ئەگەر لە ڕووی تەکنیکەوە لاواز بێ. لە ڕاستیدا هونەر هەردوو لایەنی ناوەرۆک و فۆرم لەخۆ دەگرێ، بەتەنیا یەکێکیان بەڕێوە ناچێ. ئەمە وەکو ئەوە وایە، مۆسیقاژەنێک مۆسیقایەکی ئاست بەرزت بەنەشازەوە بۆ بژەنێت.

هەر ساڵی پار شانۆنامەیەکم بینی، کە ڕیژیسۆرێکی گەنج و ئارەزوومەند دەری هێنابوو. لە ڕاستیدا، نمایشەکە لە ڕووی خەیاڵەوە خراپ نەبوو، بەڵام من ناتوانم، چێژ لە کاری ڕیژیسۆرێک وەرگرم کە نەزانێ مۆسیقا بەکار بێنێ، یان نەزانێ ڕووناکی بەکار بهێنێ، هەروەها نەزانێ سەرەتا و کۆتایی دیمەنەکان لە کوێدان و چۆن دەبێ جێبەجێ بکرێن. ئەو نەشارەزاییە وەکو نەشاز وایە لە مۆسیقادا، بەخەیاڵ و فەنتازیا داناپۆشرێن.

بەرجەستەکردنی خەیاڵی بەرز پێویستی بەتەکنیکی بەرز هەیە، بەهەمان شێوە تەکنیکی خراپ، یان ناشارەزایی لە تەکنیکدا دەکرێ جوانترین خەیاڵ بشێوێنێ.

ڕیژیسۆر دەبێ پاش قۆناخی وەستایەتی ئەوجا پەنا بەرێتە بەر خەیاڵ، سەرەتا فێربوون و وەستایەتی، ئینجا خەیاڵ و ئەندێشە و فەنتازیا، ئەگەر ئەوی دووەم پێش بخەی وەکو شاعیرێکت لێ دێ کە تەنیا خۆی چێژ لە شیعرەکانی خۆی وەربگرێ. شانۆش وەکو دەزانین نابێ تەنیا بۆ یەک کەس بێ، نەخوازەلا ئەو کەسەش هەر خۆت بێ.

## خەیاڵ و ڕابردوو

من پێم وایە باشترین میتۆد بۆ ئەکتیڤکردنی خەیاڵ ئەوەیە کە تا بۆت دەکرێ کەم خۆت بەڕابردووەوە ببەستیتەوە، چونکە خەیاڵ لە خزمەتکردنی دراමادا پێوەندی بە ڕابردووەوە نییە، خەیاڵ ئێستایە و لە ئێستادا لە دایک دەبێ. خەیاڵ و زەمەنی دراما زەمەنی ئێستایە، بۆیە کاتێ پەنا دەبەیتە بەر جیهانی بەرینی خەیاڵ و فەنتازیا، هەوڵ بدە هەرچی فێربووی بەتەواوەتی لە بیری بکەی، خەیاڵ دەبێ لە سفرەوە، لە هیچەوە کار بکا. ئەگەر حەواسەکانت بەتاڵ نەبن و زەینت نەگەیشتبێتە ئاستی هیچ، خەیاڵت باش کار نەکات و داهێنان لە دایک نابێ. ئەگەر زینت سەرقاڵ و مەشغووڵ بێ، شتێکی نوێ نایەتە گۆڕێ، چونکە مێشکت خۆی پڕە لە شت، زۆرینەی شتەکانیش ڕەش و نێگەتیڤن، جارێ فەرموو مێشک و زەینت بەتاڵ بکە، زەمینە بۆ خەیاڵ خۆش بکە، ئەوجا دەبینی چ داهێنانێک لە دایک دەبێ.

فەیلەسووفێکی هیندی دەڵێ: ئەگەر بتەوێ ببی بەوێنەکێشێکی داهێنەر: دەبێ سەرەتا دوانزە ساڵ فێری وێنەکێشان بی، پاشان دوانزە ساڵی دیکە، ئەوەی فێری بووی هەمووی لە بیر بکەی، لەو دوانزە ساڵەدا هەوڵ بدە کارێکی دیکە بکەی، وەکو داربڕین، ئاوڕاکێشان، ئەمە لێرەدا هێمایە بۆ کەسابەت و کار و ژیانی ڕۆژانە، هەرچی کارێکت پێ پەسەندە بیکە، تەنیا وێنەکێشان نەبێ، پاشان دەستبکەوە بەوێنەکێشان.

گەلێ جار بۆت دەردەکەوێ کە هەموو ئەو شتانەی فێری بووی، زانیارییەکان و شارەزاییەکان بەربەستن لە بەردەم خەیاڵدا و وەک شووره ئابلۆوقەت دەدەن و بوارت نادەن.

## خەیاڵ و ئێستا

یادەوەری ئەزموونە.. ئەزموونیش کۆنە، بەڵام خەیاڵ و ئەندێشە بەرەو ئاسۆیەکی فراوان دەتبا کە ئاسۆی داهێنانە، داهێنانیش هەمیشە دەبێ هی خۆت بێ، بۆیە دەبێ نوێ بێ. هەموو شتێکی نوێیش بەئێستاوە بەندە.

تا پتر پەنا بەریتە بەر خوێندنی ئاکادیمی، پتر خەیاڵت وشک دەبێ، وزەی داهێنانت ئیفلیج دەبێ. کاری ئەکادیمی و داهێنانی هونەری تێکەڵ مەکە.

ئەوانەی ئاکادیمین دەبێ زۆر بەجیدی بیر لە خۆیان بکەنەوە، میتۆدێکی کاریگەر بۆ ئەکتیڤکردنی خەیاڵیان بخوڵقێنن، دەنا وشکبوونەوە بەئاسانی زەفەریان پێ دەبا.

ئەزموون و یادەوەری و خوێندنی ئەکادیمی گرنگن بۆ خۆ فێرکردن و خۆپێگەیاندن، بەڵام بەر لە چوونە ناو پرۆسەی داهێنانەوە هەوڵ بدە هەموو ئەو شارەزاییيانە بەلاوە بنێیت، چاکتر وایە هەر لە بیریان بکەی، پاشان ئەوانە لە کاتی پێویستدا فریات دەکەون. ئەزموون و شارەزایی لە یادەوەریدا خۆیان حەشار دەدەن، بۆ کاتی پێویست فریات دەکەون، بەڵام کە هێشتا لە سەرەتای خەلق و داهێناندای، لێ مەگەڕێ دەستت بگرن و ڕێنماییت بکەن. ئەزموون و زانستییەکان و زاکیرە وەکو شووره چواردەوری زەینت دەدەن و ناهێڵن ئاسۆی خەیاڵ باوەش بۆ داهێنانەکانت بکەنەوە.

## بزانە دڵت چیت پێ دەڵێ

ئەرکی سەرشانی تۆ ئەوەیە ئەو شوورەیە برووخێنی. بۆ تێکدانی ئەو شوورەیە پێویستە بەوردی گوێ لە دڵی خۆت بگری. پاشان تێ دەگەی کە ڕێگەی دۆزینەوەی تایبەتمەندی و سەربەخۆیی خۆت ئەوەندە دوورودرێژ و سەخت نییە، بەپێچەوانەوە هەر زۆر نزیکە، چونکە ئاسۆی داهێنان هەر لە ناخی خۆتدایە و لە هەر جێگەیەکی دیکە بۆی بگەڕێی بزر دەبێ و لە ئەنجامدا لاسایی کەسێکی دیکە دەکەیتەوە.

## شارەزایی و زانیاری و دەنگی دڵی خۆت

ئەوەی لە ڕێبەرانی شانۆوە وەکو ستانیسلاڤسکی و مییرهولد و برێخت و... تاد. بەدەستی دێنی، شارەزایی و زانیارییە، بەڵام ئەوەی لە ناخی خۆتەوە سەرچاوە دەگرێ تێگەیشتن و زیرەکی و بیرتیژی و خەیاڵ فراوانی خۆتە، واتە تایبەتمەندیی خۆتە.

ئەوەی یەکەمیان ڕۆشنبیرییە، ئەوەی دووەمیان زیرەکی و فامکردنە. ئەوەی یەکەمیان وەکو شێخی شاعیران شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ کەسبیە. ئەوەی دووەمیشیان هەروەکو شێخ دەڵێ وەهبیە. ئێمە کە بمانەوێ بەرهەمێکی تۆ ببینین دەمانەوێ شتێکمان پێشکێش بکەی کە وەهبی بێ. واتە داهێنانی خۆت بێ.

ئەگەر بتەوێ تایبەتمەند بی، ئەگەر بتەوێ سەربەخۆ و جودا بی، ئەگەر نەتەوێ وەک تووتی بی، ئەگەر بتەوێ بەرامبەر بەوجودی خۆت ڕەسەن و ڕاستگۆ بی، دەبێ تەنیا گوێ لە دڵی خۆت بگری.

ئەوەی کە جەوهەریی و وەهبیە لە شانۆنامەکەتدا ئەوەیە کە نابینرێ، یان خۆی بەهەموو کەسێک پیشان نادا، ڕیژیسۆر دەبێ

سۆراخی ئەو شتە جەوهەرییە بکا کە پەی پێبردنی ئاسان نییە. دۆزینەوە و دەرەخستنی ئەو شتە جەوهەرییە کارەکەی تۆ لە کاری کەسانی دیکە جیا دەکاتەوە. زۆربەی زۆری کاری ڕیژیسۆران کە لەیەک دەچن، هی ئەوەیە خۆیان بەدوای شتە جەوهەرییەکان ماندوو ناکەن. زۆرینەیان درشت بین و وردبین نین، ئەو شتانە دەبینن کە خوێنەر و بینەری ئاسایی دەیبینن.

ڕیژیسۆر دەبێ ئەو سیحرە بدۆزێتەوە کە کەسانی ئاسایی نایدۆزنەوە.

دەگێڕنەوە کە مەلای مەزموور کلیلی دەرگەکەی لێ ون دەبێ. شەوێک لە بەر تیشکی چراکەدابۆی دەگەڕێ، چەند بۆی دەگەڕێ نایدۆزێتەوە، دراوسێکەی لێی دەپرسێ: مەلا کلیلەکەت لە کوێ ون کردووە؟ مەلا دەڵێ: لە ژوورەوە. دراوسێیەکەی دەڵێ: ئەی بۆ لە دەرەوە بۆی دەگەڕێی؟ مەلا دەڵێ چونکە دەرەوە ڕووناکە

گەڕان لە ڕووناکیدا ئاسانە، بەڵام کلیلەکە نادۆزیتەوە.

کلیلی شانۆنامەکەت، نمایشەکەت لە شوێنە تاریکەکانی دەقەکەتدایە و تەنیا بەدڵ دەدۆزرێتەوە.

دڵ وەکو سانت ئۆگزۆبری دەڵێ شتەکان بەڕوونی دەبینێ. نە میتۆد، نە ڕێباز یارمەتیت نادات لە بینین و تەجلیدا. ئەوەی نەبینراو دەکات بەبینراو و کەشفی دەکا دڵتە. تەنیا دڵت دەبێ ڕێبەرت بێ لە داهێناندا. بۆیە دەبێ بەدڵ و دەروونێکی ئاسوودەوە، دنیای خەیاڵت ئاواڵە بکەی. دەبێ بەقووڵی شۆڕبیتەوە و بەقووڵی بڕوانی، چونکە لە قووڵبوونەوەدا سیحرێک کەشف دەکەی و وەکو برووک و گرۆتۆڤسکی دەڵێن نەبینراو دەکەی بەبینراو. پاشان بۆت دەردەکەوێ کە ئەم

سیحره له پرۆسەی داهێناندا چەند گرینگە و چەند له کارەکەتدا جەوهەرییە، چەند چێژبەخشە و بۆ سەرتاسەری ژیانیشت ئیلهام بەخشە، چونکە له سەرجەمدا وەکو داهێنەرێک هەر ئەو سیحرەت بۆ دەمێنێتەوە.

## سیحری نمایش و بینەر

بەکەشفی تایبەتی خۆت شاد بە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەموو کەسێ ئەو کەشفەی تۆ دەبینێ. ئەوە بزانە کە بینەرێک دەیبینێ کە ئەویش توانای قووڵ بوونەوەی هەیە، بینەرێک کە ئەویش وەکو تۆ دوای دڵی کەوتووە و ڕاستگۆیانە گوێ له دڵی خۆی دەگرێ. تۆ دەبێ بۆ ئەو بینەرە کار بکەی. مەڵێ بینەری وا نییە. بینەری وا هەیە، وەکو چۆن ڕیژیسۆری وەکو تۆ هەیە، ئەو بینەرەش هەیە، تۆ دەبێ ڕایکێشی بۆ لای خۆت، بۆ هۆڵی نمایشەکەت. ئەوەش بزانە کە هەموو کەسێک ئەو کەشفە نابینێ، بۆیە کە خۆت بینیت ئیدی ڕەخنەت زۆر بەلاوە گرینگ نابێ، ستایشیشت بەلاوە گرینگ نابێ، چونکە بەدەگمەن ڕەخنەگر و پێداهەڵدەر ئەو کەشفانە دەبینن.

له ناو جەمهووردا، له ناو خەڵکی ئاساییدا، ڕوونتر ئەو سیحرە دەبینن، چونکە توانای بینینیان له ڕۆشنبیران بێگەردتر و ڕەوانترە، بینەری ئاسایی دوای دڵی دەکەوێ و گوێ له دڵی خۆی دەگرێ، بۆیە له کارکردنتدا هەمیشە بیر له بینەرێک بکەوە له دەرەوەی بازنەی ڕۆشنبیران و شانۆکاران بێ.

من بەش بەحاڵی خۆم له ناو بینەراندا دادەنیشم و گوێ له نەبز و لێدانی دڵیان دەگرم. ئەگەر ڕیتمی دڵیان لەگەڵ ڕیتمی نمایشەکەم

هاوجــووت بوو، ئیــدی گــوێ بە قــســەی ڕەخنـەگـران نادەم و منەتم بەستـایشـیش نییە. با ڕیتمی دڵی بینەران کۆمپاسی نمایشـەکەت و چرای داهێنانت بێ.

## خەیاڵ و کلێشە

کە پەنا دەبەیتە بەر خـەیاڵ، لە کلێشـە و چارەسـەری حازر بەدەست شـێوازی باو و سـواو خۆت دەرباز دەکەی. ئینجا لەو قەناعەتەوە کار بکە کــە شــانۆنامــەکــەت دیمەن بـەدیمەن لـە گــۆڕاندایە. وابزانە شـانۆنامـەکە بۆ تۆ و بۆ ئـەو شانۆیە نووسـراوە کـە کـاری تێدا دەکەی. وەک چۆن ژیان خـۆی سـات لە دوای سـات دەگۆڕێ، دەبێ سـاتەکانی ناو شــانۆنامــەکــەش ئاوا بگۆڕێن. خــەلق و داهێنانی ڕێژیســۆر لە بەرجەستەکردنی ئەو گۆڕانانەدا دەردەکەوێ، ئەگەر گۆڕانەکان کلێشە ئاسا بن، دراماکەش گیان لە دەست دەدا و دەبێ بەفۆرمێکی مردوو.

ڕێژیســۆری زیرەک و خــاوەن فــام بـەپێی بارودۆخی درامــاکــە هەڵسـوکـەوت دەکـا، ڕێژیسـۆری کـەم فـامـیش بەپێی وەڵامی حـازر بەدەست و کلێشـەی سوواو ڕەفتار دەکا. یەکەمیان داوای تیشکی مۆمی داگیرساوی ناو دڵ و دەروونی خـۆی دەکـەوێ، بەڵام دووەمیـان دوای تیشکی لایتی دەستی کەسانێکی دی دەکەوێ.

بەکارهـێنانی کلێشە دەکاتە بەکارهێنانی زمـانی هونەریی کـەسانی دیکە و تەنیا فۆرمی کلێشـە ئامێزی لێ دەکەوێتەوە. تەنیا هـەستکردن بەگۆڕانی یەک لە دوای یەکی دراماکە و بەرجـەستـەکردنیان زمـانێکی هونەریی تایبەت بەخۆت دەسەلمێنێ.

## خەیاڵ و زمانی هونەریی تایبەت بەخۆت

ئەوەی پێی دەگوترێ زمانی هونەریی تایبەت بەخۆت هەر لە ناو خەیاڵدا چەکەرە دەکا و دەپشکوێ. هەندێ کەس پێیان وایە کە زمانی هونەریی تایبەت بەخۆت لە ناو هزر و بیرەوە لە دایک دەبێ. من دەڵێم ئەمە تەواو بەپێچەوانەوەیە، چونکە هزر و بیر هیچیان هی خۆت نین. هەموویان کۆنن و پێشتر بەکار هێنراون، ڕەنگە بزانی بەکار هێنراون و ڕەنگە نەزانی، جا بۆیە تکایە باسی ئەزموونگەریەتیمان بۆ مەکە، چونکە بەمە فریو ناخۆین. ئەگەر باش و بەوردی لێکی بدەیتەوە تاکە یەک بیرۆکە هی خۆت نییە. ئەوەی هی خۆتە ئەگەر لێی بزانی و چاکی بەکار بێنی خەیاڵە... ئەمە ئەگەر خەیاڵت باش بەکار بێنی و لەو بەکارهێنانەدا ڕەسەن و ڕاستگۆ بێ.

ئەگەر بەدوای سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆتدا بگەڕێی، ئەوساکە تەنانەت فیکر و هزرە کۆنەکانیش سەرلەنوێ لە داهێنانەکانی تۆدا لە دایک دەبنەوە و تایبەتمەندیی و سەربەخۆیی و جیا هەڵکەوتوویی تۆی ڕیژیسۆر دەسەلمێنن. لەم گەڕانەشدا خەیاڵت گەورەترین بەڵەدتە، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەم و بەڕیژیسۆر دەڵێم:

باسی ئەزموونگەری و نوێخوازی و پێشڕەوایەتی مەکە، ڕێبەرانی شانۆ و ڕیژیسۆرە مەزنەکان وایان باس نەکردووە وەکو فەریکە ڕیژیسۆرەکان دەیکەن. ئەم زاراوە زلانە بنێشتی کەسانی فشەکەرن، لە بری ئەوە بەدوای تایبەتمەندی و سەربەخۆیی و جیا هەڵکەوتوویی خۆتدا بگەڕێ، ئەمانە خۆیان بۆ ئینسانیەت ماکی داهێنانی نوێ ئەزموونی نوێ و پلەی پێشەنگی وەردەگرن.

## کەماڵ و سەرجەم

بەتەمای ئەوە مەبە نمایشەکەت بگاتە کەماڵ. داهێنانی ڕیژیسۆر وەک داهێنانی هەر داهێنەرێکی دیکە هەرگیز ناگات بەکەماڵ، چونکە لە هونەردا کەماڵ نییە. ئەمە لە شانۆ و بەتایبەت لە کاری ڕیژیسۆردا ئاشکراتر دەردەکەوێ، چونکە شانۆ سروشتێکی مەجازی هەیە.

ڕیژیسۆر جیهانێک دەخوڵقێنێ، داهێنانی ڕیژیسۆریش لە سەرجەم و تێکڕای "کلیە" ئەو جیهانەدا دەردەکەوێ. داهێنانی هیچ یەکێ لە دەرهێنەرە بلیمەتەکان نەگەیشتووەتە پلەی کۆتایی. باشە پلەی کۆتایی یان دوا پلە لە شانۆدا هەیە؟

## ئەم شانۆگەرییە هێشتا ماوەتی

گەلێ جار وا ڕوو دەدا کەسانێک دەڵێن ئەم نمایشە هێشتا ماویەتی. من گاڵتەم بەم قسەیە دێ. پاش نمایشێکی شانۆگەریی تەرتووف کە بەئینگلیزی لە لەندەن دەرم هێنا شانۆکارێکی عێراقی کە ئینگلیزییەکەی بایی ئەوە نەبوو لە شانۆگەرییەکە تێ بگا، دەستخۆشی لێ کردم، گوتی دەستخۆش، بەڵام وا بزانم هێشتا ماویەتی، گوتم بێ گومان منیش هێشتا ماومە و ماوم و نەمردووم. نمایشیش هەر بەو چەشنەیە. ئەگەر نمایشێک نەیمابێ واتە مردووە و تەواو. نمایش، هەر نمایشێک بێ، هەموو جارێک سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە. ئەم فەرمایشتانە نیشانەی تێنەگەیشتنە لە سروشتی هونەری شانۆ، بگرە لە سەرجەمی هونەر و ئەوەی پێوەندی بەژیانەوە هەیە، چونکە ئەگەر نمایش کامڵ بوو ئەوکات دەکاتە ژیان خۆی و ئەوسا هیچ پێویست ناکا تەماشای بکەین.

نمایش یان ئەوەتا داهێنانە یان ئەوەتا داهێنان نییە. بەڵێ دەکرێ ڕەخنە لە میتۆد و حیرەفیەت و دیدی ڕیژیسۆر بگیرێ، بەلام ناکرێ بگوترێ کارەکەی تەواو نەبووە. کام ڕیژیسۆری داهێنەر دەگری بەو بێ پاش نمایشی یەکەم دەرفەتێکی دیکەی بۆ بڕەخسێنرێ و دیسانەوە کار لەسەر بەرهەمەکەی بکاتەوە، چونکە دەزانێ هێشتا ماویەتی، هەرچەندە زۆربەی زۆری ڕیژیسۆران دەزانن کە تەواوبوون لە دەرهێناندا نییە، بەڵگەشم کارکردنی چل ساڵەی ڕیژیسۆری ئیتاڵیایی جورجیۆ ستریهلەرە لەگەڵ شانۆنامەی ئەرلیکینۆ، کە چوار جار گەڕایەوە سەر هەمان شانۆنامە و سەرلەنوێ کاری تێدا دەکردەوە. میرهولد دەڵێ: هەموو بەرهەمەکانی سالانی بیستەکانم وەکو مەشق و سکێچ وابوون بۆ شانۆنامەی پشکنەری گۆگۆل، ئەو شانۆگەرییەی کە بەیەکێ لە شاکارەکانی دادەنرێ، تاکو ئێستاش هەر لێکۆڵینەوە و تێز و گوتاری لەسەر دەنووسرێ. سەرەڕای ئەوەش چەند جارێک گەڕایەوە سەر کارکردن لەسەر شانۆگەرییەکە.

**لە دەرهێناندا دوو ژوور نییە**

هەر میرهولدیش دەڵێ: لە دەرهێناندا دوو ژوور نییە، یەک ژوور هەیە، ئەویش ژووری تۆیە کە ڕیژیسۆری. کەس ناتوانێ بڵێ ئەم ژوورە خراپە، چونکە ژوورێکی دیکە نییە، تاکو لەگەڵیدا بەراورد بکرێ. ئەوەی تۆ دەیکەی یان داهێنانە یان داهێنان نییە. یان پەسەندە، یانیش پەسەند نییە، بەلام لە هەموو دۆخێکدا نابێ کامڵ بێ، بۆیە لە دەرهێناندا گرینگ کاری سەرجەمە. ڕیژیسۆری بەتوانا هەوڵ دەدا ئەو سەرجەمییە بهێنێتە ئەنجام. هارمۆنیا و هاوسەنگی لەسەرجەمدا نیشانەی بلیمەتی ڕیژیسۆر دەگەیەنێ.

ئەگــەر ڕێژیســۆر نەگــاتە ســەرجــەم، ئەوە ئــەکتــەرەکـان و هــەمــوو کـارمــەندانی بەرهــەمــەکـە گـیـرۆدەی پچڕ پچڕی دەبن. ئەگــەر تەونی ســەرجـەم نەباتە ئـەنجام، هارمـۆنیا و هـاوئاهـەنگی نێوان ئەکتـەران و بگرە هەموو کارمەندانی بەرهەمەکە دروست نابێ.

هـەوڵ بدە بگەی بەســەرجـەم و بیـر لە کــەمــاڵ مــەکـەوە، چونکە لە هونەردا کەماڵ نییە.

## لۆژیکی ژیان- لۆژیکی شانۆ

هـەمـــوو ئەزمـــوونێکی ژیانت، دید و بۆچوون و جـــیـــهـــانبـــینیت لە نمـایشـــەکـــانـتـــدا ڕەنگ دەدەنـەوە. هـەمـــوو ئەزمـــوونێک لە دید و بۆچوونەکـانتدا، لە فـۆرم و تەکنیکتـدا دەردەکـەوێ. بینەر ڕێژیسـۆری خـاوەن ئەزمـوون و خاوەن دیدی ئینسانی دەناسێتـەوە، هـەروەک چۆن بینەر، وەکـو میـیـرهـولد دەڵێ: بەهـەر شـێـوەیەک بێ ئەکتـەری زیرەک دەناسێتەوە، ئەم بۆچوونە بەهەمان شێوە ڕێژیسۆریش دەگرێتەوە.

ئەگــەر بتــەوێ زمــانێکی هونـەریانە گــەڵاڵە بکـەی، دەبێ لە لۆژیک (مـەنتیق)ی ژیـان دووركەویتـەوە و بەلۆجیکی هونـەر کـار بکـەی، چونکە مـەنتیقی هونەر لە مـەنتیقی ژیان قـووڵترە. مـەنتیـقی ژیان و مـەنتیـقی هونەر جـودان، یەکــەمـیــان عــەقــڵانـیــیــە و دووەمـیــان ســیــحــریی و ئێسـتـێتیـکییـە. مـەنتـیـقی ژیان بەش بەشـە، مـەنتـیـقی هونەر کـولییـە سەرجەمە. کە شـانۆ مەنتیقی ژیانی پیادە کرد شـانۆی ناتۆرالیزمی لێ دەکـەوێتـەوە، کـە لاسـاییکردنـەوەی ژیـانـە. ئەو قسـەیەی برووک دووبارە دەکـەمـەوە کە دەڵێ شـانۆ ژیانە، بەڵام ئـەمە ئەوە ناگـەیەنێ کـە شـانۆ و ژیان جیاوازییان لە نێواندا نەبێ.

## جیهانی ڕیژیسۆر

ڕیژیسۆرێکی گەنج لێی پرسیم، باشترین سەرچاوە دەربارەی پیشەی ڕیژیسۆریی، یان بۆ ئەوەی ببی بەڕیژیسۆرێکی کارامە چییە؟ یەکسەر پێم گوت ژیان خۆیەتی. ڕیژیسۆر دەبێ باش لە ژیان تێ بگا، چونکە بیناسازی جیهانێکی هونەریی لەسەر شانۆدا دەکا. جیهانێک کە جیهانی خۆتە، یان جیهانە بەو شێوەیەی کە تۆ تێی دەگەی و تێیدا دەژییی، بۆیە دەبێ لە خودی ژیان بەگشتی و لە ژیانی خۆی بەتایبەتی بگا. تاکە ڕێگەش بۆ ئەوەی لە ژیان بگەی ئەوەیە کە سەد لە سەد و تا ئەوپەڕی توانای بژیی.

داهێنان خۆی لە خۆیدا ئەوەیە کە تۆ شتێکی نوێ بەجیهان دەبەخشی، شتێکی جوان بەجیهان پێشکێش دەکەی، ئیزافەیەک دەکەیتە سەر ژیان، بۆ ئەوەی ئەم ئیزافەیە بکەیتە سەر ژیان، دەبێ چاک بژیی. باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی لە سەما تێ بگەی ئەوەیە کە دەبێ خۆت سەما بکەی.

## ئەزموونەکانی ژیانت

برووک دەڵێ شانۆ چەند تەرزێک نییە شانۆ دەربارەی ژیانە. ئەمە خاڵی دەستپێکە. هیچ شتێکی دیکە لەمە بنچینەتر نییە. لە هەمان کاتدا کەس ناتوانێ بڵێ جیاوازی لە نێوان شانۆ و ژیاندا نییە. بەواتایەکی دیکە هەموو تەرزەکانی شانۆ دەربارەی ژیانە یان ڕاستتر بڵێین دەربارەی جەوهەری ژیانە. ئەگەر ڕیژیسۆر خۆی ژیان بەتێر و تەسەلێ و فوول نەژێ، ناگاتە ئەو ناوەرۆکەی کە جەوهەری ژیانە. ئەگەر بتەوێ جیهانێک پڕ لە مانا و دەلالات لەسەر شانۆ بەرجەستە

بکەی، دەبێ ژیان بەختەستی بژێی. ئەگەر بتەوێ ژیانێکی بەجۆش و دینامیک لەسەر شانۆدا بەرجەستە بکەی، دەبێ خۆت بەهەموو جۆش و خرۆشێک و تا بۆت دەکرێ دینامیکیانە بژی. ئەگەر بتەوێ بەقووڵی باس لە ژیان بکەی، دەبێ خۆت بەر لە هەموو شتێک لە ژیان قاڵ ببیتەوە.

## جەوهەری نمایشەکەت واتە جەوهەری ژیانت

سەرجەمی ئەزموونی ژیانت سەرچاوەی ئیلهامتن، ئەگەر ئەزموونەکانی ژیانت بەقووڵی وەرگری، ئەوە ئەو ئەزموونانە خۆیان دەرژێنە ناو رووباری داهێنانتەوە. هەموو ئارەزووەکانی رۆژانەت گرینگن، بەقەد کتێب گرینگن. هەندێ جار ئەزموونی رۆژانەت لە کتێبیش گرینگترن بەمەرجێک بەقووڵی وەریانگری. ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن دەڕوانیتە جەوهەری ژیان. جەوهەری ژیان چۆن بێ بەلاتەوە، نمایشەکەشت هەروا دەبێ.

ئارەزووەکانی ژیانی رۆژانەت کەرەستەیەکی گەلێ گرینگن، پێویستە بایەخیان پێ بدەی و دەربەستیان بێی. بەتایبەتی هەموو ئەو ئارەزووانەی کە شتیان لێوە فێر دەبێ، وەکو گەشت و سەفەرکردن و گەڕان و جیهانبینی و زمان فێربوون، کە بایەخی بۆ ڕیژیسۆر لەبن نایەت، هەروەها دیدەنی و ناسینی خەڵکی بێگانە و ئەوانەی کە سەر بەکولتوورێکی دوورن، کراوەیی و شەفافیەتە بەرامبەر بەکولتووری جیاواز، زانیاری وەرگرتن و فێربوون و قبووڵکردنی کاریگەریەتی شت و دیاردەی نوێ، هەموو ئەمانە دەروازەیەکی مەعریفی گەورەت بۆ دەخاتە سەرپشت.

ئینجا خوێندنەوەی بەردەوام و بەشێوەیەکی جیدی و بەبەرنامە و

پلان، نەک بەڕێکەوت پێش خەوتن و لە کاتی چاوەڕوانیدا. ئینجا خەوبینین و پێداچوونەوە بەخەونەکانتدا و شیکردنەوەی هێماکانیان. وەرزش بەگشتی و وەرزشەکانی ئاسیایی وەکو تایچی و کیکونگ، هەموو ئەمانە ئەزموونن و قوتابخانەی ژیان بۆ ڕیژیسۆر پێک دێنن و ڕۆڵێکی گەورە لە پێکهێنانی دید و جیهانبینیدا دەبینن.

ژیانی سەر شانۆ جەوهەر و پوختەی ناوەڕۆکی ژیانە بەهەموو ڕەهەند و ئەزموونەکانییەوە، بەڵام لە فۆرمی ئینتیگراسیۆن، واتە تێکەڵاوبوون، ئەوە لە یەکتر گونجاندا خۆی دەنوێنێ، تێکەڵاوبوونی ڕەهەند و ئەزموونەکانی ژیانت لە کاری هونەریت دابڕاو نییە، بەگشتی ئاوێنەی ژیانی خۆتن وەکو ڕیژیسۆر، ئەگەر کەسێ لە نزیکەوە بتناسێ ڕەهەندەکانی ئەو جیهانە تایبەتییەی خۆتی تێدا دەدۆزێتەوە. هەر ئەمانەن کە دەبن بەدەلالات، بەهێما و ئاماژە، ئەمەیش وەکو ڕیژیسۆر لەسەر کارامەیی خۆت دەوەستێ.

لە هەموو حاڵەتێکدا، خۆت چۆن بی جیهانی سەر شانۆکەشت ئەوەندە بڕ دەکا، بەقەد ڕەهەندەکانی خۆت: واتە ڕەهەندی ڕۆحی، ڕەهەندی زەینی، ڕەهەندی ئیحساسی و ڕەهەندی جەستەیی، لە تێکەڵبوون و لەگەڵ یەکترگونجانی ئەم ڕەهەندانە جیهان لەسەر شانۆکەت، لە نمایشەکەتدا لە فۆرمێکی هونەریدا بەرجەستە دەبێ. هەر ئەم چوار ڕەهەندەش کەرەستەی هونەریت بۆ دەست نیشان دەکەن و یارمەتیت دەدەن لە هەڵبژاردن و داڕشتنی میتۆد و ڕێباز و ستیل و... تاد جیهانبینی تۆ وەکو ڕیژیسۆر لە تێکەڵاوی لەگەڵ پێکەوە گونجاندنی ئەم چوار ڕەهەندەوە گەڵاڵە دەکا.

تاکو خەستتر و قووڵتر بژی، ڕەهەندەکانی ژیانیشت دەوڵەمەندتر

دەبن، دید و جیهانبینیت فراوان و ڕوونتر دەبێ. چەندی ژیانت زیندوو و دینامیک بێ، ئەوەندەش نمایشەکەت زیندوو و دینامیک دەبێ. هەوڵ بدە پێش ئەوەی بیر لە داهێنان بکەیتەوە، ژیانت خۆی پڕ بێ لە داهێنان.

## ئینتگراسیۆن- تێکگونجان

ڕیژیسۆرێک بەرلەوەی ببێ بە ڕیژیسۆر، خاوەنی پیشەیەکی دیکە بووبێ، یان لە بوارێکی دیکەدا کاری کردبێ، لە داهێناندا بەختی کراوەترە. بەتایبەت ئەگەر پیشەی پێشووی هونەریی و داهێنەرانە بووبێ. ئەگەر مۆسیقاژەنێک ببێ بەڕیژیسۆر لە دەرهێناندا دەرگەیەکی گەورەی لە ڕوودا ئاوەڵە دەبێ و هەموو کارەکانی لە ڕووی دارشتنی پێکهاتەی مۆسیقایی نمایشەکەی، هەروەها لە ڕووی ڕیتمەوە شەقڵی مۆسیقای پێوە دیار دەبێ.

لە ناو ڕیژیسۆرانی ئەمڕۆدا چەند ناوێکی گەورە هەن کە پێشتر بیناساز بوون و پاشان بوون بەڕیژیسۆر و لە بواری دەرهێناندا تا بڵێی داهێنەرن. دیارە بیناسازیی گەلێ لە دەرهێنانەوە نزیکە، هەردووکیان لە چەمکی پانتایی و پێکهاتە لە گەلێ ڕووەوە یەک دەگرنەوە.

لە ڕیژیسۆرە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمەمان ڕۆبێرت ویلسۆن پێشتر بیناساز بوو. کاریگەریەتی بیناسازیی لە کارەکانی ویلسندا لە هەموو چەمکێکی دیکە بەهێزتر و شاکارترە. ویلسۆن دەڵێ بەرلەوەی هیچ کارێکی دیکە لەسەر شانۆنامەکە بکا، پێش هەموو شتێ بینای میعماری سەر شانۆکە ئەنجام دەدا.

وا بزانم کەم کەس هەیە ئاگەی لەوە بێ کە ڕیژیسۆرێکی جیای

هەڵکەوتووی وەکو داریۆفۆ پێشتر بیناساز بووە، پاشان لە شانۆدا وەکو نووسەر و ئەکتەر و ڕیژیسۆر دەستی بەکار کرد. کاریگەریەتی بیناسازی لە شانۆنامە درێژەکانی داریۆفودا گەلێ زەقە.

ئەوانەی کتێبخانە تایبەتییەکەی میرهولد یان ماڵەکەییان بینیوە، دەڵێن ژمارەیەکی زۆری کتێبەکانی دەربارەی بیناسازی بوون، ئەگەر دەتەوێ ببی بەڕیژیسۆر ئەم لایەنە فەرامۆش مەکە.

لەم پەنجا ساڵەی دواییدا گەلێ لە کەسانی سینۆگراف چوونە ناو جیهانی دەرهێنانەوە و ئەزموون و دیدی خۆیان لە چەمکەکانی فەزاو پانتایی و مەوداوە گواستەوە ناو هونەری دەرهێنان. بەمە هونەری دەرهێنانیان دەوڵەمەندتر کرد. من لێرەدا لە یەک ناو زیاتر ئاماژە بەکەس نادەم، ئەویش سینۆگراف و ڕیژیسۆری گەورەی ڕووسیا ئاکیمۆڤە، کە هیچ ڕەخنەگرێک ناتوانێ باس لە داهێنانی ئەو ڕیژیسۆرە بکات بەچاوپۆشی لە سینیۆگرافیاکانی دی، کە هەر خۆی نەخشەی بۆ دادەنان.

ئینجا بڕوانن پیشەی پزیشکی چەند کاری کردووەتە سەر شانۆنووسێکی وەکو چێخوف.. وا بزانم زۆربەمان شانۆنامەی خاڵۆ ڤانیامان خوێندووەتەوە، بڕوانن ئەزموونی چێخوف لە بواری پزیشکیدا لە خوڵقاندن و داڕشتنی کارەکتەری ئەستروڤ و چەندین کەسایەتی دیکەدا چ ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە.

بەگشتی ئەو هونەرمەندانەی کە خاوەن پیشەیەکی دیکەن و پێ دەخەنە ناو جیهانی دەرهێنان، بەهرەیەکی تایبەتی دەسەلمێنن و وەکو منداڵی دایک و باوکی دوو کولتووری جیاواز وان، کە بەگشتی بەهرەمەندترن لەو منداڵانەی کە دایک و بابیان سەر بەیەک میللەتن.

## ڕیژیسۆر و ڕێبەرانی شانۆ

چۆن بڕوانینە ڕێبەرانی شانۆ؟ وەک ڕێژەی نەگۆڕ تەماشایان بکەین و لە ڕیزی ئەو کەسانەیان دابنێین کە بیر و بۆچوون و ڕێبازەکانیان بەهیچ جۆرێک ناکرێ جێگەی گومان بن، یان هەر ئاوڕیان لێ نەدەینەوە و بەهیچ جۆرێک نەیانخوێنینەوە؟ برووک دەڵێ: سەد لە سەد مەدە بەڕێبەران، بەڵام سفریشیان مەدەرێ.

پێم وایە شانۆکار دەبێ توانای یاخیبوونی بەرامبەر بەڕێبەرانی شانۆ هەبێ. بەڵام ئەم یاخیبوونە دەبێ پاش تێگەیشتن و قووڵبوونەوە و سوود لێوەرگرتن لە دەستکەوتەکانیان بێ. دەڵێم یاخیبوون، نەک ڕەفزکردنی کوێرانە، ڕاستی ئەم بۆچوونەش ئەوەندە ڕوونە کە زۆر قسە هەڵناگرێ، بۆیە نەکەی هەروا لە خۆڕا و بێ دیراسەکردن و ساخکردنەوەیەکی قووڵ، تەنیا بەمەبەستی خۆدەرخستن و هەر بۆ مۆدە و مۆدێل و فشە دژایەتی ڕێبەرانی شانۆ بکەی، چونکە لەو حاڵەتەدا هەر تۆ زەرەر دەکەی.

دید و بۆچوون و بناخەی ئێستێتیکا و پەیامی ڕێبەرانی شانۆ، وەکو ستانیسلاڤسکی، مییرهولد، کرەیگ، برێخت، تا بڵێی ڕوونن. ئەوان ئاکامی کار و لێکۆڵینەوە و ئەزموون و تاقیکردنەوەی دووروودرێژیان لە شێوەی تیۆردا داڕشتووە و کاکڵە و ئاکامی توێژینەوە و ئەزموونی خۆیان بەپوختی بۆ تۆ جێ هێشتووە، تۆیەک کە تازە دەست پێ دەکەی و هێشتا لە سەرەتای ڕێگەی هونەردای، تۆ

خەزێنەیەکت لە بەردەستدایە، دەتوانی تەواو سوودی لێ ببینی، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ چاک لێی تێ بگەی. وەک چۆن ئەوان توێژینەوەی خۆیان ئەنجام داوە، تۆش بەهەمان شێوە دەبێ لە بۆچوون و پەیام و هزریان قووڵ بیتەوە، تەنانەت ئەگەر بتوانی توێژینەوەشیان لەسەر بکەی، بەو مەبەستەی باشتر لێیان تێ بگەی. پاشان بۆت دەردەکەوێ کام لایەن و کام بابەتیان بەدڵی تۆیە و پتر سەرنجت ڕادەکێشێ و هەرخۆیشت دەزانی چۆن و لە کوێ بەکەڵکت دێ.

کێشە لەوەدایە، وەکو زۆر جار ڕوو دەدا، کەسانێک هەن سەرپێییانە و سەرکێشانە نیشانەی ڕەفز بەسەر ئەو دەستکەوتە مەزنەدا دەکێشن. ڕێبەران ئەو بنەما گرینگانەیان چەسپاندووە کە کارئاسانی تێدایە بۆ تۆ، ئەوان بەئاسانی ڕێگەیەک یان چەند ڕێگەیەکت پیشان دەدەن. ئەگەر بەبێ لێ تێگەیشتن دوای بکەوی، یان باسیان بکەی و کتێب و گوتاریان لەسەر بڵاو بکەیتەوە، کارێکی گەلێ خراپ دەکەی. بەهەمان شێوە، ئەگەر لە نەزانی و غەشیمییەوە ڕەفزیان بکەی، هەر خراپە.

## میتۆدی باش و میتۆدی خراپ نییە

ڕێبازەکانی ڕێبەرانی شانۆ بەسیفەتی باش و خراپ پێناسە ناکرێن، ناکرێ بڵێی ئەم ڕێبەرە خراپە و ئەوی دییان باشە. یان ئەمیان لەوی دی باشترە، یان ئەمیان ئەوی دیانی ڕەتکردووە، هەروەک جارێک لە نووسینی شانۆکارێکدا خوێندمەوە کە گوایە باربا ستانیسلاڤسکی و گرۆتۆڤسکیشی ڕەتکردووە. ئەم جۆرە گوزارشتانە لە جیهانی پێشکەوتووی شانۆدا بەدی ناکرێ. شانۆکارێکی خۆیشمان کە لە ئەورووپاوە گەڕابووەوە، لە نووسینێکیدا دەڵێ ئێمە هەردووکیانمان

"مەبەستی لە ستانیسلاڤسکی و گرۆتۆڤسکییە" دەمێکە بەزاندووە. ڕێبەران تەواوکەری یەکدین و بینای خۆیان لەسەر یەکتر دەکەن، لە یەکدی شت وەردەگرن و کەشفی خۆیشیانی دەخەنە سەر. تۆ هەرگیز ناتوانی لە کەسیان تێ بگەی بێ ئەوەی لەوی دیکەیان تێ بگەی، نەک هەر ئەوەندە تۆ ناتوانی کار لەسەر ڕێبازێک یان میتۆدێک بکەی بێ ئەوەی لە دژەکەی، یان لە هامبازەکەی تێ بگەی. ئەگەر بتەوێ لە ستانیسلاڤسکی تێ بگەی، دەبێ لە مینیگینەکان تێ بگەی، چونکە ڕێبازەکەیان بنەمای میتۆدی ستانیسلاڤسکی پێک دێنێ. هەر چەندە لە قۆناخەکانی دوایی تەمەنیدا ستانیسلاڤسکی تا دەهات لە مینینگینەکان دوور دەکەوتەوە، سەرەڕای ئەو دوورکەوتنەوەیەش ناکرێ بەبێ تێگەیشتن لە بۆچوونەکانیان لە ستانیسلاڤسکی تێ بگەی. ئەگەر سیستمێک پیادە دەکەی، هەوڵ بدە بەقووڵی لێی تێ بگەی، تا لێی قووڵ بیتەوە و باشتر شارەزای بی، چاکتر بەکاری دێنی و زۆرتر سوودی لێ وەردەگری. سیستم ناکرێ خراپ بێ، بەمەرجێ ئەگەر باش لێی تێ بگەی و داهێنەرانە بەکاری بهێنی. واتە بزانی شمولیانە تێی بڕوانی و وەکو داهێنەر بەکاری بهێنێ. سیستم ئەگەر خراپ بێ، تەنیا لەبەرئەوەیە کە تەواو لێی تێنەگەیشتووی و خراپ بەکاری دێنی. دەکرێ میتۆدێک لەگەڵ بۆچوون و ڕۆح و زەینی تۆدا نەگونجێ و پێت پەسەند نەبێ، بەڵام ناکرێ لە بەر ئەو هۆیە خراپ بێ.

نووسینەکانی ڕێبەران، فەرمایشتەکانیان، بۆچوون و تیۆرەکانیان، لەوەش گرینگرتر، ڕەوتی ئەزموونیان لە مەیدانی ڕاهێنان و پراکتیکدا زۆر بەجدی وەربگرە و بزانە کە ئەو کەلەپوورە گەورەیە، ئەو شارەزاییە ئێستا موڵک و سەرمایەی تۆن و دەتوانی کەڵکیان لێ وەربگری. بەر لەوەی گوێ لە مامۆستاکان و شانۆکارانی ئەم

سـەردەمـە بـگری، جـاریٚ بۆچوون و تیـۆرەکـانی ئەوان سـاغ بکەرەوە، بەبیٚ تێگەیشتن لەوان لە مـامۆسـتـاکانی ئەمڕویش تیٚ ناگەی، بەڵام کە لەوان تێگەیشـتی هەڵە و ڕاستیی مـامۆسـتا و شـانۆکارانی ئەمڕۆشت بۆ دەردەکەویٚ. باربا لە کتـێبی کەشـتـیەک لە کـاغـەزدا دەڵیٚ: دەکریٚ نووسینەکانی زیمی، ستانیسلاڤسکی، ئاپیا، مییرهولد، کرەیگ، کۆپۆ، ئارتۆ، بـرێخت، ئێـزنشـتـەین، دیکرو، وەکـو کـەلەپووری ئەزمـوونێکی بەسـەرچوو تەمـاشـا بکەین؟ باربـا دەڵیٚ کـتـێبـەکـانی یاخـیـبـووەکـان، چاکسـازان، ڕائیـیـەکانی شـانۆ تەنیـا کـاتیٚ دەتوانین لێـیـان تیٚ بگەین ئەگـەر ئێـمـەش کـە پەنایان بۆ دەبـەین تەژی بین لە ئەزمـوونێک، تاکـو ئێستا نەمانتوانیوە ناوێکی لیٚ بنێین. بەبۆچوونی باربا نووسـینەکانی ڕێبەران دیدی ڕوون بەهۆشمەندیمان دەبەخشیٚ.

ناکریٚ بەبیٚ تێگەیشتن لە سـتانیـسلاڤسکی لە مـییرهولد بگەی، من لە هـەمـوو ووٚرک شـۆپـەکـانمدا لـە بواری بیـومـیـکانیک ئـەوە دووپات دەکـەمـەوە کـە باشـتـرین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە ڕێبـازی مـیـیـرهولد بەراوردکردنی قوتابخانەکەیەتی لەگەڵ قۆتابخانەی ستانیسلاڤسکی.

چارلس مـاروڤـیـتز کـە یەکێکە لە ئارتۆیسـتـە هـەرە بـەناوبانگەکانی بەریتـانیـا و لـە لابۆری شـانۆی توندوتیـژیدا هـاوکـاری برووک بوو، پێی وایە : ئەکتـەری ئارتۆ پێویستی بەمـیـتۆدی سـتانیـسلاڤسکیـیە تاکـو بتـوانیٚ ئـەو هـەسـتـانـە سـاغ بکاتەوە کـە پێـیـان دەگـا دەنا هـەر دەبیٚ بەقـۆچی قـوربانیی هـەسـتـاکـانی خـۆی. ئنجـا بەو شـانۆکـارە دەڵێم کـە پێی وابوو ستانیسـلاڤسکی و مییرهولد سەردەمیان بەسـەرچووە وەکو ئەوەی میـتۆدەکـانیـان سـەلاجـە و تەلەفـیـزیـۆن و کـوتاڵی ناو مـاڵ بن و دەبیٚ ساڵ بەساڵ فرێیـان بدەین، بڕوانە لە چ بوارێکدا ئارتۆ پێویستی بەمـیـتـۆدی سـتـانیـسـلاڤـسکیـیـە، خـۆ ئەگـەر ڕاسـتـتـر بڵـێم چۆن

ستانیسلاڤسکی فریای ئارتۆ دەکەوێ.

بەهەمان شێوە و لە هەمان بواردا ستانیسلاڤسکی فریای گرۆتۆڤسکیش دەکەوێ، خۆ ئەگەر وریا و هۆشمەند و ڕاستگۆ بی، زۆر باش فریای تۆش دەکەوێ. ستانیسلاڤسکیش بەبێ نشونما و پێشکەوتنی میتۆدی مییرهولد و ڕەنگە میتۆدەکەی لە بواری کرداری جەستەییدا بەم شێوەیە پەرەی نەسەندبا.

ڕێبەرانی شانۆ و داهێنەرانی میتودی تایبەت بە خۆ، تەنیا ڕێگە نیشاندەرن و هیچی دی، ئەوی بەڕێگەکەدا دەڕوا تۆی. تۆی کە ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێری، ئەو هەڵبژاردنەت دەبێ لە سەر بناخەی جیهانبینی خۆت بێ، فەلسەفەی ژیان و جیهانبینی و بیری سیاسی خۆت وات لێ دەکا برێختت پێ باش بێ، ئەمە ئەگەر سۆسیالیست بیت، بەڵام زۆر هەن کە سۆسیالیستیش نین سوودێکی چاکیان لە برێخت وەرگرتووە و پەرەیان بەشێوازەکەی داوە. بۆ نموونە سترێهلەر لە ئیتاڵیا و لوبیوڤ لە ڕووسیا کە لەسەر میتۆدی برێخت دەڕۆن .خۆ ئەگەر جیهانبینیت میتافیزیقانە بێ، ڕەنگە ئارتۆ سەرنجت پتر ڕابکیشێ. فیکرەی سەرنجڕاکێشی ئارتۆ بەلای بڕووکەوە ئەوەیە چۆن نەبینراو دەکەی بەبینراو Invisible made visible ئەم فیکرە جەوهەرییە، دەکرێ لە پێوەندی زاهیری و نازاهیریدا سەیر بکرێ، واتە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی میتافیزیک لە فەزا و جیهانی فیزیکی سەر شانۆدا.

## کەڵک لە هەموو میتۆدێک وەربگرە

داهێنەرانی میتۆدە جیاوازەکانی شانۆ، هەر یەکێ لەوان لەسەر ڕێگەیەک وەستاوە و ئاماژە بەو ڕێگەیە دەکا کە خۆی پێیدا ڕەت بووە و تاقیکردووەتەوە و بەباشی دەزانێ. دەیەوێ سوودبەخش بێ، بۆیە

دەیەوێ کەسانی دوای خۆی بەهەمان ڕێگەدا برۆن.

لە میتۆدی هەر ڕێبەرێکدا شتێکی تایبەت دەدۆزیتەوە، شتێک کە بەکەڵکت دێ، ڕەنگە نەزانی کەی بەکەڵکت دێ، ڕەنگە لە بەرهەمێکدا کە ئێستا هەر بیریشی لێ ناکەیتەوە ئەو میتۆدە فریات بکەوێ. ئەو دەم تێدەگەی کە ئەو هزرە یان ئەو کەشفە لە کام سەرچاوەوە هەڵدەقوولێ، لە کام ڕێباز و میتۆدەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمە شتێکە من گومانم لێی نییە، بەمەرجێ تۆ خۆت لە پشکنیندا ڕاستگۆ بی، کارکردنت بۆ خۆدەرخستن و ناوبانگ دەرکردن نەبێ، بۆ فشە و هەڵخەڵەتاندن نەبێ، بەمەبەستی سامان و پارە پەیداکردن و دەوڵەمەندبوون نەبێ، بگرە بۆ گەیشتن بەجوانی و ڕاستی هونەر بێ.

ئەگەر وا بیر بکەیتەوە، لە هەموو میتۆدێکتدا دەستکەوتێکت چنگ دەکەوێ، گەوهەرێکت دەست دەکەوێ کە لە ساتێکی تاریکدا دەردرەوشێتەوە و دیمەنێکی تاریکی شانۆنامەکەت بۆ ڕووناک دەکاتەوە، هەر نەبێ لە ڕووی سەنعەت و تەکنیکەوە سوودی لێ دەبینی، چونکە لای هەموو وەستا و لێزانێک تەکنیکێک، جۆرە دەستڕەنگینییەک هەیە ئەگەر بەچاوی سووکەوە تەماشای بکەی قەت نابی بەو وەستا و و پسپۆر.

## مییرهولد و سەنعەتکاران

ئەلکسەندەر گلادگۆڤ ڕەخنەگری ڕووسی کە یەکێک بوو لە هاوکارە گەنجەکانی مییرهولد، دەڵێ لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەکتەرێکی کلاسیکی هەبوو بەناوی ڕۆسۆڤ، ئەم ئەکتەرە زیاتر بابەتی ڕۆمانتیکی لە ستیلی کلاسیکدا نمایش دەکرد و بایەخی بەشێوەی میلیۆدراما دەدا، ئەم شێوازەی لەگەڵ هەندێ فۆرمی

تەقلیدیدا موتوربە کردبوو کە بەدەر نەبوو لە کلێشەی موبالەغەکردن لە جووڵە و ئاماژە و گوزارشتی دەموچاو.
گلادگۆڤ دەڵێ ڕۆژێک ئەم ئەکتەرە هات بۆ سەردانی میرهولد. ڕۆسۆڤ لەگەڵ میرهولددا وەستابوو و لە قسەکردندا زۆر دەستەکانی بەکار دەهێنا و ئاماژەی گەورە گەورەی پێ دەکردن هەر وەکو ئەوەی لە سەر شانۆ وەستا بێ. گلادگۆڤ دەڵێ پاش ڕۆیشتنی، لە میرهولدم پرسی: پێت وایە ڕۆسۆڤ ئەکتەرێکی باش بێ؟ لە وەڵامدا گوتی بێ گومان. ڕۆسۆڤ پیشەکارە و خاوەن سەنعەتە. دیارە وەکو ستیل و میتۆد ڕوسۆڤ بەهیچ جۆرێک لەگەڵ دنیا و چێژ و میتۆدی میرهولددا نەدەگونجا، بەڵام میرهولد ڕێزی لە کارزانی و وەستایەتی ئەم ئەکتەرە دەگرت.

## لە ڕێبەرانەوە فێر بە... نەک لە شاگردانەوە

کە نمایشێک دەبینی، هەوڵ بدە بەچاوی پیشەکارێکەوە و لە ڕوانگەی ڕیژیسۆرێکەوە تەماشای بکەی و لە ڕووی سەنعەتەوە هەڵیسەنگێنە. ئەوە بکە بەپێوەر کە ڕیژیسۆر و ئەکتەران و کارمەندانی نمایشەکە چەند وەستا و پیشەکارن، چی ئەزموونێکی هونەریی بەتۆی ڕیژیسۆر دەبەخشن، جا با ڕیژیسۆرەکەی بانگەشەی نوێخوازی و ئەزموونچێتی و پۆست مۆدێرنیزم نەکا، با وەکو دەڵێین تەقلیدیش بێ. گوێ بەهیچ یەکێ لەم زاراوانە مەدە. گرینگ ئەوەیە، کاری ئەو ڕیژیسۆرە لە سەر شانۆ چۆنە و لە چ ئاستێکدایە. ئایا کاری ڕیژیسۆران لە ڕووی ستیلەوە لەگەڵ بۆچوونەکانیان دەگونجێن؟ یان جارێ ڕیژیسۆرێکی ئارەزوومەندە؟
ئەگەر بتەوێ فێر بی دەبێ تەنیا لە پیشەکارانەوە فێر بی، دەرسێک

کە لە نەزانەوە فێری ببی، کاریگەریەتییەکەی بەئاسانی لەسەرت لاناچێ. هەندێ جار هەڵەیەک کە نەزان بیکا بەسەد زانا چاک نابێتەوە. وانەکانی ڕێژیسۆرییش لەم ڕێسایە بەدەر نین. بۆیە هەمیشە دەبێ سەرچاوە ڕاستەقینەکان مەرجەعیەتت بن، دەبێ هەمیشە بگەڕێیتەوە سەر تیۆرەکانی داهێنەرانی پێش خۆت، ئەوانەی کە یاسا و بەردی بناخەیان داناوە. جا لەم دۆخەدا چاکتر وایە یەکسەر هەر لە ڕێبەرانەوە فێر بی، نەک لە شاگردانەوە.

تەنانەت ئەگەر بتەوێ لە میتۆدێک یاخی بی یان دژ بەمیتۆدێک کار بکەی، دەبێ چاک لێی تێ بگەی ئەمجا دەتوانی سەروبنی هەڵگێڕیتەوە یان پەرەی پێ بدەی و یاخۆ هەر لە بنەڕەتەوە دژی بوەستیتەوە، بۆ ئەمەش هەر دەبێ قوتابییەکی باشی ئەو قوتابخایە بی. تاکو بەقۆناخی قوتابییەتیدا تێنەپەڕی، نابێ بەنوێکەرەوە، بەپێشەنگ یان ئەزموونکار.

## قۆناخی میتۆد خوێندن

قۆناخی قوتابیەتی و دەرس خوێندن، خۆی لە خۆیدا واتە میتۆد خوێندن، واتە گەڕان بەدوای مەنهەجیەت. ڕێژیسۆرە لاوەکان گەلێ جار بەوشەی میتۆد سەخڵەت دەبن، لە هەمان کاتدا خۆیان هێشتا قوتابین یان تا دوێنێش قوتابی بوون. ئەوان لەوە تێ ناگەن کە دەچنە پەیمانگەیەک یان کۆلیژی شانۆ بەو مەبەستەیە کە ئەو چوار پێنج ساڵە فێری میتۆد بن، چونکە بەرنامەی خوێندن خۆی لە خۆیدا واتە میتۆد. ئەوان هەندێ جار بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن فێری میتۆد دەبن. بەڕاستی ئەرکی سەرشانی مامۆستاکانیان ئەوەیە کە فێری میتۆدیان بکەن. ئەمجا قوتابییەکانیان، قوتابی شانۆ بەگشتی و ڕێژیسۆری

قوتابی بەتایبەت دەبێ لەوە تێ بگەن کە ئەو لە کۆلیژە بۆ ئەوەی دەرس وەرگرێ و جارێ دەبێ فێر بێ، نەک هەر لە ساڵی دووەمەوە خۆی بەئەزموونگەر بزانێ و ستانیسلاڤسکی و مەیرهولد و برێخت بەشاگرد ڕانەگرێ و جارێ هیچ فێر نەبووە بیەوێ کەسانی دیکە فێر بکا و دەرسیان بۆ دابدات.

## سۆراخ و پشکنین لە چوارچێوەی میتۆددا

لە ڕاستیدا ڕێبەران جەوهەری ئەزموونی خۆیان لە داڕشتەیەکی ئێستێتیکی چڕ و پڕ و فەلەسەفی ئەوتۆدا داڕشتووە کە هەرگیز ڕێگەی تێدا ون ناکەی. ڕەنگە درەنگ بگەی بەبنج و بنەوانییەوە، چونکە سۆراخ و پشکنین کات و وزەی دەوێ، ئەویش لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و ئەزموونی ژیانی خۆت وەستاوە، بەڵام بێ گومان بە کە بەڵەدێک پێشەنگیت دەکا، قسە و فەرمایشتەکانی بۆ فشە و خۆ دەرخستن نین، هەر بۆیەش ئەوەندە چڕ و پڕن.

دەفەرموو بەدیقەت ئۆرگانوونی بچووکی برێخت بخوێنەوە، کە بریتییە لە شەست حەفتا لاپەڕەیەک و حەفتا و شەش بڕگەی کورت، بەڵام ڕەنگە تۆش وەکو من بەدرێژایی تەمەنی هونەریت هەر بۆی بگەڕێیتەوە و پەنای بەریتە بەر.

هەمان بۆچوون دەربارەی کتێبە بچووکەکەی ئارتۆ " شانۆ و هاوجووتەکەی" ڕەوایە. ئەم کتێبەی ئارتۆ بەقەوارە زۆر بچووکە، بەڵام بەناوەڕۆک دەوڵەمەندە، تێگەیشتنی ئەم کتێبە ئاسان نییە. من نووسەری وا دەناسم کە کتێبی دەربارەی ئارتۆ نووسیوە بێ ئەوەی توانیبێتی لە کتێبەکەی تێ بگا.

ئەم بۆچوونە کتێبە بچکۆلانەکەی برووک " فەزای بەتاڵ"یش

دەگرێتەوە، کە ئەگەر باش لە سەرچەمی میتۆدەکان و تەرزەکانی شانۆ نەگەی و لە نووسینەکانی ڕێبەرانی خاوەن تیۆر نەگەی تێگەیشتن لە کتێبەکەی برووک مەحاڵە.

زۆرینەی ڕێبەرانی شانۆ خاوەن بەرهەمی تیۆرین. لەوانە ستانیسلاڤسکی کە وەکو دەزانین لە هەموویان زیاتر بەرهەمی تیۆریی نووسیوە، مییرهولد، کرەیگ، برێخت و گرتۆڤسکی و... تاد.

تۆ وەکو ڕیژیسۆر ئەم تیۆریانەت چەند خوێندووەتەوە، چەند لێیان قووڵ بوویتەوە. دەبێ جارێ ئەم نووسینانە تاوتوێ بکەی و لە بنج و بنەوانیان بگەی ئەنجا قبووڵ، یان ڕەتیان بکەیتەوە. لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئەوەیە، کە چەند لە جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی ئەو میتۆدانە لە بواری پراکتیکدا شارەزای.

لە مییرهولدییان داوا کرد پوختەی ئەزموونی خۆی وەکو قوتابخانەیەکی ڕیژیسۆری بنووسێتەوە، لە وەڵامدا گوتی پێویست ناکا، خۆ ئەگەر بیشینووسمەوە، ئەوە نامیلکەیەکی کورتی لێ دەردەچێ، چونکە جێبەجێکردن و بەئەنجامگەیاندنی، کاتێکی زۆری دەوێ.

## دژایەتیکردنی ڕێبەرانی شانۆ و میتۆدەکانیان

نەکەی دژایەتی هیچ یەکێ لە ڕێبەرانی شانۆ بکەی، چونکە هەموو ئەو شارەزاییە کەمەی تۆ هەتە بەشی ئەوە ناکات یەک بنەمای میتۆدەکانی ستانیسلاڤیسکی، یان مییرهولد، یان برێختیان پێ هەڵوەشێنێتەوە.

بەهەمان شێوەش کە باوەڕت بەمیتۆدی یەکێ لەو ڕێبەرانە هێنا، هەوڵ مەدە بیسەلمێنی کە تەنیا ئەو ڕاستە، چونکە ئەو کارە مەحاڵە،

مەحاڵە ئەوە بسەلمێنی کە ئەو میتۆدەی تۆ باوەڕت پێی هەیە هەر ئەو ڕاستە و تاکە میتۆدە و لە هەموو ئەوانی دیکە نوێترە و لە هەموویشیان ڕاستترە. ئەو میتۆدەی تۆ باوەڕت پێ هەیە، بۆ تۆ ڕاستە چونکە بۆ تۆ دەگونجێ، بەڵام قەت ناتوانی بیسەلمێنی کە ئەوانی دیکە چەواشەن.

بۆ نموونە من میتۆدی میرهولدم لە هەموو میتۆدێک پێ پەسەندترە، من میرهولدم بینی لە سەر ڕێگەیەک وەستابوو و ئاماژەی بۆ ئەو ڕێگەیە دەکرد، منیش ئەو ڕێگەیەم گرتەبەر، بەڵام ناتوانم بۆتی بسەلمێنم کە تەنیا ئەو ڕێگەیە ڕاستە و دەتکا بەڕیژیسۆر، هەروەک چۆن ناتوانم بۆتی بسەلمێنم کە میرهولدم لەسەر ڕێگەکە دیوە. ڕاستە دەتوانم داکۆکی لێ بکەم و بانگەشەی بۆ بکەم لە وەش بترازێ، من خۆم باوەڕم پێی هەیە و هیچی دی. هەوڵیش نادەم باوەڕ بەکەس بێنم.

گرینگ ئەوەیە تۆ خۆت باوەڕت بەچییە، هەروەها چەند ڕاستگۆی لەگەڵ خۆتدا؟

بێ گومان ڕێبەرانی شانۆ خۆیشیان هەر وایان کردووە. هەر یەکەو لە مامۆستاکەی خۆی و نەوەی پێشوو یاخی بووە، بەڵام هاوکات هەموو کەشف و دەستکەوتەکانی وەستایانی پێش خۆیانیان تاقی کردووەتەوە و سوودیان لە شتە جەوهەرییەکانیان وەرگرتووە.

## سیستم و میتۆدی کار

ڕەنگە گەلێ جار بیستبێتت کە ڕیژیسۆرێک لەسەر سیستمیک کار دەکات. بۆ نموونە تۆڤستۆنۆگۆڤ کە لەسەر سیستمی ستانیسلاڤسکی کاری دەکرد، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەو

سیستمە بەقەدەر ژیان خۆی دەوڵەمەندە. فۆکین ڕیژیسۆرێکی گەورەی ئێستای ڕووسیایە، خۆی بەیەکێک لە شاگردانی سیستمی میرهولد دەزانێ. ئەم دوو کەڵە ڕیژیسۆرە لە کارەکانیاندا سیستەمێک پیادە دەکەن کە وەکو مەرجەعیەتێکی هونەری ئێستێتیکی وایە.

بەڵام هەر ئەم دوو ڕیژیسۆرە خۆیان خاوەنی میتۆدێکی تایبەتن کە لەسەر بناخەی میتۆدی ڕێبەرەکانیان دەڕوا، بێ گومان نەک هەر لاسایی ڕێبەرەکانیان ناکەنەوە، بگرە پەرەیان بەسیستمەکانیان داوە، بەدەیان لیکۆڵینەوە و ئیزافە و باسی پەروەردەکارانەیان خستووەتە بەر شانۆکاران و قوتابیانی شانۆوە.

من کە لەسەر شانۆی بۆلشۆی لە پیتەربۆرگ نمایشەکانی تۆڤستۆنوگۆڤم بینی، ئەوەندە پێیان سەرسام بووم، تەنانەت بەخۆم دەگوت تۆ بڵێی ستانیسلاڤسکی ڕێبازەکەی خۆی لە تۆڤستۆنۆگۆڤ چاکتر پیادە کردبێ. یان بەخۆم دەگوت کێ دەڵێ ئەم لە ستانیسلاڤسکی ڕیژیسۆرتر نییە، چونکە بەلانی کەمەوە کەرەستە هونەرییەکانی تۆڤستۆنۆگۆڤ پێ دەچی بەبەراوورد لەگەڵ ئەوانەی ستانیسلاڤسکی گەلێ دەمەزراوتر بن. کێ دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە؟ ئەوەی سەرلەنوێ روح بەبەر تیۆرییەکانی ستانیسلاڤسکیدا دەکات، ئەوەیە کە تۆڤستۆنۆگۆڤ هەر بەمیتۆدی قووڵی ڕیالیزمی سایکۆلۆجی کاریگەریەتی و هاوچەرخێتی میتۆدەکەی ستانیسلاڤسکیت بۆ دەردەخات، ڕەنگە زۆر لە ستانیسلاڤسکی خۆی هونەرییانەتر بێ. تۆڤستۆنۆگۆڤ خۆی دەڵێ ئەرکی ئەکتەر لە چوونە ناو ڕۆڵەوە "معایشە" و لەوەی کە لە ڕۆڵەکەیدا بژێ "چوونە ناو ڕۆڵ بەلای منەوە چرای سیحری شانۆیە"، ئەم میتۆدە بڕبڕەی پشتی کارەکانی ئەو ڕیژیسۆرەیە، ئەمە کاکڵەی میتۆدی

ستانیسلاڤسکییە، بەڵام تۆ بڵێی ستانیسلاڤسکی خۆی پێشبینی داهێنان و پەرەسەندن و گۆڕانکاری لەو جۆرەی کردبێ؟

بەڕاستی میتۆد کە بەردەستی داهێنەرێکی دیکە کەوت لە پرۆفیلی دامەزرێنەرەکەی دەردەچێ، بەڵام بۆ ئەوەی بگەی بەو ئاستە دەبێ وەکو تۆڤستۆنۆگۆڤ بێ، کە ڕەنگە هیچی لە ستانیسلاڤسکی کەمتر نەبێ.

دەنا چۆن دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەی کە ڕێژیسۆرێکی هیندی، یان ژاپۆنی میتۆدی برێخت وەکو ئەوەی برێخت خۆی شرۆڤە بکا.

ڕێژیسۆری رووسی ئەناتۆلی ئیڤرۆس باس لە نمایشی شانۆنامەی مرۆڤی چاکی سیتزوانی برێخت دەکا کە کاتی خۆی لە دەرهێنانی یۆری لوبیمۆڤ گەورە ڕێژیسۆری ڕووسیا بینیبووی. ئەم کارە لەسەر میتۆدی برێخت پێشکێش کرا. دەربارەی ئەم دەرهێنانە، ئیڤرۆس دەڵێ:

" من بەرهەمەکانی برێختم خوێندووەتەوە و دەربارەی برێختیشم خوێندووەتەوە، شانۆی بەرلینەر ئەنسامبلیشم دیوە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە برێختم پێ دەگا، من تەواو لەو باوەڕەدام کە نەک هەر من بگرە کەسانی دیکەش هەمان هەستیان هەیە"

هەموو ڕێژیسۆرێکی هەڵکەوتوو بەپێی سیستمێک کار ناکا، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا، دەبێ میتۆدی کارکردنی خۆی هەبێ.

پەنا نەبردنە بەرسیستمێک قەت ئەوە ناگەیەنێ کە میتۆدی تایبەتی "شەخسی" خۆت لە کارکرندا نەبێ، چونکە هەر هەنگاوێک دەنێی دەبێ بەپێی میتۆدێک بێ، ئەویش میتۆدی کارکردنی خۆتە، ئەگەر ناتوانی ئەو میتۆدە گەڵاڵە پێ بکەی، یان هێشتا نەتدۆزیوەتەوە، دەتوانی سوود لە ئەزموونی ڕێبەران وەربگری.

## پرسیارەکانی میتۆد

سیستم وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە بەنیسبەت هونەری شانۆ و پیشەی شانۆکارەوە جەوهەرین. ئەو پرسیارانەی کە لە هونەری شانۆدا جەوهەرین و لەگەڵ ڕۆژگاردا کۆن نابن و گەلێ گرینگن بۆ شانۆکار، بۆ ئەو شانۆکارەی کە بۆ خۆی کەشفی دەکا. سیستم بۆ ئەو کەسە گرینگ و بەسوودە کە باش لێی تێ دەگا و بۆ خۆی کەشفی دەکا.

## ڕەخنە لە میتۆد

هەندێ جار کەسانێک ڕەخنە لە میتۆد دەگرن، سا هەر میتۆدێک بێ، بەبیانووی ئەوەی گوایە نایانەوێ لاسایی کەس بکەنەوە، وەک ئەوەی پێڕەویکردنی میتۆدێک لاساییکردنەوەی دانەرەکەی بێ، واتە ئەگەر پێڕەوی میتۆدی ستانیسلاڤسکی، یان مییرهولد بکەی، ئیدی ئەو کەسە لاسایی ستانیسلاڤسکی، یان مییرهولد دەکاتەوە، ئەمە بێ ئەوەی ئەو کەسانە لەوە بگەن، کە کەسانی وەک ئەو ڕێبەرانە لاسایی ناکرێنەوە، تەنانەت ئەگەر بشمانەوێ لاساییان بکەینەوە ئەو کارە لە وزەی مرۆڤی ئاساییدا نییە.

داهێنەرە گەورەکانی وەکو ڕۆفائیل و دافنشی و پیکاسۆ و باخ و بیتهۆڤن و مۆزارت و شەکسپیر و مییرهولد، لاساییکردنەوەیان مەحاڵە، چونکە بلیمەتن و خاوەن بەهرەیەکی کەونین، هەر وجودی خۆیان بەرهەمی کەون و سروشتە و لە کۆلیژی زانکۆکانەوە نەهاتوون، بەڵام دەکرێ سوود لە ڕێباز و بۆچوونەکانیان وەرگرین و کارەکانیان سەرچاوەی ئیلهاممان بن.

جـا بۆ ئەوەی بتـوانین سـوودیـان لێ وەرگرین دەبێ بگەینە ئاسـتـێکی بەرز لە هۆشـمەندی و زەوق و زەین و زیرەکی و ئاسـتی هونەریی، دەنا لێـیـان تێ ناگـەین و چێـژیان لێ وەرناگـرین. ئەگـەر لە باری زەینی "ڕۆشنبـیـری" و ڕۆحی و هەست بـەرزییـەوە نـەبێ، مـەحـاڵە بـتـوانی چێژیان لێ وەرگری و بۆت ببن بەسەرچاوەی ئیلهام.

## پەرەپێدان بەمیتۆد

ئەوانەی کـە تەکـانێکی نۆی بەمـیـتـۆد دەدەن ئـەوانەن کـە بۆ خـۆیان کەشفیان کردووە. ڤاختانگۆڤ، تۆڤستۆنۆگۆڤ، میخائیل چێخوڤ، لی سـتراسـبـێـرگ، تەکـانیـان بـە سیـسـتـمی سـتـانیـسـلاڤـسکی دا و فراوانتریان کرد. ئەم ڕێژیسـۆرانە داهێنانێکی دیکەیان خولقاندووە و مـەرج نییـە سـەد لە سـەد لـەگەڵ پرۆفیلی ئەسـڵـدا، کە لەم حـاڵەتەدا ستانیسلاڤسکی خۆیەتی یەکبگرێ.

هـەمـان بۆچوون دەربـارەی ئەزنیشـتـەین و پلۆچک و ئـەخـڵـوبکۆڤ و باربا و میرهولد دەکرێ بگوترێ.

ڕێژیسـۆری پۆڵۆنی، نووسـەری کـتـێـبی ئێـسـتـێـتـیکای هونەری دەرهێنان پێی وایە شـارەزایی قـووڵ «قـووڵ نەک ڕووکـەشـانـە» لە سیـسـتـمی سـتـانیـسـلاڤسکی بۆ ڕێژیسـۆر پێویسـتـە، هـەروەها دەڵێ بەڕای من تاکو ئەم دواییەش شتێکی نوێ نەهاتووەتە کایەوە، گەلێ لە سیستمی ستانیسلاڤسکی و ڕێبازەکەی نوێ تر بێ.

ئەو داهێنەرانەی کە ناوم هێنان بەردەوام کـەرەسـتـەیەکی نوێیـان لە ناو ڕاهێنانەکانی میتۆدی ستانیسلاڤسکیدا دەدۆزییەوە.

لە هـەوێنـی مـیـتـۆدی کـاردا، هـەوڵ بـدە وشک و برنگ مـەبـە، کـراوە و شـەفـاف بە و میتۆدی کارەکەت بەسـەر کەسدا فەرز مەکە و با هـەمیشە

قابیل بەگۆڕان بێ.

میتۆد عەقڵە و داهێنانت پێ نابەخشێ، بەڵام شارەزایی و ئەزموونت پێ دەبەخشێ و ڕێگەت پیشان دەدا. ئەو شتەی داهێنانت بۆ مەیسەر دەکا، هۆشمەندی و زیرەکی خۆتە.

ئەوی تازە و نوێیە دیدی تاکەکەسیی داهێنەرەکەیە. لەم مەقامەدا ڕیژیسۆری خاوەن دید و ئێستێتیکای فراوان دەگەیەنێ.

## کاریگەریەتیی ڕێبەران لەسەر یەکدی

ئەگەر کۆنستروکتیڤیزم" بیناگەری"ی مییرهولد بەنموونە وەربگرین، کە یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی شانۆی سەدەی بیستەم، پێم وایە کۆنترین نموونەی پیادەکردنی ئەم ئاراستەیە لە شانۆی ئلیزابیسی و بەتایبەت لە لای شەکسپیردا پۆلێن کراوە. ئەم بۆچوونە چەمکی شێوازگەریش دەگرێتەوە، کە مییرهولد بەڕاستی و دروستی پێشەنگی ڕاستەقینەی ئەم چەمکەیە و بەزمانی دینامیک و مەجازی و شیعری و هێماگەریانەی شانۆی مۆدێرن دادەنرێ، بەڵام لە کەس شاراوە نییە کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم چەمکە بۆ شانۆی ئەنتیک و شانۆی ئەلێزابیسی و شانۆی کۆمیدیا دیل ئارتی و شانۆی ئاسیایی بەگشتی دەگەڕێتەوە، بەڵام فەرموو بزانە مییرهولد چ تیۆرێکی نوێی لەسەر دامەزراندووە. نموونەیەکی دیکەمان هەیە کە چەمکی فەزای بەتاڵە، فەزای بەتاڵ لای مولێر نەک هەر هەبووە، بگرە مەرجێکی هونەریی بووە، لە هەموو دیمەنەکانی تەرتووفدا بەگوێرەی تێبینییەکانی مولێر خۆی تەنیا لە یەک دیمەندا پێویست بەتەختێک یان مێزێک دەکا، ئەوانەی کە لە شانۆنامەکانی مولێردا ناوماڵ دروست دەکەن و دیمەنەکان پڕ دەکەن لە تەخت و قەنەفە و دۆلاب و مێز و کورسی،

ئەوانە بەهەڵە لە مولێر گەیشتوون، ئەوانە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن ئیبسن دەردەهێنن نەک مۆلێر. هەموو تیۆرەکانی ستانیسلاڤسکی دیراسەکردن و رێکخستنی ئەزموونی ئەکتەرانی سەردەمە دێرینەکانی شانۆیە، لەگەڵ ئەزموون و کاری شەخسی خۆی لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا. کەم لایەنی تیۆری برێخت هەیە کە مییرهولد چارەسەری نەکردبێ، لە ڕیژیسۆرانی ئەم سەردەمەدا، بۆ نموونە باربا و منوچکین ئەگەر کەشفەکانی مییرهولدیان لێ بسێنینەوە، زۆر کەمیان بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان تەنیا لاساییکەرەوەی ئەوانی پێش خۆیان بن، خۆ ئەگەر لەوانی پێش ئەوان باش تێ نەگەی لەمانیش بەباشی تێ ناگەی.

ستانیسلاڤسکی و مییرهولد داهێنانێکی دییان بۆ شانۆ سەلماند، ئەوەی بەلای ئەوانەوە مەبەست بوو، جەوهەری شانۆ بوو، یاسا جەوهەرییەکانی نمایش بوو، کە نە کۆنن و نە نوێن، ئەو یاسایانە بنچینەن وەک خۆیان دەمێننەوە و داهێنەر دەیانگۆڕێ و بەزمانێکی نوێ و تایبەتمەندی خۆی و بەگونجان لەگەڵ ڕۆحی سەردەم بەکاری دێنێ. وەک چۆن لە فیزیکدا یاساکانی ئەنشتاین لەمەڕ جازبییەتەوە ناکرێ بڵێین کۆن بووە و کاتی بەسەرچووە، بەهەمان شێوە نابێ یاساکانی شانۆش وەکو کوتاڵی ناو ماڵ بەکۆن دابنرێن.

یاساکانی ئەنشتاین یان نیوتن لە فیزیکدا وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام شێوە و جۆری بەکارهێنانیان لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتن و ڕیتمی زەماندا دەگۆڕێن، هەموو داهێنانێکی ڕەسەن و تایبەت بەخودی دەرهێنەر نوێیە و لەو شوێن و کاتەدا سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە، پێمان وایە یەکەم جارە ئەم داهێنانە، ئەم ئەزموونە، لە دایک دەبێ. لە ڕاستیدا ئەوی نوێیە دیدی ڕیژیسۆرە، تایبەتمەندی و

ڕەسەنایەتی و کەڵکەڵەی تاکەکەسی ڕێژیسۆرە، کە پابەندە بەسەردەم و دەوران و ڕیتمی ژیان و پرسیارە گەرمەکانی سەردەمەوە.

بەواتایەکی دی ڕێژیسۆری داهێنەر لە فەزای هەر شانۆنامەیەک کە کاری لەسەر دەکا، فەزایەکی نوێی ژیان دەخوڵقێنێ. لە ناو جەرگەی ڕیتمێکی کۆندا ڕیتمی ژیانی هاوچەرخ دەدۆزێتەوە، بەکورتییەکەی وەک ڕێژیسۆری ڕووسی زاڤادسکی دەربارەی مییرهولد دەڵێ: لەگەڵ هەموو بەرهەمێکدا سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە.

## هونەرەکانی دیکەی ناو هونەری دەرهێنان

ڕێژیسۆر دەبێ شارەزا بێ لە ئەدەب، مۆسیقا، هونەری نیگارکێشان، بیناسازی. ڕێژیسۆر مەرج نییە ئەدیب و نووسەر بێ، بەڵام پێویستە تەواو شارەزای دنیای ئەدەب و تیۆر و قۆناخەکانی ئەدەب بێ. دەنا لە ناوەرۆکی ئەدەبی شانۆنامەکە سەر دەرناکا و زەحمەتە ببێ بەڕێژیسۆرێکی داهێنەر. ڕێژیسۆر کە شارەزای ئەدەب نەبوو، بەرهەمەکەی کرچ و کاڵیی پێوە دیار دەبێ، چونکە دیدی ئەدەبیی ڕێژیسۆر هەر لە هەڵبژاردنی تێکستەوە دەردەکەوێ، ئەنجا لە سەرجەمی بەرهەمەکەیدا و پاشان لە سەرتاسەری کارەکەیدا ناشاردرێتەوە.

ڕێژیسۆر مەرج نییە مۆسیقا ژەن بێ، بەڵام مەرجە شارەزای مۆسیقا بێ و یاسا بنەڕەتییەکانی مۆسیقا لە ڕووی کۆمپۆزیسیۆن و ڕیتم و تێمپۆوە بزانێ.

ئەم بۆچوونە بواری وێنەکێشان و میعماریش دەگرێتەوە، کە ڕێژیسۆر دەبێ شارەزایی لێیان هەبێ.

بەڵام بەبۆچوونی من، مەسەلەکە لە شارەزایی گرینگترە، شارەزایی

بۆ ڕیژیسۆر نابێ تەنیا وەکو زانست بێ، دەبێ چێژی لەگەڵدا بێ. ئەم هونەرانە دەبێ بۆ ڕیژیسۆر سەرچاوەی ئیلهام بن و وزیەکی ڕۆحی گەورە بەڕیژیسۆر ببەخشن، نەک تەنیا وەکو هونەرمەند، یان وەکو خاوەن پیشە، بگرە وەک مرۆڤ دەزانی بۆ کارەکەت چ وزەیەکی لە بن نەهاتوو لە هونەرەکانی دیکە وەردەگری.

وا بزانم هەر ڕیژیسۆرێک میتۆدێکی تایبەتی لە ئیلهام وەرگرتن لەو سەردەمەی کە سەرقاڵی داهێنانە هەیە. من بۆ خۆم زۆر گوێ لە مۆسیقا دەگرم و شیعر دەخوێنمەوە و تەماشای فیلم دەکەم و لە کتێبخانە دادەنیشم و تەماشای کاری هونەری و تابلۆی جۆراوجۆر دەکەم.

پێش ئەوەی لە دەرهێنانی گیلگامێشدا دەست بەکار بم، بۆ ئەم مەبەستە چەند ڕۆژێک لە کتێبخانەی ئافروئاسیایی لە لەندەن دانیشتم و بەکەتەلۆک و ئەلبوومی وێنە و تابلۆ کۆنەکاندا چوومەوە. سەرچاوەیەکی گەورەی ئیلهام بوون و خەیاڵی دەوروو‌ژاندم. ئەمجا بۆ ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ڕیژیسۆر دەتوانێ لە ڕووی فەزاوە گەلێ سوود لە هونەری بیناسازی ئەو سەردەمە دێرینانە وەرگرێ.

ئامۆژگاری من بۆ ڕیژیسۆران ڕیژیسۆانی لاو بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی هونەر وەکو مۆسیقا و هونەری شێوەکاری و بیناسازی، نەک تەنیا وەکو سەرچاوەی ئیلهام یان وەک سەرچاوەیەک بۆ فەنتازیا و خەیاڵ، کە گەلێ گرینگن، بگرە وەک توخمی بنەڕەتی لە دەرهێناندا ئەوەیە کە بزانن چۆن سوود لەم هونەرانە وەرگرن و چۆن بەکاریان بێنن.

## ئاماژەیەکی گەلێ گرینگ

بەر لەوەی دەست بەکار بی و دەستی ئەکتەرەکانت بگری و پێکەوە گەشتی یەکەمتان بۆ ناو جیهانی شانۆگەرییەکە دەست پێ بکەن، هەوڵ بدە سەرچاوەی سیحر بدۆزەوە. بۆ من مۆسیقا و شیعر سەرچاوەی سیحرن، مۆسیقا و شیعر تەکان بەخەیاڵم دەدەن و ئاسۆیەکی فراوان لە پێش زەینمدا ئاواڵە دەکەن. هەوڵ بدە بەلای کەمەوە، لەو ماوەیەدا پەنا بۆ سەرچاوەکانی ئیلهام بەری و لە کێشە و گرژی و ئاڵۆزی دوور کەویتەوە، بەتایبەت کە بەتەمای ئەوەی کار لەسەر شانۆنامەیەکی قورس بکەی، دەبێ زیاتر خۆت بەهونەرەکانی دیکە و بەئەدەب و سەرچاوەکانی ئیلهامەوە زاخاو بدەی.

من کە لە مەغریبەوە داوایان لێ کردم خۆم بۆ دەرهێنانی شانۆنامەی خەونی نیوەشەوێکی هاوینەی شەکسپیر ئامادە بکەم، کارێکی زۆرم لەگەڵ مۆسیقا و شیعردا کرد، نەک بۆ بەکارهێنانی مۆسیقا وەکو توخمی نمایش، هەرچەندە ئەم خۆ ئامادەکردنەم پاشتر لەم ڕووەوە گەلێ سوودبەخش بوو، بەڵام وەکو کارێکی دەروونی و ئیلهام بەخش.

هەوڵ بدە پێش ئەوەی دەست بەکار بی، بەشیعر و مۆسیقا و ڕەنگ و تابلۆ و میعمار دەروونت جۆش بدەی و دنیای خەیاڵت فراوان و بەرین بکەی.

## دید و جیهانبینیی ڕێژیسۆر

داهێنانی ڕێژیسۆر له‌ چیدا خۆی ده‌نوێنێ؟ له‌ دیدی تایبه‌تی و جیا هه‌ڵكه‌وتوویيدا، له‌ تایبه‌تمه‌ندی و مۆركی شه‌خسیدا، له‌وه‌دا كه‌ چه‌ند ده‌توانێ بیسه‌لمێنێ به‌رهه‌مه‌كه‌ی جودایه‌ و تایبه‌ته‌ به‌خۆی و لاساییكردنه‌وه‌ و كۆپی به‌رهه‌مێكی دیكه‌ نییه‌.

دید و جیهانبینی ڕێژیسۆر دوو چه‌مكن له‌ مه‌یدانی هونه‌ر و زانستی ده‌رهێناندا هاوشانی یه‌كن و هاوته‌ریبن. دید و جیهانبینیی ڕێژیسۆر زۆر جار له‌ لایه‌ن گه‌لێ كه‌سه‌وه‌، ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ی ڕه‌خنه‌گر و پسپۆڕی شانۆشن، بۆ یه‌ك مه‌به‌ست به‌كار ده‌هێنرێن، به‌ڵام له‌ ڕاستیدا ئه‌م دوو وشه‌یه‌ مانایان جودایه‌ و یه‌ك مه‌به‌ست ناگه‌یه‌نن. ڕاسته‌ هه‌ردوو وشه‌كه‌ به‌ڕواڵه‌ت له‌یه‌ك ده‌چن و وه‌كو توخم سه‌ر به‌یه‌ك گرووپن، به‌ڵام دوو كۆنسێپتی جیاوازن.

دیدی ڕێژیسۆر، واته‌ هونه‌ری بینین و كه‌شفی ئه‌و ئایكۆن و سیمبوڵ و هێما و ده‌لالاتانه‌ی كه‌ كه‌سانی دیكه‌ نایانبینن. ڕێژیسۆری خاوه‌ن دید په‌ی به‌شت گه‌لێك ده‌با كه‌سانی دیكه‌ په‌ی پێ نابه‌ن، یان كه‌سانی دیكه‌ ناتوانن به‌و شێوه‌یه‌ په‌یان پێ به‌رن ڕێژیسۆر ده‌یبا. واته‌ دیدی ڕێژیسۆر هێزی كه‌شفكردنه‌، هێزێكه‌ كه‌ له‌ ڕوانگه‌ی تاكه‌كه‌سی و هه‌ڵوێستی وجودی ڕێژیسۆر خۆیه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێ، وه‌كو داهێنانێكی ئاست به‌رز و ده‌گمه‌ن جێی خۆی ده‌كاته‌وه‌. له‌و ترۆپكه‌دا دیدی ڕێژیسۆر قه‌ت لاسایی ناكرێته‌وه‌ و به‌كه‌س كۆپی ناكرێ.

## جیهانبینیی ڕیژیسۆر

هەرچی جیهانبینی ڕیژیسۆرە، گەشتی ژیان و ئەزموون و فەلسەفە و بیروباوەڕی ڕیژیسۆر دەگرێتەوە. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەلێ گرینگە و بنەما و بربڕەی پشتی جیهانی هونەریی ڕیژیسۆر پێک دێنن. لێرەدا ڕیژیسۆر چەند ڕاستگۆیانە و چەند بەکەرەستەی هونەری گوزارشت لەو گەشتە بکا ئەوەندە داهێنانەکانی قووڵ و پڕ مانا و چڕتر دەبن. بەپێچەوانەشەوە چەند درۆ و زەیف و ساختە بنوێنێ، ئەگەر بۆ ماوەکی کورتیش دەستکەوتی هەبێ و چواردەوری بخەڵەتێنێ، لە ئاکامدا هەر لایەنە هونەرییەکە دەدۆڕێنێ و شوناسنامەی دەردەکەوێ.

## جیهانبینی و گەشتی ژیان

هەنگاوی یەکەم بۆ گوزارشتکردن لە سەفەری ژیانی خۆت وەکو ڕیژیسۆر ڕاستگۆییە، ڕاستگۆییش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە چەند دەتوانی و دەوێری خودی خۆت بیت و کەسێکی دیکە نەبی، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە نموونەی بەرزیشت بێ. پەنابردنە بەر گەشتی ژیانی خۆت هەنگاوێکی گرینگە لە ڕیژیسۆریدا، چونکە ئەگەر نەوێری حەقیقەتی شەخسی خۆت بەرجەستە بکەی، هەرگیز ناتوانی حەقیقەتی کەسانی دیکە کەشف بکەی.

هەر بۆیە دیراسەکردنی گەشتی ژیان و جیهانبینی لە بواری خوێندنی هونەری ڕیژیسۆریدا بابەتێکی سەرەکییە، چونکە ئەم بابەتە ئیدی دەبێ بەسەرچاوەی یەکەم و کانگای سەرەکی داهێنانت، ئەگەر درۆت لەگەڵ ئەم سەرچاوەیە کرد یان خیانەتت لێ کرد، هەرگیز نابی

بەرپێیسۆرێکی بەهرەمەند.

لە ئینستیتوتی درامی لە ستۆکهۆڵم وانە و مەشقی سەرەکی خوێندنی ڕیژیسۆری، ڕاهێنانێکە لەبارەی گەشتی ژیانی قوتابی ڕیژیسۆر. ڕاهێنانەکە بەم جۆرەیە: قوتابی ڕیژیسۆر دەبێ بابەتێک لەبارەی ژیانی خۆی بنووسێ. پاشان وەکو ڕیژیسۆر کاری لەسەر بکا. ئەم مەشقە بەلای دانەرانی ئەم پرۆگرامەوە، گەلێ گرینگە، چونکە پێیان وایە قوتابی پاش ئەوەی دەبێ بەڕیژیسۆر لەسەرانسەری بەرهەماکانیدا، بەخۆی بزانێ یان نەزانێ، دەگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوەیە.

ئەم مەشقە هەر لە سەرەتاوە قوتابی هان دەدات کە خۆی بێت نەک کەسێکی دیکە. نازانم کام فەیلەسووف گوتوویەتی: هەمیشە هەوڵ بدە نموونەیەکی پلە یەکی خۆت بە، نەک نموونەیەکی پلە دووی کەسێکی دیکە. ئەم گوزارشتە زۆر بەوردی لەگەڵ ڕۆڵ و داهێنانی ڕیژیسۆردا دەگونجێ، چونکە ڕیژیسۆر هەر ئەوەندەی لاسایی کەسێکی دیکەی کردەوە، هەر ئەوەندەی دەنگی کەسێکی دیکە بکا بەدەنگی خۆی، یان لەگەڵ خۆی درۆ بکا، ئیدی بەرهەمەکانی ڕووکەشانە و کرچ و کاڵ دەبن و سیفەتی داهێنان لە دەست دەدەن.

دیدی ڕیژیسۆر پێوەندی ڕاستەوخۆی بەکانگای ڕۆحی و زەینی و ئیحساسییەوە هەیە و کانگای ئەفراندن و داهێنانیەتی و بەهرەیەکی دەگمەن و بێ وێنەیە، بۆیە لاساییکردنەوەیان مەحاڵە.

مێژووی هونەر هەمیشە ئەوەی سەلماندووە کە ئەوانەی لاسایی ڕیژیسۆرێکی دیکە دەکەنەوە مایەپووچ دەبن، نە وەکو ئەو ڕیژیسۆر داهێنەر دەبن و نە خۆشیان دەبن بەخاوەنی داهێنانی خۆیان.

کۆپیکردنـەوەی ڕیژیسـۆرێکی خـاوەن دید و داهێنـەر وەکو ئەوە وایە شانۆکارێکی بێ بەهرە لە تەنیشت ڕیژیسۆرێکی بلیمـەتەوە بوەستێ و وێنەی لەگەڵدا بگرێ، تاکو لە سێبـەری ئەودا حیسـابی داهێنەری بۆ بکرێ.

### ڕیژیسۆری خاوەن دیدی تایبەت و دەقی شانۆیی

ڕیژیسـۆری خاوەن دیدی تـایبەت، دەتوانێ دەقێکی ئاسـایی و هـەزاران جـار بەرجـەسـتـەکـراو بەدرێژایی سێ هـەزار سـاڵی مـێـژووی دێرینی شـانۆ، لە فـۆرمی داهـێنانێکی نوێدا وەک ئـەوەی سـەرلەنوێ لە دایک بووبێتەوە پێشکێش بکا.

لای ڕیژیسـۆری خاوەن دیدی تایبـەت بەخۆی، هـەمـوو دەقێکی کـۆن و کلاسـیک و باو، هـەمیشـە نەمر و نوێیە و وەکو ئەوە وایە بۆ یەکـەم جار یان سـەرلەنوێ نووسرابێتەوە.

بۆ ڕیژیسـۆری خاوەن دید هـەموو دەقێک سـەرلـەنوێ دەخوێندرێتـەوە و هـەمـوو بەرهـەمـێکی لـەسـەر خـوێندنەوەیەکی جیـاواز بنیـات دەنێ. ڕیژیســۆری خـاوەن دید دەتوانێ هـەر دەقــێکی کــلاســیکت بۆ بکا بەهاوچەرخ و وای چارەسـەر بکا، وەکو ئەوەی لە ئەمڕۆدا و بۆ ئەمڕۆ نووسرابێ.

### دیدی ڕیژیسۆر و دەقی شانۆیی

ســەرەڕای ئەم هێـزە لەبن نەهاتووەی دیدی ڕیژیسـۆر کـە خـەیاڵ و ئەندێشـە و فـانـتـازیا سـەرچاوەیەتی، ئەوەش بزانـە کـە دیدی ڕیژیسـۆر هـەرچـەندە قـووڵ و داهـێنـەرانە و جـیــاهـەڵکەوتوو بێ، قــەت ناتوانێ دەقـێکی خـراپ و لاواز بکا بەشـاکـار. کـەس ناتـوانێ مـانای قـووڵ و

داهێنانی هونەری لەسەر بنەمای تێکستی لاواز و بەدەر لە تەکنیکی دراماتۆرگیانەی پتەو بینا بکا. هەر تێکستێک درامانووسی وەستا و کارامە نەینووسیبێ، نابێتە خاکێکی بەپیت و بنەمایەکی پتەو بۆ دیدی ڕیژیسۆر و کەرەسەی ئینسانی و هونەری ئەکتەرەکانی.

هەر ئەمەش نهێنی ئەو شانۆنامانەمان بۆ دەردەخا کە هەزاران ساڵە بەردەوام پێشکێش دەکرێن، هەندێ جاریش تەنانەت هاوکات لەسەر چەند شانۆیەک و لە هەمان شاردا پێشکێش دەکرێن، بەڵام بەدیدی جیاواز. ئەم شانۆنامانە سەرەڕای ئەوەی شاکارن و مەیدانی تاقیگەی ڕیژیسۆرانی خاوەن دید و بەتوانان، هاوکات مەیدانی نوشستی و فەشەلی ڕیژیسۆرن، ئەگەر خاوەن دیدی تایبەت و جیهانبینی خۆیان نەبن.

دەفەرموو بڕوانە چەند کەس لە پێشکێشکردنی شەکسپیردا سەرکەوتوو بوون و سەردەکەون؟ ئەم بۆچوونە لەگەڵ بەرهەمی هەریەک لە شانۆنامەنووسە داهێنەرەکانی وەکو ئیبسن، ستریندبێرگ، بیکێت، چێخوف دەگونجێ، بزانە ئەو ڕیژیسۆرانە چەند دەگمەنن، بەڵام کێ بەدەقی خۆماڵی ناوێرێ، بەتایبەت ئەو دەقانەی لەسەر فۆلکلۆر و بابەتی میللی دەدوێن. لە تەرزی دووەمدا بەزەحمەت بۆت دەردەکەوێ ڕیژیسۆر خاوەن دیدی تایبەتییە، نەخێر ئەم گوزارشتە ڕەنگە وەکو داڕشتن گونجاو نەبێ، چونکە ڕیژیسۆری خاوەن دید و توانای هونەریی پەنا ناباتە بەر دەقی لاواز و بابەتی کرچ و کاڵ. بگرە لەو جۆرە دەقە لاوازانەدا هەر بەزەحمەت بۆت دەردەکەوێ کە ڕیژیسۆر شەخسیەتی هونەریی هەیە.

## پشکنەری میرهولد وەکو نموونەیەک

پێم وایە شـانـۆنامـەی پشکنەری گـۆگـۆل لە دەرهێنانی مـیـیـرهـولد نموونەیەکی هـەمیشـە زیندووی دیدی داهێنەرانـەی ڕیژیسـۆرە. ئەوەی مـییرهولد لە پشکنـەری گۆگۆڵدا بەدی دەکرد هیچ ڕیژیسـۆرێکی دیکە پەی پێ نەبردووە. دەڵێن مـیـیـرهـولد لە پشـکنەردا هـەمـوو بەرهـەمی ئەدەبی گۆگۆلی چڕ کردووەتەوە بەرجەستەشی کرد. پێش مـییرهـولد و پاش ئەویش، ئێسـتـاشـی لەگـەڵدا بێ، گـەلێ ڕیژیسـۆری بەتـوانا ئەم شانۆنامـەیەیان خسـتووەتە سـەر شانۆ، بەڵام داهێنانی کـەسیـان وەکو داهێنانەکەی مییرهولد باس ناکرێ.

تایبـەتمەندی داهێنانی مـییرهولد وەکـو ڕیژیسـۆر لە خـوێندنەوەی تایبەتی خۆیدا بۆ گۆگۆل دەردەکەوت. ئەو تایبەتمەندییە لە جیـهانبینی خۆی و شیکردنەوە و بەرجەستەکردنی دید و جیهانبینی گۆگۆلدا بوو.

ئەوەی مییرهولد لەو دەقەدا دەیبینی تاکو ئێسـتاش کەس نەیبینیوە و کەسیش ئەو خـوێندنەوە بێ هاوتایەی بۆ ئـەو دەقە نەبووە. سـەرنجی نمایشـە بەناوبانگەکـانی سـەدەی بیسـتـەم بدە، بۆت دەردەکـەوێ کـە چەند نمـایشـێک هـەن بەپەنجـەی دەست دەژمـێـردرێن و لە مـێـژووی شــانۆدا بـەنەمـریی مـاونەتەوە. لەمـانە نمایشی شـازادە توراندۆتی ڤاختانگۆڤ و دایکە کوراجی برێخت و ئەکرۆپۆلیسـی گرۆتۆڤسکی و مـەهابارـاتای پیتـەر برووک و بەسـەرهاتی ئەسـپێکی تۆڤستۆنۆگۆڤ. ئەم نمایشـانە دەگـمـەنن، چونکە گـوزارشت لە دیدی دەگـمـەن و بێ هاوتا دەکـەن. ئەگـەر ڕیژیسـۆرانی ئـەم بەرهـەمـانە خـاوەنی دیدی ئاسایی و بەرتەسک بوایەن، ئێستا ناویان لە کتێب و سـەرچاوەکانی مـێـژووی شــانۆ و ڕەخنەی هونـەریدا ئـاوا بەنەمـری نەدەبرا. دیدی

ڕێژیسـۆر لەو بەرهەمـانەی کـە ناوم هێنـان گـەیشـتـوونەتە ئاسـتـێکی ئەوەندە تایبەت و دەگمەن، تەنانەت لە ناو بەرهەمەکانی ئەو ڕێژیسۆرە مـەزنانە خـۆیاندا، دووبارە نابنەوە. چونکە دیدی تایبـەت کـەشـفـە.. کەشفێک کە نەبینراو، باتینی دەکات بەزاهیری و بەبینراو و پتر لە شـێـوەی ئیلهـام و وەحـیـدا خـۆی دەنوێنێ. ئەمــەش هەمــوو ڕۆژێک ڕوونادات. بروک بۆی نالوێ جـارێکی دیکە مـاهـارباتا یان خــەونی نیوەشـەوێکی هاوینەی شـەکسپیر بەو شێوە بێ ئەندازەیە بەرجەستە بکاتەوە. دیدی تایبـەتی ڕێژیسـۆر وەکـو وەحی وایە، هەمـوو ڕۆژێک نایـەتە خـوارێ و لـە هەمـوو بـەرهـەمـێکی هەمــان ڕێژیسـۆردا بەدی ناکرێ، ڕێژیسـۆران لەو ئاسـتـەدا وەکـو پێـغـەمـبـەران وان، ئێ خـۆ پێـغـەمبـەرانیش هەموو ڕۆژێک وەحییـان بۆ دانابەزێ، بەڵام کە دیدی تایبـەتی لای ڕێژیسـۆر گەڵاڵە بوو ئەو دەم بەرهـەمێک دەخولقێ کە بێ وێنە دەبێ و لە هیچ بەرهەمێکی دیکە ناچێ.

دیدی تایبـەتی ڕێژیسـۆر سـیـمـۆتیکای خـۆی هـەیە، مـاناکـانی لە کـانگایەکی قووڵەوە سـەرچاوە دەگرن، گوێ بـەپێـوەری باو و ڕۆژانە نادەن. ئەگـەر بتـوانی دیدی تایبـەتی خـۆت بخـەیتە ڕوو، پێم وایە بێ سێ و دوو بەرهەمێکی جیاهەڵکەوتوو دەخولقێنێ.

ئەو ڕێژیسۆرانەی لەم ئـەرکەدا سـەردەکەون ئەوەندە باسـی تازەگەری و ئەزمــوونگەری و پێـشـەنگی و دوا مـۆدێلی بازاڕی شـانۆ نـاکـەن و خۆیان بەم زاراوانەوە سەرقاڵ ناکەن.

## دیدی ڕێژیسۆر و کەرەستەی هونەری

هـەر دیدێک کەرەستەی هونەری خۆی پێویستە کە زمانی ئێستێتیکای ئەو نمایشـە دەخـولـقـێنێ، خـۆ ئەگـەر بڵـێی وا نـیـیـە، پـێ لەسـەر ئەم

بۆچوونەم دادەگرم و دەڵێم گەلێ ڕیژیسۆری بەتوانا و خاوەن سەنعەت هەن، بەڵام خاوەن دیدی تایبەت نین.

ئێمە کە زۆر جەخت لەسەر سەنعەت و پیشەکاری، دەکەین، پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین کە هەموو تەکنیک و دەسترەنگینی و کارامەییەک دەبێ لە پێناو گەیاندنی دیدی تایبەت و کەشفی هونەری و داهێناندا بێ، ئەگەر وانەبێ سەنعەتکاری و دەسترەنگینی و وەستایەتی قەوارەیەکی بۆش و هەیکەلێکی بێ ناواخنی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەش زۆر جار لە ئەزموونی شانۆی وێنە و شانۆی جەستە لە پێناوی جەستە و بەرهەمی ئەزموونکارانەی کەسانی کەم مەدرەک و کەم ئەزموونداا دەردەکەوێ، کە ڕەنگە هەندێ جار چاو و هەستمان بخەڵەتێنن، بەڵام وەکو هونەر بۆشن و کاریگەری بەجێ ناهێڵن.

تێڕوانینت بۆ ژیان چەند قووڵ بێ، تێڕوانینت بۆ دەق ئەوەندە قووڵ دەبێ. بەواتایەکی دی، ئەگەر تێڕوانینت بۆ ژیان جیاواز بێ لەگەڵ تێڕوانینی زۆرینەی خەڵکدا، هونەریانە بێ، داهێنەرانە بێ، ئەوەندە خوێندنەوەت بۆ دەق تایبەت و هونەریانە و داهێنەرانە دەبێ، چونکە ناکرێ ببی بەخاوەن تەکنیک و چارەسەرێکی داهێنەرانەی تایبەت و جیاهەڵکەوتوو، ئەگەر خۆت خاوەنی دید و جیهانبینی نەبی.

### شێوازی ڕیژیسۆر و خوێندنەوەی دەق

هەموو شێوازێکی تایبەتی ڕیژیسۆر، هەموو جۆرە ئەزموونگەرییەک، نوێخوازییەک، پێشەنگییەک لە خوێندنەوەی تایبەتی دەقەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە خوێندنەوەی تایبەتی و جیاهەڵکەوتووی ڕیژیسۆر بۆ ژیان، چونکە ڕیژیسۆر لە زەمەنی دەقدا زەمەنێکی دیکە دەبینێ، لە

فەزای دەقدا فەزایەکی دیکە دەبینێ، لە نەبز و ڕیتمی دەقدا ڕیتمێکی دیکە دەبیستێ، لە کێشەشدا کێشەی خۆی و مرۆڤی هاوچەرخ دەدۆزێتەوە. ئەمەش نابێ تەنیا بەقسە بێ و تەنیا وەکو تیۆر باس بکرێ، بگرە دەبێ لەسەر شانۆدا ببینرێ و بەتێرم و کەرەستەی هونەری بەرجەستە بکرێ. لە لایەکی دیکەوە گەلێ جار باسی نوێخوازی، پێشەنگی و ئەزموونگەری وەکو لاف و گەزاف دەکرێ، بەڵام بەبێ بنەمای ئێستێتیکی و ئەزموونی تایبەت و دەنگی ڕەسەنی خودی شانۆکار ئەم فەرمایشتانە بازنەی قسەی ڕووت تێ ناپەڕێنن.

### خوێندنەوەی دەق... خوێندنەوەی مەجازی و سیمبۆلیستانە

لە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندنی هونەری ڕێژیسۆری لە زۆربەی کۆلیژەکانی جیهاندا، دوو بابەتی سەرەکی هەن کە قوتابی ڕێژیسۆر دەبی چاک بیانخوێنێ، ئەویش شیکردنەوەی دەق و شیکردنەوەی نمایشە.

لە شیکردنەوەی دەقەوە ئاشنای بنەماکانی هونەری شانۆنامەنووسین دەبێ، کە بۆ ڕێژیسۆر گەلێ گرینگە بزانێ بەچی دەگوترێ دەقی شانۆیی، لە کام دەقەدا ئەو مەرجانە هەن کە دەبێ لە شانۆنامەیەکدا هەبن.

بەڵام لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەم دەرسەوە قوتابی ڕێژیسۆر فێری خوێندنەوەی دەق دەبێ. ڕێژیسۆران بەژمارە زۆرن، بەڵام ئەوانەی کە جیاوازی نێوان دەقی چاک و دەقی خراپ دەزانن گەلێ کەمن. لەوانەش کەمتر ئەوانەن کە دەزانن دەقی شانۆیی بخوێننەوە. ئەو ڕێژیسۆرانەی کە دەزانن کام دەق باشە و کامیان خراپە بەداخەوە ژمارەیان کەمە. ڕێژیسۆری وا هەیە، تەمەنێکی

دووروودرێژە ڕیژیسۆرە، بەڵام لە بواری دەقناسی و خوێندنەوەی دەقدا کۆڵەوارە، ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکی گەورە و کوشندەیە.

دیدی تایبەتی دەرهێنەر لە خوێندنەوەی دەقدا دەردەکەوێ. ئەگەر خوێندنەوەی ڕیژیسۆر کەشف و ڕوانگەی خودی ڕیژیسۆری گەیاند، ئەوە کاری ڕیژیسۆر داهێنەرانە دەبێ، ئەگەر نا واتە خوێندنەوەی ئەمیش وەکو خوێندنەوەی کەسانی دیکەیە، واتە بەرهەمێکی تەقلیدییە، ڕیژیسۆر لەو دۆخەدا خۆی لە دوو بازنەدا دەدۆزێتەوە.

**یەکەمیان**: بازنەی تێکست و نووسەرە.

**دووەمیان**: بازنەی نمایش و خودی ڕیژیسۆر خۆیەتی.

ئینجا لەو کێشەیەدا ڕیژیسۆر دەبێ هەر لە سەرەتاوە خودی خۆی لە تێکستدا بدۆزێتەوە.

مەرجی یەکەم ئەوەیە تێکستەکە دەبێ داهێنان بێ و بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری بێ. تاکو بتوانێ ببێتە بنەمای کەشفی مانا و هێمای قووڵ و گوزارشتکردن لە جەوهەریبوون و ژیان. ئەمە مەرجی یەکەمە، بەڵام ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەس نییە.

ئەوەتا ڕۆژانە دەبینین چەندین شاکاری شەکسپیر و لۆرکا و ڕاسین و چێخوف بەدەستی ڕیژیسۆرانی ناشی و بێ تواناوە سەقەت دەکرێن. واتە مەرجی دووەم ئەوەیە کە ڕیژیسۆر خوێندنەوەی خۆی بۆ دەق هەبێ.

ئەمە ئەرکی یەکەمی ڕیژیسۆرە، چاکتر وایە بڵێم قوتابی ڕیژیسۆرە چونکە من باوەڕم وایە نەوەکانی سەردەمی خۆم بەم جۆرە فێرنەکران، بۆیە ڕیژیسۆری باشیان لێ هەڵنەکەوت، ئەویش ئەوەیە کە ڕیژیسۆر دەبێ فێر بکرێ چۆن دەق بخوێنێتەوە.

دەقی شـانۆ واتە دراما، دراماش جگە لە سـتروکـتووی فـەرمان و ڕووداو لە جـەوهـەردا شـیـعـر و هێـمـایە، هەر ئەم دوو ڕەگـەزەشـە کـە درامـا لە ڕۆمـان و چـیرۆک و تا ڕادەیەکیش لە فیلم جیا دەکاتەوە، بۆیە قـوتـابی ڕێژیسـۆر دەبێ هـەر لە سـەرەتاوە، فـێـر ببێ کـە خـوێندنـەوەی دەقی شـانۆ پێویسـتە لەسـەر بناخەی دراما بڕوا، نەک لەسـەر بنـاخـەی خـوێندنـەوەیەکـی چیـرۆک ئـاسـا یان ڕۆمـان ئـاسـا بێ، دەنا ڕێژیسـۆر هـەرگیز ناگاتە مەبەست.

## جیهانی واقیع... جیهانی مەجاز

ڕێژیسـۆرانی کـەم ئەزموون گـەلێ جـار گلـەیـیـان لە دەقە، ڕەفـزی دەق، بالادەسـتی دەق، دەسـەلاتی دەق، هـەمـوو ئەم جـۆرە گـوزارشـتـە بەکـار دەهێـنن و وەکـو مـۆدە بەکـاری دێنن، بـەڵام ئـەگـەر دوور لـە بەڵگە و هـەڵوێستی پۆست مۆدێرنیسـتەکان، کە بەچاوێکی جودا و ڕەتکەرەوانە تەمـاشـای دەق دەکەن، ئەوەمـان بۆ دەردەکـەوێ کـە کێشـەی سـەرەکی ڕێژیسـۆر لـە خـوێندنـەوەی بەهـەڵەی دەقـدایە، کـە من پێم وایـە دەبێ خـوێندنەوەی دەق لەسـەر دەسـتوورێکـی مـەجـازییـانە "شـیـعـریانە"ی سیومبۆلیستانە بڕوا.

کە دەڵێم مـەجـازییـانە، چونکە جـیـهـانی سـەر شـانۆ، واقـیـعی سـەر شـانۆ بەبەراورد لـەگـەڵ ژیان بەگـشـتی و واقـیع خـۆیدا، بڕیتـیـیـە لە مـەجاز و هێما و نیشانەگـەلێکی خەست و کـورتکراو چ وەکو زەمـان و چ وەکو شـوێن و چ وەکو جەوهـەر، بۆیە هـەمـوو خوێندنەوەیەکی دەقی شـانۆیی بەدوور لەم ئەرکە ئاکامـەکەی هـەڵەی گـەورەی لێ دەکەوێتـەوە خوێندنەوەیەکە دوور لە سروشت و زمانی هونەری شانۆ.

لە وانەکانی سـەرەتای ئاشنابوون بەجـیـهـانی شـانۆ، قـوتابی شـانۆ

بەگشتی قوتابی ڕیژیسۆر بەتایبەتی دەبێ فێری خوێندنەوەی مەجازییانەی سیومبۆلیستانەی دەق بکرێ، بێ ئەو خوێندنەوەیە جیهانی سەر شانۆ دەبێ بەجیهانێکی دوور لە سروشت و جەوهەری هونەری شانۆ، دەقی شانۆییش ئەرک و پێکهاتی خۆی لە دەست دەدات.

بەشێوەیەکی گشتی بێ توانایی ڕیژسیۆر لە تێگەیشتنی هێزی شاعیرانە و ڕەمزی ناو دەق، جۆش و وزەی سیمۆلۆژیانەی شانۆنامە، وا لە دەق دەکا تەنیا وەکو جەستەیەکی مردوو خۆی بنوێنێ. ڕیژیسۆر لە ئاکامی ئەم خراپ تێگەیشتنە گەلێ جار بەدەست دەقەوە دەناڵێنێ، لە ئاکامدا لێی لادەبا، کورتی دەکاتەوە، سەقەتی دەکا و بەدەستی خۆی گەلێ لایەن و سیمای جوان و داهێنەرانەی دەشێوێنێ.

## شێوازی تەقلیدی

زاراوەی شێوازی تەقلیدی لە دەرهێناندا زاراوەیەکی گەلێ باو و بڵاوە و بەگشتی وەکو سیفەتێکی نێگەتیڤ بەکار دەهێنرێ. شێوازی تەقلیدی لە دەرهێناندا واتە ڕیژیسۆر دوای نووسەر دەکەوێ و تێبینێ و فەرمایشتەکانی دقاودەق جێبەجێ دەکا، ڕیژیسۆر هەوڵ دەدا جیهانی نووسەر و بۆچوونەکانی و تێبینییەکانی هەمووی دەقاودەق بەرجەستە بکا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی مەدرەسییە، یان ئەکادیمییە و ئاسان نییە. بەواتایەکی دیکە، دەتوانی ڕەفزی شێوازی تەقلیدی بکەی، چونکە نوێکاری و داهێنانی تێدا نییە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە کارێکی ئاسانە و بەهەموو کەسێک ئەنجام دەدرێ، هەروەها مانای ئەوە نییە کە جەمهووری خۆی نییە و داواکار و بازاڕی کز بێ، ئەمە هەر نەبێ لە ئەورووپادا وایە.

برووک بەم شانۆیە و چەند جۆرێکی دیکەی شانۆ تەقلیدی دەڵێ شانۆی مردوو یان شانۆی کوشندە و بەملیۆنان بینەری هەیە و ئەوانەیشی کە کاری تێدا دەکەن لە ئاستێکی بەرزی وەستایەتی و حیرەفییەتدان.

شێوازی تەقلیدی واتە شێوازی مەدرەسی، شێوازی ئەکادیمی، واتە سەنعەت و کارامەیی. ئەگەرچی تووشی ڕاچەنین و سەرسووڕمانمان ناکا، بەڵام لە ڕووی پێکهاتی نمایش و تەکنیکی دەرهێنان و داڕشتەی هونەرییەوە کارێکی ئاسان نییە و ڕەنگە سەرەڕای تەقلیدیەتەکەی بەسەنعەت و تەکنیکەکەی سەرسام بین. لە کارامەییدا گەلێ لەو ڕیژیسۆرە بێ ئەزموون یان کەم ئەزموونانەی کە دەم لە ئەزموونگەرێتی دەدەن پێی نەوێرن.

داخوازیمان لە ڕیژیسۆر ئەوەیە بەر لە هەموو شتێک خاوەنی دیدێکی فەلسەفی و ئینسانی بێ، ئەم دیدەش بەشێوازی وەستایانە و بەسەنعەتکاریی بەرجەستە بکا. داهێنانی ڕیژیسۆر دەبێ ئەم دوو لایەنەی تێدا بێ.

تەماشاکردنی بەرهەمی ڕیژیسۆرێکی ئەکادیمی خاوەن سەنعەتی بێ داهێنان چەند ناخۆشە، ئەوەندەش تاماشاکردنی بەرهەمی ڕیژیسۆرێکی کەم ئەزموون و بێ سەنعەت ئەستەمە. من بەوە تێر نابم بۆ نموونە ڕیژیسۆر باس سیموتیک و دال و مەدلوول بکا بەڵام کەرەستەی جێبەجێکردنی ئەم تێرمانەی نەبێ، یان لە زمانی میزانسین نەزانێ، نەزانێ چۆن لەسەر شانۆ کۆمپوزیسیون دروست بکا، بەکوردی سەری لە تەکنیکی شانۆ دەرنەچێ و نەتوانێ مۆسیقا یان ڕووناکی و دەنگ لە جێگەی پێویستدا بەکار بهێنێ و وەکو پێویست بەکاریان نەهێنێ، کە ئەمانە خۆیان لە خۆیاندا لە ڕووی

پراکتیکەوە جەوهەری پیشەی ڕیژیسۆرن.

من بەش بەحاڵی خۆم بەرهەمی ئەم جۆرە ڕیژیسۆرانەم بەلاوە خراپترە لەو ڕیژیسۆرانەی کە بەشێوەی تەقلیدی کار دەکەن، بەڵام بەرهەمەکانیان وەستایانە داڕێژراوە، بگرە هەندێ جار زیاتر چێژ لە دەرهێنانێکی تەقلیدی- کە وەستایەک ئەنجامی دابێ- وەردەگرم.

ئەم تەرزە ڕیژیسۆرانە لە شانۆ ڕەسمییەکانی ئەورووپادا زۆرینەن، چونکە بەگشتی ڕیژیسۆر ئەگەر وەستا نەبێ لەو شانۆیانەدا کاری پێ ناسپێردرێ، بەلامەوە لە بەرهەمی ئەزموونگەرێکی ئارەزوومەند چاکترە.

ئەکادیمیا و کۆلیژەکانی دراما، ڕیژیسۆری قوتابی سەرەتا بەشێوازی تەقلیدی هونەری دەرهێنان ڕادەهێنن و فێری یاسا بنچینەییەکانی کاری ڕیژیسۆری دەکەن. دەشبێ هەر وابێ، چونکە ڕیژیسۆر دەبێ ئاشنای یاسا بنەڕەتییەکانی دەرهێنان بکرێ و چاک فێر بکرێ کەرەستەکانی دەرهێنان بەکار بێنی و دەستڕەنگینی و کارامەیی و وەستایەتی تێدا بەدەست بهێنێ، قوتابی ڕیژیسۆر پاشان خۆی لەوانەیە بەئاستی نوێخوازی، ئەزموونگەریەتی، پێشڕەوایەتی و پۆست مۆدێرنیزم بگات.

ڕەنگە بەم ئاستەش نەگات، تازەکردنەوە لە داهێناندا و ئیزافەکردن و دەنگی تایبەت لە هونەردا بەشی هەموو هونەرمەندێک نییە. ئەمەش یاسای سروشتە، بۆیە هەموو هونەرمەندێک دەکرێ داهێنەر بێ بەدوور لەوەی کە نۆیخواز و ئەزموونگەرە یان نا، بەڵام ڕیژیسۆر هەرچۆنێ بێ، دەبێ بەقۆناغی قوتابییەتیدا تێپەڕێ.

وا بزانم پیکاسۆ و بەرهەمەکانی باشترین بەڵگەن.

## ئەزموونگەریەتی و گای تەکعیبی

پیکاسۆ چەند جار وێنەی ئاسایی گایەکی کێشاوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا وێنەی گایەکی تەکعیبی بکێشێ، سەرەتا گایەکی ئاسایی و بەشێوەیەکی تەقلیدی کێشاوە، ئنجا زنجیرە وێنەیەکی گا، تاکو لە کۆتاییدا گەیشتە گایەکی تەکعیبی.

کێشەی ئەزموونکارانی بێ ئەزموون لەوەدایە کە هێشتا فێری ئەوە نەبوون وێنەیەکی تەقلیدی گا بکێشن، دەیانەوێ وێنەیەکی تەکعیبی گا بکێشن. بێ گومان وێنەیەکی ناقۆڵاو نابووت ئەنجام دەدەن، لە کۆتاییشدا نەفێری وەستایەتییە تەقلیدییەکە دەبن و نە ئەزموونێکی نوێش بەدەست دێنن.

لە دنیای وێنەکێشان و نەقاشیدا، هونەرمەند بەهرەی خۆی لە مەیدانی هونەری کلاسیکدا جۆش دەدا. لە قۆناغی فێربوون و ڕاهێناندا دەبێ کار لەسەر هونەری کلاسیک بکا، ئنجا باز بۆ هونەری نوێ و نوێخوازی بدا، بەڵگەشمان پیکاسۆیە، کە تەمەنێکی دوورودرێژی بەڕەسمی کلاسیکی بردە سەر و تێیدا وەستایەتی و کارامەیی خۆی وەدەست هێنا، ئنجا داهێنان و بەهرەی خۆی لە بواری نوێخوازی و پێشەنگایەتی و ڕەسمی مۆدێرندا سەلماند.

سەرنج بدە، بۆچی زۆرینەی قوتابی و شاگردەکانی ستانیسلاڤسکی بوون بەکەڵە ڕیژیسۆر، مییرهولد، ڤاختانگوف، سورلجینسکی. بەقۆناغی مەدرەسی و تەقلیدییەتدا ڕەت بوون، واتە بەقۆناغی ڕاهێنان و فێربوونی بنەما سەرەکییەکانی ڕیژیسۆری، هەر هەمووشیان ڕێچکەی تایبەتی خۆیان دۆزییەوە، چونکە بناغەی کارەکەیان لە ڕووی سەنعەتکاری و زاڵبوون بەسەر پیشەی ڕیژیسۆردا پتەو بوو.

## دوو دید و دوو جیهانبینی

ئەگەر باش دیقەت بدەین، تێ دەگەین کە جیاوازی نێوان میتۆدی ستانیسلاڤسکی و میێرهولد تەنیا جیاوازی نێوان دوو تەکنیک یان دوو شێواز یان دوو میتۆدی ڕاهێنانی ئەکتەر نییە، بەقەد ئەوەی یان بەر لە هەموو شتێک جیاوازی دوو دیدە، دوو بۆچوونە بۆ هونەر و بۆ ژیان، یەکەمیان پشت بەواقعییەت و دەروونی مرۆڤەوە دەبەستێ، دووەمیش پشت بەگرۆتێسک و مەجاز و سیمبۆلیزم و فۆرمەوە دەبەستێ. ئەگەر لەم جیاوازییەی دید و جیهانبینی هەردوو ڕیژیسۆر تێ بگەین، ئیدی تێگەیشتنمان لە تەکنیک و شێوازی هەردووکیان ئاسانە.

جیاوازی نێوان شانۆی ستانیسلاڤسکی و شانۆ برێخت بەر لەوەی جیاوازی نێوان دوو تەکنیک بێ، جیاوازی نێوان دوو جیهانبینییە. بەهەمان شێوە جیاوازی نێوان ئارتۆ و بۆ نموونە برێخت، یان جیاوازی نێوان برێخت و گرۆتۆڤسکی. لە ڕاستیدا سەنعەتکاری و تەکنیک بەگوێرەی دید و جیهانبینی خۆت گەڵاڵە دەکا.

## دەرهێنان و دژەوەستان

گرینگترین ئەرکی ڕیژیسۆر دۆزینەوەی دژاودژییە. ئەگەر خۆت بەفۆرم و چارەسەری حازربەدەست نەبەستیتەوە، تەنیا دوای پرۆسەی داهێنان بکەوی و پەنا بەریتە بەر ئیلهامی خەیاڵ و فەنتازیای خۆت و مەرجەکانی داهێنان و خودی خۆت ئێستا و لە ئێرەدا، دەشێ بگەیتە تۆنە ڕەنگاوڕەنگەکانی دراما. دەبینی ئەو تۆنانە لە کوێدا خێران، لە کوێدا خاون، لە کوێدا ڕوونن و لە کوێدا تاریکن.

هەوڵ بدە هەموو ئەم تۆنە جیاوازانە بپارێزی، با هیچ یەکێ لەمانە ئەوی دیکە نەسڕێتەوە. یەک ڕەهەندی هەڵمەبژێرە، یەک ڕیتمی، یەک ڕەنگی دوژمنی شانۆیە، چونکە ژیانی تێدا نییە، واتە درامای تێیدا نییە. هەوڵ بدە حاڵەتە ئینسانییەکانیش یەک تۆن نەبن. با یەک شێواز وەرنەگرن.

با ڕووناکی دوای تاریکی بێ، با خاوی دوای گرژی و تیژی بێ، با ئازایەتی دوای ترسنۆکی بێ، یان هەموو ئەمانە بەپێچەوانەوە بن. ئینجا نەک هەر ئەوەندە با ئەم حاڵەتانە بەتەنیشت یەکەوە بن. بەمە گرۆتێسک یان تەغریب یان ئەبسیۆرد/ لا مەعقوول یان سرووت، دروست دەبێ.

پارادۆکس و ماکی دژاودژی یاسایەکی بنەڕەتی ژیانە، دراماش وەک جەوهەر ژیان لەسەر بەردەوامی و گەشەی دژاودژی وەستاوە. ڕیژیسۆر دەبێ زۆر زیرەکانە و بەوردی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکا و بزانێ چۆن دەیاندۆزێتەوە. بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستەش پێویستی بەوەیە باش لە تێکست تێ بگا. بۆ خوێندنەوەی تێکست پێویستی بەمیتۆد هەیە. چەند بەقووڵی لە تێکست بگەی ئەوەندە چاکتر دژاودژییەکانی ناوی دەدۆزییەوە.

دۆزینەوەی دژاودژی ناو شانۆنامەکەت وەکو گرتنی نەبزی گیانلەبەر وایە. ئەگەر دەماری ڕاستەقینەی دراماکە نەگری، نەبزی نادۆزیتەوە. نەبز و ڕیتم و ڕەنگ و دەنگی ناو دراماکەت، با ببینرێن، با ببیسترێن، با هەست پێ بکرێن.

# ڕیژیسۆر و ئیرتیجال

میرهولد داوای لە ئەکتەرەکانی دەکرد ناوەرۆک بەجووڵە بەرجەستە بکەن. ستانیسلاڤسکی بەئەکتەری دەگوت: قسە مەکە، کردار بنوێنە.

ئەرکی دەرهێنەر ئەوەیە کە دژاودژییەکانی ناو شانۆنامەکە بەجووڵە، یان بەکردار پیشان بدا.

تۆش هەوڵ بدە هێڵ و بیر و بۆچوونە درامییە جودا و دژاودژەکانی ناو تێکستەکەت بەجووڵە، یان بەکردار بەرجەستە بکەی.

دیارە دەکرێ دژاودژییەکانی ناو تێکست لە ڕێگەی دیکەوە، وەکو ڕەگەزەکانی بینین و بیستن، فەزا و سینیۆگرافیا و ڕەنگ و دەنگ و ڕووناکییەوە پیشان بدرێن، بەڵام پیشاندان ناگاتە ئاستی بەرجەستەکردن، ئەوی لە ڕێگەی دراماوە ئەنجام دەدرێ، وەکو کردار و جووڵە، بەرجەستەکردنە نەک پیشاندان، مەبەست لە بەرجەستەکردن، جۆشدان و بەدراماکردنی نمایشە، بەمەبەستی بەشداریکردنی بینەر نەک چاودێریکردن، کاری سەرەکی ڕیژیسۆر دەبێ لە ڕێگەی جووڵە و کردارەوە بێ. واتە لە ڕێگەی ئەکتەرەوە بێ. بۆیە من کەس هان نادەم یەکسەر پەنا بۆ ئەم کەرەستانە بەرێ، بەگشتی کەرەستەی ڕەهەندی بینین و بیستن بهێڵریتەوە بۆ دوایی، چونکە لە ڕاستیدا ئەمانە هەموو دەبێ لە خزمەتی کاری ئەکتەردا بن و ڕێگە بۆ ئەکتەر خۆش بکەن.

## ئیرتیجال و ساغکردنەوەی ئامرازەکانی دراما

ئەگـەر بوارت بۆ بڕەخـسێ و کـاتت هەبێ، هیچ لەوە بـاشـتـر نیـیـە، ئەکتـەرەکـانت بەوە ڕابـهـێنی کـە ئامـرازەکـانی فـەزا و مـۆسـیـقـا و جلوبەرگ و دەنگ بـەشـێنەیی تاقی بکەنەوە و بەوردی تـاوتـۆیان بکەن و لە ڕێگەی ئیـرتیـجـالەوە و ئامـانج و چارەسـەری هونەری جـۆراوجـۆر بەدەست بهـێـنن. بەگـشـتی باشـتـر وایە ئەم هـەنگاوە دوابـخـرێ و نەکەوێتە پێش کارکردن لەسـەر تێکست و دانانی نەخشـەی سەرەتایی مـیـزانسـینەکـان. هەرچەندە دەزانم ئەم بۆچوونەی من لای هەمـوو کـەسێ پەسـەند نیـیـە، بۆ نموونـە ڕیژیسـۆری بەناوبانگی ئەمـریکا، ڕۆبێرت ولسـون، هەموو جۆرە ئیرتیجالێک لەسـەر فەزا و سینۆگرافیا پێش تێکست دەخا. ئەو بۆ خۆی بەر لە هەموو شتێک کار لەسەر فۆرم دەکا و پانتاییە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەی میعماری نمایشـەکەی لە هەمـوو شـتێ پێ گـرینگتـرە. بوار و ڕەهـەندە ئینسـانیـیـەکـان، واتە ئەکـتـەرەکـان و کـردار و گـوتەکـانیـان پاشـتـر دەترنجـێنێـتـە ناو بیناسازییەکەوە.

دیارە ئەو شێوازەی کە بەلای منەوە مەبەستە و لێرە بانگەشـەی بۆ دەکەم، پێم وایە پێڕەوکردنی بەکەڵکە و هەر نەبێ بۆ دەرهێنەری لاو، یان ئەو ڕیژیسۆرانەی کە هێشتا ئەزموونیان تەواو گەڵاڵە نەبووە.

## نموونەیەکی کارەکانی خۆم

کە لە ڕووسیادا کارم لەسـەر شانۆنامەی یاری بەئاگری سترێندبێرگ دەکـرد، لە بەکـارهێنانی مـۆسـیـقـا بۆ بەرجـەسـتـەکـردنی درامـای مۆنۆڵگێکی پاڵەوانی شـانۆنامـەکە لەگەڵ ئەکتـەری سـەرەکیدا تووشی

کێشەیەک بووم. من دەمویست ئەم مۆنۆلۆگە، بەشێوەیەک بەرجەستە بکرێ، کە هەروەکو ستریندبێرگ دەیەوێ مۆنۆلۆگ بێ، بەلام هاوکات خۆی وەکو دیالۆگیش بنوێنێ.

ئەکتەرەکە دەبایە لە سووچێکی ژوورەکەدا خۆی حەشار بدا، بێ ئەوەی بجووڵێتەوە، یان قسە بکا، هەندێ جاریش کە دەمویست پێوەندی دروست بکا لەگەڵ کەسی دووەم کە ژنی هاوەڵەکەیەتی، دەمویست بجوڵێ، بەمەرجێک زۆر کەم بجووڵێ، بەلام ئەویش کەی؟ کاتێک کە ژنەکە وەک کاردانەوەیەک بۆ قسەکانی ئەو دەبزوێ. لەم حاڵەتەدا وا هەست دەکرێ کە فەزای مۆنۆلۆگ تێک دەچێ و وا خەریکە بچینە ناو دیالۆگەوە. بینەر لە هەموو ساتێکدا چاوەڕێی ئەوە دەکا ژنەکە بێتە قسە، بەلام وا دەرناچێ. ئەمە هێزی سایکۆلۆجی دیمەنەکەیە، تەکنیکی زۆر ئاسانی دەرهێنانە، بەلام ئاستێکی بەرزی هەستیاریی لە ئەکتەر دەوێ. بۆیە ئەکتەر دەبێ لە مەسەلەی کات و جێبەجێکردنی کردار و کاردانەوەی کرداردا زۆر ورد و بەئاگا بێ.

پێش هەموو شتێک ئەکتەرەکە لێی پرسیم: بەتەمای لەم دیمەنەدا مۆسیقا بەکار بێنی؟ گوتم: بەڵێ، بەلام نەک لە سەرەتاوە، ئەمجا پێی گوتم. ناکرێ لە دەست پێکەوە داینێی؟ مەبەستم ئەوەیە بەرلەوەی بچمە ناو مۆنۆلۆگەکەوە؟ ئەمە زۆر یارمەتیم دەدا. گوتم: بێ گومان نە، من بێدەنگییەکی تەواوم دەوێ، دەمەوێ مۆنۆلۆگەکە لە ناو جەرگەی بێدەنگییەوە دەست پێ بکا، ئەمە جگە لەوەی مۆسیقاکە یەکسەر ناوەرۆکی مۆنۆلۆگەکە دەدادەست و خەیاڵی بینەر لە کار دەخا و هیچ ڕۆڵێکی نامێنێ. واتە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە دەبێ بەرەو ئەو سووچەی ژوورەکە هەنگاو هەڵهێنی و لەوێ جگەرەکەت داگیرسێنی و

پاشان دەست بەقسە بکەی. تاکو ئێستاش بینەر تێ ناگات کە تۆ هەڵوێستت گۆڕاوە، چونکە هەر ئەوەندە بینەر تێگەیشت کە تۆ هەڵوێستت گۆڕاوە، ئیدی مۆنۆلۆگەکە هیچ بایەخێکی نامێنێ، بەڵام کە مۆسیقا لە ناوەڕاستی مۆنۆلۆگەکەوە دەبیسترێ، سەرەڕای ئەوەی کە دەبێتە پاڵپشتت و جەوت بۆ دروست دەکا و جەخت لەسەر بەهای سایکۆلۆجی تێکستەکەش دەکا، لە هەمان کاتدا وەکو زەنگێک وایە بۆ بینەر کە ئاستێکی دیکەی سۆز و هەست و گۆڕانێکی دەروونی لە ئارادایە، کە مۆسیقای ئیریک ساتی بەپیانۆ ڕای دەگەینێ.

ئەمجا زۆر پێی لەسەر بەکارهێنانی مۆسیقا هەر لە دەستپێکەوە داگرت و گوتی بێ مۆسیقا ناتوانم دەست پێ بکەم، تکایە سبەینێ لە پرۆڤەدا مۆسیقاکەم بۆ دانێ تاوەکو بزانم چۆن کاری لەسەر بکەم. گوتم دیسانەوە نابێ، جارێ فەرموو تەواو کار لەسەر تێکستەکە بکە، پاشان هەفتەی داهاتوو مۆسیقا دێتە ناو پرۆڤەوە. بەڕاستی من تا بۆم بکرێ ئەم ڕێچکەیە دەگرمە بەر، ئەکتەر بێ هیچ کەرەستەیەکی دیکە، بێ هیچ یارمەتییەک تەنیا بەیارمەتی و پاڵپشتی کەرەستەکانی ناوەوەی خۆی، واتە سۆز و فەنتازیا و خەیاڵ لەگەڵ جووڵە و کردار و ئاماژەکانی لەشی، گوزارشت بکا و کەسایەتییەکە بەرجەستە بکا. کە ئەم ئەرکەی بەجێ گەیاند، ئەمجا ئەکتەر دەتوانێ چاکتر ئیرتیجال لەگەڵ کەرەستەکانی دیکە بکا.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەم ئەکتەرە ساڵی پار یەکێک بوو لە ئەکتەرە هەرە باشەکانی شاری پیتر بورگ کە پاڵوێراو بوو بۆ خەڵاتی ماسکی زێڕین لە مۆسکۆ لە شانۆنامەی دون جوانی مۆلێردا.

ڕێژیسۆر کە کار لەسەر شانۆنامەیەک دەکا، دەبێ بزانێ کەی

مۆسیقا. دەنگ، ئێکسسوار دێنێته ناو نمایشەکەوە. جارێ لێگەڕێ ئەکتەر هەموو تواناکانی ناوە و دەرەوەی خودی خۆی تاقی بکاتەوە، پاشان ڕۆڵی مۆسیقا و دەنگ و ڕەنگ دێتە پێشێ.

دەبێ ئەوە لە بەرچاوگرین، کە ئەم شێوازی کارکردنە ئەوە ناگەیەنێ کە کارکردن لەگەڵ مۆسیقا و دیکۆر و فەزاو ڕەگەزەکانی دیکەی کەمتر بواری بۆ تەرخان بکرێ، بەپێچەوانەوە چەند خۆت و ئەکتەر و تەکنیکارانت بەشێنەیی کاری ئیرتجال و داهێنان لەو بوارانەدا بکەن، ئەوەندە ئاکامی هونەریی نایاب بەدەست دێن،

جێگەی داخە ڕیژیسۆرانی لاو، یان کەم ئەزموون و ئارەزووەند کەمتر بایەخ بەئیرتیجال لەسەر مۆسیقا و فەزا و جل و ئێکسیسوار دەدەن، بەگشتی لە دوا قۆناخی پرۆڤە و نزیکی نمایشی یەکەم ئامادە دەکرێن، بێ ئەوەی ئەکتەر فریا بکەوێ بەتەواوەتی کاریان لەسەر بکا و تاقییان بکاتەوە.

## ڕێگەی پێچەوانە بگرە بەر

هەوڵ بدە ڕێچکەی باو بشکێنە، دژاودژی هەر بەکەرەستە و شێوازی دژ چارەسەر بکە. ئەگەر باسی تاریکی دەکەی ڕووناکی بەکار بێنە، مییرهولد بۆ دیمەنێکی خەمبار و حەزین مۆسیقایەکی بەجۆش و بەریتمی دادەنا. ڕیژیسۆری بێ فانتازیاش بۆ دیمەنێکی خەمناک یەکسەر بیر لە شمشاڵێکی خەمناک دەکاتەوە. بەپێچەوانەوە دەکرێ بۆ دیمەنێکی شاد و بەرزە دەماخ، مۆسیقایەکی حەزین دابنێی.

## مەزهەبی تەرسا

وتەیەکی کۆن هەیە دەڵێ باسی ئەوە ناکەم چەند پیسەکەیە، من باسی چاوتێری و دەستبڵاوی ئەو کەسەتان بۆ دەکەم، بۆ باسکردن لە کەسێکی "گەوج" و دەبەنگ باس لەوە بکە کە چەند "دانا"یە. کە ویستت باسی ژیان بکەی باس لە مردن بکە، بەپێچەوانەشەوە کە ویستت باس لە مردن بکەی لە ڕێگە ژیانەوە بۆی برۆ، ئەگەر بتەوێ باسی کەسێ بکەی کە چەند ترسنۆکە باسی ئازایەتی ئەو کەسە بکە، کە ویستت باسی کەسێکی دەبەنگ بکەی وەکو بلیمەتێ باسی بکە، پاشان بینەران تێ دەگەن کە ئەو کەسە بەپێچەوانەوە بلیمەت نییە و بێ ئەندازە دەبەنگە.

لە هونەردا پێویستمان بەسەلماندن نییە، شانۆ درامایە و لە جەوهەردا شیعرە، لە شیعردا سەلماندن نییە، شاعیر ناڵێ ئێستا زستانە، چونکە بەفر دەبارێ، ئەمە ڕەنگە بۆ ڕۆماننووس ئاسایی بێ لە شانۆشدا مەنتیقێکی دیکە هەیە، کە مەنتیقی ئاماژەی ناڕاستەوخۆیە. ئەم لۆژیکە چێژێک دروست دەکا لای بینەر گوێگر کە من ناوی لێ دەنێم چێژی چاوەروانی. ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی بەئەنجام گەیاندنی چێژی چاوەروانی ڕێگەی پێچەوانەیە، کە دژ بەڕێگەی باوە و حازربەدەستە، وەکو مەحوی دەڵێ مەزهەبی تەرسا.

## ئەزموون و جورئەت

ڕیژیسۆر پێویستی بەدوو خاسیەتە، ئەزموون و جورئەت. بەداخەوە بەدەگمەن ئەم دووانە هاوشانی یەک دەوەستن. ڕیژیسۆر لە تافی لاوێتیدا بوێر و بەجورئەتە، بەڵام کەم ئەزموونە. سەیری ڕیژیسۆرە

بەئەزمـوونەكـانیش بكەی، بۆت دەردەكەوێ كە بەدەگمـەن جـورئەتیـان هەیە. ڕیژیسـۆریش هەیە نە ئەزمـوونی هەیە و نە جـورئەت، بەڵام خـۆی بەئـەزمـــوونگەر دەزانـێ. ڕەنگە ئەمـــە مـــەســـەلـەیەكی وجـــودی بێ، ئەكـتـەرێكی ئینگلیـز باس لەوە دەكـا كـە چۆن هـەتا لاو و قـۆز بوو بۆ ڕۆڵی عـاشق هەڵدەبژێردرا، بـەڵام بەداخـەوە ئەو ڕۆژگـارە لە عیـشق و خـۆشـەویسـتیـدا كـەم ئەزمـوون بوو لـەسـەر ئاسـتی هەست و سـۆزدا نەیدەتوانی ڕۆڵی عـاشق ببـینێ، كـەچی ئێـسـتـا لە ڕووی هـەست و دەروونەوە لـە خـۆشـــەویـسـتـی و ڕەفـتـاركـردن لـەگـەڵ ژندا خـاوەنی ئەزموونێكی دەوڵەمەندە، بەڵام بەتەمـەن تەمەنی بەسەر چووە و كەڵكی ئەوەی نەماوە ڕۆڵی عاشقێكی لاو ببینێ.

لە ناو ئەكتـەراندا گەلێك هەن لە كـاركردن لـەگـەڵ ڕیژیسـۆری لاودا سڵ دەكەن و حـەز دەكەن كار لەگەڵ ڕیژیسـۆری بەتەمەن بكەن، چونكە پێیان وایە سـەركەوتنی ئەمیان مسـۆگـەر ترە. لە ڕاسـتیدا ئەمـە نابێ بكرێ بەیاســا، چونكە ئـەو جـورئەتەی لای ڕیژیســۆری گـەنج هـەیە، بەدەگمەن لای ڕیژیسـۆری بەتەمـەنی خاوەن ئەزمـوون دەبینرێ. ئەوەی ڕیژیسۆری گەنج دەوێرێ بەئەنجامی بگەینێ، ڕیژیسۆری بەتەمەن لێی دەترسێ و ناوێرێ خـۆی لێ بدا، ئەمـە ئەگەر هـەر پێی بگات و دەركی پێ بكا، لەبەرئەوە هـەتا گـەنجی هزر و بۆچوونە بە جـورئەتەكانی خـۆت بخـەرە بواری پراكتیكەوە و پاشـان كە چوویتە سـاڵەوە و ئەزمـوونێكی دەوڵەمـەندت پەیدا كرد ئەو جورئەتەی لاوێتیت خـامـۆش دەبێ. هەندێ جـار ئەكـتــەرە بەئەزمـوونەكـان كـە دەچنە سـاڵەوە هـەست بەم دەردە دەكەن بۆیە و پێیـان خـۆشـە كـار لەگەڵ ڕیژیسـۆری گەنج بكەن، تاكو بەشـدار بن لە ئەزمـــوونێكی نوێ و بەرهەمــێكی جـۆشـدار بەڕیتـمی

ڕیژیسۆرێکی گەنج. کارکردنی ئەکتەرێکی گەورەی وەکو جۆن گیلگیود لەگەڵ پیتەر برووکی لاودا تەنیا نموونەیەکە. ئێستا ئەگەر تەماشای بەرهەمەکانی پیتەر برووک، یان ئینگمار بێرگمان بکەی، ئەو جورئەتەی بەدی ناکەی کە بەگەنجی دەیاننواند. ئەمەش ڕەنگە پێوەندی بەسروشتی ئۆرگانیزمی ئادەمییەوە هەبێ. فەرموو حیکایەتێکی دیکەی ڕیژیسۆرێکی بەریتانی کە پێوەندی بەئەزموون و جورئەتەوە هەیە:

ڕیژیسۆرێکی بەریتانی دەڵێ کاتێ گەنج بووم هزر و بۆچوونی بەبوێرانەم هەبوو، بەڵام بواری کارکردنم پێ نەدەدرا، ئێستاکە ڕیژیسۆرێکی بە ئەزموونم و سەرۆکی شانۆم ئەو هزر و ئیلهامەم بۆ نایەت کە لە تافی لاوێتیدا بۆم دەهات.

## ڕیژیسۆر و ئیرتیجال

ئیرتیجال یەکێکە لە ڕەگەزە گرینگەکانی شانۆ و هونەری نواندن. مییرهولد پێی وایە کە ئەکتەر لە هەموو نمایشێکدا بیەوێ، یان نەیەوێ، بەئاگا، یان بێ ئاگا، ئیرتیجال دەکا، چونکە لە هەر نمایشێکدا بەجۆرێک ڕۆڵ دەبینێ کە ناکرێ سەد لە سەد وەکو جاری پێشوو بێ، ئەمەش بۆ خۆی یاسا و لۆژیکی ژیانە، کە لە هونەری ئەکتەردا پتر لە هەر هونەرێکی دیکەدا بەرجەستە دەبێ، بەڵام کە ئەکتەر ئاگەدارانە و هۆشمەندانە ئیرتیجال دەکا داهێنانەکەی دەگاتە پلەیەکی بەرزتر.

پیتەر برووکیش هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوە، برووک دەڵێ: کە ئەکتەر هەموو جارێ سەرلەنوێ بەهەستەوە گوێ لە دەنگدانەوەی

ناوەوەی خۆی دەگرێ، گوێ لە وردەکاری خۆی و کەسانی دەوروبەر دەگرێ، بۆی دەردەکەوێ کە هیچ نمایشێک لەوی پێشوو ناچێ، هۆشمەندیی ئەکتەر خۆ تازەکردنەوەیەکی بەردەوامی پێ دەبەخشێ، بەڵام ئیرتیجال بۆ ڕیژیسۆر چەمکێکی دیکەیە و جیاوازە لە چەمکی ئیرتیجال لە هونەری ئەکتەردا. هەرچەندە لە کۆتاییدا ئیرتیجالی ئەکتەر هەر دەڕژێتە ناو کاری ڕیژیسۆرەوە.

بۆ ڕیژیسۆر ئیرتیجال میتودە و کەرەستەیەکی گرینگی کاری ڕیژیسۆرییە. بۆ ئەکتەر هونەری ئیرتیجال میتودێکی گرینگی پشکنین و سۆراخ و گەڕانە بەدوای کەسایەتی و ڕۆڵ و فۆرم و شێوەی دەربڕین و گوزارشت.

ئەکتەران میتۆدی جیاوازیان هەیە لە ئیرتیجالدا و بەوان بێ ڕیژیسۆر لە مەیدانی ئیرتیجالکردندا بوارێکی فراوانیان بۆ تەرخان بکا، بەڵام بۆ ڕیژیسۆر ڕەنگە ئەم بەرفراوانییە لە هەندێ حاڵەتدا ئاسان نەبێ. بەتایبەت کە هەندێ لە ئەکتەران سنوورێکی دیاریکراو دانانێن بۆ کاری ئیرتیجال، یان بەدیمەنێکەوە، یان بەڕووداوێکەوە دەنووسێن کە کاتێکی زۆر دەبا، یانیش لە دارشتەی پلانی ڕیژیسۆر دەردەچن و ئیرتیجالەکەیان ئامانج بزر دەکا و نازانن بەرەو کوێ دەیان بات.

## دوو جۆری ئیرتیجال

برووک دەڵێ ئیرتیجال دوو جۆرە: "ئەوەی کە لە سەربەستی تەواوی ئەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوی دیکەیشیان ئەوەیە کە ڕەچاوی ڕەگەزی دیاریکراو و سنوورداری نمایشەکە دەکا".

باشترین چارەسەر بۆ ئەوەی نە ئاکامە باشەکانی ئیرتیجال لە دەست بدەی و نە ئیرتیجالی ڕەها بەخراپ کار بکاتە سەر کارەکەت، ئەوەیە هەڵوێستی خۆت سەبارەت بە ئیرتیجال دەست نیشان بکەی.

بۆ نموونە، مییرهولد ڕێگەی بەئەکتەرانی خۆی دەدا کە لە ناو چوارچێوەی نەخشە و پێکهاتەی ڕیژیسۆریی ئەودا، شێوازی ئیرتیجال بەکار بهێنن. لەم شێوازەدا سەربەستی ئەکتەر پێبەستە بەهەیکەلی کاری دەرهێنەرەوە کە داهێنانی ئەکتەری تێدا وەکو ڕەگەزێکی دیکەی شانۆگەرییەکە بەدیقەت داڕێژراوە و حیسابی بۆ کراوە.

ئیرتیجال دەکرێ دیسانەوە، بەشێوەیەکی گشتی بکرێ بەدوو جۆر، ئیرتیجالی زارەکی و ئیرتیجالی جەستەیی، یان ئیرتیجالی جووڵە. یەکەمیان زیاتر تێکست و جەستەی چیرۆکەکە دەگرێتەوە. ئەو گرووپانەی کە لەسەر هەردوو جۆری ئیرتیجال کار دەکەن، وەکو شانۆی گرووپ لە ئەمریکا، تێکست و بەرجەستەکردن و نمایش هەموو دەکەونە ژێر ڕکێفی ئیرتیجال و ئاستی هونەرمەندانە و بەرزی و نزمی پلەی ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیری و زەینی ئەکتەرەکان.

لای گەلێ لە ڕیژیسۆرانی شانۆی جەستە و شانۆی دیتن، ئیرتیجالی جەستەیی میتودێکی سەرەکییە. ڕیژیسۆرانی ئەم شێوازە لێ دەگەڕێن ئەکتەران لە بواری جەستەدا تا پێیان دەکرێ لە پشکنین و سۆراخی ئیرتیجالیدا قووڵ بنەوە و، فۆرم و پێکهاتەی جەستەیی ڕەنگاوڕەنگ و جوان و پڕ مەبەست دروست بکەن، پاشان ڕیژیسۆر لێیان هەڵدەبژێرێ و دەستکارییان دەکا و لە ڕەوتێکی هونەریدا ڕێکیان دەخا.

یەکێ لە ڕیژیسۆرە هەرە بەبەرەوەکانی سوید لارس ڕادوڵفسۆن، ئەم میتودە پیادە دەکا. ئەم ڕیژیسۆرە پتر کاری شانۆی موزیکال و شانۆی جووڵە و جەستەئامێز پێشکێش دەکا.

دیارە ئەو ڕیژیسۆرانەی کە سەبارەت بەچەمکی جەستە و جووڵە و پلاستیکا، بەغەیری شێوازی ئیرتیجال پەنا نابەنە بەر هیچ میتودێک. ئەوان لەو بڕوایەدان کە چەندایەتییەکی زۆر وزەبەند چۆنیەتی لێ دێتە کایەوە. بۆیە ئیرتیجالکردنیان لەسەر هەموو ڕەگەزەکانی نمایش شێوەیەکی ڕەها و بێ سنوور دەگرێتە خۆ. هەروەکو ئاماژەم پێدا ڕادوڵفسۆن یەکێکە لەو تەرزە ڕیژیسۆرانە. ئەم شێوازە لە ئیرتیجالدا بۆ شانۆیەک کە پشتی بەتێکستکی دەوڵەمەند و پتەو سەنعەت بەرز ئەستوور بێ، کەم دەست دەدا و نمایشەکەی ڕووکەش دەردەچێ، چونکە شێوازی داهێنان و ئیرتیجالکردن لە چوارچێوەی شانۆی کلاسیکدا، بۆ نموونە شەکسپیر یان مۆلێر یان لە شانۆی مۆدێرندا لای هەر نووسەرێکی ئاست بەرز، هیچ جۆرە ئاکامێک ناداتە دەستەوە کە خزمەتی شانۆنامەکە بکا، بگرە بەگشتی زیانی پێ دەبەخشێ و دەیشێوێنێ، بەڵام بۆ شانۆی مۆسیقا "موزیکال" و ئۆپێرا و ئۆپێرت باشتر و زۆر چاک دەست دەدا، چونکە پێکهاتەکانی جەستە و جووڵە لەم جۆرە فۆرمانەدا زۆر پێوەست نین بەمانای تێکستەوە و دەکرێ ڕۆڵێکی جوانکارانە ببینن، یان بەهای جوانی بسەلمێنن و هیچی دیکە، تەنانەت هەندێ جار دەکرێ جوان بن تەنیا لە پێناوی جوانیدا.

## ئەکتەر و هزری ڕیژیسۆر و ئیرتیجال

پێم وایە ئەکتەر دەبێ تەواو لە هزری نووسەر و هزری ڕیژیسۆر تێ بگا و لە پرۆسەی ئیرتیجالدا پێبەند بێ پێیانەوە. ئەکتەر دەبێ

بەرامبەر بەدەرهێنەر بەدیسپلین بێ و لێی گەڕێ لە ئیرتیجالەکانیدا چاوساغ و بەڵدی بێ. دەبێ هزری شانۆنامەکە و ناوەرۆک و فۆرم و ریتم و تێمپۆی لە ڕیژیسۆرەوە وەرگرێ، بەو پێیەی کە ڕیژیسۆری شانۆنامەکە لە هەموو کەسێ چاکتر شارەزای جیهانی شانۆنامەکەیە و، هەر ئەویش دەزانێ کەی ئەکتەرەکەی دەکەوێتە سەر سکەی ڕاست یان لادەدا و کەی دەبێ ئەم بیهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست.

بەکورتی من ئیرتیجال بەئامرازێکی جەوهەری دەزانم لە کاری ڕیژیسۆردا، بەڵام دەبێ ئیرتیجال ئەو ڕەوتە وەرگرێ کە ڕیژیسۆر دەیەوێ و نابێ ئەو چوار چێوەیە ببەزێنێ کە دای دەنێ. بەرفراوانی لە ئیرتیجالدا زۆر جار دەبێتە هۆی بەرەڵلایی و کات بەفیرۆدان، بەتایبەتی کاتێ کە لەسەر پەرشتی و ڕێنمایی ڕیژیسۆر دەردەچێ. لۆرانس ئۆلیڤیە دەڵێ: من پێم چاکترە ئەکتەرەکانم هەشت جاران کارەکەیان دووبارە پرۆڤە بکەنەوە، لەوەی کاتێکی زۆر بەموناقەشەی شتی ئەبستراکت "مجرد" بەفیرۆ بدەم. ئەکتەر دەگاتە ئەنجامی ڕاستەقینە بەدووبارە و دووبارەکردنەوە.

بەر لە پرۆڤەی یەکەم هەوڵ بدە چوارچێوەکانی ئیرتیجالکردن بۆ ئەکتەرەکانت دەست یشان بکەی و داوایان لێ بکەی لەو بوارانەدا ئیرتیجال بکەن کە بەلاتەوە مەبەستن. بوارەکانی ئیرتیجال و دەست نیشانکردنیان پێبەندن بەدیدی خۆتەوە وەکو ڕیژیسۆر و هەروەها بەمیتۆدی کارکردنتەوە.

## بوارەکانی ئیرتیجال

بوارەکانی ئیرتیجال بەپێی خواستی خۆم لە زۆربەی کارەکانمدا، لەم خاڵانەدا دەکەمەوە:

- گەڕان بەدوای پلاستیکای جەستە و جووڵە لە فەزادا
- تاقیکردنەوەی کردار و پێوەندی بەڕووداو
- ساغکردنەوەی ئێکسسوار و پێوەندی بەفیگەری ڕۆڵەوە
- قووڵبوونەوە و شۆڕبوونەوە بەناو پێوەندی نێوان کەسایەتییەکان
- کەشفکردنی ئیمکانیاتی فەزای نمایش
- کەشفکردنی مانای ژێر دێر.

## ئیرتیجال... زمانی هاوبەش و دینامیکییەت

پەیڕەوکردنی شێوازێکی گونجاو لە ئیرتیجالدا لە زۆر ڕووەوە گرینگە بۆ گرووپی شانۆ، لەوانە ئیرتیجال یارمەتی ئەکتەران دەدا ئاشنای توانای هونەری یەکدی بن، زووتر زمانی هاوبەشی نمایش و نواندنی یەکتر بدۆزنەوە و شارەزای کاردانەوەی جەستەیی و ئیحساسی یەکدی بن. ئەمە جگە لەوەی کە ڕادێن پێکەوە کار بکەن و ڕێچکەیەکی هەرەوەزییانە لە داهێناندا بگرنە بەر.

بۆیە وای بەباش دەزانم کە ڕیژیسۆر تەنانەت لە دەرەوەی پلانی پرۆڤەکانیدا کاتێکی باش بۆ کاری داهێنان و ئیرتیجال تەرخان بکا، ئەمە هەر نەبێ، وزە و جۆش و تینێکی دیکە بەئەکتەرەکان دەبەخشێ، بەتایبەت کە لە قۆناخی پرۆڤەدا هەندێ جار بێزاری و سستی و خۆ دووبارەکردنەوە باڵ بەسەر پرۆسەی داهێناندا دەکێشێ. لەم

حاڵەتانەدا، ڕیژیسۆر کە هەست دەکا پرۆڤەکان بەرەو پێشەوە ناڕۆن و هیچی نوێ نایەتە کایەوە، لە دۆخێکی ئاوادا، ئیرتیجالکردن و خوڵقاندن لە دەرەوەی نەخشەی پرۆڤەدا کارێکی ئیلهام بەخشە.

## ڤیولا سپولین مامۆستای ئیرتیجال

ڤیولا سپۆلین مامۆستای گەورەی هونەری ئیرتیجال لە ئەمریکادا و خاوەنی کتێبی ئیرتیجال باس لە پرۆسەی ئاست نزمی وزە دەکا و پێی وایە ڕیژیسۆر تەنیا لە ڕێگەی ئیرتیجالەوە دەتوانێ پێوەندی داهێنەرانەی نێوان ئەکتەرەکانی جۆش بدا، چونکە لەم حاڵەتەدا خۆی ڕۆڵێکی ئیلهام بەخشانە دەگێڕێ.

سپولین دەڵێ: هەندێ جار ڕیژیسۆر دەبێ، ئەم وزەیە وەکو خۆی، بەگرووپەکەی بدا، وەکو چۆن ئاو دەرژێنێتە ناو پەرداخێکەوە. زۆرینەی گرووپەکە ئەم وزەیە دەقۆزێتەوە. ڕیژیسۆر دەتوانێ جارێکی دیکە پەرداخەکە پڕ بکاتەوە.

هەروەها دەڵێ: جارێک ئەکتەرێک پێی گوتم: نمایشکردن لە پێش تۆدا وەکو ئەوە وایە لە هۆڵێکی پڕاوپڕی ئۆپێرا نمایش بکەی. هەر خۆی دەڵێ ئەمە ئەو جۆرە وزەیەیە کە ڕیژیسۆر دەبێ بەئەکتەری ببەخشێ.

هەر کاتێک هەستت کرد کە ئاستی نواندنی ئەکتەرەکانت لە خامۆشیدایە و ئاستی جۆش و وزەیان لە کزیدایە، پرۆڤەکانت ڕاگرە و بێهوودە درێژە بەمەشقەکانت مەدە، لە بری ئەوە پلانێک بۆ ئیرتیجال داڕێژە، چونکە بەو شێوەیە دەتوانی گوڕێکی دیکە بەئەکتەرەکانت بدەی و کەشێکی دینامیکی لەبار بۆ داهێنان بخوڵقێنێ. بێ گومان

هەر ڕێژیسۆرە هەیە لە پیادەکردنی ئیرتیجالدا میتودی خۆی، کەسانی وا هەن، وەکو مییرهولد بۆ نموونە جوانترین و دەگمەنترین دیمەنەکانی نمایشەکانیان لە پرۆسەی ئیرتیجالەوە بەدی هێناوە، بەتایبەت کە خەیاڵی والا و بێ سنوور دەبێتە بنەمای ئیرتیجال و ئەکتەرەکانیش بەزمانی ئیرتیجال و داهێنانی یەکدی ئاشنا دەبن، ئەو دەم داهێنانی مەزن دێتە ئاراوە.

من لێرەدا نامەوێ بچمە ناو بابەتی ئیرتیجال لای مییرهولد، چونکە مەیدانێکی گەلێ فراوانە و جێگەیەکی گەورە دەگرێ، ئەوەندە دەڵێم، کە مییرهولد تەنانەت لە نمایشەکانیشدا دەرگەی بۆ ئیرتیجال والا دەکرد و بەپێی بەرکار و کاردانەوەی جەمهوور سەرلەنوێ پرۆڤەی بەئەکتەرەکان دەکرد و پێکهاتی دیمەنەکانی دەستکاری دەکرد.

## کۆمیدیا دیل ئارتێ قوتابخانەی ئیرتیجال

کارەکتەرەکانی کۆمیدیا دیل ئارتێ ڕەسەنترین و دێرینترین وەستا و کارزانی بواری ئیرتیجال بوون. کۆمیدیا دیل ئارتی لە ڕەچەڵەکدا هونەرێکی شانۆیی ئیتالیاییە، کە گرێچنەکانی لە گۆڕاندا بوون و کارەکتەرەکانی دامەزرا و نەگۆڕبوون و ماسکی تایبەتییان دەپۆشی. هەر بۆیە پێی دەگوترێ کۆمیدیای ماسک. بەدرێژایی نمایشکردن، کارەکتەرەکان لە ئیرتیجالێکی بەردەوامدان. بینەران تەواو ئاشنای کارەکتەرەکان بوون، دەیانزانی کە ئەرلیکینۆ و پەنتالون و بیریگهێلا و کەپیتانۆ ئەمانە چی جۆرە کارەکتەرێکن، چ چەشنە ماسکێک دەپۆشن و لە ناو بەسەرهات و نمایشەکەدا خاوەن چ جۆرە پایە و پەیامێکن، بەڵام ئەوەی کە نمایش دوای نمایش دەگۆڕا، گوتە و هەڵوێست و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان بوو کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کاکڵەی

داهێنانیان بوو.

ئەگەر شارەزاییت لە بارەی نمایشی شازادە توراندۆتی دەرهێنەری گەورەی ڕووسیا لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، یەڤگینی ڤاختانگۆڤ هەبێ، ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە ڕەنگە یەکەم ڕیژیسۆری شانۆی مۆدێرن بێ لە سوود وەرگرتن لە شێوازی ئیرتیجال لە قوتابخانەی کۆمیدیا دیل ئارتێ.

لە شانۆی هاوچەرخیشدا بێ گومان جورجیو ستریێهلەر سەر قافڵەی داهێنەرانە لەم بوارەدا و بەتایبەتی نمایشی شانۆنامەی ئەرلیکینۆ، کە داهێنانێکی گەورەی سەدەی بیستەمە، ستریێهلەر چل ساڵ کاری ئیرتیجالی لەسەر شانۆنامەی ئەرلیکینۆ کرد، چوار جار بۆ شانۆی دەرهێنا، لەو ماوە دوورودرێژەدا هەموو چەشنەکانی ئیرتیجالی کۆمیدیا دیل ئارتێی بەکار هێنا، تاکو لە کۆتاییدا بەرهەمێکی نایابی ئەوتۆی بەشانۆی هاوچەرخ بەخشی، کە دەگمەنە و شان دەدا لە شانی شابەرهەمەکانی سەدەی بیستەم وەکو موفەتیشی میرهولد و توراندۆتی ڤاختانگوف و مهابهاراتای برووک.

شارەزایی دەربارەی کۆمیدیا دیل ئارتێ گەلێ پێویستە بۆ ڕیژیسۆران و قوتابیانی بەشی ڕیژیسۆری، چونکە ئەم شێواز و قوتابخانە دێرینە خەزێنەیەکی دەوڵەمەند و بەپیت لە هونەر و تەکنیکی ئیرتیجال بەڕیژیسۆر دەبەخشێت. هەر بۆیە قوتابیانی بەشی ڕیژیسۆری لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی شانۆدا بەگشتی ئەزموونێکی باش وۆرک شۆپەکانی کۆمیدیای دیل ئارتێ وەردەگرن و ئەم وۆرک شۆپانە بەشێکی گرینگن لە بەرنامەی خوێندنیاندا. لای پیتەر برووکیش چەمکی ئیرتیجال هەمان دینامیکیەت و زیندوویەتی هەیە و

تەنانەت لە نمایشیشدا دەبێ لە بەرچاو بگیرێ. دیارە کە دیمەنێک تەواو پرۆڤەی لەسەر دەکرێ و دادەمەزرێ، بەزمانی شانۆ پێی دەگوتری داچەسپاندن، واتە دیمەنەکە لە ڕووی جووڵە و فۆرمەوە قەوارە و فۆرمی خۆی وەرگرتووە. برووک گەلێ دژ بەوشەی دامەزراندن و چەقبەستنە.

ئەو ڕیژیسۆرانەی کە سست و تەمبەڵن و نایانەوێ جارێکی دیکە چاو بەکاری چەسپاوی خۆیاندا بگێڕنەوە، داهێنەرنین، چونکە کارەکەیان تەنانەت ئەگەر لە ساتێکدا، یان لە ماوەیەکدا زیندوو و بەجۆشیش بێ، ئەوا پاشان هەر خامۆش دەبێ ژیان و دینامیکیەتی تێدا نامێنێ. بۆیە پیتەر برووک پێی وایە کە ئیرتیجال تەنانەت لە کاتی نمایشیشدا دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، دەنا هەموو دینامیکیەت و جۆشێک تا سەر نییە.

ڕیژیسۆری ڕووسی بەناوبانگ بۆریس زاخاڤای قوتابی ستانیسلاڤسکی و پاشتریش قوتابی ڤاختانگوف دەڵێ:

دەبێ دروشمی هونەرمەندی ڕاستەقینە بەم جۆرە بێ:

لە هەموو نمایشێکی نوێدا دەبێ یەک تۆز نوێکردنەوە هەبێ لەگەڵ نمایشی پێشوودا، ئەم تۆزە نوێکردنەوەیە، گەنجێتییەکی هەمیشەیی بەهونەرمەندی گەورە دەبەخشێ، هەر ئەمەش ڕۆح بەبەر تۆنە شانۆییەکانی دەخا.

هەڵبەتە میتۆدی ستانیسلاڤسکی چەمکێکی فراوانی سەبارەت بەئیرتیجال گرتووەتە خۆ. ئیرتیجال لە میتۆدی ستانیسلاڤسکیدا یارمەتی ڕیژیسۆر و ئەکتەر دەدا کە هێڵی ئەرکەکانی ناو شانۆگەرییەکە بدۆزنەوە و هەروا بەخۆڕا و لەسەر نەزەرییەی ڤیرڕوسیا

دەست نیشانیان نەکەن.

بۆ دۆزینەوەی زنجیرەی کردارەکانیش ستانیسلاڤسکی بەهەمان شێوە بایەخێکی گەورە بەئیرتیجال دەدا. ئەو بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە بەشداریی و بەردەوامی ویژدانی ئەکتەرەکان بەمەرجی بنەڕەتی دادەنێ. واتە دیسانەوە ڕاستگۆیی هونەری دەکات بەبەردی بناغە. ڕیژیسۆر هەروەها ئەکتەریش ئەگەر ڕاستگۆیی چراوگی پشکنین و سۆراخی نەبێ، وا چاکترە بێهوودە سۆراخ نەکا.

## کەشی ئیرتیجال

ئەکتەری بەتوانا و موحتەریف لە ڕێگەی ئیرتیجالەوە پشکنین و سۆراخی خۆی بەدوای کەرەستە و فۆرم و چارەسەری هونەریانەی نایاب و جواندا بەئەنجام دەگەیەنێ. وەکو ڕیژیسۆر دەبێ ڕێگە بۆ ئەکتەرانت خۆش بکەیت و تەواو بواریان بۆ بڕەخسێنی تاکو بێ پەلە پەل وگوشار ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن. ئەگەر ئیرتیجالەکانی ئەکتەر لە کەش و ئەتمۆسفیرێکی لەباردا ئەنجام بدرێن ئەوا لە ئەنجامدا هونەری بەرزی لێ دەکەوێتەوە.

برووک دەڵێ سەردەمێکە هەموو جیهان باس لە ئیرتیجال دەکا، ئیرتیجال وەکو کلێشەیەکی ئەم سەردەمەی لێهاتووە، بەڵام برووک لە چەند خاڵێکدا مەبەستی خۆی لە ئیرتیجال دەست نیشان دەکا، کاتێ کە هەر خۆی وەڵامی پرسیارێکی خۆی دەداتەوە، بۆچی ئیرتیجال؟ دەڵێ: پێناوی خوڵقاندنی کەش، خوڵقاندنی پێوەندی، بۆ ئەوەی هەموو لە بارێکی ئاسوودەدا بن، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێ بەئاسوودەیی هەڵسوکەوت بکا، بۆ بەدەستهێنانی متمانە، بۆ

لەناوبردنی ترس. بۆ ئازادکردنی جەستە، چونکە ئازادی جەستە هەنگاوی یەکەمە.

هەموو ئەم دەستکەوتانە مەرجێکی گرینگن، بۆ نمایشێکی زیندوو. ڕیژیسۆر لە کاتی ئیرتیجال و داهێناندا دەتوانێ یاریدەدەر و ڕێنماییکەرێکی باش بێ بۆ ئەکتەرەکانی. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لایەنی دەسەڵاتی خۆی وەکو ڕیژیسۆر بەلاوە نێ، زیاتر ڕۆڵی هاندەر و ڕێگە خۆشکەر و ئیلهام بەخش ببینێ.

لە ئیرتیجالدا گرینگ هاریکار و هاوکاریکردنی یەکدییە، بەیەکدی ئاشنابوون و دۆزینەوەی زمانی هاوبەش تەنیا لە کەش و هەوایەکی ئازاد و داهێنەرانەدا دێتە کایەوە، فەلسەفەی ئیرتیجالکردن لە جەوهەردا دەکرێ لە تیلقائیەتی ئێستا و لێرەدا پوخت بکرێتەوە، واتە هەموو هەست بەبوونی زەینی و ئیحساسی و ڕۆحی و جەستەیی خۆیان لە فەزادا بکەن، ئەمەش تەنیا بەئاسوودەیی دەروونی دێتە کایەوە.

سپۆلین دەڵێ ئەکتەران لە شانۆی ئیرتیجالیدا وەکو سەماکەر یان مۆسیقا، یان وەرزشەوانن، هەمیشە پێویستیان بەوۆرک شۆپی بەردەوامە تاکو بتوانن هەردەم بەئاگا بن و کاردانەوەی خێرا بنوێنن و بابەتی نوێ بدۆزنەوە. گوشار و گرژی و توندی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سروشتی دەروونی ئەکتەرانی ئیرتیجالدا ناگونجێن، چونکە کاری نێگەتیڤانە دەکاتە سەر ڕەوانی و تیلقائیەت کە ئەمەش پێچەوانەی ئیرتیجالە.

# ڕیژیسۆر و فەزای شانۆ

دەکرێ کاری ڕیژیسۆر لە سێ مەیداندا چڕ بکرێتەوە:

– مەیدانی تێکست

– مەیدانی نواندن

– مەیدانی فەزا

کە باس لە فەزای شانۆ دەکەین، لەوە ئاسانتر نییە بڵێین: ڕیژیسۆر دەبێ لە فەزای شانۆ بگات. ئەمە ڕاستە، بەڵام چۆن؟ کاری ڕیژیسۆر لەسەر تێکست و لەگەڵ ئەکتەردا گەلێ کۆنکرێتترە لە کاری سەر فەزا. جارێ هەر نەبێ ڕیژیسۆر لە کارکردن لەگەڵ تێکست و ئەکتەردا بۆ خۆی سەرپشکە و ئەوەندە پابەند نییە بەهاریکاری و هونەری کەسێکی دیکەوە، کە نەخشەی فەزا و پێکهاتی سەرفەزای بۆ دادەڕێژێ، ئەویش ئەو کەسەیە کە پێی دەگوترێ سینۆگراف.

## ڕێژیسۆر چۆن لە فەزا تێ دەگات؟

ڕیژیسۆر چۆن لە فەزای شانۆ تێ دەگات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێبەستە بەتێگەیشتنی ئێستێتیکی و فەلسەفی ڕیژیسۆر بۆ وجودی ئینسان، چ لە واقیعدا و چ لەسەر شانۆدا. خۆ ئەگەر لەو ڕاستییەوە دەست پێ بکەین، کە هەردوو ڕەهەندەکەی نمایش، شوێن و زەمان، لە دووتوێی پێکهاتی نمایشدا خۆیان دەنوێنن، ئەوە تێ دەگەین کە شوێن

واتە فەزا، پەنتایی، ڕووبەر و ژوور دەگرێتەوە.

زەمانیش کە لە نمایشدا مۆسیقای بزووتنەوە و دینامیکی جەوهەری وجودە لەسەر فەزای نمایش، ئەویش ڕیتم و نەبز دەگرێتەوە. ئەم دوو ڕەهەندە، لە کاری داهێنەرانەی ڕێژیسۆردا تا بڵێی وجودین و سەد لە سەدیش شەخسین، چونکە لە جەوهەردا هەر لە کەڵکەڵەی تاکەکەسی ڕێژیسۆرەوە سەر هەڵدەدەن.

## ڕووبەری بەتاڵ

کە باس لە فەزای شانۆ دەکەین، بەر لە هەموو شتێک لە زەین و ئەندێشەماندا، وێنەی ڕووبەرێکی بەتاڵ دروست دەبێ. دەشبێ هەر وابێ.

لە ڕاستیدا مێژووی شانۆ لە دوو هەزار ساڵ پترەوە تاکو سەردەمی ڕێنێسانس هەر مێژووی فەزای بەتاڵە. بەر لە شانۆی ئەنتیک و پاشتریش لە شانۆی ئلێزابیسی و لای مۆلێر و لە شانۆکانی ئاسیادا شانۆ هەر لەسەر فەزای بەتاڵ نمایش کراوە.

لەم ڕووبەرە بەتاڵەوە، یان لەسەر ئەم ڕووبەرە بەتاڵەدا، فەنتازیا و هزر و ڕامانەکانی ڕێژیسۆر بۆ وجود لە شێوەی نمایشدا دروست دەبێ. دەڵێم وجود، نەک واقیع، چونکە لە بنەڕەتدا کاری ڕێژیسۆر لە مامەڵکردن لەگەڵ وجوددا خۆی دەنوێنێ، بەپێی ئەوەی کە مامەڵە لەگەڵ دوو وجود دەکات، وجودی مرۆڤ لە واقیعدا، هەروەها وجودی مرۆڤ لەسەر شانۆدا، واتە وجودی واقیعی و وجودی هونەری.

وجودی مرۆڤ لەسەر فەزای شانۆدا مەحکوومە بەیاساو نەریتەکانی نمایش و فەلسەفەی ئێستێتیکی شانۆوە، کە ئەمەش لە

ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێک، لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێک، بەپێی بەهاکانی فەلسەفی و هونەری دەگۆڕێن، بۆیە کە دەڵێن ڕێبازی ستانیسلاڤسکی یان مییرهولد، دەزانین کە ئەم ڕێبازەی ئەمیان یان ئەویان بەجۆرێکی تایبەت لە واقیعدا تەماشای ئینسان دەکا و لەسەر شانۆشدا، بەشێوازێک یان بەڕوانگەیەکی دیاریکراو بەرجەستەی دەکا.

لە بنەڕەتدا ئەرکی ڕیژیسۆری خاوەن دید و ئێستێتیکا لە هونەردا، لەبەرجەستەکردنی ئەم وجودە هونەرییە لەسەر فەزادا خۆی دەنوێنێ. خۆ ئەگەر فەزای دەقیشی بخەینە سەر، ئەو دەمە دەکرێ بڵێین ڕیژیسۆر مامەڵە لەگەڵ سێ فەزادا دەکا، فەزای دەق و فەزای واقیع و فەزای شانۆ کە دواتر خۆی لە خۆیدا هەردوو فەزایەکەی تێدا چڕ دەبێتەوە.

کاریگەریەتی ئەم فەزایانە بۆ سەر یەکدی و پێوەندییان بەیەکدییەوە بابەتی گەورەی بواری سیمۆلۆژیا و ئێستێتیکایە، بۆ نموونە ئەگەر خوێندنەوەیەکی واقیعیت بۆ تێکستەکەت لە بەرچاو گرت، ئەوە بێ سێ و دوو فەزای شانۆکەت ئەو تەرجەمەیە نمایش دەکا. بەهەمان شێوە ئەگەر خوێندنەوەکە ڕەمزی بێ، یان مەجازی بێ، کار دەکاتە سەر فەزای هونەری.

مەسەلەی پێکهێنان و گونجاندنی ئەم دوو فەزایە، ئەرکی سەرەکی ڕیژیسۆرە، کە پێوەندییەکی زیندووی بەسێ ئەرکە سەرەکییەکەی دیکەوە هەیە، دەق، نواندن، فەزا.

لە بنەڕەتدا مەیدانی فەزا، بینەریش دەگرێتەوە، کە ڕەهەندەکانی نمایش لەو دۆخەدا دەبنە چوار ڕەهەند، ئەمە ئەو چوار ڕەهەندەیە کە

میيرهولد له دامەزراندنی بنەماکانی شانۆی مۆدێرندا بەرەنگارییان بووەوە: تێکست، نواندن، فەزا، بینەر. ئەمیان پێوەستە بەچەند فاکتۆرێکی گرینگەوە، وەکو جۆری دانیشتنی جەمهوور و پێوەندییان بەفەزای نمایشەکە و ئەکتەرانەوە. کە دەڵێین بیناسازی نمایش، واتە میعمارێک کە لە هەردوو لایەنەوە دروست دەبێ.

## دینامیکیترین شێوەی کارکردن لە بواری سینۆگرافیادا

دیارە میتۆد و شێوەکانی هاریکاری نێوان ڕیژیسۆر و سینۆگراف جۆراوجۆرن و هەریەکێ ئەو شێوازە هەڵدەبژێرێ کە بۆی دەلوێ و بەچاکی دەزانێ. ئەوەی من بەچاکی دەزانم و پێم وایە نموونەییە، ئەوەیە کە سینۆگراف پێش ئەوەی هەر نەخشە و پلانێک بچەسپێنێ، لە پرۆڤەکاندا ئامادە بێ و لەگەڵ ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکاندا دەست بەکار بێ و تەواو ئاگەداری پێکهاتی میزانیسینەکانی نمایشەکە بێ، ئنجا کار لەسەر دوا قۆناغی نەخشەدانانی سینۆگرافیا بکا.

هەر لە قۆناغی سەرەتایی پرۆڤەکاندا، کاری ئەکتەران لەگەڵ جەستە و پێکهاتەی فیزیکیدا دەردەکەوێ. ئەگەر سینۆگراف لە نزیکەوە بەشداری پرۆڤەکان بکات و بەوردی سەرنجی کاری ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکان بدا، دەرئەنجام و ئاکام و چارەسەری تەکنیکی بەسوودی دەستگیر دەبێ.

لە ڕاستیدا وەک چۆن ڕیژیسۆر لە پرۆڤەکاندا پێکهاتە جەستییەکان دادەمەزرێنێ، سینۆگرافیش بەهەمان شێوە بیناسازی سینۆگرافی نمایشەکەی لە لا دەخەملێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سینۆگراف لە پرۆڤەدا ڕیتم و جەو و شێوازی شانۆگەرییەکەی چاکتر بۆ دەردەکەوێ، بەڵام بەداخەوە ئەم شێوازی کارکردنە لە هەموو

بەرهەمێکدا مسۆگەر ناکرێ، بەتایبەتی لە شانۆ گەورەکان و لە شانۆ ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا، کە بەهۆی خەرجی گرانی بەرهەمهێنان، نەخشەی سینۆگرافیا و جلوبەرگ و ئێکسسوار و کاری مۆسیقا بەشێوەیەکی گشتی دەبێ زووتر ئامادە کرابێ.

لە زۆربەی ئەم شانۆ گەورانەدا ماوەی تەرخانکراو بۆ مەشق و پرۆڤە بەدەگمەن لە هەشت هەفتە تێ دەپەڕێ، بۆیە دەبێ هەموو کارێکی تەکنیکی پێش وەخت ئامادە کرابێ.

ڕیژیسۆری گەورەی بەریتانیا پیتەر هاڵ، کە خۆی بەڕێوەبەری شانۆی نەتەوەیی بوو لە لەندەن، دەڵێ: بەختەوەرترین کات بۆ من لە شانۆدا ئەو کاتە بوو کە دوازدە هەفتە لەسەر شانۆنامەی ئەنتۆنی و کلیۆپاترای شەکسپیر، لەگەڵ کەڵە ئەکتەرانی وەکو جودی دێنچ و ئەنتۆنی هۆپکتر بۆ ماوەی دوازدە هەفتە پرۆڤەمان کرد. ئێمە ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا کە بۆ یەک مانگ لەگەڵ سینۆگرافدا کار بکەین. دەرفەتی لەو جۆرە زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ.

ئنجا بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەگەر دەرفەتێکی لەو جۆرە بۆ ڕیژیسۆرێکی خاوەن ئیمکانیاتی وەکو پیتەر هاڵ ئەوەندە بەسەختی بڕەخسێ، دەبێ بۆ ڕیژیسۆرێکی میوان هەر لە شانۆی نەتەوەییدا لە لەندەن چەندە سەخت بێت. بێ گومان لە وڵاتانێکدا کە ژیان و بازاڕی شانۆی تێدا ئەوەندە چڕ و سیخناخ نییە، مەسەلەی دابینکردنی کاتێکی فراوان بۆ پرۆڤە و کارکردن شان بەشانی سینۆگراف ئاسانترە.

## کێ بڕیار لەسەر نەخشەی سینۆگرافیاکەت دەدا؟

ڕیژیسۆر؟ یان سینۆگراف؟ باشتر وایە هەردووکیان پێکەوە بڕیاری سینۆگرافیا بدەن. کە بیر لە بەرهەمەکانی خۆم دەکەمەوە، وەکو سەمووم "ستریندبێرگ"، ڕاشاموون "ڕایۆنسکی ئەکوتاگاو"، تەرتووف "مولێیر"، خەونی نیوە شەوێکی هاوینە "شەکسپیر"، هەزار و یەک شەو "دۆمێنیک کوک"، یاری بەئاگر "ستریندبێرگ" دەتوانم هەندێک لایەنی کارکردن و هاریکاریم لەگەڵ سینۆگرافدا باس بکەم کە بۆ کارەکانم و سەرکەوتنیان فاکتۆرێکی تابڵێی گرینگن.

ڕاستە لە هیچ یەکێ لەو کارانەدا، لە مەغریب نەبێ، ئەو دەرفەتەم بۆ نەلواوە بەووڕک شۆپ و کاری هەرەوەزی ناو مەشق و پرۆڤە کار لەگەڵ سینۆگرافدا بکەم، تاکو پێکەوە و بەئامادەبوونی ئەکتەران بگەینە فۆرمی شیاو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە پرۆسەی ئامادەکردنی سینۆگرافیادا شان بەشان و هەنگاو بەهەنگاو کارم لەگەڵ سینۆگرافدا کردووە. پاشتریش لە هەموو هەنگاوێکی پرۆڤەکاندا و لە گۆڕانە بنەڕەتییەکاندا سینۆگرافەکەم بەشداری کردووە و هەوڵم داوە ئاشنای زمانی پێکهاتی میزانسینەکان بێ.

دیارە ئەم میتۆدی کارکردنە، بەرهەمە کوردییەکانم ناگرێتەوە، چونکە ئەوەندەی من ئاگەدارم لە ناو کورد تاکو ئێستا سینۆگرافێک هەڵنەکەوتووە.

جگە لە شانۆگەریی گێژەنی نووسەری پۆڵۆنی، کە نۆبەرەی بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئارارات بوو لە ساڵی ١٩٨٧دا، تێکڕای نەخشەی سینۆگرافیای کارەکانی تیپی شانۆی ئارارات بەشێوەیەکی سادە و ئاسان لە لایەن خۆم و فەرمان جاف و ئەندامانی تیپی شانۆی

ئاراراتەوە سازدراون.

لە شانۆنامەی گێژەندا فیکرەی سەرەکی سینۆگرافیا هەر فیکرەی ڕیژیسۆر خۆی بوو، بەڵام هاریکاریکردنی سینۆگرافی سویدی ماریکا فاینسیلبەر ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتن و سازاندنیدا بینی. دیارە نەبوونی سینۆگرافی کورد، هەمیشە کێشەیەکی گەورەی لە بەرهەمە کوردییەکاندا دروست کردووە.

## ڕیژیسۆر و چەمکی سینۆگرافیا

بەو پێیەی کە من زیاتر سەر بەقوتابخانەی میرهولدم، واتە تیۆری بنیاتگەری "کۆنستروکتڤیزم" چەمکی سەرەکییە لە تێگەیشتنمدا بۆ مەسەلەی بیناسازی دیمەن و هەیکەلی بینایی سەر شانۆ، هەر بەو پێیە بەلامەوە گرینگە کە سینۆگرافەکەم لە بۆچوونەکانم سەبارەت، بەتێگەیشتنم بۆ مەسەلەی فەزا و قەوارە و کیتلە و هێڵ و پێوەندی هەموو ئەم ڕەهەندانە بەپلاستیکا و لەشی ئەکتەرەوە تێ بگات. وەکو ئاماژەم پێدا، ئەمە باشترین شێوازە بۆ من لە کارکردنێکی نزیک و چڕ لەگەڵ سینوگرافدا.

ئەو ڕێژیسیۆرەی کە داوا دەکا سینۆگرافەکەی مۆدێلێکی لەو چەشنە، یان بەجۆرێکی تایبەت بۆ ئامادە بکا، دیارە ڕۆڵی سینۆگرافەکەی وەکو داهێنەرێک پێشێل دەکا و خەیاڵی ئیفلیج دەکا. بەمن بێ ڕیژیسۆر سینۆگرافەکەی بەڕامان و بۆچوون و هزری خۆی دەربارەی بیناسازی دیمەن و هەیکەلی سینۆگرافی بناسێنێ و لێگەڕێ سینۆگرافەکەی چاک لە زمانی هونەریی ئەو تێ بگا، پاشان بەسەربەستی کاری خۆی بکا.

ڕێژیسـۆر دەبێ خـەیاڵ و فـەنتـازیای سـینۆگرافـەکـەی بورووژێنێ و هانی بدا خەلق و ئەفراندنی خۆی بەرجەستە بکا.

## بنیاتگەری - کۆنستروکیڤیزم

کە دەڵێم من کاریگەریەتی بنیاتگەریم لەسەرە، واتە من سینۆگرافیا وەکو مەیدانێک یان گۆڕەپانێک دەبینم بۆ خزمەتکردنی لەش و جووڵەی ئەکتەر، ئەمە بۆ من مەرجی سەرەکی سینۆگرافیایە، مەرجەکانی دیکە وەکو مەجازیەت و ڕەمزیەت و دەلالەت و زەمان و سەردەم دواتر دێن.

ڕەنگە تەرتیب و پلەوپایەی ئەم مەرجانە بۆ ڕێژیسۆرێکی دیکە هەر تەواو بەپێچەوانەوە بێ. بۆ نموونە لای ڕێژیسۆرێکی سەر بەڕێبازی ڕیالیزم یان ناتۆرالیزم، مەسەلەی ئارکۆلوگیای زەمەنی و گونجاندنی مەودای زەمان و شوێن لەگەڵ زەمەن و شوێنی ناو شانۆنامەکە گەلێ گرینگ بێ، لە کاتێکدا من نەک مەسەلەی گونجاندنی ئارکۆلوگیم مەبەست نییە، بگرە بەمەبەستەوەش تێکی دەدەم یان خۆمی لێ بەدوور ڕادەگرم.

بەکورتی مەرجەکانی سینۆگرافیا، لەم خالآنەدا بۆ سینۆگرافەکەم ڕوون دەکەمەوە:

- فەزا وەک مەیدانی جووڵە و پلاستیکا بۆ ئەکتەر
- فەزا لە ڕووی میزانسینەوە
- فەزا لە ڕووی کۆمپۆزیسیۆنەوە
- فەزا لە ڕووی میتافۆر "استعارە" و مەجاز و هێما و دەلالەت و ماناوە.

کە ئەمەی دواییان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر هەموو ڕەگەزەکانی بینین لەسەر شانۆدا.

## لە بواری پراکتیکدا

شانۆنامەی یاری بەئاگر لەسەر شانۆی زاچۆرنۆی ڕێچکۆی لە سانت پێتربۆرگ دیداری یەکەم لەگەڵ سینۆگرافەکەم "ئیلێنا دیمیتراکۆڤا" کە سینۆگرافی شانۆی مالی تیاترە لە شاری پێتربۆرگدا، لە ئۆتێلی مۆسکۆڤسکایا.

ئیلێنا: شانۆنامەکەم چاک خوێندەوە. چیت لە دڵ و دەروونداییە؟ دەتەوێ چی بڵێی؟

ف. ج: دەمەوێ بڵێم یاریکردن بەسۆزی ئینسان بۆ هەر مەبەستێک بێ، یاریکردنە بەئاگر و ڕووخاندنی خودی مرۆڤی بەدواوەیە.

ئیلێنا: کەسانی ناو شانۆنامەکە چۆن دەبینی؟

ف. ج: کەسانێکی زۆر بەئەتێکێتن، پاک و خاوێنن، لە ڕۆخی دەریا یان ئاوێکدا دەژین، بۆ پشوودان لێرەن، بەڕواڵەت هەموو هێمن و لەسەرخۆ و نیهاد پاکن، بەڵام لە ناوەوە لەگەڵ یەکدی درۆ دەکەن، خیانەت و ناپاکی لەگەڵ یەکدی دەکەن، لە پشتی یەکدییەوە بەخراپ باسی یەکتر دەکەن، سەرەتا خۆیان هێمن پیشان دەدەن، بەڵام پاشان دەردەکەوێ کە چەند دوژمنکارانە لەگەڵ یەکدی ڕەفتار دەکەن.

ئیلێنا: ئەی جەوی گشتی؟

ف.ج: گرینگترین شت بۆ من جەوی چاودێریکردن و خیانەتکردنە لە یەکدی، تەماشا بکە چەند جار دیمەنەکان بەوە تەواو دەبێ،

یەکێکیان دێتە ژووری و ئەوی دی ناچار دەبێ ڕەوتی جووڵە و کردار بگۆڕێ.

فۆرمی کۆتایی و ئەنجامی کارکردنی سینۆگرافەکە لە چوار مۆدێلدا خۆی دەنواند، کە من بڕیارم لەسەر گونجاوترینیان دا.

ئەویش بەم شێوەیە بوو: ژوورێکی گەورەی دانیشتن، فەزایەکی بەتاڵ تەنیا سێ کورسی تێدایە، دیوارەکان هەموو سپین و لە تۆڕی ناو پەنجەرە دروستکراون، کە ئەکتەرەکان بەدرێژایی دیمەنەکان دەیگۆڕن، بۆ نموونە کە دۆست لەگەڵ ژنی هاوڕێیەکەیدا دەدوێ، لە دەقەکەی ستریندبێرگدا، مێردی ژنەکە بەسەردا دێ، لێرە تۆڕی ناو پەنجەرەکە دەگۆڕدرێ، ئنجا دەبینێ لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا کاتێ کە هەموو تۆڕەکان ئاوەڵە دەبن، پۆرترێتێکی ستریندبێرگ دەردەکەوێ کە هەندێ نیگەرانە و وا پێ دەچێ نیگەرانە بۆ چارەنووسی کەسایەتییەکان، چونکە ئەوەی ئاگەداری شانۆنامەی یاری بەئاگر بێ، دەزانێ کە ستریندبێرگ لەم شانۆگەرییەدا بەسەرهاتێکی ژیانی خۆی باس دەکا، بۆیە مەبەستم بوو، هێمایەک، ئاماژەیەک بەبوونی نووسەر لەسەر فەزای نمایشەکەدا بدەم.

پێشتر چەند جارێک ئەم شانۆنامەیەم دیتبوو، لە هەموو نمایشێکدا هەستم دەکرد ستریندبێرگ دەبێ لەسەر شانۆدا بێ، دیارە ئەمە لە ڕێگەی نواندنەوە دەکرێ، بەڵام تەنیا وەکو روح بوونی بسەلمێنی، ئەمەش هەر بەمیتافۆر- مەجاز- دەشکێتەوە، خۆ ئەگەر مەبەستم وجودی فیزیکی بێ، ئەوە لەخۆی ئاسانتر نییە، فەرموو دەتوانی یەکسەر کارەکتەری هاوڕێیەکە بکەی بەستریندبێرگ خۆی، ئەمە زۆر زۆر ئاسانە چونکە و پێشتریش کراوە لە ئەسڵدا ستریندبێرگ

خـۆیەتی، بەڵام من ئەمـەم مـەبەست نەبوو، دەمـویست ئەم بوونە هێمایەک بێ و ئەم هێمایەش یەکسەر بەدەستەوە نەدەم.

دەمـویست تەنیا هەسـتی پێ بکرێت، بینەر دیمەن دوای دیمەن لە مەبەست نزیک بێتەوە، وابێ لە کۆتای شانۆگەرییەکەدا کارەکتەری ستریندبێرگیش لە زەین و بیری بینەراندا گەڵاڵە ببێ.

## چۆن ئەم هزرە لە سینۆگرافەکەم بگەیەنم؟

گرفتی ڕیژیسۆری ئارەزوومەند و کەم ئەزموون، ئەو ڕیژیسۆرانەی کە ئەزموونیان لەگەڵ سینۆگرافی پسپۆڕدا نییە، گەلێ زۆرە، بۆیە کە لە شانۆکانی ئەورووپادا بۆ یەکەم جار لەگەڵ سینۆگرافێکی پسپۆڕدا کار دەکەن و تووشی چەند گرفتێکی سەخت دەبن. بۆ نموونە ناتوانن دیالۆگێکی پیشەکارانە لەگەڵ سینۆگرافدا ئەنجام بدەن، چونکە پێشتر هەر خۆی دیکۆری بۆ بەرهەمەکانی خۆی کردووە و وا ڕانەهاتووە وێنەی هونەری بۆ جیهانی سەر شانۆ بەشێوەیەکی کۆنکرێت و بەپوختی دابڕێژێ.

ئنجا لەوەش خراپتر ئەوەیە کە، سینۆگرافەکەی هەر چییەکی بۆ ئەنجام بدا یان هەرچییەکی بۆ پێشنیاز بکا، ئەم لەبەر کەم ئەزموونی خۆی پێی سەرسام دەبێ و یەکسەر پەسندی دەکا، چونکە پێشتر نەخشە و مۆدێلی لەو چەشنەی بۆ نەکراوە، بەڵام گرفتی ڕاستەقینەی ڕیژیسۆر دواتر دەردەکەوێ، کاتێک کە تێ دەگات ئەم مۆدێلە جوان و شەنگە لەسەر شانۆ و لە پراکتیکدا، دەست نادا. دەسا یان ئەوەتا خۆی لە خۆیدا مۆدێلێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە، وەکو وێنە شاکارێکە بۆ خۆی، بەڵام بەهیچ جۆرێک لەگەڵ جیهان و جەوی

شانۆنامەکەدا ناگونجێ، یان دەکرێ تەنانەت لە ڕووی جیهان و جەوی شانۆنامەکەشەوە هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نەبێ، بەڵام بۆ میکانیزمی جووڵەی ئەکتەر و گۆڕینی یەک لە دوای یەکی دیمەنەکان دەست نەدا.

## سینۆگراف پیشەی خۆی چاک دەزانێ

سینۆگرافی پسپۆڕ وەڵامی بۆ هەموو ئەم پرسیارانە هەیە و پیشەکەی خۆی چاک دەزانێ، ئەوەندەیە ئەو پێویستی بەوەیە بزانێ تۆ چیت دەوێ و چۆن بیر دەکەیتەوەو دەتەوێ نمایشەکەت چۆن بێ.

سینۆگراف ناتوانێ سینۆگرافیکایەکی گونجاوت بۆ بخوڵقێنێ، ئەگەر تۆ خۆت وەکو ڕیژیسۆر بۆ چوونەکانت ئاشکراو ڕوون و پڕ مەبەست نەبن. لێرەشدا دیسانەوە بادەدەینەوە سەر ڕیژیسۆری خاوەن میتۆد و ڕێباز، کە چاکتر و ئاسانتر و ڕوونتر دەتوانێ گوزارشت لە تێڕوانین و ڕوانگەی ئێستێتیکی خۆی لەمەڕ فەزا و نمایش بکا.

## کاتێ لەگەڵ سینۆگرافەکەتدا یەک ناگرنەوە

من ئەم نووسینە بۆ ڕیژیسۆرێک دەنووسم کە دەبێ لەگەڵ سینۆگرافدا کار بکا، ئەوەش دەزانم کە تۆ ئەمڕۆ لە ناو شانۆیەکی ئارەزوومەندانەدا کار دەکەی، کە هێشتا سینۆگرافی بەخۆوە نەدیوە، سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەو شانۆکارە گەنجە یان ئەو قوتابی شانۆییە دەنووسم کە بیەوێ پاشەڕۆژ ببێ بەڕیژیسۆرێکی خاوەن پیشە. پێت سەیر نەبێ ئەگەر سینۆگرافەکەت لێت تێ نەگات. هەندێ جار وا ڕێک دەکەوێ کە سینۆگرافەکەت ناتوانێ ئاشنایەتی لەگەڵ شێواز و ستیلی هونەری تۆ پەیدا بکا، یان بەهەردوو ناتوانن زمانێکی هونەری

هاوبەش بدۆزنەوە، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕاستییەت بۆ دەرکەوت چاکتر وایە، لەگەڵ سینۆگرافێکی دیکەدا کار بکەی.

بۆ سینۆگرافیای شانۆگەری تەرتووف لە لەندەن سینۆگرافێکیان بۆ دەست نیشان کردم، کە ئەویش وەکو من ماستەری لە زانکۆی لەندەندا دەخوێند، پاش سێ و چوار دانیشتن بۆم دەرکەوت کە لە یەکدی ناگەین، کێشەی گەورەمان ئەوەبوو کە ئەو تەنیا فۆرم و کاریگەریەتی لەسەر دڵ و دەروون و حەواسەکاندا مەبەست بوو و بەهیچ جۆرێک نەیدەتوانی لە پێداویستییەکانی کاری ئەکتەر لە سەر شانۆدا بەو شێوەیەی کە من دەمدیت، تێ بگات، واتە جوانکاری و بەکارهێنانی ڕەنگی پتر مەبەست بوو، لەوەی کە سینۆگرافیایەکەی مەیدانێکی گونجاو و لەبار بێ بۆ ئەکتەران.

شانۆگەری تەرتووف لەسەر شانۆی Man in the Moon لەناو جەرگەی لەندەندا پێشکێش کرا، ئەم شانۆیە نموونەی شانۆی بچووکە، هەر لەسەر ئەم شانۆیەدا دەبێ ئەکتەران ئەو هەموو جووڵە و دینامیکیەتەی بیۆمیکانیک ئاسا ئەنجام بدەن، بۆیە دەمویست مۆدێلێکی ئەوتۆم بۆ بخوڵقێنێ کە لە ڕووی عەمەلییەوە کێشە و گرفتی نەبێ، بەڵام دیدار پاش دیدار، کە پێشنیاز و بۆچوونەکانیم دەبیست تێ دەگەیشتم ئەم کچە سینۆگرافە پابەندە بەجیهانی نەقاشی و وێنە کێشانەوە، زیاتر لەوەی شانۆ لە لای وەکو مەیدانی ئەکتەر بێ.

بۆ نموونە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ڕووبەری شانۆکە گوڵباران بکا، چونکە لە تابلۆیەکی سەردەمی مۆلێردا، وەکو ئەو باسی دەکرد تەختەی شانۆ بەگوڵ تەنرابوو. ئەمە ڕەنگە بۆ ستیلی ڕێژیسۆرێکی دیکە دەست بدا، بەڵام بۆ شانۆنامەی تەرتووف و لە شانۆیەکی ئاوەهادا و بەبیۆمیکانیکی میێرهولد و ئەو شێوازەی من نەدەگونجا.

## چەمکی ئاسیایی بۆ فەزای بەتاڵ

ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەم جار لەگەڵ نایجل هووکی سینۆگرافی ئینگلیزدا کارم کرد، ئەویش لە شانۆگەری سەموومی ستریندبێرگدا بوو. جەوی گشتی شانۆنامەکە، بەگوێرەی وەسفی ستریندبێرگ خۆی: گۆڕستانێک لە چەشنی گۆڕستانێکی عەرەبی، گۆڕێک لە ناوەڕاستدا، بەرماڵی نوێژکردن بەملا و بەولاودا پەرش و بڵاو کراوەتەوە، لە لای ڕاستەوە میحرابێک. لە پشتەوە دەرگەیەک و چەند دەلاقەیەکی هاتنە ژوورەوە و چەند پەردەیەک و چەند تەپۆڵکە لمێک لێرە و لەوێ، دارێکی سوببار لە ڕەگەوە هەڵکەنراوە، لەگەڵ کۆمەڵێک لق و پۆپی دارخورما.

پاش خوێندنەوەی شانۆنامەکە نایجل تەلیفۆنی بۆ کردم، گوتی: پێش ئەوەی یەکدی ببینین، با هەر بەتەلیفۆن هەندێ شت دەربارەی فیکرەی گشتی و هێڵی سەرەکی ببڕێنینەوە. پێم گوت: ستریندبێرگ گەلێ وردەکاری و تەفسیلات باس دەکا، پێم وایە دەکرێ کورت بکرێنەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە رووی مەنتقییەوە هەندێکیان ناکرێ لە یەک شوێندا و لە تەنیشت یەکدا دابنرێن، بۆ نموونە ستریندبێرگ مزگەوت و گۆڕستان تێکەڵ بەیەکدی دەکا، ئنجا دارخورما و لمی بیابان و دار و درەختی سوببار و... تاد. ڕاستە شانۆنامەکە گەلێ ڕواڵەتی سەیر و گرۆتێسک ئامێزی تێدایە، لە ڕاستیدا ستریندبێرگ لەم شانۆنامەیەدا تا ڕادەیەکی باش، کاریگەریەتی ئالان پۆی لەمەڕ جیهانی سەیری پڕ لە ترس و تۆقاندنی پێوە دیارە.

بەنایجلم گوت: بابزانین چی بۆ ئێمە جەوهەرییە، بەر لە هەموو شتێک بوونی گۆڕەکە کە مەرقەدی شەخسێکە، ئەمە خاڵی سەرەکی و سەنتراڵە، دەشبێ لە بیاباندا بێت، بەڵام نەک لە شوێنێکی کراوەدا

بێ. من وای بەباش دەزانم کە لە ناو دەوارێکی عەرەبی گەورەدا بێ. دەوارێک لە ناو بیاناندا، وردەکارییەکانی دیکەش بەگوێرەی پێویست هەڵدەبژێرین.

دیداری یەکەممان لە یەکێ لە قاوەخانەکانی سەنترالّی لەندەندا بوو، لەوێ باسمان لە کارەکە کرد. نایجل هووک جانتاکەی کردەوە، خامێکی ڕەشی لەسەر مێزەکە ڕاخست، سێ و چوار شووشەی دەرهێنا، یەکێکیان پڕ بوو لە لم، لمەکەی ڕژاندە سەر خامەکە، کارتۆنی دەرهێنا، بەمەقەست گۆڕێکی دروست کرد، ئەمجا پەردەکانی لە کارتۆن دروست کرد، بەکورتی هەموو ئەو کەرەستانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە سترینبێرگ وەسفیان دەکا.

دوو هێڵی سەرەکی لەم سینۆگرافیایەدا خۆیان دەنوێنن، ئەم دوو هێڵە گوزارشت لە دوو سنفی شانۆیی کۆنتراست و دژ بەیەک دەکەن، یەکێکیان تەقسی و سرووت ئامێزە، کە زیاتر بەتەعبیری برووک شانۆی پیرۆزی ئارتۆ دەگرێتە خۆی، ئەوی دییان شانۆی درشتی مییرهولد و برێختە کە لە هونەری گێڕانەوە و گرۆتێسک و تەغریبدا خۆی دەنوێنێ. ئەمە وەکو ئەوە وایە ستریندبێرگ ئالان پۆ و ئارتۆ لە تەنیشت یەکدا دانابێ.

چۆن بتوانین ئەم دوو هێڵە لەیەک بدەین، یان هەردوو هاوتەریب بن؟ چۆن بتوانین ئەم دوو سنفە لە جیهانێکدا یان لە وێنەیەکی شانۆییدا کۆ بکەینەوە؟ ئەمە خواستی من بوو بۆ سینۆگرافەکەم، بۆ سینۆگرافێک کە بەڕاستی زوو تێ دەگەیشت.

بەر لەوەی دەستم لە دەستی سینۆگرافەکەی تەرتووف ببێتەوە، تەلیفۆنم بۆ نایجل هووک کرد، پێم ڕاگەیاند کە کێشەیەکی گەورەم

لەگەڵ سینۆگرافەکەمدا هەیە، بەهیچ جۆرێک لەیەک تێ ناگەین و زمانی هاوبەش لە نێوانماندا نییە، کاتیش وا خەریکە بەسەر دەچێ و هەفتەی داهاتوو دەبێ دەست بەپرۆڤە بکەین.

نایجل ئامادەیی خۆی دەربڕی کە یارمەتیم بدا، دیسانەوە هەر لە دانیشتنی یەکەمدا نایجل کەرەستەکانی خۆی دەرهێنا و هەر لە یەکەم هەنگاودا دەریخست کە زۆر زوو لە مەبەستم گەیشتووە.

گوتی: فەزایەکی تەسک، کەسانێکی زۆر، جووڵەیەکی زۆر، بەردەوام هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە. هەروەک فەزایەکی ئاسیایی ڕۆژهەڵاتی پێشنیاز کرد، گەلێ نزیک لە تەرزی فەزا و پانتایی کابووکییەوە.

فەزای ئاسیایی بۆ مۆلێر یەکاویەکە، چونکە کوتاڵ و ناومال و مۆبێلە قبوول ناکا. ئەگەر دیقەتی ماڵی جاپانییەک بدەی، بەتایبەت کۆنەکانیان لەوانەی کە لە فیلمەکانی کوروساڤادا دەبینرێن، مۆبێلە و ناو ماڵ نییە، ژوور دەبینی بەمانای ژوور، چوار دیوار و فەزایەکی بەتاڵ. پاشتر بۆت دەردەکەوێ کە دیوارەکان برێتین لە چەکمەجە و دۆڵاب، هەرچی کەلوپەل هەیە لەوێدان و لە کاتی پێویستدا دەردەهێنرێن و بەکار دەهێنرێن، تەنانەت قەرەوێڵە و چوارپایەی نووستنش هەر لە ناو دیوارەکاندا دەفن کراون.

لە شانۆگەرییەکانی مۆلێردا دەبێ بەتەواوەتی بەم شێوەیە بێ، واتە تەنیا لە کاتی پێویستدا مۆبێلە بهێنرێتە سەر شانۆ، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە، بەکارهێنانی مێزەکەیە لە دیمەنی پێش کۆتایی تەرتووفدا، کە وەکو بەردی بناغە وایە بۆ کرداری سەرەکی شانۆنامەکە. خاتوو ئەلمیر داوا لە ئۆرگۆنی مێردی دەکا، لە ژێر مێزەکەدا خۆی بشارێتەوە تاکو بەتەواوەتی بۆی دەربکەوێ کە ئەو

تەرتووفـەی ئەم بـاوەڕی پێـیـەتـی و بەپیـاوچاک و وەلی دەزانـێ، چۆن چاوی بڕیوەتە ژنەکەی و دەیەوێ لەگەڵی ڕابوێرێ.

## ژوور واتە ژووری بەتاڵ

ئۆشـۆی فـەیلەسـووفی هیندی، دەڵێ کاتێک بەژوور دەگوترێ ژوور، کە تەواو بەتـاڵ بێ. ژوور هـەر ئەوەنـدەی کـە پڕ کـرا لە کـوتاڵ و مـۆبـێلە، ئیدی لەوە دەردەچێ کە پێی بگوترێ ژوور.

لە ڕاستـیدا ئەم بۆچوونـە فەزای شانۆش دەگرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا لای گرێکیـیـەکان و شەکسـپـیر و مۆلێر و ئاسـیاییـیـەکان، فـەزایەکی بەتاڵ بووە، کـوتاڵ و مۆبێلە و پێداویستـەکانی دیکۆر و کـەرەسـتـەی دیکە وجـودێکی مـۆبایلیـان هەبوو، بەگـوێرەی پێـویست و لە کـاتی بەکارهێناندا دامەزرێنراون، لە هاتوچۆ و جووڵەدا بوون.

برووکـیش دەڵێ ئەگـەر فـەزای بەتاڵ پڕ کـرا لە کـوتاڵ و شت ئیـدی پێی ناگوترێ فەزای بەتاڵ، چونکە ئیدی بەتاڵ نییە. دیارە لای برووک چەپکی فەزای بەتاڵ لەوەش قووڵترە و پێوەندی بەبودیزم و سوفیزمەوە هەیە.

شـانۆکـارانی سـەدەکانی دێرینی مێژووی شـانـۆ هەر زوو درکـیـان بەوە کـردووە، فـــەزای ئاخنراو بەدیکۆر و کـوتاڵی زۆر هێــز و تینی نمایش و ئەدای ئەکتەر خامۆش و سست دەکا.

لای شـانۆکـارانـی سـەدەکـانی دێرین، دینامـیکیـەت و تین و گـوڕی نواندن و نمایش ڕاستەوخۆ پێبەست بوو بەفەزای بەتاڵ و پانتاییـیەکی ئاوەڵا بۆ نمایشکاران.

زۆر بڵێی نییـە ئەگەر بڵێین مییرهولد یەکەم کەس بوو لە بنیاتگەریدا

ئەم دینامیکیەتەی لە فەزای بەتاڵدا کەشف کرد، سەد ساڵ بەر لە ئێستا و لە "شانۆنامەی ژیانی کەسێکدای" لیۆنید ئەندریڤدا چەمکی شانۆی بەتاڵی گرێدراو بەچەمکی نوێی ڕووناکی، لە تەرزی بیر و بۆچوون و داهێنانەکانی ئاپیادا پراکتیزە کرد، بێ ئەوەی بەڵگە هەبێ کە مییرهولد نووسینەکانی ئاپیایی خوێندبێتەوە.

ڕۆژێک مییرهولد لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا دەچنە هۆڵی پرۆڤە، تەماشا دەکەن تەکنیکاران هیچ دیکۆر و کەلوپەلی پێویستیان بۆ کارکردن ئامادە نەکردووە.

دەستبەجێ مییرهولد بەئەکتەرانی دەڵێ: چەند خۆشە ئاوا لە پانتاییەکی بۆشدا کار بکەین، بێ دیکۆر، بێ کەلوپەل.

هەرچی چەمکی برووکە بۆ فەزای بەتاڵ مەسەلەیەکی کۆنە، بەڵام هێنانەوە و نوێکردنەوە و جەختکردن لەسەری، بێ گومان یەکێکە لە داهێنان و دەستکەوتەکانی برووک، ئەم بۆچوونە بەهەمان شێوە چەند کەشف و دەستکەوتێکی مییرهولد و برێختیش دەگرێتەوە.

## زەمان و شوێن لە دیدی سینۆگرافەوە

زەمان و شوێن لە دیدی سینۆگرافەوە، مەرج نییە هەمیشە لەگەڵ دیدی ڕیژیسۆردا جووت بن ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە خۆت بەکات و شوێنی شانۆنامەکەوە نەبەستیتەوە، کە ئەمەش پتر لەگەڵ ستیل و شێوازی ڕیالیزم و ناتۆرالیزم دەگونجێ، دەبێ هەر لە خاڵی دەستپێکەوە لەگەڵ سینۆگرافەکەت کۆک بی، دەنا ئەم لایەنە گەلێ جار دەبێتە مایەی کێشەیەکی سەخت لە نێوان ڕیژیسۆر و سینۆگرافدا.

زۆربەی هەرە زۆری ڕیژیسۆرانی ئەم سەردەمە، حەز بەوە دەکەن

کات و سەردەم و جێگەی شانۆنامەکان بگۆڕن، بەوەی سەردەم بکەن بەئێستا یان سەردەمێکی دیکە و کێشەی سەرەکیش بکەن بەکێشەی ئەمڕۆ یان کێشەی سەردەمێکی دی. شانۆی مۆدێرن هەر لە سەرەتاوە ئەم شێوازەی، واتە شێوازی بەئەمڕۆکردنی کلاسیکی پیادە کرد، بەتایبەتی لە پێشکێشکردنی شانۆنامەکانی شەکسپیر و مۆلێردا و بەپلەی دووەم شانۆنامەکانی سەردەمی ئەنتیک.

پێم وایە نوێکردنەوەی شانۆی کلاسیک بەشێوەیەکی گشتی هێزێکی گەورە بەنمایش دەبەخشێ، بەمەرجێ ئەم کارە لەسەر حیسابی دەقەکە و خیانەتکردن لە مەبەستی نووسەر و شێواندنی لایەنی ئەدەبی نەبێ، واتە تەنیا لەبەر چەند هۆیەکی پراکتیکی و عەمەلی یان لە پێناوی خولقاندنی چەند فۆرمێکی ساختە و سەرنجڕاکێش، یان بۆ پێشاندانی عەنتەریات و هێز و بازووی ڕیژیسۆر نەبێ.

بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش، سینۆگرافی بەتوانا و زیرەک پێوستە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە بێ سینۆگرافی داهێنەر، تەرجەمەی سەردەم و زەمان لە شانۆدا گەلێ سەختە.

## شانۆی ئاینده شانۆی سینۆگرافه

مییرهولد دەڵێ جاران شانۆ شانۆی نووسەر بوو، دەگوترا شانۆی سۆفۆکلیس، شانۆی شەکسپیر، شانۆی مۆلێر. شانۆی ئەم سەردەمەش شانۆی ڕیژیسۆرانە، بەڵام شانۆی ئاینده شانۆی سینۆگرافە.

ئەگەر ئایندەی ئەو سەردەمە ئەمڕۆ بێ ئەوا قسەکەی مییرهولد

زۆری هاتووەتە دی. خۆ ئەگەر سەد لە سەدیش نەبێ، ئەوا ڕێژیسۆر و سینۆگراف بەگشتی هاوکات و پێکەوە ناویان دێ.

پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا بەدەگمەن لە ڕەخنەی نمایشدا و لە لیستی داهێنەرانی ناو بەرهەمەکە، ناوی سینۆگراف دەهات.

بەڵام ئەمڕۆ لە سەرکەوتنی نمایش و لە نووشستیدا، بەهەمان شێوەی ڕێژیسۆر ئاماژە بەسینۆگراف دەکرێ.

## ڕێژیسۆرە گەورەکان بەسینۆگرافەکانیانەوە گەورەن

ناوی زۆربەی زۆری گەورە ڕێژیسۆرانی جیهانی شانۆ لەگەڵ سینۆگرافەکانیان دەبرێت. کە باسی داهێنانەکانی ستانیسلاڤسکی دەکرێ، بەبێ ناوی سیمۆڤی سینۆگراف باسی ناکرێ.

مییرهولد و سینۆگرافەکانی هەر بۆ خۆی بابەتێکە چەندین باس و لێکۆڵینەوە و کتێبی دەربارە نووسراوە. ساپونوف، دینیسۆڤ، گلاڤین، پۆپۆڤا و ستیپانۆڤا، ئەمانە چەندین نموونەیەکن. کە بەشێکی داهێنانەکانی مییرهولد لەسەر شانی ئەوان وەستاوە.

ناوی تاییرۆڤ بەبێ ناوی بلیمەتی سینۆگرافیا ئەلیکساندرا ئێکستەر نایەت.

ئەی ئەگەر داهێنانەکانی نیهری سینۆگراف نەبوایە، ئایا شاکارەکانی برێخت دەگەیشتنە ئەو پایە بەرزە، کێ بێ دیمەنی عەرەبانەکەی دایکە کوراجی لە بیر بچێ، خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی مەزنی سەردەمی خۆی بوو.

بەشێکی زۆری داهێنانەکانی ڕێژیسۆری ئیتالیایی جورجیو ئیستریهلەر، بەرهەمی هاریکارییەکی بەردەوام بەپیتی نێوان

ڕیژیسۆر و سڤابۆدای بلیمەتی ئەم سەردەمەی تیشک و سینۆگرافیا بوو.

ئەمجا بڕوانە، ڕیژیسۆری ئەمریکایی ڕۆبێرت ولسونی لە بنەڕەتدا میعمار، چ شێواز و ستیلێکی تایبەت و کارەکتەرێکی جیا هەڵکەوتووی لە ڕێگەی هونەری میعمار و سینۆگرافیایەوە بۆ خۆی خوڵقاند.

## هێزی بێ ئەندازەی سینۆگرافیا

پاش یەکێک لە نمایشەکانی" هەزار و یەک شەو"، ئەکتریسێکی گەنج لە ناو بینەرانەوە هات دەستخۆشی لێ کردم، گوتی قەت نەمدەزانی سینۆگرافیا ئەو هێزە بێ ئەندازەیەی هەیە.

ڕاستییەکەی سینۆگرافەکەم ئیڤۆن ئێریکسۆن، گەلێ بایەخی بەڕەنگ و تیشک دەدا، هەر لە سەرەتاوە پێی ڕاگەیاندم کە بەکارهێنانی پەڕۆ و قوماش لای ئەو بایەخێکی تایبەتی هەیە. زۆربەی هەرە زۆری پێداویستییەکانی دیمەنی شانۆیی هەر بەقوماش جێبەجێ دەکا، منیش گوتم: فەزای بەتاڵ و بنیاتگەری لە لام بایەخێکی گەلێ گرینگی هەیە. دەوجا با بیر و بۆچوونی هەردووکمان لێک نزیک بکەینەوە، پاشان بزانین دەگەینە کوێ.

گوتی: پێویستم بەوەیە زیاتر لە بۆچوونەکانت سەبارەت بەچەمکی بنیاتگەری لە بیناسازی شانۆدا و میتۆدی میرهولد و بۆچوونەکانی خۆت و هزر و پلانی کارکردن و بەرجەستەکردنی شانۆنامەکە تێ بگەم.

سەرەتا دەستمان بەشیکردنەوەی تیۆریی کرد. سینۆگرافەکەم لە

ڕووی عـەمـەلـیـیـەوە گـەلێ شـارەزا و کـارامـە بوو، بەڵام لە ڕووی تیـۆرییـەوە، زۆری دەربـارەی ئەو چەمکانە نەدەزانی، بۆیـە لە مـاوەیەکی کەمدا بەچەند کتێب و کەتەلۆگێکی هونەری دیکۆر و سـینۆگرافـیـای جیـهانی کۆنستر و کتفیزمدا چووبووەوە، هەروەها گەلێ سەرچاوەی دەربارەی هونـەری نەقـاشـی عـەرەبی و فـارسـی و تورکـی و ئیـسـلامـی پەیدا کـردبوو، هەر فـیکرە و گوزارشـتـێکی لا جـوان بایا، لای خـۆی یاداشـتی دەکرد و هـەندێکیـشـانـی لە شـێـوەی سکێـچی سـەرەتایی پیشان دەدام.

## سینۆگرافیا لە هەزار و یەک شەوەدا

ئیـڤۆت ئێـریکسۆن پرۆسـەی کارکردنی لەسـەر سینۆگرافیـای هـەزار و یەک شـەوی گەلێ پێ خـۆش بوو، ئەمـەش مـەرجێکی گەلێ گرینگ بوو بۆ سـەرکـەوتنی کـارەکـە، ئەگـەر سـینۆگـراف وەکـو هـەر داهێـنەرێکی دیکە، بـە خـۆشـەویسـتـیـیـەوە کـارەکـەی خـۆی ئەنجـام نەدا و لەگـەڵ ڕیژیسۆردا کۆک نەبێ، مەحاڵە بتوانێ کاری خۆی بەڕێکوپێکی ئەنجام بدا.

ئـیریکسـۆن دەیگوت: ئەمـە ئەزمـوونێکی نوێیـە بۆ مـن، لە ڕێگەی ئەم کـارەوە گـەلێ شـتـی نوێ فـێـر دەبم، چونکە پێشـتـر بەم شـێـوازە کـارم نەکـردووە. بـەر لە کـارکـردنمان، تـەنیـا یەک بەرهـەمی ئیـریکسـۆنم بینیـبوو، چۆنیـەتی بەکارهێنانـی ڕەنگ و کیتلـە و قـەوارەیم زۆر بەدڵ بوو، هەروەها لە شـێـوازی تێکشکاندنی واقـیـعـەت و داهـێنانی فـۆرمی نوێ لە شـتـی ئاسـاییـیـەوە و نزیکبوونـەوە لە گرۆتێسک و زلکردنەوە و پێـوەناندا زۆر سـەرکـەوتوو بوو، بەڵام دوو کـۆڵەکـەی سـینۆگـرافـیـای شانۆنامەکە لەسەر پانتایی بەتاڵ و بنیاتگەری بوو.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە نووسەری شانۆنامەکە دۆمەنیک کووک، کە هەر خۆیشی دەرهێنەری شانۆنامەکە بوو، وەکو ئاگەدار بووم، لە دەرهێنانی شانۆنامەکەدا لەسەر شانۆی یانگ ڤیگدا لە لەندەن بایەخی تەواوی بەفەزای بەتاڵ دابوو.

## پلانی سینۆگرافیا لە هەزار و یەک شەوەدا

شانۆنامەی هەزار و یەک شەوە بریتییە لە چەند حیکایەتێک: پاش کارکردنی تیۆری و خۆ ئامادەکردن، من و ئیڤۆن ئیریکسۆن لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین هەر حیکایەتە و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەبێ:

حیکایەتی چارچێوەی شانۆنامەکە، واتە پێوەندی نێوان شەهرەزاد و شەهرەیار، ڕەنگی شین

شێواز: ڕەمزی و شێوازگەری

سینۆگرافیا، فەزای بەتاڵ

عەلی بابە و چل دزەکە، ڕەنگی نارنجی

شێواز: شانۆی (کابوکی) (جاپانی)

سینۆگرافیا: بنیاتگەری (کۆنستر و کتیڤیزم)

سیندباد: ڕەنگی سپی (ئەم حیکایەتە پێش پیشاندانی یەکەم لابرا، لەبەر دووروودرێژی)

شێواز: شانۆی (نەو)ی جاپانی

سینۆگرافیا: کۆنیستروکتیڤیزم و فەزای بەتاڵ.

سواڵکەرە بچووکەکە: ڕەنگی سەوز

شێواز: کۆمیدیا دیل ئارتێ.

سینۆگرافیا: کۆنستروکتیڤیزم/ بنیاتگەری.

دوو خوشکە حەسوودەکە و حیکاتی کۆتایی: ڕەنگی شین

شێواز: شاعیرییەت و شێوازگەری

سینۆگرافیا: فەزای بەتاڵ.

لە چواردە گوتاری ڕەخنەگران دەربارەی شانۆگەرییەکە، کە تێکڕایان ستایش و بەرز نرخاندنی بەرهەمەکە بوو، بەشی سینۆگراف ئیڤۆن ئیریکسۆن بەهیچ شێوەیەک لە بەشی ڕیژیسۆر و ئەکتەران کەمتر نەبوو.

**شانۆ نییە بێ سینۆگراف**

ئەگەر بتەوێ ببی بەڕیژیسۆرێکی کارامە و داهێنەر، ئەگەر خۆت سینۆگراف نەبی، دەبێ لەگەڵ سینۆگرافێکی بەتوانادا کار بکەی. هەر شانۆیەکیش ئەم پیشەیەی تێدا بزر بێ، نابێ بەشانۆ، چونکە یەکێ لە کۆڵەکەکانی شانۆ سینۆگرافە، کە فەزا و مەیدانی داهێنانەکە دەخوڵقێنێ. ڕەنگە بڵێی من لەسەر فەزایەکی بەتاڵ کار دەکەم و سینۆگرافم پێویست نییە، تەنانەت فەزای بەتاڵیش هەر سینۆگراف، یان ڕیژیسۆری خاوەن ئیحساسی سینۆگرافییانە، ڕێکی دەخات و ئامادەی دەکا. فەزای بەتاڵ ڕاستە هیچی تێدا نییە، بەڵام هەموو ڕووبەرێکی ڕووتوقووت مانای ئەوە نییە، فەزایەکی شانۆییە، هەر ئەو فەزایە خۆی لە خۆیدا دەبێ هەستێک بخوڵقێنێ، هەستێکی ناسک و گەرم، بۆ بەرپاکردن و بەدیهێنانی ئەو هەستە گەرمە، پێویستیت بەتوانای سینۆگرافە.

ڕیژیسۆری بەریتانی پیتەر هاڵ دەڵێ: کاری سینۆگراف لەوە زیاترە

تەنیا سینۆگرافیای شانۆنامەکەت بۆ جیبەجێ بکا. سینۆگراف هاوکار و ڕەخنەگری ڕێژیسۆرە. کاتێک بیر لەو کارانە دەکەمەوە کە بەرهەمم هێناون بەر لە هەموو شتێک بیر لە سینۆگرافەکانم دەکەمەوە، چونکە ئەوان ڕێنمایی من و ئەکتەرەکانیان دەکرد.

## ڕێژیسۆر دەبێ شارەزای سینۆگرافیا بێ

ئەو ڕێژیسۆرانەی کە خاوەن شارەزایی و بەهرەن لە بواری سینۆگرافیادا، وەکو مییرهولد، کۆمیسارژیفسکی، برووک و ولسون بەڕاستی کاریان ئاسانترە لە کاری ئەو ڕێژیسۆرانەی کە شارەزاییان لە بواری سینۆگرافیادا کەمە، بەڵام نەبوونی بەهرە ڕێگە لە بەدەستهێنانی شارەزایی و زانیاری ناگرێ.

ڕاستیت دەوێ ئەگەر ڕێژیسۆر شارەزایی و زانیاری لە بواری سینۆگرافیادا نەبێ و هەر خۆیشی نەخشە بۆ سینۆگرافیای بەرهەمەکەی خۆی دابنێ، ئەوە دەبێ چاوەڕێی کارەساتی گەورەی لێ بکرێ. چەندین بەرهەمی شانۆیی بەهۆی نەبوونی سینۆگرافیای باش، مایەپووچ دەرچوون، پەکیش لەسەر نموونە هێنانەوە نەکەوتووە.

ئەگەر بەوردی، بەبۆچوون و چەمکەکانی مییرهولد و گرۆتۆڤسکی و برووک سەبارەت بەفەزای نمایشدا بچیتەوە، دەبینی ئەم ڕێژیسۆرانە لە چەمکی فەزادا، بەر لە هەموو شتێک تێک گونجانی و هاوبەشی و بەشداری ئۆرگانیک و (تفاعل)ی ئەکتەر و بینەرانیان مەبەست بووە. واتە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بیناسازی فەزای نمایش و فەزای بینەر و پتەوکردن و ئەکتیڤکردنی پێوەندی هەردوو لا بەردی بناخەی ڕێبازەکانیانە. بەبێ تێگەیشتنی ئەم پێوەندییە، قسەکردن لەسەر ئەم

ڕیژیسۆرانە و تێگەیشتنیان مەحاڵە.

ڕیژیسـۆر بێ چاوپۆشی لە فـەزای بینەر، ناکـرێ فـەزای نمایش بەشێوەیەکی هونەری و گونجاو ڕێک بخا.

واتە، پێوەندی نێوان بینەر و ئەکتەرەکانت، بکە بەپێوەر و بنەما بۆ ئەنجامدانی سینۆگرافیایەکی گونجاو.

## تایبەتمەندییەکانی سینۆگراف

سینۆگراف دەبێ شەفاف و کراوە بێ، بێ پرسی ڕیژیسۆرەکەی هیچ نەخشەیەک سەقامگیر نەکا، نەک هەر ئەوەندە، بگرە نابێ لە دانانی نەخشە و پلانەکانیدا، تەنیا ڕەزامەندی ڕیژیسۆرەکەی مەبەست بێ و چاوی لەوە بێ کارەکەی پەسەند بکا.

سینۆگراف دەبێ بوێر و ڕێچکە شکێن بێ، واتە بێ سڵکردنەوە و دوودڵی ئەزموونەکانی خۆی بخاتە گەڕ، هەرچەندە وا ڕێک دەکەوێ ڕیژیسۆرەکەی تەواو بەپێچەوانەوە بیر بکاتەوە، بەڵام گەلێ جار ڕیژیسۆر داهێنانی خۆی لە بیرکردنەوەی ترسا و جیا هەڵکەوتووی سینۆگرافدا دەدۆزێتەوە.

پیتەر هال دەڵێ: لە ئەزموونی خۆمەوە دەزانم، سینۆگراف چەندە مەزن بێ، ئەوەندەش دەبێ بەرامبەر بەئەزموونگەریەتی و موجازەفەکردن کراوە بێ.

هەروەها دەڵێ: دەبێ دان بەوەدا بنێین کە سینۆگرافی مەزن دەگمەنن. سینۆگراف نیگارکێشکی ئاسایی نییە، بەڵام دەکرێ نیگار بکێشێ، ئەوەش نییە پەیکەرتاش بێ، بەڵام لەوانەیە پەیکەریش بتاشێ. سینۆگراف ساحیری شانۆیە، فەزا دەست نیشان دەکات، لە

ڕێگەی قوماشەوە شادی دەبەخشێ، تیشک ئاراستەی نەک بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەشانۆنامەکە، بگرە بۆ لێکدانەوەی سەرجەمی گرووپەکە بەڕێبەرایەتی ڕیژیسۆر دەکا.

**تێبینی**: سەرجەمی گوتەکانی پێیەرهاڵ:

Beitish Theatre Design, The modern Age, edited by John Goodwin, London 1989.

### پرسیارەکانی سینۆگرافیا شانۆنامەکەت دەربارەی چییە؟

هەوڵ بدە وەڵامی ئەم پرسیارە بەکورتی و بەپوختی بدەیتەوە، با وەڵامەکەت لە یەک دوو ڕستەی کورتدا بێ. وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لەو بۆچوونەوە سەرهەڵبدا کە تۆ دەتەوێ بەجەمهوورەکەتی ڕاگەینی، لە لێکدانەوە و تێگەیشتنت بۆ تێکست، ئەمجا دەتەوێ بڵێی چی.

### دەتەوێ بینەران هەست بەچی بکەن؟

بۆ من گەلێ گرینگ بوو بینەرانی هەزار و یەک شەوە، لە زستانی مانگی بەفرانباردا، لە ئێوارەی تاریکی بەفر و سەهۆڵبەندانی سویددا، لە شەوی سەری ساڵدا، کە شەوی یەکەمی پیشاندانی شانۆگەریەکە بوو، دەمویست بینەران کە تەماشای نمایشەکە دەکەن، هەست بکەن وا خەریکن دەچنە ناو جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگ و بەشداری دەکەن لە کەرنەڤاڵی ڕەنگ و دەنگ و مۆسیقا و داستان و حیکایەتەکانی ڕۆژهەڵات.

لە خەونی نیوە شەوێکی هاوینەی شەکسپیریشدا کە لەسەر شانۆی نەتەوەیی مەغریب نمایش کرا، دەمویست بینەران ڕاکێشمە ناو

جیهانی دڵداری و خۆشەویستی و هەرزەکاری و سیحر و جادوو و شیعرەوە.

دەتەوێ بینەران هەست بەچی بکەن؟ بەخۆشەویستی، بەمەترسی و دڵەڕاوکێ، بەئارەزوو و تاسە، دەتەوێ هەست بەسۆز و پێوەندی گەرم بکەن، یان هەست بەدابڕان و بێزاری بکەن؟

دیسانەوە با وەڵامەکانت کورت و ڕوون بن. هەوڵ مەدە چەند هەستێکی جیاواز دژ بەیەک تێکەڵاو بکەی، بەتایبەت سەبارەت بەهێڵی گشتی و جەوی باڵادەستی نمایشەکەت. خۆ ئەگەر چەند هەستێکی دژ بەیەکت مەبەستە، با هەر دیمەنێک، یان هەر بەشێک هەستێکی تایبەت بەرپا بکەن.

## کام بیر، کام هزر کلیلی شانۆنامەکەتە؟

دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی کلیلی شانۆنامەکەت فاکتۆرێکی گرینگە لە نەخشەی سینۆگرافیادا. بەگشتی شانۆنامەی سەرکەوتوو هەر خۆی کلیلی خۆی بەڕێیسۆر و سینۆگراف دەبەخشێ، بەمەرجێ ئەگەر لە شیکردنەوەی شانۆنامەکەتدا ڕێگەی چەواشە نەگرێتە بەر. سینۆگرافی بەتوانا، سوودێکی بێ ئەندازە لە کلیلی شانۆنامەکە دەبینێ، بەتایبەتی ئەگەر ڕێژیسۆر خۆی بێ دوو دڵی گوزارشتی لێوە بکا.

بۆ نموونە وشەی پژمین کلیلێکی گرینگە بۆ مێیرهولد لە نمایشکردنی چەند بەرهەمێکی کورتی ڤۆدڤێل ئاسای چێخۆڤدا. مێیرهولد سەرنجی دا کە کەسایەتییەکانی ناو ئەو بەرهەمە یەک فەسڵیانە سی و سێ جار دەپژمین، یان باسی پژمین دەکەن.

ئەمە کلیلە، بەڵام وەنەبێ شانۆنامەکان باسی لە مەسەلەی پژمین بکەن وەکو بابەت.

شێوازی زیندان ئاسای ژیانی خێزانی برناردا ئەلبای لۆرکا، بووە بەکلیل بۆ چەند سینۆگرافێگ کە ماڵی برناردا ئالبا لە شێوەی زیندان، قەفەز یان نەزایەکی بەرجەستە بکەن.

## فەزای بەتاڵ و هەستی ئەکتەر

لە بیرت نەچێ ئەو فەزایەی کە دەست نیشانی دەکەی، ژیانی لەسەر نمایش دەکەی، بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕێکی بخەی و بیگونجێنی کە ببێتە پانتاییەکی باش بۆ هەست و ئیحساسی ئەکتەر. ئەمەش تەنیا بەوە ئەنجام دەدرێ کە هەستێکی ڕاستەقینەی گەرم ئەکتەر بەفەزای نمایشەوە ببەستێتەوە، واتە ئەکتەران بتوانن هەست بەدەوروبەری خۆیان و بەکاریگەرتی شتەکان لە ناو ئەو فەزایەدا بکەن.

دەبێ لە ئەکتەرەکاندا هەموو وزە و هێزی دەروونی و زەینی و مادی و جەستەیی ئەکتیف بکرێ بۆ ئەوەی هێزی ئەو فەزایەی کەشف بکەن. لەم ئەرکەدا ڕیژیسۆر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە.

باپیرانمان لە سەردەمەکانی شانۆی دێریندا بەو جۆرە کاریان کردووە، هەموو دیمەنەکانی شەکسپیر کە ئێستا خراپ لێیان دەگەین، و بەدیکۆری گەورە و زەبەلاح و دوور لە خەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانە نمایشیان دەکەین، کاتی خۆی لە فەزای بەتاڵدا نمایش کراون، کەس وەکو شەکسپیر مەسەلەی زەمان و جێگەی بەئاسانی و هونەرمەندانە چارەسەر نەکردووە.

له ناو ڕێژیسۆرانیشدا، باوەڕ ناکەم کەس هەبێ له برووک جوانتر لەم بەدحاڵی بوونه تێگەیشتبێ، له کتێبەکەیدا «شەیتان خۆی بێزارییه» برووک دەڵێ: چۆن ئەم نووسەره بێ توانایه، له ڕستەیەکدا دەڵێ «کوپێ چایم بدەرێ» که ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمه له ژوورەوەین، پاشان له ڕستەیەکی دیکەدا دەڵێ «تەماشای گەڵای ئەم درەختە بکە» که ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئێمە واین له ناو دارستاندا.

پاشان بۆمان دەرکەوت که شەکسپیر شانۆنامەکانی بۆ فەزایەکی ئاوەڵە دەنووسی.

هەروەها برووک دەڵێ: کاتێ کە خۆمان بەیەکەی جێگە و یەکەی زەمانەوە نابەستینەوە، کاتێک که فەزا تەواو کۆنکریت نییە. ئەو دەمە بەناچاری، جەخت لەسەر پێوەندییە ئینسانییەکان دەکرێ.

باش سەرنجی ئەم گوزارشتەی برووک بدە: پێوەندییە ئینسانییەکان، له ڕاستیدا ئەمە جەوهەریترین ئەرکی شانۆکارانە. فەزای ئاخنراویش بەدیکۆر و کەلوپەل و مۆبێله و تەنانەت جووڵە و هەڵسوکەوتی زیاد و بێ وەزیفە، ڕێگە له پێوەندییە ئینسانییەکان دەگرێ.

فەزای بەتاڵ وزەیەکی تایبەتی دەوێ، ئەو وزەیەش له هەست پێکردنەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەگەر هەستی ڕاستەقینە نەبێ، ئەو وزەیه که پاشان له دڵ و دەروونی بینەردا جێگیر دەبێ، نایەتە کایەوە.

### له فەزای پرۆڤەوە بۆ فەزای نمایش

تەنانەت گواستنەوە له فەزای پرۆڤەوە بۆ فەزای نمایش، دەبێ بەڕەهەندی ئیحساسی و زەینی و سایکۆلۆجی و جەستەییدا بڕوات، هەر له یەکەم هەنگاوەوەش کاری لەسەر بکرێ.

من ئەم لایەنەم گەلێ پێ گرینگە، هەمیشە دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەوەی لە پرۆڤە ڕوو دەدا، پاشان هەر ئەوە پێشکێش دەکرێ، فەزای ئەمڕۆی پرۆڤەکانت فەزای داهێنانی نمایشەکەتە، کە دواتر هەر ئەوە پیشان دەدرێت. هەر شتێک کە لە یەکەم ڕۆژی پرۆڤەکانتەوە ڕوو دەدا، باش بێ یان خراپ، پاشان لە نمایشەکەتدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە فەزای دووەمیان ئاوێنەی فەزای یەکەمیانە. هەموو فەزایەک پێویستە سەرلەنوێ کەشف بکرێ، وشەی کەشف بەمانای ئەوەی سەرلەنوێ کاری لەسەر بکرێ و چاک شارەزای بی.

ئەمەش یەکێکە لە یاسا بنەڕەتییەکانی شانۆ و نمایش، کە پشت بەو ڕاستییەوە دەبەستێ، کە دوو فەزای شانۆ مەحاڵە لەیەک بچن و وەکو یەک بن، هەروەک چۆن مەحاڵە دوو مرۆڤ سەدا سەد لە یەک بچن.

## کەشفکردنی فەزای نمایش

زۆر جار ئەم وشەیە لە مانای ڕاستەقینەی خۆی دوور دەخرێتەوە و جاروباریش بێ مەبەست بەکار دەهێنرێ، بەڵام لە ڕاستیدا کەشفکردنی فەزا بەپلەی یەکەم خۆ ڕاهێنان و خۆگونجاندن لە ناو مەیدانی نمایشدا دەگەیەنێ، قووڵبوونەوە لە پێوەندییە ئینسانییەکان و بەرجەستەکردنیان بێ ڕوتووش و کەرەستەی دەستکرد، هەروەها دروستکردن و دامەزراندنی پردی پێوەندییە لە نێوان نمایشکاران و بینەراندا، ئەمەش دەبێت بەسۆراخ و پشکنین و هەوڵ و تاقیکردنەوەی ورد و ڕاستگۆیانە لەسەر ڕەهەندەکانی ناوەوە و دەرەوەی نمایشکاراندا ئەنجام بدرێ.

ڕیژیسۆری ئەمریکایی جۆن ئارت دیداری یەکەمی شانۆکاران لەگەڵ فەزایەکی نوێدا بەبارکردن و گواستنەوە بۆ ناو خانوویەک، ژوورێکی

نوێ دەچوێنێ. ئارت دەڵێ باشە کاتێک کە تۆ بار دەکەی بۆ ناو خانوویەکی نوێ، چی دەکەی؟ دیارە بەهەموو کون و قوژبنێکی ماڵەکەدا دەچیتەوە، دیوارەکان، ژوورەکان، دەرگە و دەلاقەکانی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە. دوور نییە چاوەڕوانی ئەوە نەبوویت کە هەندێک ژووری بەو ئەندازەیە بچووک بێ.

بەڕاستی فەزای شانۆش دەبێ هەر بەو شێوەیە تاقی بکرێتەوە.

## ڕاهێنانێک

هەوڵ بدە، هەر لەو فەزایەی کە دەبێ کاری لەسەر بکەی، چەندین- نەک تەنیا ئەوەی لە مێشک و دەروونتدایە- وێنە و بۆچوون و پێشنیازی جیاجیا تاقی بکەیتەوە، ئەمە مەشق و ڕاهێنانێکی بنەڕەتییە بۆ ڕیژیسۆر، ئەکتەرەکانیش ئەم ڕاهێنانەیان پێ خۆشە چونکە گەشە بەداهێنانیان دەدا. پاشان هەوڵ بدە کردار و دیمەنەکانت لە فەزای جیاوازدا بهێنیتە پێش چاو. هەندێ جار دوور لە وشە دوور لە تێکست.

## کردار لەگەڵ فەزادا بگونجێنە

هەروەک چۆن شەکسپیر لە هاملێتدا دەڵێ وشە لەگەڵ کرداردا بگونجێنە، هەر بەو شێوەیە هەوڵ بدە کردار لەگەڵ فەزادا بگونجێنە. پوختەی یەکێ لە ڕاهێنانەکانی پێگەیاندنی ڕیژیسۆر لە زۆربەی کۆلێژ و پەیمانگەکانی شانۆدا دەربارەی ئەوەیە کە ڕیژیسۆر کۆمپوزسیۆن "پێکهات" و میزانسین لە فیکرە و بۆچوونی هەمەجۆرەی ناو فەزایەکی کراوەدا، بەیارمەتی کەرەستەی سینۆگرافیا و ڕووناکی و مۆسیقا و جل و ئێکسیسوار دروست بکا، واتە لەسەر بناخەی تاقیکردنەوە و

تاوتووکـردنی ڕەگـەزەکـانی نمایش و دوور لە دەقی شـانۆیی، لێـرەدا ڕیـژیســـۆر بـوارێکی فـــراوانتـــر و ئـازادییـــەکی ئاوەڵەتری هـەیە لـە کەشفکردن و تاقیکردنەوەی هێز و دەسەڵاتی سینۆگرافیا.

## مەشقێک: تێکست و فۆرمەکانی شانۆ

هـەمـوو جـۆرەکـانی شـانۆ لە ڕووی فـۆرمـەوە، بـهێـنە پێش چاوی خـۆت، لەوانە شـانۆی پرۆسـینیـۆم، شـانۆی بۆکس ئەوەی کـە بەعـەرەبی پێی دەگـوترێ "علبـه"، شـانۆ لە سێ لاوە کـراوە، ئەو شـانۆیەی کە پێـشی پێشـەوەی هاتووەتە ناو جـەمـهـوورەوە، فـەزای لە هـەر چوار لاوە کرا، شـانۆنامەیەک، یـان بەشێک، یان دیمەنێک لە شانۆنامـەیەک هەڵبـژێرە. ئەمجا هـەوڵ بدە لەگەڵ هەریەکێ لەو شانۆیانەدا بیگونجێنە، بزانە لەو مـەشـقـەدا چ جیـاوازییـەکت بۆ دەردەکـەوێ، توانست و هێـز و فـەزا جیـاوازەکان لە چیدا و لە کوێدا خـۆی دەنوێنێ؟ ئـەم ڕاهێنانە لەسـەر کاغەز دەکرێت.

## شانۆنامەکەت و فەزای گونجاو

خـوێندنەوەت بۆ شـانۆنامـەکەت چۆن بێ، فـەزاش دەبێ هـاوجـووتی ئەو خـوێندنەوەیە بێ. هـەوڵ بـدە دوور لە هـەمـوو ئەگـەر و ئـیمکانیـاتێک، بێ ئەوەی بیـر لە سنوورەکانی واقـیـع و ڕۆژ بکەیتـەوە، ئەو فـەزایە دەست نیشان بکە، کە بۆ شانۆنامەکەت شیاو و تەواوە.

بەمن بێت جارێکی دیکە شانۆنامەی خەونی نیوە شەوێکی هـاوینە لە ناو سروشتێکی ئاوەڵە، یان ئاسەوارێکی کۆندا پێشکێش بکەم.

لێم بپرسی بۆ، دەڵێم ئەمە تەنیا هـەستێکە، حەدسێکی ناخمە و داوا دەکـا ئەم شـانۆنامــەیە لـەوێ پێـشکێش بکەم، بەڵام ئـەی ئەگـەر ئەم

خواستەم نەهاتە دی و هەر هەمان شانۆنامەم لە شانۆی بۆکسدا نمایش کرد، دەبێ مەرجەکانی نمایش چۆن و بەچ بارێکدا بشکێتەوە؟

بۆ ئەمە ناکەی بەڕاهێنانێک بۆ تاقیکردنەوەی کاری ڕیژیسۆری خۆت لەگەڵ فەزادا.

بەرلەوەی دەست بەکاربی، ئەوە لە بەرچاو بگرە کە جمهوور دەبێ بەشێک بێ لە پلانی پێکهاتی نمایشەکەت. واتە با پێوەندی فەزا و هەموو پێکهاتەکانی سەر فەزایەکە بەجمهوورەوە، بەردی بناخەی کارەکەت بێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ڕاهێنانە سوودبەخش بێ، هەوڵ بدە کار لەسەر ئەم سێ لایەنە بکە: کردار، وشە، جەو.

کردار: بزانە کردارەکەت دەبێ چ فۆرمێک وەربگرێ. چەند جێگات پێویستە بۆ بەجێهێنانی ئەو کردارە. کردار پێوەندییەکی پتەوی بەشوێنەوە هەیە، لە قەبارەی خۆی دەرچوو، یان لە قەبارەی درامی خۆی بچووکتر بوو، هێز و کارگەریی درامی لە دەست دەدا.

ئەمجا دەبێ ئەوەش لێک بدەیتەوە کە کردارەکەت پێویستی بەیەک شوێنە، یان بەچەند شوێنێکە؟ چەندە فەزای شانۆیەکەت بۆ کردارەکانت ئامادە دەکەی و دەیگونجێنێ، ئەوەندەش کردارەکانت لەگەڵ فەزای شانۆیەکەت بگونجێنە.

ئەم تەکنیکە بەهەمان شێوە لەگەڵ وشەکان و جەوی دیمەنەکە دووبارە بکەوە، دەبینی تا چ ڕادەیەک فەزا کاریگەریەتی خۆی لەسەر وشە و سەدا و و ڕیتمی ئاخافتنەکان پیشان دەدا، یان چۆن جەوی گشتی کاریگەریی خۆی لەسەر فەزادا دەنوێنێ. بۆ نموونە جەوی ناو دارستانێک چ فەزایەکی دەوێ و ئەو فەزایە چەند جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ فەزای ناو زیندانێکدا.

## پەنجەرەكانی مێشكت بخەرە سەر پشت

هەروەكو جۆن ئارت دەڵێ، بۆ ئەوەی ڕیژیسۆر بتوانێت فەزای شانۆ تاقی بكاتەوە، پێویستە پەنجەرەكانی مێشكی بخاتە سەر پشت.

واتە ڕیژیسۆر پێویستە بوار و ئیمكانیاتی فەزا لە پراكتیكدا و بەكاری بەردەوام تاقی بكاتەوە، ئەوەی لە پراكتیكدا بۆی دەسەلمێت، لە ناو كتێب و لەسەر لاپەڕەكاندا چنگی ناكەوێ. بێ گومان هەموو شارەزاییيەكی تیۆری یارمەتیت دەدا، بەڵام یەک شت بەزیندوویەتی دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە، كە هەموو فەزایەک تەنیا بەنمایش ئەكتیڤ دەكرێ، وەک چۆن تێكست بەجۆر و نەوعیەتی خوێندنەوەكەی ئەكتیڤ دەبێ و بایەخ وەردەگرێ، بەهەمان شێوە فەزای هەرنمایشێک بەنمایشی ئەكتەر مانا وەردەگرێ، بەڵام بەر لە هەموو شتێک ئەكتەر دەبێ بەپراكتیک و ئەزموون فەزاكەی خۆی كەشف بكا و وەكو ژووری تایبەتی خۆی بیناسێ و ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا بكا.

تاقیكردنەوەی ئەو ئیحساسانە، شۆڕبوونەوە بەناو ئەو هەستانەدا، لە ئان و ساتدا ڕوو دەدا، ئێستا و لێرە، لەسەر ئەم فەزایە و بەپێوەندی لەگەڵ ئەو خەڵكە، دوور لە تیۆری و یاریكردن بەوشە.

هەست بكە بەفەزا: هەمیشە ئەمە بەئەكتەرەكانت بڵێ، خۆت بەهەست و نەست و ئیحساس و بەجەستە كەشفی بكە و بیناسە.

ئەگەر ئەم مەرجە، جێبەجێ بكرێ، ئیدی لە بارودۆخی گونجاودا هەموو پانتاییيەک فەزای گونجاوە بۆ نمایش، بۆ پتر قووڵبوونەوە لەم بابەتە، تكایە نووسینەكانی برووک خۆی بەوردی بخوێنەوە، بەڵام نەک لە ڕێگەی دەستی دووەمەوە.

## ڕیژیسۆر و مۆسیقا

بواری مــۆســیــقــا یەکـێکە لە مــەیدانە هـەرە ناسکـەکـانی هـونەری ڕیژیسۆر، سـەرکەوتن و نوشستی نمـایشـەکەی ڕاسـتـەوخۆ پابەندە بەم هونەرەوە. بەپێی پێوەری باو دەکرێت ناوونیشانی ئەم بابەتە ڕیژیسۆر و ڕیتم بوایە، بەڵام من پێم وایە زاراوەی مـۆسـیـقـا لە زاراوەی ڕیتم بەرفـراوانتـر و هـەمـەلایـەنتـرە، دواتریش هـەوڵ دەدەم بـەپێی قـەوارەی بابەتەکـە بچـمـە ناو باسی ڕیتمـەوە. نمایش، وەکو لە نـووسـینەکـانی پێشـوومدا ئاماژەم پێ کردووە، بریتییە لە شوێن و زەمـان. شوێن واتە کۆمپۆزیسیۆن و زەمانیش واتە مۆسیقا.

کۆمپۆزیسیۆن واتە پێکهاتی سەر شانۆ، سەرجەمی فۆرمی بینراو و پلاستیکا "ڕەوت و پێکهاتـەی جەسـتـە – فیزیک". کە لەسـەر پێکهاتەی مـیـزانسـیـنە "جـووڵەو دابەشـبـوونـی ئەکـتـەر"ەکـانەوە هەڵدەچنرێ و بینادەکـرێ، پاشـتـریـش ڕەگـەزەکـانی دیکەی نمایش و تـەکنیکی دێتـە سـەر، بەسـەرجەمی فۆرم و وێنەی کۆتایی دەگوترێ کۆمپۆزیسیون.

### مۆسیقا تەنیا بەکارهێنانی مۆسیقا نییە

مـەبەسـتم لە مـۆسـیـقـا تەنیا بەکارهێنانی مـۆسـیـقـا نییـە لە شـانۆدا. مۆسیقـا واتە بینای مۆسیقایی نمایش کە بەر لە هـەمـوو شتێک لەسـەر ڕەوت و بنـاغــەی تێــمــپــۆڕیتم دەڕوا، هـەروەهـا ئـەو مــۆســیــقــایـەش دەگرێتـەوە کـە لە شـانۆدا بەکـار دەهێنرێ. ئەرکی سـەرەکی ڕیژیسـۆر

ئەوەیە کە سەرتاسەر پێکهاتەکانی کۆمپۆزیسیۆن بخاتە ژێر ڕکێفی مەرج و یاساکانی مۆسیقاوە. بەواتایەکی تر هەموو پێکهاتەکانی کۆمپوزسیۆنی نمایش لەسەر بنەمای زەمەنی مۆسیقا وەک ڕیتم و تێمپۆ و دینامیک و ئاکۆرد و کۆنتراپونکت و هارمۆنیا و کۆنتراست جۆش بدات، دەنا نمایشەکە لەنگ دەبێ و خاسیەتی ڕەوانی و چڕی و هاوئاهەنگی شانۆیی لە دەست دەدا، بۆیە ڕێژیسۆر شان بەشانی کاری بەردەوام پێویستی بەشارەزایی و ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە بواری موسیقادا.

## تێمپۆڕیتم

زۆرینەی شانۆکاران زاراوەی مۆسیقا بەمانای بەکارهێنانی مۆسیقا لە نمایشدا بەکار دەهێنن، بەڵام من مۆسیقا لە شانۆدا لەوەش فراوانتر دەبینم، لە مەشدا خۆم بەقەرزداری میتۆدی میرهولد دەزانم، واتە: بینای مۆسیقایی نمایش «تێمپۆڕیتم»، هەروەها ئەو مۆسیقایەش دەگرێتەوە کە لە نمایشدا بەکار دەهێنرێ. مۆسیقا لە شانۆدا بەر لەوەی تەنیا وەک یاریدەدەرێک بۆ دروستکردن و بەرجەستکردنی جەو و میزاج و گوزاشتکردن لە ناخی کەسایەتییەکان بەکار بهێنرێ، دەبێ بچێتە ناو بینا و پێکهاتی نمایشەکەوە، چونکە ئەگەر بینای مۆسیقای نمایش لە ڕووی ڕیتم و خێرایی و خاوی و ماوە و چڕییەوە تەواو نەبێ، ئیدی گرینگ نییە چ جۆرە مۆسیقایەک و چەند مۆسیقای تێدا بەکار دەهێنی. ئەگەر نەبز و هەناسەی نمایشەکەت لە سەر ڕیتمێکی ڕاست نەڕوا، کارامەترین مۆسیقادانەر و باشترین کۆنسێرت ناتوانێ ڕیتمی شانۆگەرییەکت بۆ ڕاگرێ.

خۆ ئەگەر بینای مۆسیقایی نمایشەکەت ڕاست ڕۆیشت، لەوانەیە هەر پێویست بەمۆسیقاش نەکا، چونکە مۆسیقا ئەو دەم لە ناو جەستەی نمایشەکەتدا هەیە، بەڵام بێ گومان بەکارهێنانی مۆسیقا بەشێوەیەکی وەستایانە، هەمیشە نمایشەکەت ڕەنگینتر و نایابتر دەکا.

## میرهولد و مۆسیقا

دیارە ئەوەندەی من بزانم، تاکو ئێستا هیچ ڕیژیسۆرێک بەقەدەر میرهولد بایەخی بەمۆسیقا نەداوە. هەر لە منداڵییەوە، هەر لە نۆ ساڵانەوە دەیویست ببێ بەکەمانچەژەن، بەڵام ئەمەی بۆ نەلوا و لە بری ئەوە بوو بەشانۆکار، بەهرە و شارەزایی بێ سنووری لە بواری مۆسیقادا، گەلێ یارمەتی دا، لەوەی ببێت بەڕیژیسۆرێکی بلیمەت و خاوەن میتۆدی تایبەت لە نواندن و دەرهێناندا، میتۆدێک کە تەواو پشت بەمۆسیقا دەبەستێ. کاری میرهولد لەگەڵ کەڵە کۆمپۆزیتۆرەکانی سەردەمی خۆیدا، وەک کۆزمین و شۆستۆکۆڤیچ و پرۆکۆڤیف گەواهی ئەم بۆچوونەن.

ئەگەر لێت بپرسن: گرینگترین شت لە میتۆدی ڕیژیسۆری میرهولددا چییە؟ دەتوانی بێ سێ و دوو بڵێی مۆسیقا. تێگەیشتنی ڕیژیسۆر بۆ زەمەنی نمایش مەسەلەیەکی چارەنووسساز و بەردی بناغەی هەموو پێکهاتەکانی نمایشە، ئەم تێگەیشتنە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر لایەنەکانی دیکەی شانۆگەرییەکە وەک نواندن، سینۆگرافیا، دەنگ، ڕووناکی، جلوبەرگ... تاد، بەڵام لە هونەری نواندن و ڕاهێنانی ئەکتەردا پایەیەکی بێ ئەندازەی هەیە و فەزایەکی بەربڵاو داگیر دەکا. ئەکتەری شانۆی میرهولد ئەوەندە بەهەستکردن

بەزەمەن جۆش دەدرا و ڕادەهێنرا تا ڕادەیەک کە ئیدی هەموو میتۆد و ڕاهێنانەکانی مییرهولد لەسەر چەمکی زەمەن جێبەجێ دەکران.

مییرهولد لە بنیاتنانی ستروکتوری نمایشەکانیدا، سیستمی بینای سیمفۆنی و یاسا و بنچینەکانی کۆمپوزیسیۆنی مۆسیقای بەکار دەهێنا، لەوانە ڕیتم، تێمپۆ، ئینتەرڤال، ئاکۆرد، دینامیک و کۆنتراپونکت، هارمۆنیا و کۆنتراست. یەکێ لە خەونەکانیشی ئەوە بوو کە ڕیژیسۆر وەک مایسترۆ سەرکردەیی نمایشەکەی بکا، هەر وەک چۆن مایسترۆ لە کۆنیسێرتی مۆسیقادا سەرکردەیی کۆنسێرتەکە دەکا، بەڵام ئەم خەونە و گەلێ خەونی دیکەی بردە ژێر گڵەوە.

بێ شارەزاییەکی باش لە مەیدانی ڕیتم و پلەی خێرایی و خاوی و کات و بەردەوامیی، مەحاڵە ڕیژیسۆرێکی کارامەت لێ دەربچێ، چونکە ئەمە نمایشێکی لەنگەو لە ڕووی زەمەنەوە سیفەتی نمایشی شانۆی تێدا نییە.

## ڕیتمی بیر و هزر

لە سیستمی مییرهولددا هەموو پێکهاتێکی نمایش دەبێ لە چوارچێوەی ڕیتمدا دابمەزرێت. جوانی و نایابی و شەنگی و هونەر، لە خودی بیر و بۆچوونەکاندا نییە، ئەوەندی لە ڕیتم و مۆسیقایاندایە، هەر بۆیە گوزارشتکردن لە ڕەوتێکی ڕیتمیدا جەوهەری ڕاستەقینەی میتۆدی شانۆی مییرهولدە. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە نەک تەنیا نمایش، بگرە هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی شانۆ وەک: دەنگ و ڕەنگ و فەزا و بیناسازی دەگرێتەوە.

میرهولد دەڵێ: دەرهێنان بریتی نییە لە میزانسینی چەقبەستوو، دەرهێنان واتە پرۆسەی کاریگەری زەمەن لەسەر فەزادا. لە هەموو چەمکێکی فەزادا چەمکی زەمەن هەیە، کە ئەویش ڕیتم و مۆسیقایە. بۆ نموونە کە تەماشای پردێک دەکەی، تێ دەگەی کە خۆی لە خۆیدا بازدانی کەسێکە بۆ ئەوبەر و ئەو بازدانە چەقی ڕاگیر بووە. جووڵە شتێکی چەقبەستوو نییە، گرینگ شەد و توندوتۆڵی پردەکەیە، نەک دیکۆری پەرژینەکانی. لە دەرهێنانیشدا هەمان شتە.

## ڕیژیسۆر و بەهرەی هەستکردن بەزەمەن

میرهولد دەڵێ ڕیژیسۆر دەبێ بەبێ ئەوەی تەماشای کاتژمێرەکەی بکا لە زەمەن تێ بگات. بەهرەی هەستکردن بەزەمەن گەورەترین بەهرەیە کە ڕیژیسۆر پێویستی پێیەتی. ئەو پێی وایە کە مۆسیقا دەبێ ڕیتمی لە بار و گونجاو بۆ ئەکتەر بخولقێنێ، زەمەنی بۆ ڕاگرێت و چوارچێوەی ڕیتمی بوونی مرۆڤ لەسەر شانۆدا دەستنیشان بکا، بۆیە میرهولد بەکارهێنانی مۆسیقا تەنیا وەک ئامراز و کەرەستەیەک بۆ دروستکردنی جەو، یان هەر بۆ خۆشی و لەبەر جوانی مۆسیقاکە خۆی و بەمەبەستی سەرسامکردن و جۆشدانی جەماوەر ڕەت دەکاتەوە، مۆسیقا پێش هەموو شتێک دەبێ بۆ تێمپۆڕیتم بێت، واتە بۆ کاری ئەکتەر و مۆسیقای هەیکەلی نمایش بێ. ئنجا دەکرێ ئەرک و وەزیفەی دیکەی وەک تەرجەمە و هاوئاهەنگی و هارمۆنیا، یان کۆنتراست لەگەڵ دیمەن و خولقاندنی میزاج و جەوی گشتی و ... تاد، بگرێتە خۆیەوە.

میرهولد دەڵێ: قەت بیرت لەوە کردووەتەوە بۆچی لە سێرکدا، لە کاتی یاری ئەکروباتیکدا هەمیشە مۆسیقا بەکار دێنن؟ لەوانەیە بڵێی:

ئا، بۆ ئەوەی میزاجێکی گونجاو بخولقێنن، یان بۆ خۆشی و ئاهەنگسازیی بەکاری دێنن، ئەگەر وابێ بەڕاستی ئەمە هۆیەکی زۆر بێ مانایە. ئەوانەی کە لە سێرکدا کار دەکەن پێویستیان بەمۆسیقایە، وەک پاڵپشتییەکی ڕیتمیکانە، وەک یارمەتییەک بۆ ڕاگرتنی زەمەن.

## بینای مۆسیقی نمایش

ڕۆڵی ڕیژیسۆر لە دەست نیشانکردنی زەمەنی نمایش و پاشتریش چەسپاندنی ئەو زەمەنە گەلێ گرینگە. ئەم ئەرکە یەکێکە لە ئەرکە قورسەکانی کاری ڕیژیسۆر. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێکن ئەو ڕیژیسۆرانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا سەرکەوتوو نین، بەڵگەشمان ئەو شانۆگەرییانەن کە دەبنە مایەی بێزاری و وەڕسبوونی جەماوەر، وەڕسبوون و تاقەتچوونی جەماوەر یەکەم نیشانەی لەنگیی نمایشەکەتە لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقاوە.

## زەمەنی نمایش

هەنگاوی یەکەم لە دەست نیشانکردنی زەمەن لە نواندنەوە دەست پێ دەکات. ئەرکی ڕیژیسۆر بەرانبەر بەئەکتەر ئەوەیە کە هەنگاو بەهەنگاو، دیمەن بەدیمەن، ئێپێسۆد بەئێپێسۆد زەمەنی نمایشی بۆ دەست نیشان بکا. قسە و کردار و گوزارشتەکانی لە چێوراچێوەی زەمەندا بۆ دیاری بکا، ئنجا لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە ئازادی و سەربەستی ئەکتەر لە داهێنان و ئیرتیجالدا پێویستە ئەویش سنووری زەمەنی خۆی نەبەزێنێ، ئەو زەمەنەش هەر ئەو زەمەنەیە کە ئەندازیاری نمایش، واتە ڕیژیسۆر دەست نیشانی دەکا، ئەکتەریش دەبێ ئەو زەمەنە ڕاگرێ و نەیڕووشێنێ. بەهرەی ئەکتەر و هەست

ناسکیی لە چەمکی زەمەن و توانستی لە ڕاگرتن و پێوانەی زەمەندا گەورەترین مەرجە بۆ سەرکەوتنی لە نمایشدا. ڕیژیسۆر و ئەکتەر بەرانبەر بەم مەرجە هەردووکیان یەکسانن و هەمان ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەوە نەبێ کە کەرەسە و ئامرازەکانیان لێکتر جودان.

### ئاگەداری زەمەنی نمایشەکانت بە

زۆر جار پاش چەند پیشاندانێک زەمەنی نمایشەکە دەگۆڕێ، بەزۆری زەمنی نمایش سەردەکات و سنووری دیاریکراوی خۆی دەبەزێنێ. لە بەرهەمی دامەزراودا ڕەنگە چەند دەقیقەیەک پتر تێنەپەڕێنێ، بەڵام لەو بەرهەمانەی کە سنوورێکی بۆ ئیرتیجالی ئەکتەر تێدا نییە، زەمەنی نمایشەکە تەواو دەگۆڕێ، بۆیە چاکتر وایە دەستبەجێ چەند پرۆڤەیەکی دیکە ساز بکەیت. ڕیژیسۆران بەتایبەت ئەوانەی کە بەرهەمەکانیان چەند مانگ و چەند ساڵێک بەردەوام پیشان دەدرێن، لە ڕووی زەمەنی نمایشەوە ئاگەداری بەرهەمەکانیان دەبن و ڕێگە نادەن زەمەنی نمایشەکە لە سنووری خۆی تێبپەڕێ، هەر ئەوەندەی یەک تۆز زەمەنەکەی گۆڕا، دەستبەجێ بەمەبەستی توندوتۆڵکردنەوەی ڕیتمی شانۆگەرییەکە سەرلەنوێ پرۆڤە بەئەکتەرەکانیان دەکەنەوە.

میرهولد گەلێ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیمەنێک ئەگەر هاتو بۆ نموونە سێ دەقیقە بوو، نابێ پاشتر سەرکەوێ بۆ چوار دەقیقە، ئەگەر وابوو مانای وایە لە ڕووی ڕیتمەوە نمایشەکە تەواو نییە. جارێک ڕیژیسۆرێکی ناسیاوم داوەتی کردم بۆ ئەوەی شانۆگەرییەکەی ببینم، لێم پرسی شانۆگەرییەکەت چەند دەخایەنێ، گوتی: هەرئاوا لە سەعاتێکەوە بۆ سەعات و نیوێک، ئەم قسەیەم گەلێ پێ سەیر بوو. پاشان لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە نمایشەکە دوو

سەعاتی خایاند، بێ گومان لە شانۆکانی ئەورووپادا کارەساتی وا ڕوو نادات.

مێیرهولد دەڵێ هیچ شتێک بەقەدەر ئەوە خەتەر نییە نمایش سنووری زەمەن ببەزێنێ. کە بنیاتی نمایشەکەت لەسەر بنچینەکانی کۆمپۆزیسیۆنی مۆسیقا دابڕێژیت، بنیات و جەستەی نمایشەکەت بەتەواوەتی قەوارە و پێکهاتی شیعر دەگرێتە خۆ، هەر بۆیە شانۆکارانی دێرین، داهێنەرانی شانۆی کلاسیک، زمانی شیعر و یاساکانی هەڵبەستیان ڕەچاو کردووە. شانۆکاران بەم کارەیان هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە، خۆیان سترکتوری مۆسیقایی شانۆنامەکانیان چەسپاندووە، تەنانەت لە بەکارهێنانی کێش و قافییەکاندا شێوازی نمایش و نواندنی ئەکتەریان دەست نیشان کردووە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە جیاوازی کێشەکانی شیعری شەکسپیرە لە تراژیدیا و کۆمیدیادا، بەوەی کە دوو زمانی جیاواز و دوو مۆسیقای جیاوازیان گرتووەتە خۆ. بڕوانە مۆلێر لە شانۆنامەکانیدا چۆن بەکێشی عەموودی ئەلکسەندرین، سروشتی کۆمیدیاکانی خۆی مەحکەم کردووە، ڕیژیسۆر ئەگەر بیەوێ مۆلێر بەشێوەیەکی هونەری و وەک خۆی پێشکێش بکا و شانۆنامەکانی نەشێوێنێ، دەبێ شارەزای ئەم جۆرە کێشە بێ، یانیش دەبێ بینای مۆسیقایی شانۆنامەکە فەرامۆش بکا، بێ گومان لەو دۆخەدا هیچی بۆ نامێنێتەوە.

**ماتماتیک، یان شیعر**

مۆسیقا و شیعر وەک جمکانەن، بەڵام مۆسیقا لە کرۆکی ماتماتیکیشەوە نزیکە. بەبۆچوونی من بینای مۆسیقایی نمایش شاعیرانەترە لەوەی کە بینای ماتماتیکی بێ.

لێکچوواندنی بینای مۆسیقایی نمایش بەشیعر، نەک بەماتماتیک بەڕوونی لە سروشتی زمانی شانۆدا دەردەکەوێ. مۆسیقا ئەرک و ڕۆڵی گرینگ و جیاواز بەزمان دەبەخشێت، زمانی نمایش لە زمانی ڕۆژانەوە دەکات بەزمانێکی شێوازدار و بەستیل، واتە زمانی ڕۆژانە کە سیفەتی مۆسیقا وەردەگرێ، یان کە لەسەر یاساکانی پێکهاتەی کاری مۆسیقا بینا دەنرێ، یەکسەر دەبێت بەزمانێکی هونەری، دیارە شیعر باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مۆسیقا سیفەتی فرەمانایی بەزمان دەبەخشێ، بەمەش زمانی دراما دەگێڕێتەوە بۆ جەوهەرە شیعرییەکەی و لە زمانی ڕۆژانەی دوور دەخاتەوە. لە ڕاستیدا مۆسیقا ئەرکێکی درامی جۆشدراو بەهەست و نەست و چێژ و موعایەشە بەزمان دەبەخشێ. مۆسیقا زمان دەتەقێنێتەوە و دەلالاتەکانی دەخاتە ڕوو. هەر بۆیەش من وای بۆ دەچم کە ڕۆڵی مۆسیقا لە درامادا دیاری شیعرە بۆ شانۆ، واتە مۆسیقا لە شیعرەوە وەک پێکهاتە و زمان هاتووتە ناو شانۆ، نەک وەک مۆسیقا لەگەڵ نمایش بۆ جەو و میزاج دروستکردن هاتبێ، یان تەرجەمەکردنی کردار و باری دەروونی کەسایەتییەکان بێ.

## جیهانێک سەرتاپا مۆسیقا

دوو ڕووداو، دوو کردار، یان دوو دیاردەی جیاواز بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکیان بەیەکدییەوە هەبێ، لەسەر شانۆدا بەئەنجام بگەیەنە، بەڵام هەر ئەوەندە مۆسیقا بەکار بهێنی ئەو دوو کەرتی و دوو بەشبوونە نامێنێ و لە هەست و نەستی بینەردا لێک دەدرێن و پێکەوە

گرێ دەدرێن، تۆ بەمە بزانی یان نەزانی بەمۆسیقا هەردوو دیمەنەکەت لە یەک وێنەدا کۆ کردەوە. ئەم گشتگیرییە، لە ڕێگەی مۆسیقاوە و لە ناخ و ویژدان و دەروونی بینەردا ڕوو دەدا.

بەکورتی دوو خەسڵەتی دراما کە مۆسیقا ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەبینێ: کۆکردنەوەی کەرت و گشتە، هەروەها فراوانکردنی مەودای زمان و فرە تەفسیری و چەند ماناییە. بینای مۆسیقیانەی نمایش سەبارەت بەمەحکەمکردنی ڕیتم و خێرایی، دەبێ وەک بینای قەسیدە ڕەفتاری لە گەڵدا بکرێ، نەک وەک ماتماتیک کە هەندێ لەو مەسەلەیەدا بەهەڵە دادەچن.

ئەم بۆچوونە لە پێوەندی نێوان کەرت و گشتدا دەبینرێ، کە لە کەرتدا هەموو سیفەتێکی گشت هەیە و لە هەمان کاتدا بۆ خۆی بنیاتێکی سەربەخۆیە. کە کەرت دەگۆڕێ گشتیش دێتە گۆڕان، هەروەها کە گشتیش دەگۆڕێ کەرتیش دەگۆڕێ. بەم بۆچوونەش ئێمە لە بایەخی سیفەتی ماتماتیکیانەی مۆسیقا لە نمایشدا دوور ناخاتەوە، چونکە بمانەوێ، یان نەمانەوێ بایەخی سیفەتی ماتماتیکیانەی مۆسیقا لە بەدیقەت ڕێکخستنی بینای تەرازوو ئاسای نمایش و بەشەکانیدا دەردەکەوێ.

لە ڕاستیدا ئەگەر پێمان وابێ هەر شتێک لە نمایشدا بۆ خۆی و لە سنووری خۆیدا، هەیە و سەربەخۆیە، دەسا مۆسیقا شتەکان لە ڕێگەی هەست و نەست و ویژدان و چێژەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. مۆسیقا وامان لێ دەکا هەست بکەین کە شتەکان هەموویان بەیەکەوە گرێ دراون و گشتێکی یەک جەستەیی دروست دەکەن. مۆسیقا گشتگیرییەکی وجودی لە ڕێگەی هەستەوە دروست دەکا. دەفەرموو

بینای دیمەنەکانت، تابلۆکانت، ئێپێسۆدەکانت، بەم فەلسەفەیە هەڵچنە بزانە بینای نمایشەکەت چەند پتەوتر دەبێ و لە ڕووی هارمۆنیاوە چەند بەنایابی نشونما دەکا.

## تێمپۆڕیتم

ئەگەر باش شارەزای ڕێبازی ستانیسلاڤسکی بی، ئەو ڕاستییەش دەزانی کە ستانیسلاڤسکی تا دەهات پتر بایەخی بەمەسەلەی تێمپۆڕیتم دەدا. من بڕوا ناکەم ئێستاشی لەگەڵدا بێ کەس لە ستانیسلاڤسکی چاکتر ئەم بابەتەی شی کردبێتەوە. لە کتێبەکەیدا «بینای کارەکتەر» ستانیسلاڤسکی گەورەترین قەوارەی کتێبەکەی، کە دەکاتە نزیکەی سەد لاپەڕە، بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە. لە ئەورووپادا سەر بەپەیمانگە و کۆلیژەکانی شانۆدا دەکەیت، چ لە بەشی نواندن و چ لە بەشی ڕیژیسۆریدا زاراوەی تێمپۆڕیتم زۆر دەبیستی، ئەوجا بۆت دەردەکەوێ کە چەند بەچڕی کاری لەسەر دەکرێ، بۆیە ئەگەر دەتەوێ ببی بە ڕیژیسۆرێکی باش، تێمپۆڕیتمی ستانیسلاڤسکی بەوردی بخوێنەوە و باش مەشقی لەسەر بکە. ئنجا تێ دەگەی کە سەرتاسەری ژیان مەیدانی مەشق و فێربوونی تێمپۆڕیتمە بۆ کارە هونەرییەکانت، چونکە دینامیک و تین و وزە لە تێمپۆڕیتم دایە، ئەویش لە هەموو شوێنێکدا هەیە.

تێمپۆ هەروەک لە مۆسیقادا بەکاردەهێنرێ، مانای پلەی خێرایی، یان خاویی کردارێک یان هەستێک دەگەیەنێ، واتە خێرا، خاو، یان ناوەندی. ڕیتم لە باری جەستەییەوە دەکاتە پلەی چڕی موعایەشەکردنی هەستێک، لە ڕووی دەرەوەش، یان لە ڕووی جەستەوە، دەکاتە نیشانەکانی ئاماژە و جووڵە و کردار کە گوزارشت

لە موعایەشەکردنی ئەو هەستە دەکات. لە نێوان تێمپۆڕیتمی ناوەوە و دەرەوەدا پێوەندییەکی پتەو و ئاڵۆز هەیە، کە ستانیسلاڤسکی دوو بەشی گەورەی کتێبی «بیناکردنی کارەکتەر»ی بۆ تەرخان کردووە.

## ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە

ستانیسلاڤسکی کە باس لە تێمپۆڕیتم دەکا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دوو جۆرە تێمپۆڕیتم هەیە، تێمپۆڕیتمی ناوەوە و تێمپۆڕیتمی دەرەوە. تێمپۆڕیتمی ناوەوە هەست و نەستی دەروونە، کە تەنیا لە کاتێکدا دەبینرێ کە خۆی لە شێوەی تێمپۆڕیتمی دەرەوەدا دەنوێنێ، واتە دەبێت بەبینراو، یان بەبیستراو.

ستانیسلاڤسکی پێمان دەڵێ: ئاگەدار بە، ڕیتم نابێ بەزۆر بچەسپێنرێ، یان بەشێوەی ماتماتیک ئاسا حیسابی بۆ بکرێت. ڕیتم دەبێ لە ناخەوە بەشێوەیەکی ئاسایی و خۆرسکانە و ڕەوان لە ناخەوە هەڵقووڵێ. یاسای بنەڕەتیی ڕیتم ئەوەیە کە هەموو کردار و جووڵە و گوتەیەک پێویستی بەزەمەنێکی دیاریکراو هەیە، خۆ ئەگەر لە زەمەنەکەی کەم کەیتەوە، کردار و جووڵە و قسەکان دەبێ خێراتر ئەنجام بدرێن. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر زەمەنێکی درێژتر بەکار بهێنیت ئەوسا کردار و جووڵە و قسەکان خاو دەبنەوە. لە هەموو کردار و جووڵە و ئاخاوتنێکدا نەبرەیەک هەیە، کە تۆ جەختی لەسەر دەکەی، سیستمی دووبارەبوونەوەی نەبرەکان و هاوسانی و یەکسانییان، پێی دەگوترێ ڕیتم، ئەم ڕیتمەش زەمەنە، واتە ئێمە لەم حاڵەتەدا زەمەن بەزەمەن دەپێوین.

## ڕاهێنانێکی ستانیسلاڤسکی

هێز و توانستی ستانیسلاڤسکی لە باری پراکتیکەوە لە تاوتووکردن و یەکالاکردنی هەست و باری دەروونی جیاواز و بەش بەشکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی هەست و نەستدا دەردەکەوێ. بەرجەستەکردنی باری دەروونی و فیزیکی کەسایەتییەکانی دراما لە ڕێگەی مۆسیقاوە لە هونەری ڕیژیسۆردا گەلێ گرینگە، بەڵام بەکارهێنانی مۆسیقا لەم حاڵەتەدا دەبێ لەگەڵ میتۆدی نواندندا هاوتەریب بێ. کەسایەتییەک کە تووڕەیە، پەستە، عاشقە، دڵ پیسە، ئەم سیفەتانە دەکرێن بۆ نموونە لە کەسایەتی ئۆتێللودا هەبن، ئەکتەر لە ئاستی هەموو ئەم هەستە سەختانەدا ڕووبەڕووی ئەرکێکی ئاڵۆز دەبێتەوە. بۆ ئەکتەری کەم ئەزموون و بێ میتۆد یەکالاکردنەوەی ئەم بارە دەروونییە ئاڵوزە و پیشاندانی گەلێ سەختە. ستانیسلاڤسکی لە سیستمەکەیدا ڕێگەیەکی پەسەند و پراکتیکی پیشانی ئەکتەر دەدا.

ستانیسلاڤسکی داوا لە ئەکتەر دەکا کە بەر لە هەموو شتێک ئەم ئەرکە دابەش و لە یەکدی جیا بکاتەوە. لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە هەستەکانی کوت کوت بکا، هەر کوتێک هەستێک، ئیحساسێک دەگرێتە خۆی، واتە هەر بەشێک ئەرکێکی دیاریکراوی بەر دەکەوێت. بۆ نموونە ئۆتێللو لە دیمەنێکدا دوودڵی و گومان ئازاری دەدا، لە دیمەنێکی دیکەدا تووڕەیی ناخی دەهەژێنێ، پاش ئەوە ساویلکەیی، خۆشەویستی، خوێن بەرچاوگرتن، پەشیمانی، ئەرکی ئەکتەر و ڕیژیسۆر ئەوەیە چۆن ئەم بارە دەروونییە جیاوازانە تاووتوو بکا و گۆڕانەکانی ناو دەروون لە یەکدی جودا بکاتەوە. بەبێ ئەم تاووتووکردنە، بەرجەستەکردنی کێشەکانی دەروون مەحاڵە. دەکرێ

مۆسیقاش هەمان ڕۆڵ ببینێ، تۆنەکانی مۆسیقا و چەشنەکانیان لە هەستێکەوە بۆ هەستێکی دیکە بگۆڕدرێن، دەکرێت لە ڕووی خێرایی و خاوی و درێژی و کورتییەوە بیانگۆڕین: دەکرێ ساتێک سووک بڕوات، ساتێک چڕ، ساتێک مۆسیقای پچڕ پچڕ، ساتێک لاواز، ساتێک بەرز، ساتێک خەمناک، ساتێک گەش، تەنانەت ئەو هەستانەی کە ناسکن، یان بەئاستەم لە درامادا بەرجەستە دەکرێن، دەکرێ مۆسیقای ناسک و بەئاستەم بیستراوی خۆی هەبێ. میرهولد شێوازی پێچەوانەشی دەگرتە بەر، واتە دروستکردنی کۆنتراست نەک هارمۆنیا لە نێوان دراما و مۆسیقادا. بۆ نموونە بۆ دیمەنێکی خەمناک مۆسیقایەکی بەجۆش و شادی وەک باکگراوەند بەکار دەهێنا، یان بۆ دیمەنێکی شاد مۆسیقایەکی خەمناکی بەکار دەهێنا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە میرهولد جیهانێکی هاوجووت و هاوتەریبی لە هەست و نەست و دەروونی بینەردا دروست دەکرد، جیهانی دراماکە و جیهانی وێنەبەخشی مۆسیقاکە، یەک نەبوون، واتە مۆسیقا جیهانێکی وێنا دەکرد کە زیاتر میتافیزیک بوو، لە کاتێکدا دراما جیهانێکی فیزیکی بەرجەستە دەکرد. ڕۆڵی مۆسیقا بەم جۆرە جێبەجێکردنە لە فەلسەفەدا وەک جیهانی فیکر و بەها وایە، بۆ نموونە لای پلاتۆن کە کەوتووەتە دەرەوەی جیهانی فیزیکەوە.

## تۆنەکانی هەست و نەست و دەروون

هەندێ لە ڕێژیسۆران بۆ هەر یەک لەو هەست و بارە دەروونییانەی باسمان کردن، تۆنێکی تایبەت هەڵدەبژێرن، یان بۆ هەر کارەکتەرێک ئامێرێکی تایبەت تەرخان دەکەن، ئەمە شێوازێکی باوە، هەرچەندە میرهولد زۆر لەگەڵ ئەم شێوازەدا نەبوو، بەڵام ئەگەر مۆسیقادانەری

زیرەک و داهێنەر هاوکارت بێ، لەو کەسانەی کە شارەزایی مۆسیقای درامین، ئەم شێوازە کاریگەری خۆی هەیە، لەو ڕووەوە مۆسیقا دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ ئەکتەر و دروستکردنی جەو. خۆ ئەگەر هاریکاری نێوان ئەکتەران و دانەری مۆسیقاکە بەهێز بێ، کاری دەروونی بەرجەستەکردنی ڕۆڵیش بۆ ئەکتەر ئاسانتر دەبێ.

## باری دەروونی و تێمپۆڕیتم

لە ڕێبازی ستانیسلاڤسکیدا کە هەست و نەست و باری دەروونیی بایەخی سەرەکی هەیە و لە بەرجەستەکردندا سەرچاوەی هەموو هەنگاوێکە، بۆیە دەنگ و جووڵە و کردار، هەموویان دەکەونە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی تێمپۆڕیتمی ناوەوە.

بە پێی ڕیبازی ستانیسلاڤسکی ئەگەر هاتوو تێمپۆڕیتمت بەشێوەیەکی ڕاست دەست نیشان کرد، لەو حاڵەتەدا هەستی ڕاست، باری دەروونیی ڕاست، لە خۆیەوە و خۆرسکانە دێنە کایەوە. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر لە دەست نیشانکردنی تێمپۆڕیتمدا بەهەڵەدا بچیت، ئەوە هەموو گوزارشتێکت بەهەڵە دادەڕوا، واتە هەموو هەست و باری سایکۆلۆجیایی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکەت بەهەڵە بەرجەستە دەبن. هەر لەبەرئەوەشە ستانیسلاڤسکی تێمپۆڕیتم بەچەکێکی خەتەری دوو لایەن ناو دەبات.

## ئەو ڕیژیسۆرانەی کە لە ڕیتم تێ ناگەن

پاش نمایشێکی شانۆنامەی مەرگ و کچ لە هەولێر، ئاگام لێ بوو ڕیژیسۆرێکی گەنج پیرۆزبایی لە "تەلار هیرانی" پاڵەوانی شانۆگەرییەکە کرد و پێی گوت: دەست خۆش، بەڵام بۆ ئەوەندە

ئیقاعتان خاو بوو. پێم سەیر بوو کەسێ خۆی بەڕێژیسۆر بزانێ داوای ڕیتمی خێرا لە شانۆنامەی مەرگ و کچ بکات. ئەمە وەک ئەوەیە داوا لە کەسێک بکەی خێرا بگریێت، یان بەکەسێک بڵێی دە خێراکە خەمبار ببە و مەرەخەسمان بکە، تەنیا لەبەرئەوەی بینەران پەلەیانە.

چۆن دەبێ شانۆنامەیەکی سایکۆلۆجی بەڕیتمی خێرا پێشکێش بکرێ؟ دەتوانی دیمەنێکی شەڕە شیری هاملێت، یان ماکبێس چەندت بوێ خێرای بکەی، بەڵام لە شانۆنامەکانی هارۆلد پینتەردا ناتوانی هەمان شت بکەی. ڕێژیسۆر دەبێ ئەم ڕاستییە بزانێ و نابێ لە هەموو نمایشەکانیدا هەمان ڕیتم جێبەجێ بکات، واتە ڕیتمی خێرا. نە ڕیتمی خێرا دەبێ هەموو کاتێک و لە هەموو نمایشێکدا جێبەجێ بکرێت، نە ڕیتمی خاویش، لە ڕاستیدا ڕێژیسۆر دەبێ ڕیتمی شانۆنامەکەی جێبەجێ بکات، کە دەکاتە ڕیتمی ناوەوە و دەرەوەی دەقەکەی و کەسایەتییەکانی. دەباشە با هەر ئەو ڕێژیسۆرە تێمان بگەیەنێ، دیمەنی چاوەڕوانی ئێستراگۆن و ڤلادیمیر لە بە دەم چاوەڕوانی گۆدۆوە چۆن خێراتر بکەین، بێ ئەوەی شانۆنامەکە بشێوێنین.

تۆ دەتوانی دیمەنەکانی شەڕ و پێکدادان و سەما و کەرنەڤاڵی شانۆنامەی ڕۆمیۆ و جولێتی شەکسپیر چەندت بوێ ئەوەندە تیژ و خێرا بکەی، بەڵام من دەمەوێ لەو ڕێژیسۆرەوە فێر بم، چۆن شانۆنامەیەکی هارۆلد پینتەر، یان چێخۆڤ خێراتر بکەم، بێ ئەوەی ستیل و مۆرکی شانۆنامەکە بشێوێنم.. قسەمان نابێ لەسەر ئەوەبێ کە دیمەنێکی، یان شانۆنامەیەک دەبێ خێراتر بێ، قسەمان دەبێ لەسەر ئەوە بێ تێمپۆڕیتمی دیمەنێک شانۆنامەکە گونجاوە، یان نا،

چونکە خێرایی و خاوی پێوەندی بەکەسێکی دیکەوە هەیە کە بینەرە و چەند لەسەر ئەو تەرزە دراماییە ڕاهاتووە، چەند دەتوانێ دانیشێ، چەند پەلەیەتی بڕوات. من نامەوێ تێمپۆڕیتمی شانۆنامەکە بشێوێنم بۆ بینەرێکی لەو جۆرە.

## ڕیتم لە بێدەنگی و بێ جووڵەییدا

بەڵام ئەی کەسێک کە دانیشتووە یان پاڵ کەوتووە و هیچ کردارێک نانوێنێ، یان کەسێک کە تەواو بێدەنگە، دەکرێ بڵێین ئەو کەسە تێمپۆڕیتمی نییە؟ ئەم پرسیارە پرسیاری خۆم نییە و پرسیاری ستانیسلاڤسکییە؟ بۆ نموونە کەسایەتی دکتۆر میراندا لە شانۆنامەی مەرگ و کچدا کە لە زۆربەی هەرە زۆری دیمەنەکانی شانۆنامەکەدا دەبێ ببەسترێتەوە، چونکە ئەگەر نەبەسترێتەوە شانۆنامەکە ڕوو نادات، باشە دەبێ بڵێین ئەو کەسایەتییە لە تێمپۆڕیتم بەدەرە؟ پێم سەیر بوو شانۆکارێک داوای ئەوەی دەکرد کە دەبوایە هەرچۆنێک بێت بجووڵێتەوە، وەک ئەوەی جووڵە تەنیا ئەوە بێ لە جێگەیەکەوە بڕۆی بۆ جێگەیەکی دیکە. ئاخر دکتۆر میراندا نابێت بجووڵێتەوە، چونکە ئەگەر توانایی جووڵەی هەبێ ئیدی شانۆگەرییەکە ڕوو نادات، بەڵام ئەکتەرەکە "عادل عەبدوڵا" تێمپۆڕیتمی ڕاستەقینەی خۆی جێبەجێ دەکرد. لەم دۆخەدا ئەوەی کە زاڵە پێی دەگوترێ ڕیتمی ناوەوە، ئەمەش باڵادەستترین ڕیتمی شانۆی سایکۆلۆجییە، کە لە هەست و نەست و ئاخافتن و مەنەلۆگی ناوەوە بەدەردەکەوێت، کە سەرجەمی ئەوە لە تێمپۆڕیتمدا خۆی دەنوێنێ.

## ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە

لە ڕێبازی ڕیالیزمی سایکۆلۆجیایدا ستانیسلاڤسکی دوو جۆرە ڕیتم دەست نیشان دەکا: ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرووەوە. کرداری فیزیکی بەچاو دەبینرێت و دەتوانین تێمپۆڕیتمەکەی بەئاسانی پیشان بدەین لەوانە: ڕاکردن و غاردان.. سەما، مەلەوانی، شەڕ و زۆرانبازی و بۆکسین و... تاد. تێمپۆڕیتمی ئەم کردارە فیزیکیانە، تایبەتمەندییان ئەوەیە کە ڕیتم و تێمپۆی دەرەوەیان هەیە، بەڵام هەست و نەست و باری دەروونی تێمپۆڕیتمی خۆیان هەیە کە لە دەرووندا حەشاردراون.

ستانیسلاڤسکی دەڵێ: ئێمە بیر دەکەینەوە و خەم دەخۆین و خەون دەبینین بەتێمپۆڕیتمێکی تایبەت بەم بارە دەروونیانەوە، چونکە ژیان خۆی لەم ساتانەدا دەنوێنێ، کە ژیانیش هەبێ واتە کرداریش هەیە، کە کردار هەبوو، واتە جووڵەش هەیە، کە جووڵەش هەبوو واتە تێمپۆ "خێرایی – وتیرە"یش هەیە کە تێمپۆیش هەبوو واتە ڕیتم هەیە، منیش ئەوە دەخەمە سەر قسەکانی ستانیسلاڤسکی کە ڕیتم هەبوو مۆسیقاش هەیە.

هەموو هەستێک، یان حاڵەتێکی ئینسانی تێمپۆڕیتمێکی تایبەت بەخۆی هەیە. هەموو وێنەیەکی هونەریش لە ناوەوەی مرۆڤ بێ یان لە دەرەوەیدا، تێمپۆڕیتمێکی تایبەتی هەیە.

تۆ وەک ڕیژیسۆر دەبێ بزانی ئەو ڕیتمە گوزارشت لەو دۆخ و حاڵەتە دەکا، یان نا. نەک داوای ئەوە بکەی ڕیتم هەمیشە دەبێ خێرا بێ. بۆ ئەوەیش دەبێت جیاوازی نێوان تەرزە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی شانۆ بزانی، دەبێ بزانی بابەتی ڕیتمی زمانی نووسەرانی شانۆی سایکۆلۆجی و ڕەمزی و شانۆی ناتورالیزم چۆنن، ئەمانە ڕیتمیان

گەلێ تایبەتن و تا ڕادەیەک خاون، بەو مانایانەش نا کە دیمەنی خێرایان تێدا نەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دیمەنەکانیان لە ڕووی ڕیتمەوە کاتی دیاریکراو و پێویستی خۆیان هەیە و ناتوانی هەروەها و لە خۆڕایی پەلەیان لێ بکەی و خێرایان بکەیت، دەنا ئەوی تراژیدیایە بەکۆمیدیا دەشکێتەوە و کۆمیدیا بەمەهزەلەو دراماش دەبێتە میوزکال، ئەمەش ئەو بۆچوونەم دەسەلمێنێ کە خراپ تێگەیشتن و خراپ بەکارهێنانی ڕیتم کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، لەوانە تێکچوونی سەرتاسەریی شێوازی شانۆنامەکە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناشارەزایی و کەمزانی ڕیژیسۆر دەسەلمێنێ.

### هەر دەقێک ڕیتمی خۆی هەیە

ڕیتمی خێرا یان خاو چییە؟ لە ڕاستیدا هەر بەرهەمێک ڕیتمی خۆی هەیە، ئەویش ڕیتمی ناوەوە و دەرەوەی شانۆگەرییەکەیە، ڕیتمی دەق و بەرجەستەکردنیەتی، ئەمەش دەکاتە ڕیتمی نمایش. ئایا ئەو ڕیتمە ڕیتمی ڕاستەقینەی شانۆگەرییەکەیە، یان نا؟ دەبێ پرسیارەکە بەم جۆرە بێ. ڕیتمی شانۆی سایکۆلۆجی کە ئەورووپییەکان پێی ئاشنان و خەڵکی لای ئێمە پێی ئاشنا نین و لێی بێزار دەبن، بەگشتی ڕیتمێکە لە ڕووی فیزیکییەوە خاو خۆی دەنوێنێ، چونکە بایەخ بەڕیتمی ناوەوە دەدا، ئەمەش قورسترین و سەختترین جۆری نواندنە بۆ ئەکتەر، چونکە لەسەر تێمپۆی ناخ و دەروون دەڕوا، پاشانیش جەماوەرێکی دەوێ کە نەک تەنیا چاوی، بگرە هەموو هەست و نەستی بخاتە گەڕ، بایەخدان تەنیا بەڕەهەندی چاو و بینین سەدا نیوەی نمایشەکەت دەگرێتەوە، نیوەکەی دیکەی دەکەوێتە سەر ڕیتمی تێکست و دیوی ناوەوەی شانۆنامەکەت.

## ڕیتم و فۆرم و ستیل

درامانووسە هەڵکەوتووەکان خاوەن شێوازێکی تایبەتن، ئەم شێوازە بەپلەی یەکەم لە زمانی ئەدەبیاتدا بەدی دەکرێ. لە ڕاستیدا زمانی ئەدەبی درامانووس نەفەسێکی تایبەتە بەخۆی، بەو نەفەسە دەگوترێ ڕیتم و تێمپۆ. دیراسەی بەرهەمەکانی کام نووسەری بلیمەت و بەتوانا بکەی هەست بەڕیتمی تایبەتی زمانی نووسەرەکە دەکەی. شەکسپیر ڕیتمی خۆی هەیە، هەروەها مۆلێر، ستریندبێرگ، ئیبسن.

کێشەکانی شیعری لای شەکسپیر بەبەراورد لەگەڵ مۆلێردا زۆر جودان. ئەم جیاوازییە بۆ جیاوازی نێوان کەسایەتییەکان و کێشەکانیان و جەو و نەفەسی درامی و مەبەست و پەیامی نووسەر دەگەڕێتەوە.

شارەزایی ڕیژیسۆر سەبارەت بەزمانی نووسەر و ڕیتمی زمانەکەی گەلێ گرینگە. دەبێ بەر لە هەموو شتێک هەست بەڕیتمی زمانەکە بکەی، ئنجا ئەکتەرەکانت بەو زمانە ڕابهێنی. ئەکتەرانی ئینگلیز دەڵێن شەکسپیر خۆی ڕیتمی ڕۆڵەکەت دەداتێ، ڕیتمەکە لە ناو زمانەکەدایە، بەوردی و بەقووڵی بیخوێنەوە خۆی لە ناختدا ڕەنگ دەداتەوە و بەرجەستەکردنی ئاسانتر دەبێ. ستانیسلاڤسکی جیاوازی نێوان ڕیتمی زمانی مۆلێر و چێخۆڤی بەم شێوەیە شی دەکردەوە: لە شانۆنامەکانی چێخۆڤی کەسایەتییەکان یاری شەترەنج دەکەن، بەڵام لای مۆلێر کەسایەتییەکان بۆکسێن دەکەن و هەمیشە خۆ دەپارێزن و هاوکات شاڵاو دەبەن.

کە لە ڕووسیا کارم لە سەر شانۆنامەی یاری بەئاگری ستریندبێرگ دەکرد، بەردەوام بەئەکتەرەکانم دەگوت: زمانی ستریندبێرگ وەک

تەور، یان وەک خەنجەر وایە، ڕووبەڕوو و ئاشکرا و تیژە. ئەکتەرەکان لەسەر زمانی شاعیرانە و مەجازیانەی چێخۆڤ و زمانی ڕیالیستانە و ڕەخنەگرانەی ئەسترۆڤسکی و گروتێسکانەی گۆگۆل ڕاهاتبوون، دەبوایە هەردەم لە سروشتی زمانی ستریندبێرگ ئاگەرداریان بکەمەوە.

## ڕیتمی زمان لە وەرگێڕاندا

ڕێژیسۆران بەردەوام تووشی کێشەیەکی سەخت دەبن، کاتێ کار لەسەر شانۆنامەیەکی وەرگێڕدراو دەکەن. بەدەگمەن نەبێ و لە ژێر دەستی وەرگێڕێکی بەتوانا و داهێنەردا نەبێ، دەنا ڕیتمی نووسەر و شێوازی زمانەکە تێک دەچێ و دەشێوێنرێ. وەرگێڕ دەبێ شارەزاییەکی باشی لە شانۆ بەگشتی و لە نووسەر و شێوازەکەی هەبێ، ئنجا دەست بۆ کاری وەرگێڕان ببات.

کەس ئەوەندەی وەرگێڕی دوور لە شانۆ و بواری دراما و نەشارەزا لە جیهانی درامانووس و بەرهەمەکانی و ستیل و شێواز و زمانی نووسەر زیان لە شانۆ نادا. وەرگێڕانی شانۆنامە بەقەدەر وەرگێڕانی شیعر ناسکە، چونکە ئەویش بەزمانی وێنە و مەجاز دەدوێ، زمانێک کە لەسەر ڕیتم و مۆسیقا دەڕوا، ڕیتمی ناوەوە و ڕیتمی دەرەوە. ئەو داهێنانە هونەرییەش بەسەرپێی ئەنجام نادرێ و دەبێ کەسانی پسپۆڕ ئەم کارە بکەن.

کە وەرگێڕی نەشارەزا دەقێکی شانۆیی بەناوی وەرگێڕان دەشێوێنێ، کە ئەمە ئێستا لە گەلێ نێوەندا باوە، بەرهەمێکی نەزۆکی ئەوتۆ دەخوڵقێنێ کە لە ئەنجامدا دەبێتە کۆسپ و ڕێگەی داهێنان لە

ڕیژیسۆر و ئەکتەریش دەگرێ. ڕیتمی زمانی شانۆنامە لە وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە پتر دەشێوێ، بەتایبەتی لە شانۆنامەی کلاسیکدا. بیرمە چۆن وەرگێڕانی یەکێ لە تراژیدیاکانی شەکسپیر لە عەرەبییەوە، شانۆنامەکەی لە تراژیدیاوە کردبوو بەکۆمیدیا. بەگشتی ئەم ئەرکە قورس و سەختە لای ئێمە بەفشە وەردەگیرێ و گەلێ کەس بێ باکانە و چاوقایمانە دەیگرنە ئەستۆی خۆیان.

لە ڕووسیا یەکێ لە وەرگێڕە هەرە ناودارەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر کە توانیویەتی داهێنەرانە مۆسیقا و ڕیتمی زمانەکەی بەرجەستە بکا، بۆریس پاستێرناکە. شانۆکارانی ڕووس دەڵێن: هەندێ جار دەگەینە ئەو باوەڕە کە زمانەکەی شەکسپیر ناگاتە ئاستی زمانەکەی پاستێرناک. ئەم پێ لێ هەڵبڕین و پێوەنانە زۆرتر لە فشە دەچێ. بەڵام ڕووسەکان پێیان وایە کە پاستێرناک گیانی بەبەرهەمەکانی شەکسپیردا کردووە.

## نموونەیەکی وەرگێڕان...

## خەونی نیوەشەوێکی هاوین... مۆسیقای تێکست

ڕیژیسۆرانی پیشەکار لە هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی دەقی وەرگێڕاودا مۆسیقا و ڕیتمی زمانەکە لە بەرچاو دەگرن، ئەرکی وەرگێڕ تەنیا ئەوە نییە کارێکی درامی لە زمانێکەوە وەرگێڕێتە سەر زمانێکی دیکە، ئەمە ڕەنگە بەگەلێ کەس بکرێت کە دوو زمان بزانن، بەڵکو پاراستن و سەرلەنوێ خوڵقاندنی زمانی شانۆنامەکە ئەرکی سەرەکی وەرگێڕە. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە تەنیا لە کاری وەرگێڕە پسپۆڕ و شارەزاکانی بواری شانۆ و هونەری نمایش بەتایبەتی و

بوارەکـــانـی دیکـەی ئەدەب بەگـــشـــتی، ڕەنگ دەداتەوە. هـەر بۆیـە لە زۆربەی زمـانە ئەورووپـاییـەکان نەک تەنیـا یەک وەرگـێـڕان، بگرە چەند وەرگێڕانێک بۆ یەک دەق هەیـە، ئەم قسـەیە بەپلەی یەکەم وەرگێڕانی ئەدەبی کلاسیکی و شانۆنامە بەناوبانگەکانی جیهان دەگرێتەوە.

لە شـانۆ دامـەزراوەکاندا، ڕیژیسـۆر و دراماتۆرگ شـان بەشـانی یەک وەرگێـڕانەکان تاووتوو دەکـەن، مـۆسـیـقـا و ڕیتـمـی زمـان و ڕەوانی و ڕستەکان لەسـەر زار تەواو هەڵدەسـەنگێنن، ئەم لایەنە فاکتەری یەکەمە لە بڕیاردان و پەسـەندکردنی وەرگێڕانەکە.

لە هـەندێک بارودۆخدا، بەتایـبـەت کە ڕیژیسـۆر و دراماتۆرگ دەگەنە ئەو باوەڕەی کـە وەرگـێـڕانەکـە لەبار نیـیـە، نـاچار دەبن سـەرلەنوێ دەقەکە وەربگێڕنەوە.

## "کێ لە ڤرجینا وڵف دەترسێ" وەک نموونەیەک

چەند سـاڵێک بەر لە ئێسـتا، ئامـادەی یەکێ لە پرۆڤەکانی شـانۆنـامـەی «کێ لە ڤـرجـینا وڵف دەترسێ»ی ئیـدوار ئۆڵبی بووم، کە ڕیژیسـۆری سـویدی "کریسـتیـان تۆمنەر" کاری لەسـەر دەکرد. تۆمنەر لە سـوێددا بەوە ناسـراوە کە لە بواری نمـایشی سـایکۆلۆجیـدا دەسـتـێکی باڵای هـەیە. لە بەرهـەمـەکانی ئەم ڕیژیسۆرە شـانۆنامـەی: "تارماییـیەکان" ی ئیبسن و "بـەتووڕەیییـەوە ئاوڕبدەوە"ی ئۆزبۆرن و «گالێسکەیەک ناوی ئارەزووی» "تنیسی ولیام" و تاد.

لە خـوێندنەوەی یەکـەمـدا، ئەکـتـەرەکـان دوو وەرگـێـڕان و دەقـە ئەسڵییەکەیان بەزمانی ئینگلیزی لە پێشدا بوو، بەراورد و تاووتوویان دەکردن، ڕسـتـە بەڕسـتـە دەیانویست پتر ئاشنای ڕیتم و مـۆسـیـقـای شانۆنامەکە بن.

لە ئەزموونی تاکە کەسی خۆمەوە دەزانم ئەم شێوەکارکردنە سوود بەخشە.

بۆ نموونە، لە کاتی کارکردنمدا لەسەر شانۆنامەی "خەونی نیوەشەوێکی هاوینە" چەند وەرگێڕانێکم لەگەڵ یەکتر بەراورد کرد.

پێش ئەوەی دەست بەکار بم، چوار وەرگێڕانی عەرەبی دەقەکەم لەگەڵ یەک بەراورد کرد. لە ئەنجامدا وەرگێڕانەکەی محمد العنانیم هەڵبژارد، چونکە لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقا و سەداوە لەوانی دیکە توندوتۆڵتر و نایابتر بوو. ڕەنگە ئەم وەرگێڕانە لە ڕووی ناوەڕۆک و دەستپاکی و ئەمانەتەوە شان لە شانی ئەوانی دیکە نەدات، بەڵام لە ڕووی مۆسیقا و ڕیتمەوە لەوەکانی دیکە گونجاوترە. کاتێک کە بەوردی وەرگێڕانەکە دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێ کە وەرگێڕی شانۆنامەکە کەسێکی شانۆکارە و شارەزای زمانی نمایشە.

هیچ وەرگێڕێک ناتوانێ لە هەموو ڕوویەکەوە حەقی دەقی شەکسپیر بدا، واتە کەس ناتوانێ لە ڕووی سەبک و دارشتن و زمانی تێروتەسەلی شاعیرانە و مەجازیانە و زمانێکی بەجۆش و بەڕیتم و مۆسیقا، بەئەوپەڕی ئەمانەت و دەستپاکییەوە پێشکێش بکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی زۆری ڕستەکانی شەکسپیر دەکرێ بەچەند مانایەک لێک بدرێنەوە. باشە وەرگێڕ کامیان هەڵدەبژێرێ.

مەرجێ من وەکو ڕێژیسۆر بۆ پەسەندکردنی زمانی وەرگێڕان ئەوەیە کە دەبێ بۆ ئەکتەر زمانێکی مۆسیقایی گونجاو و لە باری هەبێ. هەر بۆیە ئەو وەرگێڕانەم هەڵبژارد، دەشزانم هەموو ڕێژیسۆرێکی پیشەکار هەر وا دەکا. ئاگەدارم شانۆنامەکانی شەکسپیر بەزمانی ئەڵمانی بەچەند وەرگێڕانێکی جیاواز هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش

ڕیژیسۆرێکی گەورەی وەکو پیتەر شتەین دەڵێ: هەرچەندە شەکسپیر بەپتر لە حەفتا وەرگێڕان بەزمانی ئەڵمانی هەیە، بەڵام کە شانۆنامەیەکی دەردەهێنم پێویستم بەوەرگێڕانێکی نوێیە، وەرگێڕانێکی تایبەت بەخۆم، وەرگێڕانێک لەگەڵ شێوازی تایبەتیم لە دەرهێناندا بگونجێ، ئەوەش پێوەندی ڕاستەوخۆی بەڕیتمی زمانەکەوە هەیە.

## ڕیتمێک بۆ مرۆژک... ڕیتمێک بۆ دۆرفمان

ڕیتم و مۆسیقا لە سەرجەمی کارەکانمدا بایەخێکی تایبەتیان هەیە و بەردی بناغەی نمایشەکانمە. لە هەندێکیاندا مۆسیقا کەم بەکارهێنراون، بەڵام هەوڵم داوە تێمپۆڕیتم و مۆسیقا لە جەستە و جووڵە و بێدەنگی و پێکهاتەکاندا ببیسترێن، کە مۆسیقایشم ڕاستەوخۆ بەکار نەهێنابێ، بایەخی تەواوم بەمۆسیقای ناوەوە داوە، نموونەیشم بەرهەمەکانی "تیپی شانۆی ئارارات"ە وەکو: شانۆنامەی گێژەن و ڕووتبوونەوە و دوو پێغەمبەر و دواتریش شانۆنامەی مەرگ و کچە.

لە ناو بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئاراراتدا شانۆنامەکانی نووسەری پۆڵۆنی سلاڤومیر مرۆژک بەشی شێری هەیە. زمانی گێژەن و ڕووتبوونەوە و دوو پێغەمبەر ڕیتمێکی توند و تۆڵی هەیە. پێکهاتەی ڕستەکان کورتن و دوورن لە شێوازی مۆنۆلۆگی دووردرێژ. ڕیتمی و وچان و بێدەنگییەکانی ناو ئاخافتنەکان، یەکسەر زمانی ساموێل بێکێتمان وەبیر دەخاتەوە، ئەمەش سەیر نییە، چونکە مرۆژک نکوڵی لە کاریگەریەتی بێکیت ناکا. مۆسیقای ناوەوەی تێکستەکانی مرۆژک یارمەتی ڕیژیسۆر دەدات لە چەسپکردن و مەحکەمکردنی ڕیتمی

دەرەوە. مـرۆژک هـەروەک بێکێت خـۆی دەسـتی ڕیژیسـۆر دەگـرێ و بەڕیتمێکی دیاریکراو ڕێگەی نمایشەکەی بۆ خۆش دەکات، بەمەرجێک ڕیژیسۆر خۆی خاوەن سەلیقەیەکی مۆسیقایی بێ.

## لەگەڵ مۆسیقازاندا کار بکە

شێوازی کارکردن لەگەڵ مۆسیقای زیندوودا نایابترین شێوازە لای من، وا دەزانم زۆربەی ڕیژیسـۆران ئـەگـەر بۆیان بلوێت مـۆسـیـقـای زیندوو هەڵدەبژێرن، بەڵام مەسرەفی سووک نییە.

له شانۆنامەی سەمووم و تەرتووف "هەردووکیان بەئینگلیزی بوون" و شانۆنامەی هەزار و یەک شەوە "بەسوێدی" مۆسیقای زیندووم بەکار هێنا، گەلێ وانەی ڕیژیسۆری بەکەڵکیان لێوە فێربووم. پێم باشە ڕیژیسۆری گەنج تا بۆی دەکرێ لە نزیکەوە لەگەڵ مۆسیقازانانەدا کار بکا، چونکە ئەوەی ڕیژیسۆر لە پسپۆرانی مۆسیقاوە فێری دەبێ، بایەخێکی بێ هاوتای هەیە، خۆ ئەگەر پسپۆڕێکی بواری مۆسیقا هاوشانت بێ و لە مەیدانی ڕیتم و جووڵەدا مەشق بەئەکتەرەکانت بکات، ئەوە بێ گومان ئاکامێکی زۆر باش بەدەست دەهێنی و ڕێگەی دوورت بۆ کورت دەکرێتەوە.

## دوو جۆرە نمایش

ئەگەر لە ڕووی شێوازەوە نەریت و ترادیسیۆنی نمایش دابەش بکەین، ڕەنگە بۆ سەردەمی ئێستامان شێوازی فیزیکی "جەستەیی و هەیکەلی" و شێوازی دەروونی دابەشکردنێکی مەجازیانە بێ، کە دەکرێ لەم باسەدا پەنای بەرینە بەر. شانۆنامەکانی سەردەمی ئەنتیک و شەکسپیر و مۆلێر و گەلێک لە شانۆنامەکانی نووسەرانی

کۆمیدیا و شانۆی سیاسی و...تاد. شانۆی فیزیکی واتە جەستەیی و هەیکەلی بن.

بەشی دووەمیش شانۆی سایکۆلۆجییە، کە بالآدەستترین شانۆی ئەم سەردەمەیە. هەر لە پاش ئیبسن و ستریندبێرگەوە ئەم شانۆیە لە نشونما و پەلهاویشتنە. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دوو تەرزەی شانۆدا، سەبارەت بەبینای مۆسیقایی و مۆسیقای ناوەوە و بەکارهێنانی مۆسیقا گەلێ جیاوازە.

لە حاڵەتی یەکەمدا جەستە و پێکهاتی فیزیکی سەر شانۆ و ڕەهەندەکانی بینین مۆسیقایەکی ڕوونتر و ڕیتمێکی ئاشکراتر دەدا بەدەستەوە، کە لە جیاوازیی و گۆڕانەکانی نێوان هارمۆنیا و کۆنتراست و پلەی دینامییەتی دیمەنەکاندا دەردەکەوێ.

واتە دەست نیشانکردنی ئەم ڕەهەندانە لەو تەرزە شانۆیەدا ئاسانترن، چونکە زەقتر و ئاشکراتر هەستیان پێ دەکرێ.

## ڕومیۆ و جولێیت... نموونەیەک

گۆڕانەکانی پێکهاتەی مۆسیقایانەی ناو شانۆنامەیەکی کلاسیک زیاتر لە ستروکتور و هەیکەلی سیمفۆنیاوە نزیکە. میرهولد یەکەم ڕیژیسۆرە کە خاوەنی ئەم بۆچوونە بووە، ئەگەر تەمەن بواری دابا ڕەنگە لەم مەیدانەدا دەستکەوتی گەورەتری بۆ شانۆ لە پاش خۆی جێ هێشتبا.

میرهولد بەش و دیمەن و ئێپیسۆدەکانی ناو شانۆنامەیەکی بەبەش و جووڵەی ناو سیمفۆنیا دەچواند. نەک هەر ئەوەندە بەتێرم و زاراوەی مۆسیقا و سیستەم و ستروکتوری مۆسیقایانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم زاراوانەی بەکار دەهێنا:

Largo, presto, allegro, allegretto, forte, fortissimo, piano, pianissimo, andante cantabile, sforzando, rallentando.

ئەگەر لەم تێرمانەی مۆسیقا بکۆڵیتەوە و بەگوێرەیان ڕەفتار لەگەڵ نمایشەکانت بکەی، ئەوە سیستەمی مۆسیقا لە ناو کارەکەتدا دەچەسپێ و لە ڕووی زەمەنەوە نمایشەکەت توند و تۆڵ دەبێ.

ڕیژیسۆری بەریتانی چارلیس مارۆڤیتز، کە هاوکاری پیتەر برووک بوو لە سەردەمی کارکردنیدا لە ستودیۆی توونددوتیژی و میتۆدی ئارتۆ، ڕاهێنانێکی سیستەمی سیمفۆنیا لەسەر پێکهاتی شانۆنامەی ڕۆمیۆ و جولێیتی شەکسپیردا بەم شێوەیە پێشنیاز دەکا:

"سەرەتای دیمەنی باڵکۆنەکە، ئەم دیمەنە کە لە شەودا و لەبەر تریفەی مانگەشەو لە کەش و هەوایەکی پڕ لە مەترسیدا ڕوو دەدات، دەکرێ بەلارگۆ و پیانیسیمو دەست پێ بکا، بەڵام کاتێک کە ڕۆمیۆ خۆی لە جولێیت ئاشکرا دەکا، ئیدی مۆسیقا دەبێ یەکسەر بگۆڕدرێت بۆ فۆرتێیە و پرێستۆ.

کە مەترسی لەسەردانەکەی ڕۆمیۆ بۆ جولێیت بەسەر دەچێ، پاش ئەوەی هەردووکیان ئەوینی خۆیان بۆ یەکدی دەردەبڕن و پەیمان دەبەستن کە یەکدییان خۆش بوێ، هاوکاتیش دایانەکە پەیتا پەیتا بانگی جولێیت دەکا کە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، لەم دیمەنەدا دەکرێ سفۆرتساندۆ بەکاربهێنرێ، کە پاشان بچێتە سەر جۆرە ئەلیگرۆیەکی بەجۆش و ورووژێنەر.

ئەم دیمەنە چەندە دەربارەی ئەوین و دڵدارییە، ئەوەندەش دەربارەی ترس و دڵەڕاوکێیە. کاتێک کە بەم چەشنە هەستی خۆشەویستی و ترس لەسەر شانۆدا تێکەڵ بەیەکدی دەبن، ئەو دەمە زیاتر لە

شێوازێکی ئۆپێرایی نزیک دەبینەوە. ئەو دەمە دەست نیشانکردنی تێرمە مۆسیقاییەکان و حاڵەتەکانی هاوتایان لەسەر شانۆدا گەلێک ئاسانە.

## بێدەنگی سایکۆلۆجی... مۆسیقای دەروون... مۆسیقای بن دێر

لە نێوان بەرهەمەکانی ئاراراتدا مەرگ و کچ وەکو شانۆنامەیەکی سایکۆلۆجی جێگەیەکی دیکەی هەیە بۆ من وەکو ڕێژیسۆرێک کە پتر کارم لەسەر پێکهاتی فیزیکی و ڕیتمی توند و بەجۆش کردووە.

زمانی شانۆی سایکۆلۆجی زمانی شانۆی هاوچەرخە، زمانی ئینسانییەتی دەروون ئاڵۆزی سەردەمی پێشکەوتن و گەشەی تەکنۆلۆجیایە، زمانێکە مۆرکی زانستی دەروون و دەستکەوتەکانی فرۆیدی پێوە دیارە. مۆسیقا و ڕیتمی ئەم زمانە لە دەروونی ئادەمیزادەوە هەڵدەقووڵێ، دەستکاریکردنی ناوەستایانەی ئەم زمانە و هەروەها مامەڵەکردنی ناشارەزایانە لەگەڵیدا، بەغەیری شێواندن و نابووتکردنی دراماکە هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

زمانی سایکۆلۆجیا لە دەروونەوە هەڵدەقووڵێ و خۆی بەسەر نمایشەکەدا زاڵ دەکا و مۆسیقا و ڕیتمی دەرەوە پێک دەهێنێ، بۆیە وەکو ڕیژیسۆر دەبێ پەلەی لێ نەکەی.

## ڕێز لە وچان و بێدەنگی سایکۆلۆجی بگرە

ڕیژیسۆر لە شانۆی سایکۆلۆجییدا دەبێ ڕێز لە بێدەنگی و پشوو و وچانەکان بگرێ، چونکە ئەوانە لە مۆسیقادا وەکو مەودای نێوان دوو لێدان وان. بێ ئەوانە ڕیتم دروست نابێ. ئەگەر پەلەیان لێ بکەی تێک دەچێ.

ئەو ڕیژیسۆرانەی کە لە شانۆی سایکۆلۆجیدا پەلە دەکەن، بەزۆری لەبەر ڕاگرتنی دڵی بینەران وا دەکەن، چونکە وا دەزانن بینەران بەڕیتمی سایکۆلۆجی وەڕس دەبن، ئەوانە چاکتر وایە خۆیان لە شانۆی سایکۆلۆجی دوور ڕابگرن، چونکە ڕاگرتنی دڵی بینەران بەڕیتمی خاو ئاسان نییە، بینەرانی شانۆ گلەیی تەنیا لە ڕیتمی خاو دەکەن، ڕیتمی خاو بەشێوەیەکی گشتی ڕەزای گرانە، کەس گلەیی لە ڕیتمی خێرا ناکا، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی وایە نەک هەمیشە، بەڵام خۆ ناشکرێ شانۆنامەکانی ئۆنێل و پینتەر و چێخوف و دۆرفمان، تەنیا لەبەرئەوەی جەمهوورەکەت ڕانەهاتووە لە یەک کاتژمێر پتر دانیشێ، بەتێمپۆڕیتمی خێرا پێشکێش بکەی، «مەرگ و کچ» یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە تێمپۆڕیتمی سایکۆلۆجی جێبەجێ دەکا، من دەمزانی نمایشی لەم جۆرە بۆ بینەران ئاسان نییە، بەڵام بۆ من وەکو ڕیژیسۆر ئەرکێکی گرینگ بوو، دەبوایە بیگرمە ئەستۆ و تاقی بکەمەوە، دەشمزانی مەسەلە بەنیسبەت جەمهوورەوە ڕاهاتنە.

## ئاشنای خودی خۆت بە

کە کار لەسەر شانۆنامەیەکی سایکۆلۆجی دەکەم، هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە هەوڵ دەدەم، ئەکتەرەکانم، تا بۆیان بکرێ، لە خودی خۆیان نزیک ببنەوە و لە هەموو فۆرم و کلێشە و شێوازێکی شانۆیی چەسپاو لە جەستە و دەنگ و گوزارشتیاندا دوور بخەمەوە، بەمەبەستی ئەوەی دەنگی ناوەوەی خۆیان بدۆزنەوە.

دەکرێ شانۆنامەی "یاری بەئاگر" "بە ڕووسی" و "مەرگ و کچ" بەنموونە بهێنمەوە. لەم دوو نمایشەدا چەمکی مۆسیقای ناوەوە گەلێک گرینگە، هەر دوورکەوتنەوەیەک لە سەرچاوەی مۆسیقای

ناوەوە، لە شـانۆی سـایکۆلۆجـیـدا سـاخـتـە و ڕووکـەشـیـی و زەیف دەخـۆڵقێنی، شـتـێکە کـە بینەر هەر بەسـەلیـقـە هەسـتی پێ دەکا، خۆ ئەگـەر هەسـتی پێ نەکا، ئەوە تەنیا لەبەرئەوەیە کـە بینەران شـارەزای ئەم تەرزە شـانۆییـیـە نین. سـەرەڕای ئەوەش دەروونی بینـەر بەدرۆ و کـاریگـەریەتی سـاخـتـەکـارانە نایەتە هەژاندن. ئەوەی بەسـاخـتـە دەخەڵەتێ تەنیا چاوە، ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت.

**پینتەر نموونەیەکە**

چەند سـاڵێک بـەر لە ئێـسـتـا شـانۆگـەری پاسـەوانی هـارۆڵد پینتـەرم لەسـەر شانۆی شـار لە ستۆکـهۆڵمدا لەگەڵ شانۆکارێکی لای خۆمـان بینی، دەرهێنـانێکی تا بڵێی جوان و ڕاسـتگۆیانـە و کـاریگـەر بوو، لەو جـۆرە دەرهێنانانە بوو، کـە پێی دەگـوترێ پاراو و بێ توێکڵ. پوخت و ڕەوان. ئەم نمایشـە کـە لە لایەن یەکـێک لە ڕیـژیسـۆرە پسـپـۆڕەکـانی درامای سـایکۆلۆجییەوە دەرهێـنرابوو، یەکسـەر کاری دەکردە سـەر دڵ و دەروون.

ئەوەی کـە سـەرسـامی کردبووم و بەدرێژایی نمایشـەکـە چێـژم لێ وەردەگـرت، مـۆسـیـقـای بێـدەنگی بوو، یـان چاکـتـر وایە بڵـێم ئەو بێـدەنگـیـانە بوو کـە لەسـەر سـیـسـتـمـێکی مـۆسـیـقـا هەڵچنرابوو، مـۆسـیـقـایەک کە ئاوێتـەی ناخ و دەروونی ئەکتـەرەکان بوو و بەقـووڵی گوزارشتی لە فـەلسـەفە و جەوهـەری وجودیانەی شـانۆنامـەکە دەکرد. ڕیتـــمی ناوەوەی ئـەکـتـــەرەکـــان جـــەوێکی زۆر گـــەرم و بەجـــۆشی بەشـانۆگـەرییـەکـە بـەخـشـی بوو. هـەر پاشـان وەرزی پـیـشـانـدانی شـانۆنامەکە لە ڕێگەی تەلەڤزیـۆنەوە پیشـان درا، کە ئەمـە تەنیا لەگەڵ نمایشە هەرە سەرکەوتووەکاندا دەکرێ.

## بەراوردێک

شـانۆکـارەکـەی لەمــەڕ خـۆمـان پـێی گـوتم، ئەمــە کـاتی خـۆی لـە بەغدا پێشکێش کرا گەلێ لەم نمایشـە جوانتر بوو. لێـم پرسـی: چۆن؟ گوتی: ڕیژیسـۆرەکـەی بـەغدا پێش هـەمـوو شـتێک دیواری بنەوەی شـانۆکـەی لابرد و وای لە کـەسـایەتیـیەکـانیش کـرد هـەمـوو خـێرا قـسـە بکەن، هـەروەها وا بزانم گـوتی کـە ڕیژیسـۆرەکـە ژمـارەی کـارەکتـەرەکـانی لە سێ کەسەوە کرد بەدووان.

گوتم: ئەگەر ئەم بەخێرایی قسەکردنە مەرجێکی شانۆنامەکە بێ، تۆ پێت وایە ئەم ڕیژیسـۆرە ئەوەندەی ئەوەی بەغدا زیرەک نەبێ و هـەسـتی پێ نەکات؟ کـە ئەمـە کولتووری خـۆیەتی و هـەر لە سـەردەمی فـرۆیدەوە ئەمــانە شـارەزای ئەم ئەدەبەن. تۆ بڵـێی ئەم ئەورووپاییـیـە بەقـەدەر ڕیژیسـۆرێکی عـەرەب شـارەزای مـۆسـیـقـای ناوەوەی کـارەکتـەرەکـانی پینتەر نەبێ کە لە دەروونەوە هەڵدەقووڵێ؟

بەڕاسـتـی داهێنانـی ڕیژیسـۆر لـە شـانۆنامــەیەکی مـۆدێرنی وەکـو شـانۆنامـەکـانی پێنتـەر لە پـەیبـردن بەمـۆسـیـقـای ناوەوەی تێکست دەردەکەوێ نەک لەوەی دیوارێک لابەرێ، یان ژمـارەی کەسایەتییـەکانی ناو شـانۆنامـەکـە کـەم بکەیتـەوە، یان نیـوەی شـانۆنامـەکـە لابەری و نیوەکەی دیکەیشی بکەی بەسەما و سەرمەقولات لێدان. لە ڕاستیدا ڕیژیسۆری پیشەکار ئەم ناشیرینکردنەی شانۆنامەکە بەنیشانەیەکی تێنەگەیشتن لە نووسەر و بەرهەمەکەی دەزانێ، هـەروەها بەڵگەیەکە بۆ سەنعەت نەزانی ڕیژیسۆر.

## شانۆی مۆدێرن و مۆسیقای ناوەوەی خودی مرۆڤ

باوەڕم وایە کە ئەدەبی شانۆی مۆدێرن لەسەر ڕەوتی مۆسیقای ناوەوەی خودی مرۆڤی هاوچەرخ بینا کراوە. بۆ گەیشتن بەم سەرچاوەیە، دەبێ وا لە ئەکتەرەکانت بکەی، تا بۆیان دەکرێ لە خودی خۆیان نزیک ببنەوە و خودی خۆیان بکەن بەسەرچاوەی ڕیتم و مۆسیقا بۆ نزیک بوونە لە ڕیتم و مۆسیقای کەسایەتییەکە و پاشتریش لە ڕیتم و مۆسیقای دیمەن و شانۆگەرییەکە بەگشتی.

من باوەڕم بەوەیە کە وەک چۆن ڕیژیسۆر و ئەکتەر ڕیتمی نوێ تاقی دەکەنەوە و خۆیان لەسەر کارکردن بەڕیتم و مۆسیقای جیاواز ڕادەهێنن، بۆ بینەرانیش هەمان شتە.

ڕیژیسۆر نابێ لەوە بترسێت کە بینەر لە ڕیتمی شانۆی سایکۆلۆجی بێزار دەبێ، ئەگەر ڕیتمی نمایشەکەت لە ناخی تێکستەکەتەوە هەڵقوولابێ، ئەگەر ناوەوە و دەرەوە هاوشانی یەکدی برۆن ئیدی پێویست ناکا لە نمایشەکەت بترسی، چونکە ئەو کات ڕیتمی نمایشەکەت و نەبزی دڵ و تێمپۆی هەناسەدانی جەمهوورەکەت دەبن بەیەک.

ئەگەر سەرجەمی نمایشەکەت بەپێی تێمپۆڕیتمێکی پتەو و دامەزراو بڕوات، بەرهەمەکەت خۆی وەکو کارێکی مۆسیقایی درامیانە دەنوێنێ.

زۆر جار دەبیستم بەبەرهەمێک دەگوترێ، ڕیتمێکی خێرای هەیە، یان ڕیتمێکی خاوی هەیە. گوزارشتی یەکەمیان وەکو ستایش بەکار دەهێنرێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە خۆی لە خۆیدا هەندێ جار وەکو سیفەتێکی خراپ وایە، چونکە ناکرێ بۆ نموونە داوای ڕیتمی خێرا لە

سەرجەمی شانۆنامەی باخی گێلاسی چێخۆف بکەی و بتەوێ بەهەمان ڕیتمی خێرای شەکسپیر نمایش بکرێ.

### کرداری جیاواز... ڕیتمی جیاواز

هەندێ کردار هەن دەکرێ بەهەر تێمپۆڕیتمێک بتەوێ جێبەجێیان بکەی.

بۆ نموونە ئێمە کە ڕادەکەین، دەتوانین خێرا ڕابکەین، خێراتر، خاوتر، بەهەمان شێوە کاتێ کە سەما دەکەین، مەلە دەکەین، کاتێک خواردن دەخۆین، بۆکسێن دەکەین، ئەم کردارانە مۆرکی فیزیکین و زۆر زەق و بەرچاون، بەڵام کە کەسێک نووستبێ، یان دانیشبێ و نەجوولێ، ناتوانێ کردارەکانی بەهەمان تێمپۆڕیتمی خێرا بەئەنجام بگەیەنرێن.

نموونەیەکی دیکە: فەرموو دوو دیمەنی جیاواز وەربگرە، دیمەنی کەسێک کە ڕاودەنرێ، یان لە ترساندا هەڵدێ، لەگەڵ دیمەنی کەسێکی خەمبار کە بەتەنیا دانیشتووە، یان دوو خۆشەویست کە لە ڕۆخی ڕووبارێکدا دانیشتوون، دەکرێ ڕیتمی خێرا بۆ هەردوو دیمەنەکە بەکار بێنی؟ دەتەوێ دیمەنی خەمبارییەکە وەکو دیمەنی ڕاکردنەکە خێرا بێ؟ خۆ ئەگەر ئەم دوو دیمەنە هەر یەک کەس لەسەر شانۆدا ئەنجامی بدا، دەبێ بەدوو تێمپۆڕیتمی جیاواز ئەنجام بدرێ.

ئەم گۆڕانکارییە لە پلەی خێرایی و خاویدا بەزاراوەی مۆسیقا پێی دەڵێن تێمپۆ، تۆ وەکو ڕیژیسۆر بەرپرسی لەوەی کە تێمپۆ بگۆڕی، ئەم گۆڕانەش دەبێ بەپێی باری دەروونی و سایکۆلۆجی لە چوارچێوەی ڕیتمی گشتی شانۆگەرییەکەتدا ئەنجام بدرێ، جا بۆیە کە ڕیژیسۆرێک پێی وایە دەبێ تێمپۆیەکی خێرا بەسەر شانۆگەرییەکی

سایکۆلۆجی لەوانەی دۆرفمان، یان پینتەر بسەپێندرێت، بەڕاستی ئەو ڕێژیسۆرە دەبێ جارێکی دیکە سەرلەنۆی بەوانە بنچینەییەکانی هونەری ڕێژیسۆریدا بچێتەوە. یانیش دەبێ باوەڕ بەوە بهێنین کە ڕیتمی ئەو دوو دیمەنەی کە ئاماژەم پێ کرد، کەسێک کە ڕادەکات و کەسێک کە نووستوە، هەردوو دەبێ خێرا بن، بۆچی؟ چونکە پێمان وایە کە ڕیتم لە شانۆدا هەمیشە دەبێ خێرا بێ.

تێمپۆڕیتم دەبێ لە حاڵەتی سایکۆلۆجی و باری دەروونی کارەکتەرەکاندا بگونجێ دەنا فیکرە و بابەت و میزاج و مەبەست هەموویان لە بنەوە دەگۆڕێن و هەموو مەبەستێک بەپێچەوانەوە خۆی دەنوێنێ.

بۆ نموونە ئەگەر تێمپۆی دیمەنێکی خەمبار خێرا بکەی، دەبێ بەدیمەنێکی شاد و دوور نییە ببێت بەدیمەنێکی کۆمیدی، ئەگەر شانۆگەرییەکانی چێخۆڤ خێراتر لە تێمپۆڕیتمی خۆیان نمایش بکەین دەبن بەمۆزیکاڵ.

ئەو شانۆگەرییانەی کە درێژن، ئەگەر لە تێمپۆڕیتمی خۆیان بترازێن بەڕاستی دەشێونرێن، شانۆنامەکانی شەکسپیر، یان چێخۆڤ "یەک پەردەییەکانی لێ بترازێت" بەڕیتمی خۆیان نزیکەی سێ سەعات دەخایەنن، ئەمە بۆ جەمهووری وڵاتانی پێشکەوتوو گەلێ ئاساییە، بەڵام نەک بۆ هەموو وڵاتێک.

## مۆسیقا و وێنەی فۆرمەکانی پلاستیکا

ئەگەر مۆسیقا بەگوێرەی بۆچوونی ستانیسلاڤسکی لە هەست و نەست و باری دەروونییەوە سەرچاوە بگرێ، دەسا لای میرهولد سەرانسەری فۆرمەکانی سەر شانۆکە دەگرێتەوە، لە سەرووی

هەموانەوە، پێکهاتەی فۆرمە پلاستیکییەکانی جەستەی ئەکتەر و پێکهاتەکانی بینین. بەو مانایەی کە پێکهاتە پلاستیکییەکان لە چوارچێوەی ڕیتمدا بینا دەکرێن. بێ گومان هەموو سیستمی بیۆمیکانیکی مییرهولد لەسەر ڕیتمی ئەکتەر و ڕاهێنان و جۆشکردنی بەهەستی زەمەن پێکهاتووە، ئەمەش بوارێکی فراوانە و ڕیژیسۆر دەتوانێ سوودێکی بێ ئەندازەی لێ وەربگرێ.

**مۆسیقای کاریگەریی**

مۆسیقا وەکو ئامرازی کاریگەریی لە بەرجەستەکردنی وێنەی شانۆییدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەڕادەیەکی ئەوتۆ پەرە دەستێنێ، کە زۆربەی شانۆکانی جیهان بەزەحمەت فریای تاقیکردنەوەی دەکەون، ئەم گەشەکردنە ئەوەندە خێرا ڕوو دەدا تەنانەت شانۆکارانی ئەورووپا خەریکە ئەوە لە یاد دەکەن کە تەنیا شەست ساڵ بەر لە ئێستا بۆ بەدیهێنانی دەنگی باران فاسۆلیا و نۆکی وشکیان لە ناو قووتوودا بەکار دەهێنا، بۆ دەنگی پێی ئەسپیش گوێزی هێندی وشکیان بەکار دەهێنا، هەروەها بۆ دروستکردنی دەنگی باوبۆران ئامێرێکی ساکار بەکار دەهێنرا، کە بریتی بوو لە چەند چەرداخێکی قوماش کە دەیانسوڕاند دەنگێکی دەدایەوە وەکو دەنگی باوبۆران بوو. ئێستاش کام دەنگت بوێ دەکرێ بەشێوەیەکی بەرجەستەکراو "مجسم" و بەتۆنی جیا جیا و بەپرۆگرام کراوی و بەئاسانی بەدەست بهێنی.

باشترین نموونەی پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆجیای مۆسیقا وەکو ئامرازێکی کاریگەرانەی دیمەنی شانۆیی، لە شانۆی مۆزیکاڵدا دەبیستی، کە دوا مۆدێلی تەکنیکی مۆسیقای تێدا بەکار دەهێنرێ. ئەمەش بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی ئەم بوارە دەگەڕێتەوە. ڕێژیسۆر

چەند لەم بوارە شارەزابێ، ئەوەندە کارەکانی بەئاسانی مەیسەر دەبن.

دەزانم گەلێک ڕێژیسۆر هەن بەناوهێنانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا دەشڵەژێن و ترسیان دەکەوێتە بەر، مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە، لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیادا یەکسەر بیر لە نموونەی شانۆکانی وێست ئێند و برۆدوای و شانۆ گەورەکانی ئەورووپا بکەیتەوە و ئیدی ئەوە بکەیت بەبیانوو کە مۆدێلی وا مەحاڵە. ئەوە ڕاستە، ئەو مۆدێلە گرانبەهایە نەک بۆ تۆ، بگرە بۆ گەلێ شانۆی ئەورووپاییش مەحاڵە، بەڵام ئێستا و لەم دەورانەدا کارەکان گەلێ ئاسان کراونەتەوە. دەتوانی نایابترین جۆری دەنگ و مۆسیقای کاریگەریەتی لە شێوەی کاسێت و سی دی و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە مسۆگەر بکەی و تاقییان بکەیتەوە.

## تەکنۆلۆجیا بەڵام...

تا بۆت دەکرێ ئەوەی دەتەوێ بەنواندن و هونەری ئەکتەر جێبەجێی بکە، زمانی نواندن زمانی ڕاستەقینەی گوزارشتە لە شانۆدا. بەر لەوەی یەکسەر پەنا بەریتە بەر تەکنۆلۆجیا و ئامێری تەکنیکی شانۆ هەموو ئەگەرە سروشتییەکانی زمان و کەرستەی شانۆ تاقی بکەوە. پاشان پەنا بەرە بەر تەکنۆلۆجیا، بەڵام چاکتر وایە زمانی بەرجەستەکردن بەنواندن و کەرەستەکانی ئەکتەر بخەیتە پێش کەرەستەکانی تەکنۆلۆجیا.

شارەزایی ڕێژیسۆر و هاوکارانی لە بواری تەکنۆلۆجیادا گەلێ گرینگە، مەرجیش نییە، تەکنۆلۆجیا هەموو بوارێکی نمایشەکەت بگرێتەوە، گەلێ لە ڕیژیسۆرانی ئەم سەردەمە خۆیان لە بەکارهێنانی

تەکنۆلۆجیا دەپارێزن، بەڵام لە بوارێک لە بوارەکانی نمایشەکەیاندا تەکنۆلۆجیا بەکار دێن، یان چاکترە بڵێم کە تەکنۆلۆجیا فریایان دەکەوێ.

ڕەنگە لەم سەردەمەی ئێستاماندا کەس ئەوەندەی برووک و باربا خۆیان لە دەستکەوتەکانی تەکنۆلۆجیا نەپارێزن، کە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن هەموو شتێک بەزمانی ڕەسەنی شانۆ و کەرستەی فۆرمە دێرینەکانی شانۆ بەرجەستە بکەن. بەڵام ئەمەش سەد لە سەد نییە.

بۆ نموونە ساڵی پار شانۆنامەی «سیزیفی بانزی مردووە» پیتەر برووکم لە ستۆکهۆڵمدا بینی، دەقی شانۆنامەکە بەزمانی فەرەنسی بوو، وەرگێڕانی تێکستەکە لەسەر شاشەیەک بەسوێدی پیشان دەدرا، بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئەم تەکنیکە سادەیە چەند یارمەتیمان دەدا کە لە بەرهەمەکە تێ بگەین، هەروەها چەند یارمەتی برووک دەدا لەوەی کە بەرهەمەکانی خۆی لە چەندین وڵاتدا پێشکێش بکا، هاوکاتیش ئەم تەکنیکە چەند لە هێز و وزەی نمایشەکە کەم دەکاتەوە، بەوەی بینەران بەردەوام چاو لە شاشەکە نەترووکێنن، نمایشێک کە ڕاستەوخۆ ڕوو لە بینەران دەکا، بەتەکنیکێکی لەم چەشنە تا ڕادەیەکی باش زەرەرمەند دەبێ.

## مۆسیقا لە پرۆڤەکانتدا بەکار بهێنە

هیچ نمایشێک بەقەدەر ئەوە ناشیرین و ناخۆش نییە، کاتێک کە مۆسیقای بەشێوەیەکی خراپ تێدا جێبەجێ دەکرێ. ئەم قسەیە زۆر لە قسەیەکی گشتی و سواو دەچێ، بەڵام ڕێژیسۆرانی پسپۆڕ و پیشەکار لەو مەسەلەیەدا هەڵە ناکەن. تەنیا ڕێژیسۆری ناشارەزا و

کەم ئەزموون و ئارەزوومەند بایەخ بەگرینگی پراکتیزەکردنی مۆسیقا لە کاتی پرۆڤەدا نادات.

پرۆڤەی مۆسیقا فەرامۆش مەکە، بۆ ئەو دیمەنانەی کە کاری ئەکتەر زۆر پشت بەمۆسیقا دەبەستێ، پرۆڤەی تایبەتی بۆ تەرخان بکە و کاتێکی باشی بۆ دابنێ.

ئەکتەر دەبێت بەشێنەیی و لەسەرخۆ کار لەگەڵ مۆسیقادا بکات. ئەو دیمەنانەی کە جووڵەی زۆری تێدایە و جووڵە و گۆڕانکارییەکانیش پێبەندن بەمۆسیقاوە، ئەو دیمەنانە دەبێ پرۆڤەیەکی باشیان لەسەر بکرێ. دەزانم هەندێ ڕێژیسۆر هەن ئەو کارە بۆ دوا پرۆڤە دوا دەخەن، هەندێکیشیان لەوەش بێ باکترن، مۆسیقا بۆ یەکەم جار لە نمایشی یەکەمدا بەکار دەهێنن.

هەمیشە ئەوەت لە یاد بێ کە لێزانی و وەستایەتیت لە بەکارهێنانی مۆسیقا و جووڵەدا سەرکەوتنی نمایشەکەت مسۆگەر دەکات، چونکە هەڵە و گێلەکردن و سەهوو لە بەکارهێنانی مۆسیقادا کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر دید و دەروونی بینەر، تا ئەو ڕادەیەی کە سەرجەمی وێنەی دیمەنەکەی لا دەشێوێنێ.

### بەمۆسیقا نمایشەکەت کۆنترۆڵ دەکەیت

هێزی مۆسیقا هێزێکی لەبن نەهاتووە، نەک تەنیا ئەکتەرەکانتی پێ ڕێنمایی و کۆنترۆڵ دەکەی، بگرە جەمهووریشی پێ کۆنترۆڵ دەکەی و تێکەڵ بەجیهانی شانۆکەی دەکەی و وای لێ دەکەی لەسەر ئاستی هەست و نەستەوە بەشداری نمایشەکەت بکا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە دەبێ هەرگیز بەخۆڕایی و هەڕەمەکییانە و لەسەر نەزەرییەی قیڕوسیا بەکاری نەهێنی. مۆسیقا چەند کەم و بەدانسقەیی و لە جێی

خـۆیدا بـەکـار بهـێنرێ، ئەوەندە هـێـز و سـیـحـری لەبن نەهـاتووی لە خزمـەتی نمایشـەکەتدا دەبێ، بەپێـچـەوانەشـەوە چەند زۆر و بۆر و بێ مـەبەست و بێ ئەرک بەکاری بهـێنی، ئەوەندە زیانی بۆ نمایشـەکـەت دەبێ.

## مۆسیقایەک کە خۆت چێژی لێ دەبینی

- هەرگـیز مـۆسـیـقـایەک هەڵـمـەبژێرە تەنیـا لەبەرئەوەی خـۆت حـەزت لێیەتی و چێژی لێ وەردەگری.
- هەرگیز مـۆسیقا لە شـانۆدا وەکو مـۆسـیقـا لە فیلم و تەلیڤزیۆندا بەکـــار مـــەهـێنە. مـۆســیـقـــا لە هـەردوو بـوارەکــەدا ئـەرک و ڕۆڵی جیاوازییان هەیە.
- واتە مۆسیقا دامەنێ بۆ تەرجەمەی دیمەنەکانت، ئەگەر زۆر پێویست نەبێ، باشـیش دەزانم ئەم جـۆرە بەکارهـێنانە کـەم جار لە شــانۆدا پێویستە.
- بەکورتی مۆسیقا نابێ تەنیا لەبەر خـۆشی و جوانی و مـۆسـیقاکە بەکار بهێنرێ، یان لەبەرئەوەی هەر دەبێ مۆسیقا بەکار بهێنرێ.
- ئەوەش بزانە زۆر دیمەنی جـوانی نمـایشــەکــەت بـەبێ دەنگی و بێ مـۆسـیـقـا گـەلێ جـوانتـرە، بەڵام بۆ ئـەوە دەبێ بینـای مـۆسـیـقی نمایشەکەت مەحکەم و پتەو بێ.
- چاکتر وایە مۆسیقادانەرێک مۆسیقا بۆ نمایشەکەت دابنێ.
- مـۆسـیقـای زیندوو سـیـحـرێکی تایبـەتی خـۆی هـەیە، ئەمـە سـەرەڕای ئەوەی کـە مـۆسـیـقـای زیندوو چـاکـتـر لەگـەڵ شـانۆدا دەگـونجێ و نزیکتـرە لە جـەوهـەری نمایشــەوە. بەکارهێنـانی مـۆسـیقـای زیندوو

هەموو دەمێک ئاسان و هەرزان نییە، بۆیە پەنابردنە بەر مۆسیقای جیهانی شتێکی پەسەندە و ڕێژیسۆرە بەناوبانگەکانیش هەر لە میبرهولدەوە کە وەستای ئەم بوارە بووە هەر وا دەکەن، بەڵام دەبێ زیرەکانە و شارەزایانە پارچە مۆسیقاکان هەڵبژێری. بەکورتی دەبێ شارەزاییەکی باشت لە مۆسیقای جیهانیدا هەبێ، بەتایبەتی لە کلاسیکدا. ئەوەشت لە بیر نەچێ کە وەدەستهێنانی ئەو شارەزاییە لەم سەردەمەی ئێستاماندا گەلێک ئاسانە.

- با پسپۆڕێکی مۆسیقا لە مۆسیقا هەڵبژاردندا یارمەتیت بدا، مۆسیقاکان هەڵبژێرە بەڵام تەنیا خۆت بڕیاریان لەسەر مەدە، لەم هەنگاوەدا گەلێ گرینگە گوێ لە شارەزایانی مۆسیقا بگریت و ڕاوێژیان پێ بکەی.
- ئەمەش دەبێ لە قۆناخێکی زوودا کاری لەسەر بکەی و خۆتی بۆ ئامادە بکەی، بەهیچ شێوەیەک دوای نەخەی بۆ دواقۆناخی پرۆڤەکانت. لە بیرمە کاتی خۆی ڕێژیسۆرێک، ڕۆژێک بەر لە پیشاندانی شانۆگەرییەکە بەئەکتەرانی گوت: هەر کەسێ مۆسیقای بێتهۆڤن، مۆزارت، چایکۆڤسکی، یان هەریەکێ لەوانەی هەیە با سبەینێ لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ.
- هەڵبژاردنی مۆسیقاکەت چەندە گرینگە، جێبەجێکردنیشی دوو ئەوەندە گرینگە. لە ڕاستیدا کارامەیی و پیشەکاریت لە دەستڕەنگینی و کارزانیت لە جێبەجێکردندا دەردەکەوێ. هەندێ وردە هەڵە هەن کە لە کاتی جێبەجێکردنی مۆسیقادا دەردەکەون، ئەو هەڵانە هەرچەندە بچووک خۆیان دەنوێنن، بەڵام لە ڕاستیدا گەورەن، کەس حەزی لە دواکەوتنی مۆسیقا نییە، کەس حەز ناکات

له جێگەی نەگونجاودا بەکار بێنرێ، هەروەها مۆسیقای نەگونجاو بۆ شوێنی نەگونجاو وەکو کەسی نەگونجاو بۆ شوێنی نەگونجاو وایە. بەوەی دووەمـــیـــان دەگـــوترێ گـــەندەڵێ لە ژیاندا، ئەوی دووەمیشیان گەندەڵییە لەسەر شانۆدا. کە لەو جۆرە هەڵانە کەس ناتبەخشێ و پێت دەڵێن: ڕێژیسۆرێکی نەشارەزای و کارامە نی.

**ئاکام**

مۆسیقا و بینای مۆسیقایی نمایش دەکرێ وەکو ڕێزمان و خاڵبەندی نمایش لێک بدرێتەوە، ئەم ڕێزمانە سەرجەمی نمایشەکەت کۆنترۆڵ دەکات و هەڵە و کەلەبەر و بۆشایی تێدا ناهێڵێ، دەبێ بەبەشێکی زیندوو و ئۆرگانێک لە نمایشدا، هەر لە سیستەمی هەناسەدانی ئەکتەر و خاڵبەندی تێکستەوە، تا دوا لەنگەری پێوەندی نێوان نمایش و جەمهوور مۆسیقا فاکتەرێکی کاریگەرە. مۆسیقا هەر وەکو مارۆڤیتز دەڵێ: نەک تەنیا خاڵبەندی تێکستی ئەکتەر کۆنترۆڵ دەکا، بگرە خاڵبەندی دیمەنەکانیش دەست نیشان دەکات. نەبوونی ئەم خاڵبەندییە لەوانەیە تەنانەت کار بکاتە سەر هێڵی گێڕانەوەی چیرۆکی شانۆنامەکە و ماناکان تەڵخ و لێخن بکا، لەوانەیە ئەو شتانە تێکەڵ بەیەکدی بکا کە دەبێ جودا و سەربەخۆ بن، تێمپۆیەک خاو بکاتەوە کە دەبێ خێرا بێ.

# ڕیژیسۆر و ڕووناکی

شانۆ و ڕووناکی پێوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، پێوەندییەک کە لە سەرەتای تەمەنی دێرینی شانۆدا سادە و خۆڕسک بوو، لە سەرەتادا شانۆ ئاوەڵە و کراوە بوو، لەبەر تیشکی هەتاو پێشکێش دەکرا، بەڵام شانۆ تا دێت لە سەرچاوە سروشت ئامێزەکەیەوە دوور دەکەوێتەوە و ڕوو لە پیشەسازی و تەکنۆلۆجی دەکات، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئێستا بۆ پتر لە سەد ساڵێک دەچێ تەکنیکی ڕووناکی شانۆ تەواو پێبەندە بەتەکنۆلۆجییاوە. ئەمە لە کاتێکدا کە شانۆ وەکو گوتمان لە شوێنی ئاوەڵە و لەبەر تیشکی هەتاودا نمایش دەکرا، پاشان بەتایبەتی لە سەردەمی شەکسپیردا، لەبەر ڕۆشنایی مۆم و مەشخەڵ و چرادا نمایش دەکرا، ڕووناکی هەروەها دەلالەت و ئاماژە بوو بۆ کات، مۆم و مەشخەڵ و چرا سەرەڕای ڕۆشنکردنەوەی دیمەن، هێما بوو بۆ شەو و ڕۆژ.

بەڵام کە کارەبا پەیدا بوو، لەو ساتەوە ڕەوتی پێشکەوتنی تەکنیکی ڕووناکی لە شانۆدا ئەوەندە خێرا دەڕوات و لە پێشکەوتندایە کە زۆربەی زۆری شانۆکانی جیهان فریا ناکەون بەشێکی گەورەی مۆدێلە نوێیەکانی پیادە بکەن.

ئەمڕۆ ڕووناکی شان بەشان لەگەڵ سینۆگرافیادا بوارێکی گەورە و وزەیەکی بێ ئەندازەی بەخشیوەتە شانۆ، کە وەستا داهێنەرەکانی

شـانۆی نوێ لە سـەدەی ڕابردوودا، وەکو کرەیگ و مـیـیرهولد و ئاپیا، مەگەر هەر لە خەون و خەیاڵ وێنەیان کێشا با.

لەگەڵ پەیدابوونی ئەلکتریکدا فەزا و سینۆگرافیـا و ڕەنگ لەسـەر شـانۆدا گۆڕانێکی گەورەی بەسـەردا هات. جاران، واتە لە سـەرەتای مـێـژووی شـانـۆدا تیـشـک یەک ئەرکی سـەرەکی هـەبوو، ئەویش ڕۆشنکردنەوەی ئەکتەران و فەزای نمایش بوو، بەڵام ئێستا ڕووناکی چەندین ئـەرک و بەکـارهێنانـی دیکەی هـەیە، کـە نـە شـانۆ دەتوانێ دەستبەرداریـان بێ و نە ڕیژیسـۆریش دەتوانێ لێیان دوورەپەرێز بێ. ئەم ئەرک و وەزیفـە گرینگەی ڕووناکی لە شانۆدا پێویستـی بەبوونی پسـپۆر و داهێنەرێکی دیکە کرد، ئەویش پسپـۆڕی ڕووناکـیـیە، کـە ئێـسـتـا لە شـانـۆی هاوچەرخـدا نـاوی لەگـەڵ ناوی ڕیژیسـۆر و سینۆگرافدا لە پێشی پێشـەوەدایە و لە ڕەخنە و پرۆگرامی نمایشدا جێگەیەکی تایبەتی هەیە.

ڕووناکی ئەرکی سـەرشـانی هەمـوو داهێنەرانی شـانۆی سـووک کردەوە. ئەکتـەر لە قۆناخەکـانی سـەرەتای مێژووی شـانۆدا دەبوایە خۆی و بەنمایشی خۆی، بەدەنگ، بەجەستە، بەهەست و نەست جەو دروست بکات، ئێستا ڕووناکی بۆی دەڕەخسێنێ، یان یارمەتی ئەکتەر دەدا لە ڕەخساندنی جەو و میزاجی دیمەنەکەیدا.

**یوسف سڤابۆدا**

بیـهـێنە پێش چاوی خـۆت، ئەگـەر پێـشکەوتنی تەکنیکی ڕووناکی نەبوایە، شـانۆی مۆسیقایی ئێستا لە کوێ دەبوو، پێت وایە ئەوەندە پێشکەوتبایە.

وا بزانم كاریگەریەتی دەستكەوتەكانی گەورە داهێنەری چیكی ئەم سەردەمە یوسف سڤابۆدا لە بواری تیشك و داهێنانی تەكنیكی سایكۆپلاستیكدا، كە تەكنیكی دروستكردنی هەموو شتێكی موجەسەمە هەر بەڕووناكی، بەڵگەیەكی ئاشكرایە لە پێشخستنی هونەری نمایش لەم پەنجا ساڵەی دواییەدا.

بەڵام ڕاستییەك هەیە ناتوانین فەرامۆشی بكەین، ئەویش ئەوەیە كە گەلێك ڕیژیسۆری بەتوانا هەن كە بەئاستەم دەتوانن سوود لە بوارە لەبن نەهاتووەكانی تەكنیكی ڕووناكی ببینن. ئەو ڕیژیسۆرانە ئەوانەن كە نازانن تەكنیكی ڕووناكی چ وزەیەكی لە سنوور بەدەری هەیە و گەشە و پێشكەوتنی لەم سەردەمەدا لە چ ئاستێكدایە. ڕیژیسۆر بەقەد ئەوەی گرینگی بەفەزا و سینۆگرافیا دەدا، دەبێ بەقەد ئەوەش گرینگی بەڕووناكی بدا، چونكە تەواوكەری یەكدین.

هەروەك چۆن سینۆگرافیا فەزا و زەمن و كات و جەو دەخوڵقێنێ، بەهەمان شێوە ڕووناكیش فەزا و كات و جەو دەخوڵقێیت. ئەگەر شارەزاییت لە ڕووناكی كەم بێ، یان نەزانی بەشێوەیەكی دروست هاریكاری پسپۆڕی ڕووناكی بكەی، بەرهەمەكەت لەو بوارە بەرینە بێ بەش دەكەی و لە ئەنجامدا لەنگ دەبێ.

## پلان و دیزاینێكی گونجاوی ڕووناكی

بۆ جێبەجێكردنی پلان و دیزاینێكی گونجاوی ڕووناكی بۆ نمایشەكەت ئەم خاڵانە لە بەرچاو بگرە:

- با نەخشەی ڕووناكی نمایشەكەت تەواو لەگەڵ پلانی ڕیژیسۆریتدا بگونجێ، ئەم داخوازییە، لە سەرەتای ڕەوتی هونەری

ڕیژیسۆری گەنجدا ئاسان نییە، چونکە زۆر ئاسانە ڕیژیسۆری کەم ئەزموون بەتیشکی ئاڵ و واڵ و زەرد و سوور شاگەشکە ببێ و بخەڵەتێ و چەمکی ڕیژیسۆری خۆی لە بیر بچێتەوە. دەبێ بزانی چیت دەوێ و گوزارشت لە چی دەکەی و ڕەوتی نمایشەکەت چۆن دەڕوات و لە کۆتاییدا لە کوێ لەنگەر دەگرێ.

– با هەر لە سەرەتای پرۆڤەکانتەوە پسپۆڕی ڕووناکی هاوشان لەگەڵتدا کار بکات و ئاگەداری هەنگاوەکانت بێ، چاکتر وایە بەوردی هەموو قۆناغەکانی نمایشەکەت و ناوەرۆک و جەوهەری شانۆنامەکەت و فۆرم و داڕشتەکان و گۆڕانکارییەکانی بۆ شی بکەیتەوە.

نەک هەر ئەوەند دەبێ بەڕوونی مەبەستەکانی خۆتی بۆ شی بکەیتەوە، چیت دەوێ و چۆنت دەوێ.

– ئەو وردەکارییانەی کە لە ڕێگەی ڕووناکییەوە بەرجەستە دەکرێن، گەلێ زۆرن و ڕۆژ دوای ڕۆژ بوار و ئیمکانیاتی نۆی لە مەیدانی بەکارهێنانی ڕووناکیدا دێتە کایەوە.

– گەلێگ بیر و وێنەی هونەری جوان بەمێشکتدا تێ دەپەڕێ، کەچی ڕەنگە بەدی هێنانیان لە ڕێگەی ڕووناکییەوە لەوەش ئاسانتر بێ کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، هەندێک جار ڕیژیسۆری قوتابی، یان ڕیژیسۆری لاو و کەم ئەزموون پەی بەو بوارانە نابات.

## ئەرکەکانی ڕووناکی

بەشێوەیەکی گشتی ڕووناکی چەند ئەرکێکی سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن:

– نەک هەربوونی ئەکتەرەکان و سیما و دەم و چاویان ڕوون دەکاتەوە،

بگره ئەو شوێنانەشت بۆ دەشارێتەوە کە تۆ ناتەوێ پیشانیان بدەی.

- جەو و ئەتمۆسفیر و میزاج و دەماخی (میزاج) گشتی دیمەنەکەت بۆ بەرجەستە دەکات.
- سەرنجی بینەر بۆ ئەو کەسە، ئەو دیمەنە، ئەو شتە ڕادەکێشێ کە تۆی ڕیژیسۆر مەبەستتە. هەروەها سەرنج و فوکس لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆیزێتەوە کە ئەمە لە زمانی نمایشدا کارێکی گەلێک گرینگە.
- ڕووناکی زەمەن و شوێن دەست نیشان دەکات و کات دەگۆڕێ: کاتی ڕووداوەکان، شەو و ڕۆژ و بەیانی و ئێوارە، لە ڕێگەی ڕووناکییەوە دێنە گۆڕان.

کە ڕیژیسۆر توانای بەسەر ئەم ڕەهەند و ئەرکە گرینگەی ڕووناکیدا شکا و شارەزاییانە مامەڵەی لەگەڵدا کرد، تێ دەگا کە ڕووناکی لەم وەزیفەیەدا کرۆکی مۆسیقای بە خۆە گرتووە و یەکسەر نەبز و ڕیتمی نمایشەکە دووپات دەکاتەوە. بەکورتی دەتوانی بەڕووناکی تێمپوریتمی نمایشەکەت بچەسپێنی.

## ڕووناکی و شێواز

گومان لەوەدا نییە کە لە ڕێگەی ڕووناکییەوە دەتوانی کارەکتەر و شێواز و مۆرکی نمایشەکەت یەکلا بکەیتەوە، بۆ نموونە شێوازی ڕۆمانسی، یان شێوازی ڕەمزی، شێوازی تەعبیری، کلاسیکی، ڕیالیزم، سوریالیزم هەموو ئەم ڕێبازانە، جۆر و ئەندازەی ڕووناکی تایبەت بەخۆیان هەیە.

ڕووناکی ڕۆڵێکی گرینگ لە چەسپاندنی ڕێباز و شوناسنامەی هونەریاندا دەبینێ.

لێرەدا دەربارەی ڕووناکی و ڕیتم دەبێ ئاماژە بۆ تیۆرەکانی ئاپیای سویسری بکەم.

کە پاش تێپەڕبوونی پتر لە سەد ساڵ بەسەر نووسینەکانیدا، هەر بەگەورەترین سەرچاوەی تیۆری تەکنیکی ڕووناکی دادەنرێن.

ئەمڕۆ ڕووناکی ڕۆڵی جۆراوجۆری هەیە، لەوانە دەکرێ گەلێ دیمەنی ئەفسووناوی و وێنەی شاعیرانە و دیاردەی سروشت بەرجەستە بکات. لەوانە: زەریا و شەپۆلی ئاو، باران و بەفر و تەرزە و باوبۆران و زریان، تەمومژ، برووسکە و هەورە تریشقەو ئاگرو... تاد.

## کاریگەری پلەی ڕووناکی

هاریکاری نێوان پسپۆرانی سینۆگرافیا و ڕووناکی و جلوبەرگ گەلێ گرینگە بۆ دەست نیشانکردنی پلەی ڕووناکی و کایگەرییان لەسەر ڕەنگەکان.

ڕووناکی وەکو مۆسیقا وایە، دەبێ لەسەر بناخەی کات و خێرایی دابمەزرێنرێ.

چەسپاندنی کات "توقیت" لە سیستەمی ڕووناکیدا گرینگە. ئەگەر کات بەهەڵە بەکار بهێنرێ بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە کار دەکاتە سەر نمایشەکەت.

چەندە ڕیتمی ناو دیمەنەکانت بەلاوە گرینگە، ئەوەندەش ڕیتمی گۆڕان لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە، بەتایبەتی لە کاتی کوژانەوە و داگیرساندا گرینگە. واتە دەبێ تاریککردنەکان لە چوارچێوەی

ڕیتمێکی چەسپاودا بن.

پێوەندی نێوان دیکۆر و ڕووناکی لە ڕووی قەوارەوە گەلێ جار شێوەی پێچەوانە وەردەگرێ، مەبەستم ئەوەیە مەرج نییە تەنیا دیکۆری گەورە و ئاڵۆز پێویستی بەسیستەمێکی ڕووناکی ئاڵۆز بێ، بەشێوەیەکی گشتی، پێچەوانەی ئەم بۆچوونە دروستترە، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەی، ئەو شانۆنامەیەی نووسەرەکەی لە ڕووی دیکۆر و سینۆگرافیاوە داواکاری کەمترە، بەشێوەیەکی گشتی جەختێکی زۆر لەسەر ڕووناکی دەکا، چونکە ئەو جەو و ئەتمۆسفیرە و وێنانەی کە لە ڕێگەی ڕووناکییەوە لەسەر فەزای بۆشدا دەخولقێنرێن، گەلێ کاریگەرتر و درامیترن.

## ڕووناکی و سنوورەکانی فەزای سەر شانۆ

بەڕووناکی دەتوانیت بەگوێرەی پێویست فوکس بخەیتە سەر ئەو پانتاییەی کە بێ زیاد و کەم بۆ نمایشەکەت پێویستە، بێ ئەوەی کەرەستەی دیکۆر وەکو کالوس و دیوار و... تاد. بەکار بهێنی. من پێم وایە سەرنجدانی نمایشەکانی سەما لەم ڕووەوە بۆ ڕیژیسۆر گەلێک ئیلهام بەخشن، ئەوەندەی من بزانم کەس لە دەست نیشانکردنی چوارچێوەی فەزای نمایش وەکو پسپۆڕانی سەما بەشێوەیەکی ورد و تەواو سەرکەتوو نییە.

بینەر زۆری پێی خۆشە فوکسی تەنیا بخاتە سەر ئەو شوێنانەی کە نمایشی تێدایە، واتە شوێن دەبێت بەپێی پێداویستی نمایش بەکار بهێنرێ، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە شوێن دەبێ بەپێی پێویستی نمایش پیشان بدرێ. ئەوی پێویست نەکات پیشان بدرێت،

زیانبەخشە، بینەر دەشڵەژێنێ و سەرنجی پەرت و بڵاو دەکات.

بۆ ئەم مەبەستە تا دەتوانی هەوڵ بدە، لە دەست نیشانکردنی پانتاییی دیمەن، قەوارەی سینۆگرافیا، بنیاتی میزانسینەکان دەستبڵاو مەبە و زۆر بەوردی ڕووناکی بەکار بهێنە.

## با مانگەشەو بێت، بەڵام نەک زۆر تاریک

خامۆشکردنی دیمەن لە پێناوی دروستکردنی جەو بەگشتی پێویستە، بەتایبەتی کاتێک کە چەند تۆنێکی جیاواز بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنرێن.

شانۆکاران مەیلێکی زۆریان هەیە بۆ بەکارهێنانی ڕووناکی خامۆش، هەندێک جار خامۆشی دەگاتە ڕادەی تاریکی، بەڵام تاریککردن لای بینەر بەدەگمەن نەبێ، خراپ دەشکێتەوە. بینەر وەکو مەسەلەیەکی سایکۆلۆجی چاکتر لە ئەکتەر تێ دەگات کاتێک سیما و دەموچاوی ڕووناکە و بەجوانی دەبینرێ. دەموچاوی ئەکتەر و کەسایەتییەکەی لە ڕووی فیزیکییەوە بۆ بینەر گەلێک گرینگە، بەمەرجێک لە فەزایەکی ئاوەڵەی دەرەوە نەبێ، تەنیا بەهۆی ڕووناکییەوە پیشان دەدرێ.

نە زۆر کز نە زۆر ڕووناک، یاسایەکە وەستایانی ڕووناکی پێڕەوی دەکەن. باشترین میتۆد بۆ دۆزینەوەی نەبزی ڕاستەقینە و پلەی ڕووناکی ئەوەیە لە تاریکییەوە دەست پێ بکەی و هێدی هێدی ڕووناکتر و ڕووناکتر تا دەگەیتە ئەو ئاستەی کە پڕاوپڕی دیمەنەکەیە. بەو شێوەیە ئاستی ڕاستەقینەی ڕووناکی دەست نیشان دەکەیت.

## سنووری نێوان تاریکی و ڕووناکی

یەکێک لە شەڕ و پێکدادانەکانی ستانیسلاڤسکی و مییرهولد لە ستۆدیۆی ١٩٠٥دا لەسەر تاریککردنی دیمەن بوو. مییرهولد ئەو دەمە هێشتا لە سەرەتای چەسپاندنی بنەماکانی شانۆی مەجازی و ڕەمزیدا بوو، دیارە تیشکی خامۆش تا ڕادەی تاریکی لای ڕێژیسۆرانی شانۆی ڕەمز و مەجاز زۆر پەسەندە. مییرهولد ئەو دەمە کە زۆر گەنج بوو، یەکێک لە دیمەنەکانی شانۆنامەیەکی میترلینک تەواو خامۆش دەکات، بەڕادەیەک ستانیسلاڤسکی لە جەنەڕاڵ پرۆڤەی کۆتاییدا هاواری لێ هەستا کە دەبێت نمایشەکە ڕاگرن، چونکە ئەمە لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە بۆ جەمهوور زیانبەخشە.

ڕێژیسۆرانی شانۆی ڕەمزی و مەجازی و سایکۆلۆجی و تا دەگاتە شانۆی پۆست مۆدیرنیزم زۆر پەنا دەبەنە بەر تاریککردنی دیمەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی وەستا و کارامەن دەزانن سنوورێک هەیە نابێ ببەزێنرێ، دەنا کاردانەوەیەکی خراپ و نێگەتێڤی دەبێت، بەڵام ڕێژیسۆرانی کەم ئەزموون هەندێک جار بەپێی خاوس تێی دەکەون، پەیتا پەیتا دیمەن تاریک دەکەن و ڕووناکی دەکەنەوە و مۆم دادەگیرسێنن و دەیکوژێننەوە بێ گوێدان بەفاکتۆری کات.

بەهەمان شێوە، تیشکی زیاد لە سنووری پێویست بەئەندازەی تاریکی زیان بەخشە، چونکە کاردانەوەیەک دەخوڵقێنێ کە بەپێچەوانەی مەبەست و ئەرکی دیمەنەکەیە.

## پلەی ڕووناکی

کێ پلەی ڕووناکی نمایشەکەت دەست نیشان دەکات؟ بێ گومان خۆت وەکو ڕێژیسۆر، بەهاریکاری وەستای ڕووناکی، بەڵام دەبێ متمانەت بەهێز و تینی بینایی خۆت هەبێ. ئەگەر چاوەکانت لاوازن، کە ئەمە بۆ ڕێژیسۆرێک چل ساڵی تێپەڕاندبێ گەلێک ئاساییە، دەبێت کەسانی دیکە ڕاوێژکارت بن. خۆ ئەگەر چاویلکە بەکاردێنی، بێ چاویلکە تەماشای نمایشەکەت مەکە. کەسانێک هەن بیناییان تیژترە، وەکو چۆن کەسانێک هەن گوێی مۆسیقییان هەیە، کەسانی ئەوتۆش هەن کە چاکتر دەبینن.

من خۆم لەو ڕووەوە پەنا دەبەمە بەر ئەو کەسانەی بیناییان لە خۆم ڕوونترە.

لە دوا پرۆڤەکانی تەرتووفدا لە لەندەن، هەستم کرد یەکێک لە دیمەنەکان پێویستە ڕووناکتر بکرێتەوە، بەئەندازیاری ڕووناکییەکەم گوت: هەست دەکەم پلەی ڕووناکییەکە هێشتا نزمە، ناکرێ ئەم دیمەنە ڕووناکتر بکەین؟

ئەویش پێی گوتم: ئەمڕۆ چاویلکەکانت لە چاودا نین.

لەو ڕۆژەوە متمانەم بەچاوەکانی خۆم کەمترە.

## پرۆڤەکانی ڕووناکی

بایەخێکی زۆر بەپرۆڤەکانی ڕووناکی بدە، تەنانەت ئەگەر ئاستی تەکنیکی ڕووناکیت سادە و ساکاریش بێ، تەنانەت ئەگەر ساکارترین جۆر و کەرەسە و ئامێری ڕووناکی بەکار بهێنی. تەکنیکی ئاسان و سادە ئەو ناگەیەنێ کە بێ مەشق و ڕاهێنان لە پێش جەمهووردا

نمایش بکەی، چەند پتر ڕاهێنان لەسەر ڕووناکی و تەکنیکی تیشک بکەی، ئەوەند بواری دیکەت بۆ دەردەکەوێ، ئەوەندەش ئەکتەرەکانت ئاشنای تیشک و ڕووناکی دەبن. تەنانەت ئەگەر دیمەنەکەت برێتی بێ لە مێزێک و کورسییەک و ڕووناکیش تەنیا مۆمێک بێ، دەبێ ئەو مۆمە چەندین جار تاقی بکەیتەوە و بزانیت چەند کار دەکاتە سەر میزاج و جەوی گشتی و ڕیتم و دەلالات و هێماکانی دیمەنەکە. ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕووی سەنعەتیشەوە بەدیقەت و کارامییەوە مەسەلەی کاتی تاریککردن و ڕووناککردنەوە و خامۆشکردن و کلیکەکانی گۆڕینی دیمەنەکان ئەنجام دەدەی.

## چەند ڕاهێنانێک بۆ ڕیژیسۆر

هەموو جۆرە ڕووناکییەک لە دوو کانگاوە سەرچاوە دەگرێ، تیشکی سروشت ئامێز و خۆرسک و تیشکی دەستکرد.

بەراوردکردنی بەردەوامی سەرچاوەکانی ڕووناکی، قووڵبوونەوە لە جیاوازی نێوانیان و تێگەیشتنی ئاستی کاریگەریەتی هەردوو سەرچاوەکە، ڕاهێنانێکی باشە بۆ ڕیژیسۆر. تەنیا لە بەراوردکردنی هەردووکیاندا دەزانی کام ئاست و پلەی ڕووناکیت پێویستە، هەر ئەمەش یارمەتیت دەدات کە ڕووناکی لەگەڵ کەشی درامیانەی دیمەنەکەتدا بگونجێنی.

## تیشکی خۆڕسک ستاندارت و خاڵی دەستپێکە

بەڵام دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە بنەما و ستاندارت و دەستپێک هەمیشە ئەو تیشکەیە کە سروشت پێی بەخشیوین، دەبێ هەر ئەو بەپێوەر وەربگرین. کە ئاشنا و شارەزای ئەو تیشکە خۆڕسکە بووی،

ئەمجا دەتوانی بەپێی پێویست دەستکاری بکەی و سەرلەنوێ بنیاتی بنێی. ئەم بۆچوونە تەنانەت ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە ناو کڵێسە و دەیرەکاندا لەبەر ڕووناکی مۆم و مەشخەڵدا، کە سەرچاوەیەکی خۆڕسکە، نمایشیان کردووە. ئەکتەران زۆربەی دیمەنەکانیان دەهێنایە پێشی پێشەوەی شانۆ تاکو دەموچاویان ببینرێن، بنی بنەوەی شانۆ بۆ دیمەنی کورت نەبێ، وەکو ئێستا بەکار نەدەهێنرا، چونکە دیمەنەکانی بنەوەی شانۆ بەئاسانی ڕووناک نەدەکرانەوە.

## ڕەنگ و تیشک

ڕەنگ باشترین پێوەرە بۆ تیشک کە ڕەنگێک هەڵدەبژێری، هەوڵ بدە پێش هەموو شتێک پلەی ڕەنگەکە لەبەر تیشکی هەتاودا ساخ بکەیتەوە، چونکە پلەی ڕەنگ لەبەر هەتاودا ستاندارتە، پاشان کاریگەریەتی هونەری دەخرێتەسەر. واتە دەتوانین پلەی خەستی ئەو ڕەنگە و تۆنەکانی بەرزتر، یان نزمتر بکەین.

## بۆ ئەوەی لە واقیع بچێ

هەموو وێنەیەکی ژیان لە ڕەنگدانەوەی تیشک و سێبەردا خۆی دەنوێنێ، تیشک و سێبەریش لەسەر شانۆدا کرۆک و جەوهەری تەکنیکی ڕووناکین. لە ناو پسپۆڕانی ڕووناکیدا گوزارشتی "بۆ ئەوەی لە واقیع بچێ" یان "بۆ ئەوەی لە واقیعەوە نزیک بێ" گەلێ باوە.

ئەمە ئەگەر هەر نەبێ وەکو خاڵی دەستپێک گەلێک یارمەتیمان دەدا، پاشانیش دەتوانین وێنەی هونەر بەو شێوەیە بگونجێنین کە خۆمان دەمانەوێ.

## ڕاهێنانێک

سەرنجدانی وێنەی فۆتۆگرافی مەشقێکی باشە بۆ تێگەیشتنی تۆنەکانی ڕووناکی و سێبەر.

فۆتۆگرافە بەتواناکان بایەخێکی زۆریان بەمەسەلەی ڕووناکی و تاریکی داوە، شێوەی دابەشکردنیان و تۆن و ڕیتمیان ژیان و دینامی دەبەخشێ بەوێنەکانیان.

"نەیل فراسێر" کە یەکێکە لە گەورە پسپۆڕانی ڕووناکی و مامۆستایە لە ئەکادیمیای مەلیکی هونەری دراما لە لەندەن، پێی وایە باشترین مەشق بۆ تێگەیشتنی تیشک و سێبەر سەرنجدانی بەرهەمی نیگارکێشەکانە، بەتایبەت نیگارکێشەکانی هونەری کلاسیک. تەکنیکی تیشک و سێبەر لە داهێنانی کلاسیکدا بەشێوەیەکی هونەری بەرز ڕەنگ دەداتەوە. فراسێر لە کتێبەکەیدا "دیزاینی ڕووناکی شانۆ" شاکاری چەند نیگارکێشێکی بەریتانی، لەوانەی کە لە مۆزەخانەی لەندەندا دانراون، دەست نیشان دەکا. ئەو پێی وایە ئەو شاکارانە دەکرێن سەرچاوەیەکی گرینگ بن بۆ ئیلهام و داهێنان، جگە لەوەی کە کەرەستەیەکی بەپیتن بۆ مەشق و ڕاهێنان.

## تیشک لە جووڵەدا

هیچ کام لەو ئامراز و کەرەستانەی کە لەسەر شانۆدا بەکار دەهێنرێن ئەوەندەی ڕووناکی ئاسان و سووک و حازر بەدەستە نین، ئەوەندەی ڕووناکی شادیبەخش و پۆزەتیڤ نین، بەمەرجێک خۆت لێی بزانی، یان بوار بەپسپۆڕێکی کارامە بدەی کە کارت لەگەڵدا بکا.

تەمەنی تەکنیکی نوێی ڕووناکی لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەدا،

سەرەڕای ئەو هەموو دەستکەوتانەی لە بواری ئۆپێرا و نمایشی دانس و شانۆی میوزیکاڵدا، هێشتا ساوایە. وا چاوەڕوان دەکرێ ڕووناکی ئایندەیەکی گەشتر و بەرینتر بۆ شانۆ بڕەخسێنێ.

یەکێک لە ڕواڵەتە مەزنەکانی ڕووناکی لەم سەردەمەی ئێستاماندا ڕووناکی بزێو و چەق نەبەستووە. ڕووناکییەک کە لەسەر شانۆ بەردەوام لە جووڵە دایە و دوای ئەکتەر و کرداری سەر شانۆ دەکەوێ.

ڕووناکی بزێو کە لەسەر ریتمی ڕاستەقینەی خۆی ڕۆیشت، مەبەستێکی گرینگ دەپێکێ: گۆڕینی میزاج و جەو ئەتمۆسفیر لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دیکە. لە ڕاستیدا تیشک لە جووڵەدا بەئاسانی ئەم ئەرکەمان بۆ ئەنجام دەدا.

تیشک لە جووڵەدا ئامرازێکی زۆر کاریگەرە بۆ پیشاندانی باری دەروونی کارەکتەرەکان و هەڵچوون و داچوونی ناوەوەیان و گۆڕانی بەردەوامی باری دەروونیان.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەکو کاریگەریەتی لەگەڵ مۆسیقا و دەنگدا مەودایەکی زۆر کاریگەر بەنمایش دەبەخشێ.

**نموونە**

نموونەی پیادەکردنی ڕووناکی لەو بوارانەی باسم لێوەکردن گەلێک زۆرە، تەنانەت کام نمایشی پیشەکارانەی ڕۆژئاوا بگری، ئەم چەشنە بەکارهێنانەی ڕووناکی تێدا بەدی دەکرێ.

لە شانۆنامەی "سەمای مەرگ" ی ستریندبێرگدا کە ئێستا لەسەر شانۆی شاهانە لە ستۆکهۆڵمدا نمایش دەکرێ، ڕووناکی ڕۆڵێکی

بالاّی لە پێشاندان و بەدەرخستنی باری دەروونی و سایکۆلۆجی کەسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکەدا هەیە.

بەدرێژایی نمایشەکە کە دەکەوێتە دوورگەیەکی ئەسکەندەنافییەوە، بارودۆخ و کەش و هەوا لە شێوەی ڕەوتی پەڵە هەوری سپی و بۆر لە جووڵەدایە، بەرزە دەماخی و خەمباری و ئاڵۆزی ئەکتەرەکان بەشێوەیەک لەسەر سایکی شانۆکەدا بەرجەستە دەکرێن، کە هەموو کەش و ڕیتمی شانۆنامەکە ڕاستەوخۆ بەگۆڕانی ناخیانەوە دەبەستێتەوە.

## جەو ئەتۆمۆسفیر

ئێمە بەردەوام جەوی ڕووداوەکانی ڕۆژانەمان بەکورتی وەسف دەکەین، بۆ دەچیتە کتێبخانەیەکی دیاری کراوە؟ لەبەرئەوەی جەوێکی باش و لەباری بۆ خوێندنەوە هەیە. کە خۆشەویستەکەت دەعوەتی ڕیستۆرانێکی هێمن و دوورە پەرێز دەکەی: لەبەرئەوەیە جەوێکی ڕۆمانتیکی هەیە، هەموو کەسێکی ناگاتێ و کەس لەوێ نیگەرانتان ناکا. سەرەڕای مۆسیقای خامۆش لەبەر تیشکی خامۆشی مۆمێک.

دەتوانم بەپێچەوانەوە، دەیان وێنەی جەوی ناخۆشت بەنموونە بۆ بهێنمەوە، بەلاّم لە هەردوو باردا وەسفی جەو بەیەک دوو وشە دەکرێ، یەکسەر تیەمای جەو دەدین بەدەستەوە، بەڕاستی جەو هەر زۆر بەئاسانی وەسف دەکرێ، چونکە خۆی لە خۆیدا گەلێ ڕوون و کۆنکرێتە.

بەر لەوەی دەست بەدامەزراندنی پێکهاتەکانی سەر شانۆ و میزانسین بکەی، چاکتر وایە هەر لە یەکەم هەنگاوەوە جەو و میزاج و

ئەتمۆسفیری دیمەنەکەت لە ڕووی ڕووناکییەوە دەستنیشان بکەی: با پرسیارەکەت سیفەتی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەخۆ بگرن، بۆ نموونە: خێر، یان شەڕ، جوان، یان ناشیرین، جەنگ، یان ئاشتی، خۆشەویستی، یان ڕک و کینە، هیوا، یان بێ ئۆمیدی، واقیعی، یان خەیاڵی، ڕومانتیکی، یان ڕۆژانە،... تاد هەوڵ بدە چوارچێوەی جەو و میزاجی دیمەنەکەت بۆ پسپۆڕی ڕووناکییەکەت دەست نیشان بکەی تاکو بتوانێ بەپوختی پلان و نەخشەیان بۆ دابنێ.

**ڕاهێنانێک؛ یەکێک لە مەشقەکانی نەیل فراسێر:**

شوێنێکی بچووک لەسەر فەزای شانۆکەت هەڵبژێرە، هەوڵ بدە ئەم حاڵەتانەی خوارەوە بەڕووناکی بەرجەستە بکەی، واتە هەر حاڵەتێک لەگەڵ پێچەوانەکەی بەراورد بکە.

بۆ ئەوەی کاریگەریەتی ڕووناکی چاکتر دەرکەوێ دەکرێت شتێک، یان چەند شتێک لە دیمەنەکەدا بەکاربهێنی. ئاگەدار بە گۆشەی تێڕوانینی بینەر لە بیر نەکەی:

١-خێر و شەڕ

٢- جوانی و دزێوی

٣- شەڕ و ئاشتی

٤- خۆشەویستی و ڕک

٥- واقیع و خەیاڵ

کە تیەمای دیمەنەکەت بەتەکنیکی ڕووناکی وێنا کرد، ئەمجا مۆسیقای گونجاوی بخەرە سەر، بزانە کاریگەری مۆسیقا و ڕووناکی شان بەشانی یەکدی هێزێکی چەندە لەبن نەهاتووی هەیە.

## پرسیارەکانی سایکۆلۆجی و ڕەهەندەکانی هەست

گـەشـــەی تەکنیکی ڕووناکی تـەکــانێکی گـەورە بـوو بۆ شـــانۆی سـایکۆلۆجی، ناخی دەروون ئاوێنەیەکی ڕوونتری لەسـەر فەزای شانۆ و سـایکی سـینۆگرافـیادا بۆ ڕەخـسـا. گۆڕانکارییـەکانی هەست و هەڵچوون و داچوونی دەروون دەکرێ بەشێوەیەکی دینامێک و مۆبایل پیـشـان بدرێ، نمایشی سـەمـای مـەرگی سـترێندبێرگ، کە پێشـتر ئاماژەم پێ کرد تەنیا نموونەیەکە.

ئەرکی دەرهێنەر دیسـانەوە لە دەست نیـشـانکردنی تیـەمـای سایکۆلۆجییەوە دەست پێ دەکا.

## ڕاهێنان

کەسێک لە فـەزایەکی بچووکی شانۆدا دابنێ، گۆشـەی تەماشاکردنی بینـەر دەسـتنیـشـان بکە، ئەمـجـا ڕووناکی پێـویست بەگـوێرەی ئەم تیەمانە ئاراستەی ئەو کەسە بکە:

خـەمبـار - شـاد، تووڕە - هێمن، شـەڕانی - ئاشـتیـخواز، دڕندە - میهرەبان

پاشان بەهەمان شێوە مۆسیقای گونجاو بخەرە سەر دیمەنەکە.

## ڕووناکی... خەیاڵ و شاعیریەت

ڕووناکی بـاشـتـرین ئامـرازە بۆ خـوڵقـاندنی کـەشی شـاعـیـرانە و بەدیهێنانی خەون و تەجەلییەکانی ئەندێشە و فەنتازیا.

بۆ سـوود وەرگـرتن لە هێزی لەبن نەهـاتـووی ڕووناکی لەم بوارانەدا، جورئەتی تاقیکردنەوە زۆر پێویستە بۆ ڕێژیسۆر.

یەکێک لە ڕاهێنانە بەناوبانگەکانی فراسێز بۆ قوتابیانی بەشی ڕووناکی لە ئەکادیمیای مەلیکی لە لەندەن، بەرجەستەکردنی هەڵبەستی شاعیرانە تەنیا بەڕووناکی لەسەر شانۆدا. مەبەست لێرەدا تەنیا میزاج و جەوی شاعیریەتی دیمەنەکەیە کە لە هەڵبەستێکەوە سەرچاوە دەگرێ.

دەفەرموو یەکێک لە هەڵبەستە جوانەکانی گۆران هەڵبژێرە، هەوڵ بدە لە ڕێگەی ڕووناکییەوە بەرجەستەی بکە، بزانە چ ئەزموونێکت لا گەڵاڵە دەبێ، کە ڕاستەوخۆ شاعیریەت و شەفافیەت و هەست و سۆزت لە بەکارهێنانی ڕووناکیدا لا پەروەردە دەکا.

## ڕاهێنانی ١

با یەکێک لە ئەکتەرەکانت هەڵبەستێک بخوێنێتەوە، کە گوزارشت لە دەروونی شاعیر، یان جوانی سروشت، ئافرەت بکا، بۆ نموونە هەڵبەستی "بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە... لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە.. شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە... لە زەردەی زۆر کەڵ سەرنجم داوە"ی گۆران، هەوڵ بدە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستە، بەنەخشەیەکی ڕووناکی گوزارشت لە ناوەڕۆکی هەڵبەستەکە و گۆڕانکاری یەک لە دوای یەکی وێنە شیعرییەکانی بکە. دەتوانی هەمان ڕاهێنان بەدەنگی تۆمارکراو ئەنجام بدەی و ڕۆڵێکی گەورەتر بەڕووناکی بدەی. گرینگ ئەوەیە لەم ڕاهێنانەدا خۆت بەڕووناکی نەگۆڕەوە نەبەستیتەوە و پلانەکەت چەند وێنەیەکی جیاواز لەخۆ بگرێت.

## ڕاهێنانی ٢

لەم ڕاهێنانەدا لە جیاتی هەڵبەست تەنیا مۆسیقا بەکار بهێنە.

مۆسیقای کلاسیک باشترین جۆری مۆسیقایە بۆ ڕاهێنانی لەم جۆرە، بێتهوڤن، باخ، مۆزارت، چایکۆڤسکی، شۆستۆکۆڤیچ، پرۆکوڤیف، بەرهەمی گەلێ مۆسیقادانەری دیکە هەن، کە باش دەست دەدەن بۆ ڕاهێنانێکی لەم جۆرە.

هەروەها مۆسیقای جازیش کە پشت بەئیرتیجال دەبەستێ بۆ ئەم ڕاهێنانە زۆر لە بارە.

بەڵام ئاگەدار بە، تا بۆت دەکرێ مۆسیقای خاو هەڵبژێرە، چونکە مۆسیقای خێرای پڕ لە گۆڕانکاری یەک لە دوای یەک وات لێ دەکات فریای گۆڕانگارییەکانی ڕووناکی نەکەوی. بۆیە مۆسیقای خاو باشترین چارەسەرە بۆ ئەم ڕاهێنانە، هەر نەبێ بۆ سەرەتاکانی مەشقکردن، یان بۆ شانۆیەک کە کەرەستە و ئامێری ڕووناکی ئەوەندە زۆر نەبێ. خۆ ئەگەر سیمفۆنیات هەڵبژارد، چاکتر وایە دەستپێکی سیفۆنیاکە هەڵبژێری، چونکە چاکتر بۆ ئەم مەبەستە دەست دەدا.

خۆ ئەگەر لە بەرنامەتدا بێ شانۆنامەیەکی وەکو "ڕومیۆ و جولیێت" "خەونی نیوەشەوێکی هاوینە"ی شەکسپیر، "شایی خوێناوی" لۆرکا بخەیتە سەر شانۆ، ئەم دوو ڕاهێنانە وەکو دەستپێک و خۆئامادەکردن لە زمانی نمایشی شانۆنامەکەت نزیک دەکەنەوە.

## لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی

ئاست و پلە و جۆری ڕووناکی چەندە گرینگە، تاریکیش بەهەمان جۆر گرینگە، چونکە هەر نەبێ ڕووناکی لە شانۆدا بەتاریکی تەنراوە، هەر

تاریکی خـــۆی چوارچێـــوه بۆ ڕووناکی دادهنێ و وهزیفـــهی بۆ دهستنیشان دهکا. بۆیه له بهکارهێنانی تاریکیدا دهبێ گهلێک وریا بی.

تاریکی بۆ ڕووناکی وهکو بێدهنگییه بۆ دهنگ، چێخۆڤ له یهکێک له شانۆنامهکانیدا دهڵێ: گوێم له بێدهنگییه، له شانۆشدا تاریکی وهکو ڕووناکی حیسابی بۆ دهکرێ و دهبینرێ، ههندێک جاریش بهقهدهر ڕووناکی کاریگهره.

ئێمه بهگشتی له شانۆدا بهتاریکی دهست پێ دهکهین. شانۆ تاریک دهبێ، له لایهکهوه فهزای شانۆ ڕۆشنا دهکرێ. ئهگهر قهوارهی ئهو ڕۆشناییـیه له سنووری خۆی بهدهر بێ و سنووری تاریکی ببهزێنێ، ئهو بایهخه جوانکاری و هونهرییانهی نامێنێ و کاریگهری خۆی له دهست دهدات.

ههوڵ بده بهردهوام له تاریکییهوه دابچۆڕێته ناو ڕووناکییهوه.

دراماـنووسان ههندێک جار تاریکی دهکهنه مهرج و ئاماژهیهکی ناڕاستهوخۆ بۆ مهغزا بهخشین. بۆ شتێک که لێک بدرێتهوه نهوهکو سهد له سهد خۆی بدا بهدهستهوه، لێرهدا ڕۆڵی تاریکی وهکو ڕۆڵی بێدهنگی وایه، لهو ڕووهوه که: وشه، دهنگ، ئاخافتن مانای دیار و ئاشکرا و بهگشتی ڕاستهوخۆی ههیه، بهڵام بێدهنگی مانای نییه، تهنیا مهغزای ههیه. بێدهنگی لێک دهدرێتهوه، له ڕاستیشدا لێکدانهوه زمانی ڕاستهقینهی شانۆیه، زمانی ڕاستهوخۆ زمانی کۆنکرێته و زمانی شانۆ نییه، چونکه شانۆ له جهوههردا شیعره، مهجازه، بهپێی ئهم بۆچوونه تاریکی ههمان ئهرک و پهیامی ههیه.

## ئارێل دۆرفمان و تاریکی

له شـــانۆنامـــەی "مـــەرگ و کچ"دا ئارێـل دۆرفـــمـــان داوا دەکـــا کـــە: دانپێدانانەکانی دکتۆر میراندا دەبێ لە تاریکیدا ئەنجام بدرێن، پاش بەشـێکی باشی مـۆنۆلۆگەکـە، دەبێ ڕەنگی سـووری ئاراسـتـە بکرێ، ئەمجا ورده ورده ڕواڵەت و سیمای دکتۆر دەردەکەوێ تاکو لە کۆتایی دیمەنەکەدا بەتەواوەتی دەبینرێ.

دەبزانە درامـانووسـێکی هـاوچەرخـمـان چۆن تاریکی تـەوزیف دەکا، ئەم تـاریکیـیـە چەند دەلالەتێک دەگـەیەنێ: تـاریکی دیمـەنی ئەسـڵی کارەسـاتەکـە وەکو خـۆی، کـاتێک کـە دکـتـۆر مـیـرانـدا پاولینای زەوت کـردووە، تاریکی ناخـی خـۆی کـە هەر لە بنەڕەتدا دەروونی تاریکەو هـەمـوو کـارێکی نـاحـەز و دڕندانە لە تـاریکیـدا بـەئەنجـام دەگـەیەنێ، دروستکردنی جەوێکی لەبار بۆ گێڕانەوەی بەسـەرهاتەکە، کە خۆی لە خۆیدا ئەوەندە دزێوە ناکرێ بەڕۆژی ڕووناک لە پێش چاوی مێردەکەی پاولینادا بیگێـڕێتـەوە، ئەمـجـا ئـاوێتـەبوونـی تاریکی بەمـۆسـیـقـای شـوبێرتەوە، وەکـو کـاریگەری مـۆسـیـقـا، سـەبارەت بەجـەمـهـووریش کاریگەریەتی تاریکی لەسەر ناخ و دەروون و فەنتازیای بینەران.

## ڕووناکی لە کلاسیکدا

بەپێچەوانەی شانۆی سایکۆلۆجی و ڕیالیزم و درامای خێزان، شانۆی کـلاسیک تیـەمـاکانی زەقـتـر و ئـاشکراتر خـۆیان دەنوێنن. ڕیژیسـۆر بەئاسـانتـر دەتوانێ دەست نیـشـانیـان بکا، ڕەنگە بەبەراورد لەگەڵ شـانۆی سـایکۆلۆجیدا نەفـەسی شـاعیرانە و ئاسـۆی خـەیاڵی بەرینتر بێ.

بۆ نموونە ناوی دیمەنەکانی ڕۆمیۆ و جولیێت وەربگرە:

دیمەنی باڵکۆنەکە – هەر دواتر دیمەنی لە کازیوەدا – دیمەنی ناو کاتدرایەتەکە – دیمەنی گۆڕ.

هەر یەک تۆز ئەم تیەمانە بخەرە بەتیشکی ئەندێشە و خەیاڵ:

بالکۆن، کازیوە، کاتدرا، گۆڕ، ئەمجا بزانە چ جۆرە تیشک و ڕووناکییەک لە ناخت شەوق دەداتەوە.

کە باس لە ئەندێشەی شاعیرانە و خەیاڵ دەکەین، دەبێ شانۆنامەیەکی وەکو "خەونی نیوەشەوێکی هاوینە" چ بوارێکی فراوان و بێ سنوور بۆ پسپۆڕانی ڕووناکی بڕەخسێنێ.

هەوڵ بدە پسپۆڕێکی کارامەی ڕووناکی بکە بەهاوکارت، ئەمجا دەبینی داهێنانەکانت چەند لە ئاستێکی بەرزدا خۆیان دەنوێنن.

# ڕیژیسۆر و کۆستوم و ئێکسیسوار

بەر لەوەی باس لەم بوارەی کاری ڕیژیسۆر بکەم، دەمەوێ بڵێم کە وشەی کۆستوم لە بری "جلوبەرگ" بەکار دێنم، لەو باوەڕەوە کە کۆستوم وەکو وشەیەکی لاتینی بەربڵاوترە و، پتر بۆ شانۆ و دراما دەست دەدا.

کۆستوم نەک تەنیا جلوبەرگ دەگرێتەوە، بگرە سەرەڕای جلوبەرگ هەموو کەلوپەلێکی تەواوکەری جلوبەرگ – وەکو پێڵاو و شەپقە و کڵاو و دەستکێش و دەستەسڕ دەگرێتەوە، ئەم بەشەی ئێکسیسوار لە زۆر جێگەدا لە خانەی ئێکسیسوار دادەنرێ. هەندێک نموونەی ئەو ئێکسسوارانەی کە کەرەستەی دەستی ئەکتەرن ئەمانەن: پایپ و قەڵەم و سەعات و تەسبیح و دەستەسڕ و کلیل و... هتد.

لە ناو ڕیژیسۆراندا بەتایبەتی لە ناو ئەوانەی کە بەپلەی یەکەم گرینگی بەڕەهەندی بینین و جەستە دەدەن، بایەخێکی ئەوتۆ بەکۆستوم نادەن، ئەمە بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەوە بکەن کە بینەر بایەخێکی زۆر بەجلوبەرگی کەسانی سەر شانۆکە دەدا و، بەپێی جلوبەرگیان پلە و پایەیان دەست نیشان دەکا. دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەمان پێمان وایە ڕەهەندی بینین، وەکو شارەهەندی نمایش بەر لە هەموو شتێک جەستە و فەزا و سینۆگرافیا و دیکۆر دەگرێتەوە. ئەم بۆچوونە کەمتر لای ڕیژیسۆرانی پیشەکار

بەدی دەکرێ و پتر لای ڕیژیسۆری ئارەزوومەند بەدی دەکرێ.

دیارە ئەمانە وەکو پێشتریش باسمان لێوە کردن گەلێک گرینگن، بەڵام کۆستوم لە دەرخستنی جەستە و پێگەی جەستە و شیفرەکانیدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ، کە جێگەی داخە گەلێک ڕیژیسۆر هەن لە سیحری کۆستوم و کاریگەریی نەخشەی کۆستۆم تێ ناگەن. وەکو دەرئەنجامیش دەبێ ئەوە بزانین کە ئەگەر جەستەی ئەکتەر لە سەر شانۆدا گرینگ بێ، بەو ئەندازەیەش کۆستومەکەی گرینگە.

ئەکتەر چەند لە گەڵ ناخ و سیکۆلۆجیای ڕۆڵەکەیدا کار بکا، ئەوەندەش دەتوانێ لە ڕێگەی کۆستومێکی بەدیقەت هەڵبژێردراو، ناخ و جیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکەی بەرجەستە بکا. کۆستوم و پێکهاتە جیاوازەکانی پەیام و مانای جیاجیا دەگەیەنن، بۆیە دەبێ پاش خوێندنەوەی قووڵی شانۆنامەکە و تێگەیشتن و شیکردنەوەی کەسایەتییەکان کۆستومەکانیان دەست نیشان بکرێ.

## ڕیژیسۆری پیشەکار و کۆستوم

ڕیژیسۆری پێشەکار تەواو ئاگەداری ڕۆڵی کۆستومە و دەزانێ چۆن ڕەفتاری لە گەڵدا دەکا و سوود لە هێزی گەورەی وەردەگرێ. بەپێچەوانەشەوە ڕیژیسۆری ئارەزوومەند بەگشتی کەم بایەخ بەکۆستوم دەدا. تەنانەت بەدەگمەن هاریکاری پسپۆڕی کۆستوم دەکا، خویشی ئەرکی دەستنیشانکردنی جلوبەرگی ئەکتەر ناگرێتە ئەستۆ، جاری وایش هەیە ئەکتەرەکانی سەرپشک دەکا خۆیان جلوبەرگی خۆیان هەڵبژێرن، یان بەدرێژاییی کار و پرۆڤەکان وردەکارییەکانی کۆستوم پاشگوێی دەخا و لە دوا قۆناخی پرۆڤەکاندا بیریان لێ دەکاتەوە.

کاتێک کە ڕیژیسۆر بەمشێوەیە ڕەفتار لە گەڵ کۆستوم دەکات، بەخۆی بزانێ یان نەزانێت، ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆستوم مەسەلەیەکی شەخسییە و پێوەندی بەچێژ و زەوقی کەسایەتی ئەکتەر خۆیەوە هەیە. ئەمەش ئەکتەر بەتەواوەتی لە پێکهات و هاوئاهەنگی شانۆنامەکە دوور دەخاتەوە. بەهەمان شێوە زۆرینەی ئەکتەرانی ئارەزوومەند حەز دەکەن هەمیشە خۆیان لە جلوبەرگێکی جوان لە سەر شانۆدا بنوێنن، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی هاوئاهەنگی نێوان ناوەڕۆک و ورووخساری ڕۆڵەکانیانیش بێت.

## پسپۆڕی کۆستوم

ئەو کەسەی کە کاری دیزاینی کۆستوم دەگرێتە ئەستۆ، پێی دەگوترێ پسپۆڕی کۆستوم، تۆش وەکو ڕیژیسۆر دەبێ بەپلان وب ەرنامە کار لەگەڵ ئەو پسپۆڕە بکەی. بەڵام بەر لە هەموو ئاخافتنێک لەگەڵ پسپۆڕی کۆستوم، خۆت وەکو ڕیژیسۆر ڕۆڵی کۆستوم لە نمایشەکەتدا دەست نیشان بکەی و بڕیار بدە کە کۆستوم تا چ ڕادەیەک لە نمایشەکەتدا گرینگە. ئەگەر ڕۆڵی کۆستوم لە کارەکەتدا نزم بنرخێنی، ئەوا ئەو پسپۆڕەی هاریکاریت دەکا ئەوەندەی لە دەست نایا، کە وەکو داهێنەرێک کۆستۆمێکی گونجاو و لە بارەت بۆ ئامادە بکا. وکو چۆن پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ڕیژیسۆر دەبێ بەڕوونی دید و بۆچوون و داخوازییەکانی خۆی بۆ سینۆگرافەکەی بخاتە ڕوو، بەهەمان شێوە دەبێ لە گەڵ پسپۆڕی کۆستومی شانۆگەریەکەت ڕەفتار بکا. چەند بۆچوون و داخۆازیەکانت بەڕوونی دەست نیشان بکەی، ئەوەندە پسپۆڕەکەت چاکتر لێت تێ دەگا و خێراتر داخوازیەکانت جێبەجێ دەکا.

## داخوازیەکانت لە پسپۆڕی کۆستوم

لە داخوازییەکانتدا بایەخ بەم دوو خاڵە بدە:

یەکەم: شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی هەریەک لە کارەکتەرەکانی ناو شانۆنامەکەت، لەگەڵ بۆچوونت سەبارەت بەرەهەندە سروشتییەکان و ڕووخساریان و پێوەندی کەسایەتییەکان بەیەکدییەوە.

یەکێک لەو هەڵە باوانەی کە ڕیژیسۆران لە دەست نیشانکردنی کۆستومدا دەیکەن، ئەوەیە کە زۆر جار بەڕووخساری یەک لایانە و سەربەخۆی کۆستوم دەخەڵەتێن، واتە نابێ کۆستومیک کە لە یەکەم نیگاوە سەرنجت ڕادەکێشێ و پێی سەرسام دەبێ، بەر لەوەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەراوردی بکەی بڕیاری یەکسەری لەسەر بدەی.

ئەگەر باوەڕمان بەو ڕاستیە هەبێ کە شانۆ بەر لە هەموو شتێک کاری ئەکتەرانە لە چوارچێوەی میزانسیندا، دەبێ لەو ڕاستیەش بگەین کە کۆستوم خۆی لە خۆیدا دوو ئەرکی هەیە، یەکەمیان شەخسیە کە کەراکتەری کەسایەتی وەکو تاک پیشان دەدا، ئەوی دیکەشیان کارەکتەر وەکو کەسایەتی لە ناو گرووپدا پیشان دەدا، واتە ئەرکی کۆستوم لە ناو پلانی میزانیسین و لەسەر شانۆدا پیشان دەدا. بەمشێوەیە کۆستومی شەخسی و کۆستومی گرووپ پێکەوە ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

لە ڕاستیدا لێکترازانی ئەم دوو ئەرکە دەبێتە هۆی دروستبوونی نەشاز و لێکترازانێکی ئەوتۆ کە هاوسەنگیی سەرجەمی نمایشەکە تێک دەدا.

بۆیە تا دەتوانی هەوڵ بدە پسپۆڕی کۆستوم لە شانۆگەریەکەتدا

بێته ناو پرۆڤەکانتەوە و شارەزای میزانیسینەکانت بێ و، ناوەڕۆکی کارەکەتی بۆ شی بکرەوە، ئەو بیر و هزرانەی بۆ ڕوون بکەوە، کە دەبنە بناخەی میزانیسنەکانت.

دووەم: دەبێ شێوازی کردار بەگشتی و کرداری جەستەیی و جووڵەی کەسایەتییەکانی بۆ شی بکەیتەوە. بەجۆرێک کە نەک تەنیا کۆستومەکان بۆ خۆیان گرینگ بن، بگرە گرینگ چۆنیەتی بەکارهێنانیانە لەسەر شانۆدا، هەروەها دەست نیشانکردنی قەوارە و ڕەنگ و جۆری قوماشەکان فاکتۆرێکی گرینگە.

گەلێک گرینگە هەر لە سەرەتاوە ئاگەداری شێواز و وردەکارییەکانی کۆستومەکان بی. بۆ نموونە ئەگەر گیرفانی کراسێک وا پێویست دەکا ئەوەند گەوەرە بێ کە بکرێ جزادانێکی پارەی تێدا هەڵبگیرێ، یان چەقۆیەکی لێوە دەربهێنرێ، دەبێ هەر لە سەرتاوە حیسابی بۆ بکرێت، یان ئەگەر لە سەرەتای شانۆگەریەکەدا کەسایەتییەکە دەستێ جلی قەشەنگی لەبەردا بێ و پاشان بریندار بکرێ و دەبێ بەسکە خشێ بڕوا. ئەمە دەبێ حیسابی تایبەتی بۆ بکرێ چ لە ڕووی ڕێکپۆشییەوە و چ لە ڕووی پراکتیکییەوە.

## گۆڕانی دینامیکیەتی شانۆنامەکە و و کۆستوم

کە هەر لە دەستپێکەوە تاکو کۆتاییی بەشانۆنامەکە و بەرەوتی ژیانی کارەکتەرەکاندا دەچیتەوە، گۆڕانێکی بەردەوام بەدی دەکەی، گۆڕانەکان لە شێوەی وێستگەدان، ئەرکی سەرەکی ڕیژیسۆر ئەوەیە کە ئەم گۆڕانە بەرجەستە بکا، ئەم گۆڕانە سیفەتی شانۆنامەی سەرکەتووە و گوزارشت لە یەکێک لە یاسا سەرەکییەکانی ژیان دەکا،

جەوهەری شانۆیش لە دووبارە پیشاندانەوەی ئەم گۆڕانەدایە.

باشە گۆڕانی کەسایەتییەکان، گۆڕانی زەمان و کات و جێگە، گـــۆڕانی ســـیکۆلۆجـــیـــا و هەست و نەست و ناخ و دەروون و کارەکتەرەکان دەبێ چەند کار بکەنە سەر کۆستومی کەرەکتەرەکان.

کۆستوم زانیارییەکی بێ ئەندازە دەربارەی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکە بەبینەران دەبەخشێ. یەکەم باری سەرنجی بینەران دەربارەی کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکە لە جل وبەرگەکانیانەوە گەڵاڵە دەکا، ئەمە تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشماندا هەر وایە، ئێمە بەگشتی بیرو ڕا و بۆچوونی سەرەتایی وسەرپێیمان لە جلوبەرگ و چۆنیەتی خۆ پۆشتکردنی خەڵکەوە دەست پێ دەکا.

هەردوو ڕیژیسۆرانی ئەمریکایی "جەیمس دەبلیو رۆگێرس" و "ڤاندا سی رۆگێرس" لە کتێبەکەیاندا " کەرەستە پێویستەکانی دەرهێنەری شانۆ" دا، بەکارهێنانی کۆستومیان لە پێنج مەبەست و بواردا چڕ کرووەتەوە:

١- کۆستۆم قۆناخ، جێگە، زەمان و بۆنەی هەریەک لە دیمەنەکانی ناو شانۆنامەکە دەستنیشان دەکا.

هەر کە ئەکتەر لەسەر شانۆ دەردەکەوێ، بینەر یەکسەر دەتوانێ کەسایەتییەکەی لە قۆناخ و شوێنی مێژووی دروستدا دابنێ. بۆ نموونەی، ئەگەر سەردەم دەوروبەری کۆتاییی سەدەی شانزەمی بەریتانیای سەردەمی شەکسپیر، یان ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمی بەریتانیای سەردەمی "دیکنز" بێ.

ڕەنگ و جۆری قوماش بەزۆری لە دەست نیشانکردنی وەرزی ساڵ، بەتایبەتی ئەگەر وەرزێکی سەختی هاوین یان زستان بێ.

له هەندێک حاڵەتدا کۆستوم ئەو بۆنەیە بۆ بینەر ڕوون دەکاتەوە کە تێدا دەژیت، بۆ نموونە ئەگەر ئەکتەر جلی وەرزشی تێنسی لە بەردا بێ، یان جلی ئاهەنگی سەما، یان بیجامەی خەوتنی لەبەردا بێ.

لە ڕێگەی ڕەنگ، قوماش، هێل، دیزان و کۆستوم ئەکتەر دەتوانێ هەموو ئەو زانیاریانە بخاتە ڕوو بگرە زیاتریش.

٢- کۆستوم گوزارش لە پرۆفیلی سیکۆلۆجی هەریەک لە کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە دەکا.

جگە لە دەست نیشانکردنی قۆناخی مێژوویی و سەردەم و شوێن،

کۆستوم دەتوانێ دەربارەی پیشە و کاری کەسایەتی زانیاری ڕابگەێنێ وەکو "پۆلیس، کرێکار، سیستەر" یان پایەی کۆمەڵایەتی کەسایەتییەکە وەکو "چینی باڵا، چینی ناوەڕاست، چینی خوارەوە" یان پلەی ئینتمای کەسایەتییەکە بۆ کۆمەڵگە وەکو "سەربەخۆیی یان ئینتیما"، کارەکتەری کەسایەتیەکە بەبەراورد لەگەڵ خەڵکی دیکە "ئاڵ و واڵ و ڕێکپۆش یان سادە". ئەمجا باری سیکۆلۆجی ئێستای کەسایەتییەکە "شڕوشەپڕیو یان شیک و پۆشتە".

٣- کۆستوم پێوەندی نێوان تاک و گرووپ پێشان دەدا.

پسپۆڕی کۆستوم چەندە لێزان بێ ئەوەندە زیاتر دەتوانێ یارمەتی بینەر بدا تاکو جیاوازی نێوان کارەکتەرەکان بزانێ . بۆ نموونە دیمەنی ئاهەنگی دانس لە "ڕومیۆ و جولێت" دا " کە دەکاتە پەردەی یەکەم -دیمەنی پێنجەم"، پسپۆڕێکی کارامەی کۆستوم هەر لە ڕێگەی قوماش و ڕەنگ و نەخشی جلەکانەوە، دەتوانێ وا لە بینەران بکا لە جیاوازی نێوان بنەماڵەی کاپولێ و مۆنتاگیو تێ بگەن.

٤- کۆستوم چەمک و ستیلی بەرهەمی ڕێژیسۆر دووپات دەکاتەوە.

گەلێک گرینگە پسپۆڕی کۆستوم شان بەشانی هەموو پسپۆڕەکانی دیکەی بەرهەمەکە کار بکا و، پێکەوە ستیل وچەمکی ڕێژیسۆر بەئەنجام بگەیەنن، بۆیە دەبێت پسپۆڕی کۆستوم چاک لە کاری هاوکارانی وەکو سینۆگراف و پسپۆڕی ڕووناکی تێ بگا و بەرنامەی کار و پلانەکانی لەگەڵ ئەواندا بگۆنجێنێ. بۆ نموونە ئەگەر سینوگراف و ڕێژیسۆر و پسپۆڕی ڕووناکی لەسەر ستیلێکی سیمبولیستانە کاریان کرد، ئەوە ناکرێ کۆستومێکی ڕیالستانە بۆ ئەکتەرەکان ساز بکرێ. ئەو دەم کۆستوم سەر لە بنی نمایشەکە دەشێوێنێ.

٥ –کۆستۆم لە ڕووی کرداری فیزیکییەوە یارمەتی نمایشکاران دەدا.

دوا فاکتۆری گرینگ لە کۆستومدا ئەوەیە کە دەبێ لە دیزاینی جلوبەرگدا لایەنی فیزیکی ئەکتەر لە بەرچاو بگیرێ. واتە ئەکتەر هەست بەئازادییەکی تەواو بکا کاتێک کە لەسەر شانۆدا دەجوڵێ و کردار دەنوێنێت. لەو دیمەنانەدا کە تەواو فیزیکین، بۆ نموونە کاتێک کە ئەکتەر سەما دەکا، یان شەڕەشیر و زۆرانبازی و شەڕەدەست دەکا، دەبێ کۆستومێکی گونجاوی لەبەردا بێ کە بتوانێ لەشسووکانە و بەبێ ئاستەنگ لەسەر شانۆدا کرداری فیزیکی بەئەنجام بگەێنێ.

لەگەڵ سەرەتای شانۆی مۆدێرندا کۆستوم پێگەیەکی نۆیی لە کاری ڕێژیسۆردا پەیدا کرد. هەرچەندە ڕێژیسۆران لە ڕیالزم و ناتۆرالیزم دوور دەکەوتنەوە و لێیان یاخی دەبوون، ئەوەندە شێوازیان لە بەکارهێنانی کۆستوم گۆڕانی بەسەردا دەهات. ئەم گۆڕانە نەک تەنیا شێوە و تەرزەکانی کۆستومی گرتەوە، بگرە لە بنەڕەتدا وەزیفە و ئەرکیشی دەگرتەوە.

کۆستوم لە شانۆی مۆدێرندا سیستەمێکی وردی نیشانە و هیما و دەلالەت پێک دێنێ، ئەم ئەرکە نوێیەی کۆستوم هەر لە کارەکانی میرهولدەوە دەست پێ دەکا و تاکو ڕیژیسۆرانی پۆستمودێرنیزمیش دەگرێتەوە.

وردەکاری دیزاینی جلوبەرگی ئەکتەران و پاشکۆکانیان لە شانۆگەرییەکانی ڕیژیسۆرانی پۆستمۆدێرنیستدا وەکو تەونێکی ئاڵۆزی کۆدی جیاجیایە، کە بەدرێژایی نمایش سەرنج و هۆشی بینەر ڕادەکێشێ و وای لێ دەکا بیانخوێنێتەوە. ئەو کۆدانە نەک تەنیا مانا و بەها و دەلالەتی خۆیان هەیە، بگرە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر کردار و جوڵە و ئاماژەکاندا هەیە و بۆ خۆشیان تەواوکەری بنیاتی شانۆگەرییەکەن و پێوەندییان بەفەلسەفەی ئێستاتیکی شانۆگەرییەکەوە هەیە.

## کۆستوم وەکو " مەجاز"

بایەخێکی دیکەی کۆستوم لە شانۆی نوێدا لەوەدا بەدی دەکرێ کە ڕیژیسۆری ئەم سەردەمە کۆستوم وەکو فاکتۆرێکی سێ ڕەهەندی نمایش تەماشا دەکا، نەک تەنیا وەکو کەرەسەیەکی سروشتی بۆ خوڵقاندنی ئەتمۆسفیرێکی ڕیالستانەی لەسەر شانۆدا.

کۆستوم لای ڕیژیسۆرانی شانۆی هاوچەرخ فاکتۆرێکی کاریگەرە لە بەرجەستەکردنی پێکهاتی سێ ڕەهەندی سەر شانۆ، واتە کۆستوم نەک تەنیا لە کاری ئەکتەر و ڕیژیسۆردا گرینگە، بگرە ئەو دوو مەیدانە دەبەزێنێ بۆ مەیدانی سینۆگرافیا و فەزا و دیکور و ڕووناکی، شان بەشان هەموو پێکهاتەکانی شانۆگەرییەکە ڕۆڵی خۆی دەبینێ ولەگەڵ

ئەواندا دەخـوێنرێتـەوە. نەک هەر ئەوەندە بگرە خـوێندنـەوەی ئەوانیش بێ بوونی ئۆرگانیکی کۆستوم لەنگ و نوقسان دەردەچێ.

کۆستوم لە بەرهەمەکانی ڕیژیسۆرە پۆست مۆدێرنیستەکانی وەکو ڕۆبێـرت ویلسـون و ئاریانا منوچکین و پیـتـەر شـتـاین و ڕیچـارد فۆرمـاندا بۆ خۆی سیستـەمێکی چڕوپڕ لە مـانا و بەهـایە و بەدرێژاییی نمایش لە گۆڕاندایە، هەموو گۆڕانێکیش لە ڕەنگ و شێوە و قـەوارە و تۆن و ڕیتم هاوئاهـەنگ لەگـەڵ پێکهـاتەکـانی دیکەی نمایش بـەڕێوە دەچێ.

مـیـیرهولد یەکێک بوو لەو ڕیژیسـۆرانەی کـە لە بنـەڕەتەوە ئەرک و وەزیفەی کۆستومی لە شێوازی ڕیالزمەوە بۆ شێوازی مەجاز و هێما و پاشتریش بۆ شێوازی کۆنستر و کتیڤیزم گۆڕی.

## هەنگاوی نوێخوازانەی میرهولد

سـەرەتـای هەنـگاوی نوێـخـوازانەی مـیـیـرهولد لە بواری مـانـای مەجازیی کۆستومدا لە شانۆنامەی " هێدا گابلەر"ی هێنریک ئیبسندا دەرهێنا بوو کە لە ساڵی ١٩٠٥ لەسـەر شـانۆی کۆمیسـارجێڤسکی دەری هێنا. هێدا گابلەر لەم شانۆنامەیەدا بەرگێکی سەوزی دەپۆشی، ئەم ڕەنگە سـەوزە لـە میـزانیـسـینێکی ڕەمـزیدا ڕەنگی دابووەوە، کـە دەکـرێ بەم شـێـوەیە وێنـای بکەین: هێـدا لـە لایەکی شـانۆکـەوە دانیشتـووە و لێڤبۆرگیش لەوبەرەوە، مـەودایەکی دوور لە نێوان هـەردوو کەسـایەتییەکە هـەیە، کە قسەشیـان دەکرد هیچ جۆرە پێوەندییەکیان دروست نـەدەکـرد، بگرە هـەرکـەسـە و لە جـێگەی خـۆی لەسـەر کورسییەک ڕوو لە بینەران دانیشتووە.

کۆستومی هێدا ئاماژە پڕ لە دەلالەتەکان و شێوازی جوڵەکانی ئەکتەری بەناوبانگی ئەو سەردەمە " ڤێرا کۆمیسارجێڤسکایا"یەی بەرجەستە دەکرد. ئەوەبوو لە دنیای ڕەخنەی شانۆییدا گفتوگۆیەکی بەجۆشی هێنایە ئاراوە. ڕەخنەگران بۆ یەکەم جار ئەوەندە ئاماژە بەڕۆلی کۆستوم بدەن. ئەم ئەزموونە سەرەتایەک بوو بۆ مامەڵەکردنی سمیبولیستانە لە گەڵ جیهانی ڕەمزی هەندێک لە شانۆنامەکانی ئیبسن.

پاشتر لە شانۆگەری "دڵپاکی قۆچدار" کە لە ساڵی ١٩٢٢دا پێشکێش کرا هەموو ئەکتەرەکانی لە جلوبەرگێکی وەرزش ئاسادا وەکو هێمایەک بۆ سەردەمی پێشەسازیی یەکپۆش کرد. دیارە کۆستوم لەو بەرهەمەدا ئامرازێک بوو یارمەتی جووڵەی ئەکتەرانی دەدا. لەم قۆناخەدا مییرهولد پشت ئەستوور بەهاریکاری و یارمەتی هاوکارانی شێوازێکی دیکەی بۆ کۆستوم دانا، کۆستومێک کە لەگەڵ نمایشی ئەکتەری بیومیکانیک "جووڵە و ڕیتم" بگونجێ. بۆیە ئەگەر سەرنجی نمایشەکانی ئەم سەردەمەی مییرهولد بدەین، دەبینین سەرجەمی جلوبەرگ و ئێکسیسوارەکان و فەزای نمایش و دیکۆر و سینۆگرافیا بەپلەی یەکەم لە خزمەتی جەستەی ئەکتەر و جوڵەکانیان بوون .

## برووک وەکو نموونەیەک

لە ناو ڕیژیسۆرانی ئەم سەردەمەدا پیتەر برووک ناسراوە بەوەی کە جەخت لەسەر مەجازیەتی زمان دەکا. هەر لەبەرئەوەشە نەخشەی کۆستوم لای ئەو جگە لە وەزیفە شانۆیەکەی وەکو ئامرازێکی

بەرجەستەکردنی درامی، ڕۆڵێکی سیمولۆجیایانەی گرینگی هەیە. ئەمەش بەو مانایەی کە هەر پارچەیەک یان بەشێک لە کۆستومی ناو نمایشەکانی بایەخێکی مەجازی هەیە و چەند لێکدانەوەیەک قبووڵ دەکا.

بەپێی بۆچوونی وایت مۆر لە کێتبەکەیدا "دەرهێنان لە شانۆی پۆستمودێرن"دا، کۆستوم لە ڕوانگەی برووکەوە، نەک تەنیا لە پێشبرکێدایە لەگەڵ سینۆگرافیا و ئێکسیسوار و ڕووناکیدا لە پێناوی ڕاکێشانی سەرنجی بینەر، بگرە هەر کۆستومێک لە بەربەرەکانیدایە لەگەڵ تێکڕای کۆستومی گرووپەکە.

برووک دەگەڕێ بەدوای پێوەندییەکی ڕوون لە نێوانیاندا و بەربەرەکانی نێوان کۆستومەکان کەم دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە تا بڵێی مینمالیستە "کەمترین و سادەترین کەرەستە هەڵدەبژێرێ".

باشترین بەڵگەش شانۆگەری"مهابهاراتا"یە، کە تێیدا کۆستوم و ئێکسیسوار بەردەوام کەرەسەی گرینگی بەرجەستەکردنن، هەریەکە و چەند ئاستێکی پڕ لە هێما و سیمبوڵ و دەلالەتی جودا نمایش دەکا. بەهەمان شێوەی سادە و کەم و چڕوپڕ مانادار، برووک ئێکسیسوار بەکار دێنێ، بۆ نموونە پاچەکەیەکی عەرەبانە وەکو هێمایەک بۆ عەرەبانەیەک بەکار دێنێ، قردێلەیەکی سوور وەکو نیشانەی خوێنێکی پژاو.

لە یەکێک لە وۆرکشۆپەکانی برووکدا، ئەکتەرێک خاولییەک هەر وەکو خاولی بەکار دێنێ، پاشتر هەر هەمان خاولی وەکو کۆرپەیەکی ساوا بەکار دێنێ. ئەکتەرەکە بەشێوەیەک ڕەفتار لەگەڵ خاولییەکە دەکا هەر وەکو ئەوەی گیانلەبەرێکی زیندوو بێ.

له تێکشکاندنی شێوازی بەکارهێنانی کۆستوم دوور له شێوەی کلێشه و باو، برووک له شانۆنامەی "ئودیپوس"ی "سینیکا"دا که لەسەر شانۆ شانۆی "ئۆلد ڤیک"ی لەندەنیدا پێشکێش کرا، ڕەنگی ڕەشی تەواو زاڵ کردبوو بەسەر گشت کۆستومەکاندا.

ئینگمار بێرگمان له نمایشەکانی شەکسپیردا بەشێوەیەکی گشتی بەڕەنگی سوور و ڕەش گوزارشت له کێشه و ململانێی دەسەڵات دەکا، ئەم دوو ڕەنگه باڵ بەسەر سینۆگرافیادا دەکێشن. کۆنتراستی ئەم دوو ڕەنگه لێره و لەوێ کۆستومیش دەگرێتەوە.

بێرگمان له "شالیر"دا ساڵی ١٩٨٤ کونتراستی نێوان ڕەنگی سوور و ڕەشی کرد بەئامرازێکی ئێستاتیکی بۆ گوزارشتکردن له کونتراستی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکه له پێناوی دەسەڵات و ئەو کێشه خوێناوییەی که ئارەزووی مرۆڤ بۆ دەسەلات دەینێتەوە.

ڕەنگه کەم کەس له ناو ڕیژیسۆره بەناوبانگەکانی ئەمڕۆدا توانیبێتی وەکو ڕۆبێرت ولسون سەرکەوتووانه کۆستوم بەبیناسازی دیمەن و سینۆگرافیاوە ببەستێتەوە.

دیاره شێوازگەریەتی لای ئەم ڕیژیسۆره له نمایشی ئەکتەر و بینایسازی پێکهاتی دیمەنی شانۆیی "کۆمپۆزیسیۆن" سینۆگرافیادا بەدیقەتێکی ئەندازیارانه ئەنجام دەدرێ، چونکه کۆستوم لەم دوو دۆخەدا پێوەندییەکی پتەوی بەشێوازی نمایش و ئەدای ئەکتەر "جووڵه و ئاماژەکان"ەوه هەیه.

ولسۆن که خۆی له بنەڕەتدا ئەندازیارێکی بیناسازه، لێهاتووانه لەسەر هەردوو ئاستی هارمۆنیا و کۆنتراست کار دەکا و هۆشمەندانه تێکەڵیان دەکا. بەرامبەر بەهەر پێکهاتەیەک یان وێنەیەکی هارمۆنی،

کۆنتراستێکێک بەدی دەکرێ، یان بەپێچەوانەوە. بەزۆریش لە یەک شانۆگەریدا چەند قۆناخێکی مێژوویی و چەند فۆرم و قەوارە و ستیلی جیاواز بەمەبەست تێکەڵ بەیەکدی دەکا. ولسۆن زۆر بەدیقەت و وردبینانە نەخشەی کۆستوم دەکێشێ، بەڕادەیەک کە نەک هەر سەرنجی بینەر ڕادەکێشێ بگرە بەدرێژاییی نمایشەکە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر بینینی هەیە.

ڕیژیسۆرێکی وەکو پێتەر شتاین لە ناو هەموو ڕەگەزەکانی بینین حەز لە کۆنتراست نەک هارمۆنیا دەکا، ئەمەش هەموو لایەنە تەکنیکییەکانی نمایشەکانی دەگرێتەوە، بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە کۆنتراستی نێوان سینۆگرافیا و کۆستوم. لە کاتێکدا ئەم جۆرە کۆنتراستە لای ڕیژیسۆرێکی بۆ نموونە وەکو باربا لەسەر دەلالاتی جیا جیا بنیات نراوە، لەوانە گروتێسک و سرووت و هێمای میتافیزیکییانە. کە بەزۆری شێوازی گرۆتۆتێسکیمان بەبیر دەهێنێتەوە. زێدەڕۆیی و زۆر پێوەنان "مبالغة" سیمای زەقی کۆستومەکانی باربان.

بۆ تێگەیشتن لەم بەراووردە، سەرنجی وێنەکانی نمایشی " ئەکرۆپولیس" بدە، بزانە تا چ ئاستێک گرۆتۆڤسکی مەبەستی نەبووە کۆستوم بۆ بەرجەستەکردنی کات و سەردەمی مێژوویی بەکار بهێنێ. ئەوەی ئەو مەبەستی بوو، جەختکردن بوو لەسەر کۆستوم وەکو ئامرازێک بۆ نمایش و خوڵقاندنی کەش و ئەتموسفێری شانۆیی، شانۆ وەک پانتاییەک بۆ نمایش و هیچی تر. وکو ناوەڕۆکیش گەیاندنی فیکرەی ئەشکەنجە و ناسۆری مرۆڤ لە مەودای بێ سنووری فەزای کراوەی شانۆدا.

گرۆتۆڤسکی لە "ئۆکرۆپۆلیس"دا، کۆستوم و ئێکسیسوار تا ئەوپەڕی بەکەمترین ڕادە بەکار دەهێنا، لەمەشدا پێش ڕێژیسۆرانی پۆستمۆدێرنیرم کەوت و، بوو بەسەرچاوەی ئیلهام بۆ زۆربەیان لە سەرووی هەموویشیانەوە یۆجینو باربا.

چەمکی بارباش لە کرۆکدا زۆر لە گرۆتۆڤسکی دوور ناکەوێتەوە، ئەوەندە نەبێ کە کۆستوم لای گرتۆڤسکی تەواو هەژارانەیە و باشتر لە خزمەتی ئەتمۆسفیری سرووت ئامێزی شانۆگەرییەکەدایە، لە کاتێکدا ئەم ڕەهەندە سرووتییە لای باربا وەکو خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە چوارچێوەی کەشێکی گروتێسک ئامێزی زەقەوە.

## ڕیالیست یان ئەبستراکت؟

بەشێوەیەکی گشتی یەکەم پرسیاری پسپۆڕی کۆستوم لە ڕێژیسۆر ئەم پرسیارەیە: دەتەوێ جلوبەرگی کەسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکە ڕیالیست بێ، یان ئەبستراکت؟ ئەمجا ئەگەر ڕیالیست نەبوو، دەبێ بزانی بۆچی و چەند لەگەڵ شێوازی نمایشەکەتدا دەگونجێ. دیارە پرسیاری دیکەش دێتە ئاراوە. بۆ نموونە، نمایشەکەت شێوازی مێژوویی دەگرێتە خۆ یان نە؟ ئایا هەر کەسایەتییەک یەک دەست کۆستومی هەیە یان چەند کۆستومێک و چەند جار دەیانگۆڕن؟ ئەمجا ڕێژیسۆر و پسپۆڕی کۆستوم دەبێ بگەڕێنەوە سەر ئەو پێنج خاڵەی کە پێشتر باسمان کردن. کە ڕەگەزە بنچینەییەکانی ئەمانەن:

- قۆناخی مێژوویی
- شوێن و جوگرافیا
- کەسایەتی

- میللەت و نەتەوە
- باری کۆمەڵایەتی
- جەو و میزاج
- کات
- وەرزی ساڵ
- گۆڕانی باری عاتیفی کەسایەتییەکە
- کار و پیشە
- ڕەگەز – نێر و مێ
- تەمەن ـــ ستیل
- شتە بەرچاوییەکان.

## هاریکاری نێوان ڕیژیسۆر و پسپۆڕی کۆستوم

هەروەکــو چۆن ڕیژیســۆر پێــویســتــە بەشــێــوەیەکی گــشــتی شــارەزاییــیــەکی لە هەمــوو بوارەکــانی تەکنیکدا هــەبێ، هــەر بەو شێوەیەش دەبێ لـە بواری کۆستومدا هـەندێک شـارەزایی هـەبێ. کەچی بەداخـەوە، ئەوی بەدی دەکرێ ئەوەیە کە زۆربەی ڕیژیسـۆران، کـەمـتـر بایەخ بەکۆستوم دەدەن.

لە ناو کـتـێـبـخـانەی شـەخـسی ڕیژیسـۆراندا بەدەگمـەن کـتـێب و کەتەلۆگی کۆستوم بەدی دەکەی، لە کاتێکدا دوور نییە چەندین کتێب لەســەر هونەر و تەکنیکی نواندن و ســینوگــرافـیــا و ڕووناکی بەدی بکەی.

ئەو ڕیژیســۆرانەی کــە شــارەزای بواری کــۆســتــومن، کــاریان

ئاسانتره، چونکه باشتر فەزا و تیشک و جوڵەی ئەکتەران بەئەنجام دەگەیەنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پسپۆڕی کۆستوم زووتر لێیان تێ دەگەن.

ڕیژیسۆر دەبێ پاش تێگەیشتنی تەواوی شانۆنامەکە هزری خۆی دەربارەی کۆستومی کارەکتەرەکان یاکالا بکاتەوە. نەک بەو مانایەی کە خۆی نەخشەی جلەکانیان یەکلا بکاتەوە. ئەمیان ئەرکی پسپۆڕی کۆستومە، ئەرکی ڕیژیسۆر ئەوەیە کە داخوازییەکانی خۆی بەوردی دەست نیشان بکا، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بەلایەنی جووڵە و کردار و دەلالەت و هێما و پەیامی سیمولۆجییەوە هەیە.

تا دەتوانی جلوبەرگەکان پێش وەخت و بەر لە پرۆڤەکانی کۆتایی بەئەنجام بگەیەنە، چونکە چەندە ئەکتەرەکانت بەکۆستومەوە پرۆڤە بکەن ئەوەندە نمایشەکەیان چاکتر دەبێ، بەمەرجێک ئەمە لە قۆناخی کۆتاییدا بێ، ڕۆژانی پرۆڤەی جەنەڕاڵ با لە سێ ڕۆژ کەمتر نەبێ.

ئەکتەران دەبێ لە پرۆڤەکانی قۆناخی پێش نمایشدا، لەسەر جلوبەرگەکانیان ڕابێن و هەندێ کاتیش مابێ بۆ ئەوەی ئەگەر لێرە و لەوێ پێویست بەگۆڕانکاری بکا و چەند ڕۆژێکت بەدەستەوە مابێ بۆ دەستکاری و چارەسەرکردنیان. ئەمە بەتایبەتی ئەگەر شانۆنامەکەت باس لە سەردەمێکی کۆنی مێژوو بکا. بۆ نموونە شانۆنامەکانی سەردەمی ئەنتیک یان شانۆنامەکانی شەکسپیر، کۆستوم لەو شانۆنامانەدا دەبێ، بەدەگمەن نەبێ، بەرهەم بهێنرێن، بەپێچەوانەی ئەو شانۆنامانەی باس لە ئەمڕۆ دەکەن، کە دەتوانی جلی حازربەدەستیان بۆ بەکار بهێنی.

لە جیاتی نەخشەی یەک مۆدێل داوای دوو یان سێ پێشنیاز لە

پسپۆڕی کۆستومەکەت بکە. هەڵبژاردنی یەکێکیان سەرکەوتووترە لە وەی کە هیچ ئیختیارێکت لە بەردەمدا نەبێ.

هەرچەندە بۆ ئەکتەر باشترە وێنەیەکی جلوبەرگەکانی خۆی لە قوناخێکی زووی پرۆڤەکاندا لە لا دروست بوو بێ، تەنانەت چەند پارچەیەکی لی تاقی کردبێتەوە، بەڵام لە کاتی پرۆڤەدا چاکتر وایە ئەوەندە بیر لە کۆستوم نەکاتەوە و خۆی بەوە خەریک نەکا کە چۆن جلەکانی لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێک بگۆڕێ. تاقیکردنەوە تەواوی جلوبەرگ لە پرۆڤەکانی کۆتاییدا باشترین شێوازە، ئەکتەران بەگشتی لە پرۆڤەدا بەجلی خۆیانەوە پرۆڤە دەکەن، بەڵام ئەمە نابێ ڕێگە لە کاری پسپۆڕی کۆستوم بگرێ و لە لاوە کاری خۆی لەگەڵ ئەکتەراندا بکا و هەندێ کۆستوم، بەتایبەتی ئەوانەی کە گرینگن و کاریگەرییان لە شێوازی جوڵەی ئەکتەران و کردارەکانیان هەیە، تاقی بکاتەوە.

لە شانۆ پرۆفیسیۆناڵەکاندا وا باوە کاتێکی دیاریکراو بۆ پیشاندانی کۆستومەکان تەرخان دەکرێ، ئەکتەران هەموو بەجلوبەرگی پێویستەوە خۆیان پیشانی ڕێژیسۆر دەدەن.

تاقیکردنەوەی کۆستوم و سەلماندنی و قبووڵکردنی تەواوی لە کاتی پرۆڤەدا ڕەنگە هەندێک جار بەباش نەکەوێتەوە، چاکتر وایە دوا بڕیار لە کاتی پرۆڤەی کۆستومدا بدرێ، کاتی کە گونجان و نەگونجانی کۆستوم لە پراکتیکدا دەردەکەوێ، واتە کۆستومەکان لە ژێر تیشک و پلەی ڕووناکی و لە ناو سینۆگرافیادا دەبینرێ. ئەو دەم شێوەی ڕاستەقینەی کۆستومەکان لە ڕووی ڕەنگدانەوە و تۆنە جیاجیاکانی ڕەنگەکان لەسەر شانۆدا بەتەواوەتی دەردەکەوێ.

## بەهێزکرنی ڕۆڵی کۆستوم

نووسەر لە کتێبەکەیدا " دەرهێنانی شانۆی پۆست مۆدێرنیزم" ڕێگەیەکی دیکە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆستوم پێشنیاز دەکا، بەوەی کە ڕیژیسۆر تا بۆی بکرێ سینوگرافیایەکی سادە و ڕووناکییەکی ئاسایی بەکار بهێنێ، دیارە بەمە دەتوانین پتر سەرەنجی بینەران بۆ کۆستوم ڕابکێشن. وایت چەندین نموونە بۆ ئەم تەکنیکە دێنێتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە کارەکانی پیتەر برووک، بەتایبەتی نمایشەکانی شەکسپیر بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی دەکاتە بەڵگە.

برووک دەڵێ: "لە کاتێکدا کە لە کارەکانی شەکسپیر دەبێ سی یان چل کۆستومی بەدیقەت دروستکراوت هەبێ، چاومان ڕێچکەوپێچکە دەکا و بەزەحمەت دەتوانین دوای ڕووداوەکان بکەوین. لێرەدا، بایەخمان بەهەشت نۆ کۆستومی کەرەکتەرە سەرەکییەکان داوە، لە شانۆی مۆدێرندا دەکرێ هەر جەخت لەسەر ئەوەندە بکەی. زۆر خۆش بوو کاتێک گوێمان لە بینەران بوو کە دەیانگوت: شانۆنامەکە چەند ڕوونە. بێ ئەوەی بزانن ئەم نهێنییە دەگەڕێتەوە بۆ کۆستومەکان." سەرچاوە" دەرهێنانی شانۆی پۆست مۆدێرنیزم.

## ڕاهێنان

دیراسەکردنی کۆستومی هەر سەردەمێک و هەر شێوازێک هاوکات لەگەڵ خوێندنی ئەو سەردەمەدا وا چاکترە جووت بکرێ، بەڵام بۆ نوێکردنەوە و بوژاندنەوەی زانیارییەکانت وا چاکە جاروبار بگەڕێتەوە سەر هەندێک لەو کەتەلۆک و کتێبانەی کە وێنەی و سکێچی کۆستوم پێشان دەدا، ئەمەش وەکو ڕاهێنانێک وەربگرە.

گەڕانەوە بۆ وێنەکانی ئۆپێراو بالێیە کارێکی سوودبەخشە، چونکە ئۆپێرا و بالێیە دوو سەرچاوەی دەوڵەمەندی کۆستومن، هەروەکو جارێک پیتەر برووک لە کۆڕێکدا لە شانۆی مالی تیاتر لە سانت پیتەربورگ گوتی: ئۆپیرا مۆزەخانەی شانۆیە. دیارە لە مۆزەخانەشدا گەلێک کالای دانسقە و ڕەسەنمان بەرچاو دەکەوێ.

## ئێکسیسوار

هەموو ئەو کەرەسە و شتومەکانە کە ئەکتەر لە نمایشدا بەکاری دێنێ و بەدەستیەوەیەتی، پێی دەگوترێ ئێکسیسوار، هەندێکیان بەشێکن لە شتە تایبەتییەکانی مرۆڤ تەنانەت وەکو پێشتریش ئامەژەم پێ کرد بەشێکن لە کۆستوم یان تەواوکەری کۆستومن. بەلام وەنەبێ هەموو ئێکسیسوارێک پێوەندی بەکۆستومەوە هەبێ بۆ نموونە کتێبێک کە بەدەستی ئەکتەرەوەیە، یان ڕۆژنامەیەک، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار کاری جێبەجێکردنی ئێکسیسوار لە زۆربەی شانۆکاندا دەکەوێتەوە ئەستۆی پسپۆڕی کۆستومەوە.

لە شانۆی بەریتانیدا تەنانەت هەندێک بەشی دیکۆر وەکو کورسی و مێز و قەنەفە و دیکۆر ناو ماڵ دەخرێنە ناو چوارچێوەی ئێکسیسوارەوە، کە بەئینگلیزی پێی دەڵێن Stage Properties، کە بەعەرەبی دەکاتە "ملحقات مسرحية". ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەیدانێکی فراوانە و بەشکێی زۆری شتومەکی سەر شانۆ و ناو دیمەنەکان دەگرێتەوە. بۆیە لە ئەم سالانەی دواییدا، پسپۆڕێکی نوێ و پیشەیەکی سەربەخۆ هاتە ئاراوە، ئەویش پسپۆڕی ئێکسیسوارە، کە بەڕای من پێداویستی بوونی پسپۆڕێکی لەو جۆرە، لە سینەماوە سەری هەڵدا.

**دیسانەوە ڕیالیست یان ئەبستراکت؟**

کە دێینە سەر باسی ئێکسیسوار وایت مۆر دەڵێ ڕیژیسۆر بەر لە هەموو شتێک دەبێ دوو پرسیار لە خۆی بکا: پێویست دەکا ئێکسیسوار بەکار بهێنم یان نە؟ ئەمجا ئێکسیسوارەکان دەبێ ڕیالیستانە بن یان ئەبستراکت؟

کە ڕیژیسۆر وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی دایەوە، ئەمجا دەبێ چەند مەسەلەیەکی دیکە دەست نیشان بکا، لەوانە ئایا ئێسکیسوار و بەتایبەت مۆبێلەکانی ناو دیمەنەکە چەند گونجاون لەگەڵ جۆری جوڵە و کرداری ئەکتەرەکان لە ناو دیمەنەکاندا و تا چ ڕادەیەک لە خزمەتی لەشی ئەکتەر و هەڵسوکەوتی فیزیکی دەکەن؟ قەوارەی ئەو ئێکسیسوار و مۆبیلە و کەلوپەلانە چەند لەگەڵ قەوارەی نمایشی ئەکتەرەکان دەگونجێن؟ ئایا لە نێوان کۆستوم و ئێکسیسواردا هەست بەهارمۆنیا یان کۆنتراست هەیە دەکرێ "بەنیسبەت ستیل و ڕەنگ و بارودۆخەکان"؟ ئایا پێویست دەکا کە ئێکسیسوارەکان لە کاتی نمایش جێگۆڕکێیان پێ بکرێ؟ ئەگەر وایە، ئەم جێگۆڕکێیە دەکرێ لە کاتی تەرخانکراودا بەئەنجام بگەیەنرێ؟ ئێکسیسوارەکان لە ڕووی ستیل و ڕەنگ و قەوارە و فۆرمەوە دەبێ چۆن بن؟

وایت مۆر پێی وایە کە ڕیژیسۆرانی پۆستمۆدیرنیزم هەریەکە و بەشێوازێک ئێکسیسوار بەکار دێنێ، بەڵام هەموو بەتێکڕا بایەخ بەدەلاتەکانیان و گۆڕانیان لەسەر شانۆدا دەدەن. لە شانۆی پۆستمودێرندا ئێکسیسوار بەدەگمەن وەکو کەرەستەیەکی ڕیالست بەکار دەهێنرێ. بەلای ئەوانەوە ئێکسیسوار ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بەرهەمهێنانی دەلالەت و مانا.

# پێڕست


پێشـەکی ..... 5

ڕەوتی ڕیژیسـۆر ..... 10

فۆرمەکانی شانۆی ئاسیایی ..... 22

ڕیژیسۆری موفەسیر ..... 26

ڕیژیسۆر و کردەی جەستەیی ..... 48

ڕیژیسـۆر و شـانۆنامـە ..... 71

ڕیژیسـۆر و دیدار لەگەڵ تێکستدا ..... 92

چۆن ببم بەڕیژیسـۆر ..... 109

ڕیژیسـۆر و خـەیاڵ ..... 130

ڕیژیسۆر و ڕێبەرانی شانۆ ..... 151

دید و جیهانبینیی ڕیژیسـۆر ..... 171

ڕیژیسۆر و ئیرتیجال ..... 188

ڕیژیسـۆر و فەزای شـانۆ ..... 207

ڕیژیسـۆر و مۆسـیقا ..... 242

ڕیژیســۆر و ڕووناکی ..... 284

ڕیژیسـۆر و کۆسـتوم و ئێکسـیسـوار ..... 306